# هەڵمەتـی خوارزمییـەکان بـۆ سـەر کـورد و ناوچەکوردنشـینەکان

## (٥٩٠-٦٤٤ك/١١٩٤-١٢٤٧ز)

سەعدەدین سلێمان شوان

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٣

**نـــاوی کتێـــب:** هەڵمەتـــی خوارزمییـــەکان بـــۆ ســـەر کـــورد و ناوچـــە کوردنشـــینەکان (٥٩٠-٦٤٤ك/١١٩٤-١٢٤٧ز)

**نووسینی:** سەعدەدین سلێمان شوان

**سەرپەرشتیاری توێژینەوە:** پ.ی.د. مەهدی عوسمان هەروتی

**دیزاینی ناوەوە و بەرگ:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ك)

**شوێن و ساڵی چاپ:** هەولێر - ٢٠٢٣

**چاپخانە:** دانیشفەڕ

**تیراژ:** ٢٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٨٠٨) ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە.**

«ئــەم توێژینەوەیــە لــە بنەڕەتــدا بەشــێکە لــە پێداویســتییەکانی بەدەســتهێنانی بڕوانامــەی ماســتەر لەمێــژووی ئیســلامیدا کــە لەلایــەن توێــژەرەوە پێشکەشــی فاکەلتــی ئــاداب/ زانکــۆی ســۆران کــراوە»

# پوختە

## هەڵمەتی خوارزمییەکان بۆ سەر کورد و ناوچە کوردنشینەکان (٥٩٠-٦٤٤ك/١١٩٤-١٢٤٧ز)

سەرهەڵدانی دەوڵەتی خوارزمی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٤٩٠ك/١٠٩٧ز) لە هەرێمی خوارزمی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، پاشان بیری سەربەخۆیی خوارزمییەکان بۆ دەرچوون لە کۆت و بەندی سەلجوقی لە سەردەمی خوارزمشا (اتسز) ڕێچکەی گرت فەرمانڕەوایانی دوای ئەویش درێژەپێدەری هەمان کارنامەبوون تا سەردەمی (علاءالدین تکش)، کە ساڵی (٥٩٠ك/١١٩٤ز) شکستی بە سەلجوقی عێراق و کوردستان هێنا، ئینجا دۆخی سیاسی دەوڵەتی ناوبراو پێی نایە قۆناغی فراوانخوازی، بەڵام لە سەردەمی (علاءالدین محمد) لە بەردەم لەشکرکێشی مەغۆلیدا تێکشکان و بەرەو ئێران و ڕۆژئاوا کشان.

دیارە کوردستانیش بەشێك بوو لەو هەرێم و ناوچانەی کە کەوتنە بەر شاڵاو و لەشکرکێشی خوارزمییەکان، لە سۆنگەی ئەمەدا چەند ناوچەیەکی کوردستان دووچاری ویرانکاری و کۆمەڵکوژی خوارزمی بوون، سەرەڕای ئەمەش جۆرێك لە پەیوەندی لەگەڵ هێز و دەسەڵاتدارانی کورد و ناوچە کوردییەکان لە نێو ئەمانەشدا ئەیوبییەکان بە تایبەتی لە سەردەمی سوڵتان (جلال الدین منکبرنی) هاتە ئاراوە.

هەروەکو توێژەر لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەدا شیکاری وەسفی مێژوویی پەیڕەو کردووە بۆ تیشك خستنە سەر تەواوی وردەکاری و لێکەوتەکانی ڕووداوەکان و پەیوەندییەکان، کە بایەخی توێژینەوەکە دەردەخەن بەو پێیەی تاوەکو ئەمڕۆ تێزێکی ماستەر یان دکتۆرا لەم بارەیەوە پەی پێ نەبردووە، ڕەنگدانەوەی ئەمەش سەرەڕای پێشەکی و ئەنجام و پاشکۆ لە پێکهاتەی توێژینەوەدا دەردەکەوێ کە ناوەرۆکەکەی لە سێ بەشی سەرەکی خۆی دەنوێنێ.

لـە بەشـی یەکەمـی لێکۆڵینـەوەدا تیشـك خراوەتـە سـەر ناسـاندنی دەوڵەتـی خوارزمـی و چۆنیەتـی باڵادەسـت بوونیـان بـە سـەر ئێـران و ڕۆژ هەڵاتـی ئیسـلامی، لـە بەشـی دووەمیشـدا کـە خوارزمییـەکان لـە سـەردەمی زێرینـی دەسـەڵاتدا بـوون، فراوانخوازییەکانیـان و پەلهاوێشـتنیان بـۆ سـەر ناوچـە کوردنشـینەکان ڕوون کراوەتـەوە، بەشـی سـێیەمیش بـاس لـەو پەیوەندییانـەی خوارزمـی دەکات لەگـەڵ هێـزو دەسـەڵاتدارانی کـورد و ناوچـە کوردییـەکان.

بـە شـێوەیەکی گشـتی ئەنجامـی توێژینەوەکـە دەریدەخـات کـە ئـەو شـوێنانەی کەوتنـە بـەر شـاڵاوی خوارزمییـەکان دووچـاری داگیـرکاری و وێرانـکاری و کۆمەڵکـوژی بـوون هەروەهـا نواندنـی مامەڵـەی نەشـیاوی دژ بـە مرۆڤایەتـی بەرانبـەر خەلکـی سـڤیل، وێـڕای ڕەچـاو کردنـی بەرژەوەنـدی سیاسـی لـەو پەیوەندییانـەی لـەم نێوانـەدا هاتبوونـە ئـاراوە.

هەواڵنامەی کتێب

**پێشکەشە بە:**

- هەمــوو ئەوانــەی کــەوا ئــاوڕ لــە ڕابــردوو دەدەنــەوە وەك بنەمایــەك بــۆ ســەقامگیری داهاتــوو.
- گیانــی پــاك و فریشــتە ئاســای دایکــم و باوکــم کــە لــە ڕۆژگارێکــی ســەخت و دژواردا شــەونخونیان بــۆ کردوویــن تــا گەیاندووینەتــە ئەمــڕۆ.
- سەرجەم ئەندامانی خانەوادەکەم کە هەمیشە پاڵپشت و هاندەرم بوونە لە کارەکانمدا.

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

# سوپاس و پێزانین

هاوکاری و یاریدەدان سیمایەکی دیاری مرۆڤەکانە، زۆر ئەستەمە تاکە کەسێك لە توانایدا هەبێ ئەوەی مەبەستی بێ دەستەبەری بکات بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ڕاوێژی کەسانی دیکە، دیارە ئەم کارەش وەك هەر کارێکی دیکە مرۆڤگەلێك بەشدریان لە گەڵالەبوونیدا هەیە، بۆیە بە ئەرکی خۆمی دەزانم کەوا ڕێزو سوپاسی خۆمیان وەك ئەمەکداریەك بۆ دەربڕم:

- سەرەتا زۆر سوپاسگوزارم لە بەردەم پەروەردگاری مەزن و دلۆڤان کە دەرفەتی تەمەنی پێدام ئەم قۆناغەی خوێندنی باڵا بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنم.
- زۆر سوپاس بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان- وەزارەتی خوێندنی باڵا- وەزارەتی پەروەردە کە زەمینەی درێژەدان بە خوێندیان بۆ ڕەخساندین لە ناوەوەی وڵات.
- سوپاسی بێ پایانم بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران – فاکەڵتی ئاداب/ بەشی مێژوو، بە تایبەتی سەرۆکی بەش (مامۆستا ستار شێخ) و تەواوی مامۆستا و ستافەکانی بەش و کارمەندانی کتێبخانە کە هەمیشە هەماهەنگ و هاوکارم بوونە.
- هەروەها ڕێزو خۆشەویستی زۆرم بۆ مامۆستایانی هەردوو کۆرس کە لە دونیای زانیاریەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر سوودمەند بووم.
- سوپاسی لە ڕادەبەدەرم بۆ مامۆستای بەڕێزم (پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. مەهدی عوسمان هەروتی) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەی گرتە ئەستۆ، بە خوێندنەوە و سەرنج و تێبینیەکانی خزمەتێکی زۆر گەورەی بە کارەکەم گەیاند، هەروەها لە دابین کردنی سەرچاوە و کتێب هاوکار و یارمەتی دەرێکی زۆر باشم بوو.
- هەروەها سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ هەردوو بەڕیزان (د. موسا محمد خدر و د. علی محمد شریف) کە هەموو کاتێك دەرگای کتێبخانەکانیان لەبەر دەمم واڵا بوو.

- ڕێــزو سوپاســی زۆرم بــۆ بەڕێــزان (د. ســەلمان محمــد خــضر) لــە هەولێــر و (د. فەرهــاد عەبــۆش) لــە دهــۆك، کــە کۆمەڵێــك کتێــب و توێژینــەوەی پــڕ بایەخیــان پێبەخشــیم.
- پێویســتە ئــەوە لــە بیــر نەکــەم بــە شــێوەیەکی گشــتی سوپاســگوزارم لــە هەمبــەر کــۆی هــاودەم و هاوڕێیــان و هەمــوو ئــەو بەڕێزانــەی کــە بــە کتێــب و ڕێنمایــی و ئامــۆژگاری و تەنانــەت وشــەیەکیش بــۆ بــە ئەنجــام گەیاندنــی کارەکــەم یاریــدەدەرم بــوون.

**توێژەر**

هەواڵنامەی کتێب

## هێما کورتکراوەکان:

ب.س.چ: بێ ساڵی چاپ
ب.ش.چ: بێ شوێنی چاپ
پ: پەراوێز
چ: چاپ
ك: كۆچی
كم: كیلۆمەتر
ل: لاپەڕە
م: مردن
هتد: هەتا دوایی
و: وەرگێڕان
ت: توفی
ت: ترجمة
تح: تحقیق
د.ت: دون التاریخ
د. ط: دون الطبع
د.م.ط: دون مكان طبع
ش: شمسی
ص: الصفحة
ط: الطبع
P: page
Soran Style for Referencing and Citation.: (SSRC)

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

# پێرست

پێشەکی ........................................................ ١٥

## بەشی یەکەم

مێژووی سیاسی دەوڵەتی خوارزمی و بارودۆخی ناوچەکوردنشینەکان لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەتابەگییەتدا........................................ ٢٥

**تەوەرەی یەکەم** ........................................ ٢٧
بنەماڵەی خوارزمی و گەیشتنیان بەدەسەڵات ........................................ ٢٧
**تەوەرەی دووەم**........................................ ٣٣
گرنگترین فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی خوارزمی ........................................ ٣٣
**تەوەرەی سێیەم**........................................ ٤٣
فراوان بوونی دەسەڵاتیان و دەسگرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی........................................ ٤٣
**تەوەرەی چوارەم**........................................ ٥٥
هۆکاری شکستی دەوڵەتی خوارزمی بەرانبەر مەغۆلەکان و کشانیان بەرەو خۆرئاوا ........... ٥٥
**تەوەرەی پێنجەم**........................................ ٦١
بارودۆخی ناوچەکوردنشینەکانی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەتابەگییەتدا ........................ ٦١

## بەشی دووەم

هێرشکاریی خوارزمییەکان بۆ سەر کوردستان لەنێوان ساڵانی (٥٩٠-٦٢٨ك/١١٩٥-١٢٣١ز) ...٣٧

**تەوەرەی یەکەم** ........................................ ٧٥
دەستبەسەرداگرتنی شاری هەمەدان........................................ ٧٥
**تەوەرەی دووەم**........................................ ٨٩
هێرشی خوارزمییەکان بۆ سەر شاری داقوق سالی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز)........................................ ٩٨
**تەوەرەی سێیەم** ........................................ ٩٧
دەست بەسەرداگرتنی ئازربایجان و هۆکارەکانی........................................ ٩٧
**تەوەرەی چوارەم**........................................ ١٠٥
شاڵاو و لەشکرکێشی خوارزمییەکان بۆ سەر شاری خەڵات لەساڵانی (٦٢٣- ٦٢٧ ك/١٢٢٦-١٢٣٠ز)١٠٥
**تەوەرەی پێنجەم**........................................ ١١٥
هاوپەیمانی سەلجوقیڕۆم و ئەیوبییەکان دژی (جلال‌الدین)ی خوارزمی و گرنگترین لێکەوتەکانی هێرشکاری سەر خەڵات ........................................ ١١٥
**تەوەرەی شەشەم** ........................................ ١١٩
پەلاماری خوارزمییەکان بۆ سەر شارەکانی جەزیرە ........................................ ١١٩
**تەوەرەی حەوتەم**........................................ ١٢٣
هەڵوێستی ناوچەکوردییەکان بەرانبەر لەشکرکێشی و داگیرکاری خوارزمی........................................ ١٢٣

## بەشی سێیەم

پەیوەندی خوارزمییەکان لەگەڵ هێزو دەسەڵاتدارانی کوردو ناوچە کوردییەکان ............... ١٢٧
**تەوەرەی یەکەم** ............ ١٢٩
پەیوەندی خوارزمییەکان لەگەڵ ئەتابەگییەی هەولێر ............ ١٢٩
**تەوەرەی دووەم** ............ ١٣٣
پەیوەندی دەوڵەتی خوارزمی لەگەڵ میرەئەیوبییەکان ............ ١٣٣
**تەوەرەی سێیەم** ............ ١٣٩
پەیوەندی ژن و ژنخوازی کورد و خوارزمییەکان ............ ١٣٩
**تەوەرەی چوارەم** ............ ١٤٥
کوژرانی (جلال‌الدین) خوارزمی لەلایەن کوردان ............ ١٤٥
**تەوەرەی پێنجەم** ............ ١٥٥
هۆکارەکانی شکست و ڕووخانی دەوڵەتی خوارزمی ............ ١٥٥
**تەوەرەی شەشەم** ............ ١٦١
پەیوەندی پاشماوەی سوپای خوارزمی لەگەڵ کوردە ئەیوبییەکانی شام و جەزیرە ............ ١٦١
**ئەنجام** ............ ١٧٩
**پاشکۆکان** ............ ١٨٥
**لیستی سەرچاوەکان** ............ ١٩٣

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

## ١- پێشەکی:

دەوڵەتـــی خوارزمـــی لـــە کۆتایـــی ســـەدەی (٥ك/١١ز) لـــە هەرێمـــی خـــوارزم لـــە هەنـــاوی دەوڵەتـــی ســـەلجوقی لـــە دایـــك بـــوو، بـــەو پێیـــەی ئـــەو ســـەردەمە ســـەلجوقییەکان لـــە لووتکـــەی زێڕینـــی حوکمڕانـــی و دەســـەڵاتداریدا بـــوون، کـــە تـــەواوی توانـــا سیاســـی و ســـەربازی و دارایـــی دەوڵەتـــی عەباســـییان لـــە دەســـتدابوو، لـــە بەغـــدای پایتەخـــت و هەرێمەکانیشـــدا وتـــاری ڕۆژی هەینـــی بـــە نـــاوی ئـــەوان لـــە ســـەکۆی مزگەوتـــەکان لـــە گوێچکـــەی موســـوڵماناندا دەزرینگایـــەوە، دەوڵەتـــی خوارزمیـــش لـــە بەرایـــی حوکمڕانیـــدا وەکـــو پارێـــزەری دەســـتکەوتەکانی ســـەلجوقی خـــۆی نمایـــش دەکـــرد، پابەنـــدی و گوێڕایەڵـــی و دڵســـۆزی نواندنیـــان بـــۆ ماڵـــی ســـەڵجوقی لـــە ســـیما و ئـــاکاری فەرمانڕەوایـــدا بـــە ڕوونـــی بەرجەســـتە ببـــوو، بـــەڵام هێنـــدەی پێنەچـــوو بیـــری ســـەربەخۆیی و دەرچـــوون لـــە پاشـــکۆیەتی دەوڵەتـــی ناوبـــراو لـــە هـــزری خوارزمشـــایان ڕێچکـــەی گـــرت بـــە تایبەتـــی لـــە ســـەردەمی خوارزمشـــا آتســـز (٥٢١-٥٥١ك/١١٢٧-١١٥٦ز)، هەڵبەتـــە فەرمانڕەوایانـــی دوای ئەویـــش درێژەپێـــدەری هەمـــان کارنامەبـــوون، ڕەنگەپاڵنـــەری ئەمـــەش دووری هەرێمەکـــە بووبـــێ لـــە بنکـــەی دەســـەڵاتی ســـەڵجوقی.

شـــایانی باســـە بەردەوامـــی کۆششـــی خوارزمییـــەکان درێـــژەی هەبـــوو تـــا کۆتایـــی ســـەدەی (٦ك/١٢ز) بـــە کوشـــتنی (طغـــرل) بەگـــی دوا ســـوڵتانی ســـەلجوقی (٥٧١-٥٩٠ك/ ١١٧٥-١١٩٤ز)، توانیـــان گلۆڵـــەی تەخـــت و بەختـــی حوکمڕانـــی ســـەلجوقی (عێـــراق و کوردســـتان) بخەنـــە لێـــژی و خۆیـــان وەکـــو میراتگـــری ســـەلجوقی و دەســـەڵاتداری ڕەهـــای ئێـــران و ڕۆژهەڵاتـــی ئیســـلامی وێنـــا بکـــەن، بـــەو پێیـــەی بـــوون بـــە خاوەنـــی پانتاییەکـــی فراوانـــی خاکـــی ئـــەو هەرێمانـــە. دیـــارە تێکگیرانیـــان لەگـــەڵ دەوڵەتـــی عەباســـی و ئیفلیـــج بوونـــی پەیوەندییـــان لەگـــەڵ مەغۆلەکانـــی تاکـــە زلهێـــزی ئـــەو ســـەردەم لەئاســـیای ناوەڕاســـت لەگرنگتریـــن ئـــەو فاکتەرانـــە بـــوون،

کە شاڵاو و هەڵمەتە سەربازییەکانیان بەئاراستەی ڕۆژئاوا بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی پەل بهاوێ، ئەو ناوچە کوردنشینانەی کە کەوتنەبەر پەلامار و لەشکرکێشییەکانیان دووچاری کۆمەڵکوژی و وێرانکاری و تاڵانکاری بوونەوە لەشارەکانی هەمەدان و داقوق و خەلات. وێڕای ئەمەش جۆرێك لەپەیوەندی خوارزمی لەگەڵ بەشێك لە هێزە کوردییەکان و دەسەڵاتدارانی کوردستان لەپاڵ ئەم شەڕ و کارەساتە خوێناویانەدا هاتە کایەوە.

گومانیشی تێدانییە کە شەڕ بۆ خۆی لەسەرینی زەمینەیەکی تایبەتیدا هەڵدەگیرسێت لە داوێنیشیدا ئایندەیەك پەیدا دەبێت، بەوەش ئەڵقەیەکی زنجیرەیی مێژووی پێکدەهێنێت کە پەیوەندی بە ڕابردوو و داهاتووی خۆی هەیە، ڕاستەقینەیی سەنگ و بەهاو کاریگەری و پێگەشی لە ڕاڤەکردن و تێڕوانینی ئەوانەوە بەدیار دەکەوێت[1]، لەوەش زیاتر" شەڕ یەکێکە لە بنەما جێگیرەکانی مێژوو، باوکی هەموو شتێك و بنچینەی کاریگەری بیرۆکەو داهێنان و دامەزراوە و دەوڵەتانە"[2]، بە هۆیەوە بەربەستی بەردەم تێکەڵاوبوونی ژیارەکان دەشکێت و مەیدانێکی فراوانتریان لەبەردەمدا دەکرێتەوە.

## ٢- گرنگی توێژینەوە:

بایەخ و گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا دەستەبەر دەبێ کە خوارزمییەکان لەپاڵ هەڵمەتی فراوانخوازی و داگیرکاریان بۆ سەر هەرێم و ناوچەکانی کوردستان، هەروەها قڕکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە ئامێزی نەهامەتییەکی دیکەی مێژوویی بەرۆکی شارو ناوچەکانی کوردستانیان گرتبوو، سەرنجی توێژەری ڕاکێشا کە هەڵبستێ بە هەڵدانەوەی پەردە لەسەر ئەنجام و لێکەوتەو دەرهاوێشتەکانی ئەو شاڵاو و لەشکرکێشیانە، هەروەها خستنەڕووی

---

(١) رەسول: ابراهیم رەسول، **کاریگەرییەکانی لەشکرکێشی هێزە بیانیەکان بۆ سەر کوردستان** (چاپخانەی لەریا، سلیمانی، ٢٠١٣ز) ٩.

(٢) ول واريل ديورانت، **دروس التاريخ** (ت: علي شلش، دار الجميل القاهرة، ١٩٩٩م) ١٥٥.

وردەکاری ئـەو پەیوەندییانـەی کـە لـەم نێوانـەدا هاتوونەتـە ئـارا بـە واتـای لەسـەر چ بنەمایـەك سـەریان هەڵـداوەو بـە چ ئاکامێـك گەیشـتوون، یاخـود کاردانـەوەکان بەسـەر خەڵکـی سـڤیلی دانیشـتووی کوردسـتان چیبـوون و بـە چ ئاکامێـك گەیشـتوون، بـەو پێیـەی تـا ئەمـڕۆ توێژینەوەیـەك یـان لێکۆڵینەوەیـەك لـە چوارچێـوەی تێزێکـی ماسـتەر یـان دکتـۆرا پەنجـەی نەخسـتۆتە سـەر تـەواوی پێشـهات و وردەکاریەکانـی ئـەم هێرشـکاری و پەیوەندییانـە.

هەرچەنـدە لـە چەنـد کتێـب و نامـەی ماسـتەری تایبـەت بـە شـارەکانی کوردسـتان وەك هەمـەدان و خـەڵات و داقـوق ... ئـاوڕ لـەم بابەتـە دراوەتـەوە و نەهامەتەکانـی خراونەتـەڕوو، وەك: (همـدان مـن فتـح الاسـلامی الـی سـقوطها بیـد المغـول (٢٢-٦١٨هـ/٦٢٤-١٢٢١م)) ی (ادریـس محمـد حسـن الدوسـکی) و (مدینـة خـلاط دراسـة في تاریخهـا السـیاسي والحظـاري (٤٩٣-٦٤١هـ/١١٠٠-١٢٤٣م)) ی (حکیـم عبدالرحمـن زبـیر البابـیري)، بـەڵام ئـەم بابەتـە وەسـتان لەسـەری و هەڵوەسـتەکردنی زۆر زێدەتـری گەرەکـە تاوەکـو پەنجـە بخەینـە سـەر تـەواوی وردەکاری لەشکرکێشـییەکان و پەیوەندییەکانـی نێـوان خوارزمـی و هێـزو دەسـەڵاتدارانی کـورد و ناوچـە کوردییـەکان، لەهەمبـەر گرنگـی و گشـتگیری بابەتەکـەو ڕووچـوون بەقووڵایـی بەسـەرهاتەکان و بەدواداچـوون و شـیکاری و شرۆڤەکردنیـان، لێـرەدا توێـژەر هەوڵـی داوە پـەردە لەسـەر تـەواوی پەیوەنـدی و لەشکرکیشـییەکان هەڵماڵێـت، هەروەهـا چووەتـە ناخـی ڕووداوەکان و تـەواوی دەرهاویشـتە و لێکەوتـەو ئەنجامەکانـی خسـتۆتەڕوو.

## ٣- پێکهاتەی توێژینەوە:

ئـەم توێژینەوەیـە کـە تایبەتـە بـە هەڵمەتـی خوارزمییـەکان بـۆ سـەر کـورد و ناوچـە کوردنشـینەکان تیشـك دەخاتـە سـەر شـالاو و لەشکرکیشـیەکانی خوارزمـی بـۆ سـەر کوردسـتان، لەگـەڵ خسـتنەڕووی ئـەو پەیوەندییانـەی لـە ئاکامـی هێرشـکارییەکان هاتوونەتـەدی، کـە ناوەڕۆکەکـەی لـە سـێ بەشـی سـەرەکی پێکهاتـووە.

**بەشی یەکەم:** بریتییە لە مێژووی سیاسی دەوڵەتی خوارزمی و بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەتابەگییەتدا پێنج تەوەرە لەخۆ دەگرێ، لەتەوەرەی یەکەمدا باسێك دەربارەی بنەماڵەی خوارزمی و چۆنیەتی گەیشتنیان بەدەسەڵات خراوەتەڕوو لەگەڵ کورتە باسێك لەسەر جوگرافیای هەرێمی خوارزم لەسەرەتای تەوەرەکەدا. تەوەرەی دووەم باس لەگرنگترین فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی خوارزمی دەکا وەکو پێناسەیەکی خێرا لەماوەی دەسەڵاتیان. تەوەرەی سێیەمیش چۆنیەتی فراوانبوونی دەسەڵاتی خوارزمییەکان و دەسگرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ڕوون کراوەتەوە، وەك فراوانخوازییەکانی دەوڵەتی خوارزمی لە ئێران و ڕووخاندنی دەوڵەتی غوری و ملکەچکردنی قەرەخەتائییەکان و گەیشتن بەسنورەکانی هندستان کە بە سەردەمی زێڕینی دەوڵەتی خوارزمی دادەنرێت. لە تەوەرەی چوارەمدا هۆکاری شکستی دەوڵەتی خوارزمی بەرانبەر مەغۆلەکان و کشانیان بەرەو خۆرئاوا لە چەند خاڵێکدا ڕوون کراوەتەوە. تەوەرەی پێنجەمیش کە کۆتا تەوەرەی ئەم بەشەیە بریتییە لە خستنەڕووی بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەتابەگییەتدا، دوای ئەوەی کە سەلجوقییەکان زاڵ بوون بەسەر دەوڵەتی خەلافەت و پەیگرتن بەملکەچکردنی هەرێمەکان و باڵادەست کردنی ڕەگەزی تورك بەسەر ڕەگەزەکانی دیکەی دەوڵەتی ئیسلامی، بەتایبەتی لە کوردستان و هەنگاونان بەئاراستەی قەلاچۆکردنی میرنشینە کوردییەکان و لە شوێنیاندا قووتکردنەوەی چەند ئەتابەگییەی تورکمانی.

**بەشی دووەم:** تایبەتکراوە بە هێرشکاریی و شاڵاوی خوارزمییەکان بۆ سەر کوردستان کە لە چوارچێوەی حەوت تەوەرەدا ڕێکخراوە، تەوەرەی یەکەم باس لە شاڵاو و هێرشکارییەکانی خوارزمی دەکات بۆ سەر شاری هەمەدان لەگەڵ هۆکار و ئەنجامەکانی. تەوەرەی دووەم تایبەتە بە هێرشی خوارزمییەکان بۆ سەر شاری داقوق لەگەڵ پاڵنەر و ئاکامی کۆتایی هێرشکارییەکە. تەوەرەی سێیەمش بریتییە لە دەست بەسەرداگرتنی ئازربایجان و هۆکارو ئەنجامەکانی. لەتەوەرەی چوارەمیشدا شاڵاو و لەشکرکێشی خوارزمییەکان بۆ سەر شاری خەلات خراوەتەڕوو لەگەڵ هۆکار و ئەنجامەکانی. تەوەرەی پێنجەمیش

تایبەتکــراوە بــە هاوپەیمانــی ســەلجوقی ڕۆم و ئەیوبییــەکان دژی (جلال‌الدیــن) ی خوارزمــی ســەبارەت بــە داگیرکردنــی خــەڵات. تــەوەرەی شەشــەم تایبەتــە بــە پەلامــاری خوارزمییــەکان بــۆ ســەر شــارەکانی جەزیــرە. لــە تــەوەرەی حەوتەمیشــدا هەڵوێســتی دانیشــتوانی ناوچەکوردییــەکان بەرانبــەر بــە لەشکرکێشــی و داگیــرکاری خوارزمــی خراوەتــە ڕوو.

**بەشــی ســێیەم:** تایبــەت کــراوە بــە پەیوەنــدی خوارزمییــەکان لەگــەڵ دەســەڵاتدارانی کــورد و ناوچــە کوردییــەکان کــە لــە حــەوت تــەوەرەدا جێــی کراوەتــەوە. تــەوەرەی یەکــەم پەیوەســتە بــە پەیوەنــدی خوارزمییــەکان لەگــەڵ ئەتابەگییــەی هەولێــر. تــەوەرەی دووەمیــش بــاس لــە پەیوەنــدی دەوڵەتــی خوارزمــی لەگــەڵ میــرە ئەیوبییــەکان دەکا، تــەوەرەی ســێیەم تایبەتکــراوە بــە پەیوەنــدی ژن و ژنخــوازی نێــوان کــورد و خوارزمییــەکان کــە خــۆی لەچەنــد هاوســەرگیرییەکی نێوانیــان دەدۆزێتــەوە. لــە تــەوەرەی چوارەمــدا چۆنیەتــی کوژرانــی (جلال‌الدیــن) خوارزمــی لەلایــەن کــوردان خراوەتــەڕوو لەگــەڵ دیــدی مێژوونووســان ســەبارەت بەکوژرانــی ناوبــراو و چارەنووســی ســوپای خوارزمــی دوای کوژرانــی ســوڵتانەکەیان. تــەوەرەی پێنجەمیــش تایبەتــە بــە هۆکارەکانــی شکســت و ڕووخانــی دەوڵەتــی خوارزمــی. لەتــەوەرەی شەشــەمدا پەیوەنــدی پاشــماوەی ســوپای خوارزمــی لەگــەڵ کــوردە ئەیوبییەکانــی شــام و جەزیــرە ڕوون کراوەتــەوە. لەتــەوەرەی حەوتەمیشــدا کاریگــەری لەشکرکێشــی و پەیوەندییــەکان بەســەر کوردســتان لــە بوارەکانــی سیاســی و ئابــووری و مرۆیــی و تەندروســتیدا خراوەتــەڕوو.

دوای بــە کۆتاهاتنــی توێژینــەوە توێــژەر بــە چەنــد ئەنجامێــك گەیشــت کــە لــە چەنــد خاڵێکــدا ڕوون کراونەتــەوە، پاشــان خســتنەڕووی پاشــکۆیەکان کەبریتیــن لــە ڕەچەڵەکــی بنەماڵــەی خوارزمشــایان و بنەماڵــەی کــوردە ئەیوبییــەکان لەگــەڵ چەنــد نەخشــەیەك کــە گوزارشــت لــە فراوانخــوازی خوارزمییــەکان و شــاڵاوەکانیان بــۆ ســەر ناوچــە کوردنشــینەکان دەکات، لــە دوای ئەمەشــدا لیســتی ســەرچاوەکان خراوەتــەڕوو بەپێــی ڕیزبەنــدی و ڕێنماییەکانــی خوێندنــی بــاڵا، لەکۆتایشــدا لاپــەڕەی بــەرگ و پوختــە بــە هــەردوو زمانــی عەرەبــی و ئینگلیــزی لــە خــۆ دەگــرێ.

## ٤- ڕێبازی لێکۆڵینەوە:

توێژەر لە ڕێبازی نووسینیدا لە ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە شێوازی شیکاری مێژوویی پەیڕەو کردووە لە شیکردنەوەو شرۆڤەکاری و وردەکاری ڕووداوەکان، بەووردی تیشکی خستۆتە سەر چەندایەتی و چۆنیەتی دەرهاوێشتەو لێکەوتەکانی بەپشت بەستن بەگرنگترین سەرچاوەمێژووییەکانی نزیك لە سەردەمی ڕووداوەکان، هەروەها لەشێوازی نووسین و دابەشکاری تەوەرەکان و سەرچاوەگرتن و پەراوێزەکاندا پشتی بەستووە بەسیستەمی (SSRC)ی تایبەت بە زانکۆی سۆان.

## ٥- کۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەم توێژینەوە:

ئاشکرایە دەسبردن بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك ڕەنگەبێ کۆسپ و گرفت تێنەپەڕێ، لەم توێژینەوەیەدا ئەوەی بۆتە مایەی لەمپەری بەردەم بە ئەنجام گەیاندنی دەستەبەرکردنی سەرچاوە و کتێبی پەیوەست بەم ڕووداوە مێژووییانە بووبێ، ڕاستە مێژووی ئیسلامی لەڕووی هەبوونی سەرچاوەی کۆن و دانسقە تا ڕادەیەکی باش دەوڵەمەندە، بەڵام بەدەستخستن و دەستەبەربوونیان پێویستی بە کات و گەڕانی زۆرە، دیارە چەند مانگێکی ئەم ساڵیش پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا گرفتێکی دیکە بوو بەهۆی داخرانی ڕێگاکانی نێوان شارەکان، بەڵام خۆشبەخانە سایتە ئەلیکترۆنییەکان هاندەرێکی باش بوون بۆ پڕکرنەوەی زۆرێك لەم کۆسپ و لەمپەرانە.

## ٦- شیکردنەوەی سەرچاوەکان:

بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە هەوڵدراوە ئەو سەرچاوانە بە ئامانج بگیرێن و هەڵوەستەیان لەسەر بکرێ وەك بنەمایەك کە لە سەردەم و شوێنی ڕووداوەکان نزیکن و زۆرترین زانیارییان خستۆتەڕوو، لەم نێوانەشدا بەشی شێر بەر سەرچاوە کۆنە عەرەبییەکان کەوتووە بە بەراورد لەگەڵ سەرچاوەی کۆن و نوێی فارسی، دیارە ئەمەش بۆ فراوانی بواری سەرچاوە

عەرەبییەکان و ئاسانتری بەدەست خستن و دەستەبەربوونیان بگەڕێتەوە هەروەها زۆرێك لە سەرچاوەی فارسی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی، کە ئەمەش بۆ توێژەر یارمەتیدەرێکی باش بووە لەڕووی زمانەوانیدا، جگە لەمەش ژێدەر یان سەرچاوەی نوێی کوردی و عەرەبی و توێژینەوە و نامەی زانکۆیی سوودیان لێ وەرگیراوە، لێرەدا بەشێك لەم سەرچاوانە دەخەینەڕوو کە توێژەر زۆرترین جار پشتی پێبەستوون و بە بنەما گرتوونی لە بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە:

## ٦-١- سەرچاوە ڕەسەنەکان:

### ٦-١-١- کتێبە مێژووییە گشتییەکان:

ئەو سەرچاوە ڕەسەنانەی کە بوونەتە بنەمایەك لەم توێژینەوەیەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو لە مانە کتێبی (الکامل في التاریخ)ی (ابن الاثیر، م: ٦٣٠هـ/ ١٢٣٣م).خۆی هاوسەردەمی ڕووداوەکانە و بەئاگا بووەلێیان، سیستەمی ساڵی بەکار هێناوە لە ڕیبازی نوسینیدا واتا بەپێی ساڵ ڕووداوەکانی تۆمار کردوون و زانیاری ناوازەی خستۆتەڕوو، لە هەرسێ بەشی توێژینەوەکەدا سوودی لێ بینراوە.

کتێبی (سیرة جلال الدین منکبرتی)ی (النسوي، م: ٦٤٧ك/ ١٢٤٩ز) ساڵی )٦٣٩ك /١٢٤١ز) کتێبەکەی نووسیوە، کە خۆی نووسەر و کاربەدەستێکی دەرباری خوارزمییەکان بووە لە نزیکەوە لە ڕووداوەکان ئاگادار بووە، لە هەر سێ بەشی توێژینەوەکە سوودی لێ وەرگیراوە. هەروەها کتێبی (راحة الصدور وآیة السرور)ی (الراوندي، م: ٦٠١ك/١٢٠٥ز) کە ئەویش هاوسەردەمی بەشێك لە ڕووداوەکانەو ماوەیەکیش دانیشتووی شاری هەمەدان بووە، لە کاروباری کارگێڕی شارەکە کاری کردووە لە سەردەمی سەلجوقییەکان، بۆیە هێرش و لەشکرکێشییەکانی خوارزمییەکانی زۆر بەباشی تۆمار کردوون، لە تەوەرەی یەکەمی بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا توێژەر زۆر گەڕاوەتەوە سەری و پشتی بە زانیارییەکانی بەستووە.

کتێبی (مراة الزمان فی تواریخ الاعیان)ی (سبط ابن الجوزي، م: ٦٥٤ك/١٢٥٦ز)

هەولێر کتێب

بەهـۆی نزیکـی لـە ڕووداوەکان توێـژەر زۆر لێـی سـوودمەند بـووە، لـە پەیوەنـدی منکبرنـی لەگـەڵ ئەتابەگییـەی هەولێـر و مەلیـك (المعظـم عیسـی)و هەڵمەتـی مەغۆلـەکان بـۆ سـەر سـوڵتانی خـوارزم و پەلامـای پاشـماوی سـوپای خوارزمییـەکان بـۆ سـەر شـارەکوردییەکانی جەزیـرەو پەیوەندییـان لەگـەڵ ئەیوبییـەکان، کتێبـی (اخبـار الایوبییـن)ی (ابـن العمیـد، م: ٦٧٢ك/١٢٧٣ز) زانیـاری بەپێـزی دەربـارەی بنەماڵـەی ئەیوبییـەکان خسـتۆتەڕوو، هەروەهـا کتێبـی (مفـرج الکـروب)ی (ابـن الواصـل، م: ٦٩٧ك/١٢٩٨ز) زانیـاری نـاوازەی تۆمـار کـردووە لەسـەر پاشـماوەی سـوپای خوارزمـی دوای هـەرەس هێنانـی دەوڵەتەکەیـان سـاڵی (٦٢٨ك١٢٣١ز) لەپـاڵ پەیوەندییـان لەگـەڵ ئەیوبییەکانـی شـام و جەزیـرە، لەکتێبـی (اخبـار سـلاجقة الـروم)ی (ابـن البیبـی م: ٦٧١ك/١٢٧٢ز) ئاوڕێکـی بـاش لەمێـژووی سـەلجوقییەکانی ڕۆم دراوەتـەوەو پەیوەندییـان لەگـەڵ ئەیوبییـەکان و (جلالالدیـن منکبرنـی) بەتایبەتـی لەسـەردەمی فەرمانڕەواکانییـان (علاءالدیـن کیقبـاد و غیاثالدیـن کیخـسرو)ی کوڕەکـەی ڕوون کراوەتـەوە، بۆیـە لـە پەیوەنـدی سـەلجوقی-منکبرنـی و دواتریـش هاوپەیمانـی (سـەلجوقی- ئەیوبـی) سـوودمەند بـووە.

لـە سـەر شـاڵاوی (جلالالدیـن منکبرنـی) بـۆ سـەر خـەڵات و پەلامـاری مەغۆلـەکان بـۆ سـەر ناوبـراو تەنـگ پێهەڵچنینـی و لەنـاو چوونـی، کتێبـی (جامـع التواریـخ)ی (الهمـداني، م: ٧١٨ك /١٢١٤ز) زانیـاری نـاوازەی درکانـدووە، وێـڕای ئەمانـەی کەئاماژەییـان پێکـراوە کتێبـی تریـش زانیـاری بەسـوود و ناوازەیـان خسـتۆتەڕوو لەسـەر زۆرێـك لـە ڕووداوەکانـی پەیوەسـت بـە توێژینەوەکـە، بـە تایبەتـی سـوپا پەرتەوازەبووەکـەی خوارزمـی و هێـرش و پەلامارەکانیـان بـۆ سـەر شـارەکانی جەزیـرە و شـام لەوانـە: کتێبـی (زبـدة الحلـب مـن تاریـخ الحلـب)ی (ابـن العدیـم، م:٦٦٠ك /١٢٦٢ ز) و کتێبـی (السـلوك لمعرفـەدول الملـوك)ی ( المقریـزي، م: ٨٤٥ك /١٤٤١ز).

**٦-١-٢- کتێبی گەڕیدە و جوگرافیناسان:**

بـۆ ناسـاندنی شـارو ناوچـەکان بـە پێـی دەقەکانیـان کـە وەسـفی شـار و هەرێمەکانـی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـەم کتێبانـەدا تۆمـار کـراون بۆیـە بـەو مەبەسـتە لـە توێژینەوەکـەدا سـوودیان لـێ وەرگیـراوە وەك کتێبەکانـی (معجـم

البلـــدان) ی (یاقــوت الحمــوي، م: ٦٢٦ك/١٢٢٨ز)، (آثــار البــلاد واخبــار العبــاد)ی (القزوینـي، م: ٦٨٢ك/١٢٨٣ز)، بـۆ ئـەو شـارو شـوێنانەی کـەوا نامـۆن و پێویسـت بـە ناسـاندیان بووبــێ توێــژەر گەڕاوەتــەوە ســەریان و زانیاریەکانــی لــێ هەڵێنجــاون.

**٦-١-٣- کتێبە ژیاننامەییەکان:**

لــەم کتێبانــەدا بایــەخ بــە کەســایەتییە مێژووییەکانــی وەك خەلیفــەکان و میــرو سـوڵتان و دەسـەڵاتدارەکان دراوە لـە تۆمارکردنـی ژیاننامەییـان و مـاوەی دەسـەڵاتییان، زۆر جــاری واش هەبــووە کــە زانیارییــان خســتۆتەڕوو لــە ســەرچاوەکانی تــر بــەدی نەکــراوە، هەڵبەتــە ئەمــەش لــە توێژینەوەکانــدا پشــتیان پــێ بەســتراوە بــۆ دەســتەبەر کردنــی زانیــاری لەســەر ئــەو کەســایەتییانەی کــە کارەکتــەری نــاو توێژینەوەکــەن، توێــژەر دەگەڕێتــەوە ســەرییان و ئــەوی مەبەســتی بــێ لێــی هەڵدەهێنجــێ لەوانــەش کتێبــی (وفیــات الاعیــان وانبــاء ابنــاء الزمــان)ی (ابــن خلـکان، م: ٦٨١ك/١٢٨٢ز)، (الجوهــر الثمیــن في سـیرةالخلفاء والملـوك و السـلاطین)ی (ابـن الدقـماق، م: ٨٠٩ك/١٤٠٧ز)، (بدائـع الزهـور في وقائـع الدهـور)ی (ابـن ایـاس، م: ٩٣٠ك/١٥٢٣ز)، لەتوێژینەوەکــەدا ســوودیان لــێ بیــنراوە.

**٦-٢- سەرچاوە نوێیەکان (ژێدەرەکان):**

ئــەوەی تایبەتــە بــەم ســەرچاوە نوێیانــە ئەوانیــش بەشــی پێویســت پاڵپشــتییەکی گرنگــن لــە دەوڵەمەندکرنــی توێژینەوەکــە بــە ڕاڤــە و شرۆڤــەکاری ڕووداوەکان، ڕەنگــە جــاری واش هەبــێ زانیارییەکــی نــاوازە لــە ژێــدەرەکان دەســتەبەر ببێــت، کــە پشــتی بــە ســەرچاوەیەك بەســتووە دەســتی توێــژەری پــێ نەگەیشــتبێ بەڵکــو لەڕێــی ئەمــەوە لێــی ســوودمەند دەبــێ، لــە گرنگتریــن ئــەم ســەرچاوانەش (الدولـة الخوارزمیـە)ی (د. نافـع توفیـق العبـود) کـە بـە ووردی تیشـکی خســتۆتە ســەر چۆنیەتــی ســەرهەڵدانی دەوڵەتــی خوارزمــی و پەیوەندییــان بــە دەوڵەتــە ئیســلامییەکان و سیســتەمی ســەربازی و کارگێــری لــە دەوڵەتەکــەدا، هەروەهــا کتێبــی (التاریـخ السـیاسي للدولـة الخوارزمیـە)ی (د. عفـاف سـید صـبره) وردەکارییەکــی گرنگــی خســتۆتە ســەر لایەنــی سیاســی دەوڵەتەکــە و ململانێــی ســەربازییەکانی خوارزمــی و هێزەکانــی دیکــەی دەوڵەتــی ئیســلامی، کتێبــی (الاتــراك الخوارزمیــون فــی الــشرق الادنــی الاســلامی)ی (د. صــبري سلیم)تیشــکی

خستۆتە سەر لایەنی سیاسی و سەربازی و چۆنیەتی ڕووخانی دەوڵەتەکە و ڕۆڵی خوارزمییەکانی دوای منکبرنی لەناو هێزو لایەنی ئیسلامی، کتێبی (تاریخ ایران پس از اسلام از صدور اسلام تا انقراض قاجاریە)ی (عباس اقبال اشتیابی)، کتێبێکی ناوازە و گرنگە ئەو ماوە مێژووییەی کە ڕووداوەکانی تێدا شرۆڤە کردوون ئاوڕێکی باشی لە مێژووی ئێران داوەتەوە توێژەر تا ڕادەیەکی باش لێی سوودمەند بووە.

### ٦-٣- توێژینەوە و نامە زانکۆییەکان:

بە پێویستی دەزانین تیشکێك بخەینە سەر ئەو لایەنەش کە لە بنەماییەکی ئەکادیمی و زانستی سەرچاوەییان گرتووە، توێژەریش لێیان سوودمەند بووە، بۆ ئەمەش چەند نمونەیەك دەخەینەڕوو لەمانە ماستەرنامەی (الملك الاشرف بن الملك عادل الايوبي)**ی** (کرڤان محمد احمد آميدي)، ماستەر نامەی (ژنخوازی لەدەوڵەتی ئەیوبیدا)**ی** (سامان نامیق تۆفیق)، هەروەها توێژینەوەکەی (شالاوی خوارزمیەکان بۆسەر کوردستان لە سەردەمی سوڵتان (جلال‌الدين منكبرتی) ٦١٧-٦٢٨ك/١٢٢٠-١٢٣١ز)ی (د. قادر محمد حسن) زانیاری بەپێزو ناوازەی خستۆتەڕوو دەربارەی شالاوەکانی خوارزمییەکان و ئەو نەهامەتییانەی لەم پێناوەدا بەرۆکی کوردو ناوچە کوردییەکانی گرتبوو.

# بەشی یەکەم

## مێـژووی سیاسـی دەوڵەتـی خوارزمـی و بارودۆخـی ناوچەکوردنشـینەکان لەسـەردەمی فەرمانڕەوایـی ئەتابەگییەتـدا

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# تەوەرەی یەکەم
# بنەماڵەی خوارزمی و گەیشتنیان بەدەسەڵات

سەرهەڵدانی دەوڵەتی خوارزمی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی یازدەمی زایینی لە هەرێمی خوارزم، یەکێکە لە گرنگترین ئەو دەوڵەت و میرنشینانەی کەوا حوکمڕانی ئێرانیان کردووە [1]، جوگرافیناسان لەسەر ئەوە کۆکن، کە خوارزم هەرێمێکی فراوانەو چەند شارێك لەخۆ دەگرێ و لە کۆتایی لێوارەکانی ڕووباری جەیحون [2] (ئامۆدریا) [3] هەڵکەوتووە. (ابن حوقل) بە بەشێکی دابڕاوی دادەنێ لە هەردوو هەرێمی خوڕاسان [4] و (ماوراء النهر) [5]، لەڕۆژهەڵاتیدا (ماوراء النهر) [6] و لەلای ڕۆژئاوا وڵاتی تورکە غوزەکان و لەباشووریدا هەرێمی خوڕاسان و باکووریشی وڵاتی تورك [7] سنوورەکانی پێکدێنن، لەڕۆژگاری

---

(١) حسن كريم الجاف، **موسوعة تاريخ ايران السياسي** (دار العربيةللموسوعات، بيروت، ٢٠٠٨م) ٢/٢٠٠.

(٢) ڕووباری جەیحون بە دۆڵی جەیحوندا دەڕوا، کە لە شاری بەلخەوە دەست پێدەکات و بە خوارزمدا تێدەپەڕێت تا دەڕژێتە دەریاچەی خوارزم. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ياقوت الحموي، **معجم البلدان** (دار الصدر، بيروت، ١٩٧٧م) ٢/١٩٦-١٩٧.

(٣) لە هەندێك سەرچاوەدا بەئامۆدریا ناوی هاتووە. بڕوانە: ڤاسيلي ڤلاديمير وڤتش بارتولد، **تركستان من فتح الاسلامي الى غزو المغولي** (ت: عن الروسية، صلاح الدين احمد عثمان، كويت، ١٩٨١م) ١١٤.

(٤) خوراسان هەرێمێکی فراوانە، سنووری لە عێراقەوە دەست پێدەکات بۆ جوین و بەیهەق، تا سنوورە دوورەکانی هندستان و تەخارستان و غەزنە و سجستان و کرمان سنووری دەوروبەری پێکدێنن، لە گرنگترین شارەکانیشی (نیسابورو هەرات و مەرو بەلخ و ئەبیۆرد) هتد. ياقوت الحموي (پ٤) ٢/٣٥٠.

(٥) **صورة الارض**، دار الكتب الحياة، (بيروت، ١٩٩٢) ٣٩٥.

(٦) مەبەست لێی ئەودیوی ڕووباری جەیحونە، لە ڕۆژهەڵات پێیان دەوت (بلاد الهياتلة) لە سەرچاوەی عەرەبیە ئیسلامیەکانیشدا (ماوراء النهر)، هەرێمەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەردوو هەرێمی خوراسان و خوارزم. ياقوت الحموي (پ٤) ٥/٤٦.

(٧) الاصطخري، **المسالك والممالك** (مطبعة بريل، ليدن، ١٩٣٧م) ٢٩٩.

ئەمڕۆدا دابەش بووە بەسەر هەردوو وڵاتی ئۆزبەگستان و تورکمەنستان [1].

(ابن ارسلان الخوارزمي) لە وەسفی هەرێمەکەدا بۆمان ڕوون دەکاتەوە، خوارزم بەوە بەناوبانگە کە شار و گوندی زۆرە و لە لێواری ڕووباری جەیحون درێژ دەبێتەوە تا دەریاچەی خوارزم (ئارال)ی ئەمڕۆ لە سنووری ئیسلامیدا، کە خاکێکی باش و بەپیت و ئاو و هەوای پاك و بەروبووم و باغی زۆرە [2]، هەروەها (ابن بطوطە)ی گەڕیدە و وڵاتناسی ئیسلامیش لە باسی خێروبێری ئەم هەرێمەدا ئاماژە بە ناوبانگی کاڵەکی سەرسوڕهێنەری خوارزم دەکات، کەشتی وای نەبینیوە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا [3].

گرنگترین شارەکانیشی، بریتین لە (کاث، کرکانج- جورجان، هزاراسب، زمخشر، ارثخشیمیثین) [4].

دیارە سەرهەڵدانی دەوڵەتی خوارزمی بەندە بەحوکمڕانی سەردەمی سەلجوقییەکانەوە (٤٢٩-٥٩٠ك/١٠٣٨-١١٩٤ز)، کە لە چارەکی یەکەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی و یازدەمی زایینی، وەکو هێزێکی سەربازی بەهێز و کاریگەر، لە هەرێمی خوراسان دەرکەوتن، بە سەرکردایەتی (طغرل بك کوڕی مکائیل کوڕی سلجق) (٤٢٩-٤٥٥ك/١٠٣٨-١٠٦٣ز)، توانیان لەساڵی (٤٢٩ك/١٠٣٨ز)، دەست بەسەر هەرێمی ناوبراودا بگرن و لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی غەزنەوی [5] دابنیشن، پاشان بەرەو هەرێمەکانی فارس و کرمان پەل بهاوێن [6].

---

(١) نافع توفيق العبود، **الدولة الخوارزمية نشأتها و علاقتها مع الدول الاسلامية نظمها العسكريه والادارية** (٤٩٠-٧٢٨هـ/١٠٩٧-١٢٣١م) (مطبعة الجامعة، بغداد، ١٩٧٨م) ١٧-١٨.

(٢) **من تاريخ الخوارزم** (تح: د. محمود محمد خلفة، دار الكتب العلمية، بيروت ٢٠١٨م) ٤٨.

(٣) **رحلة ابن ابن بطوطة** (تح: الشيخ محمد عبدالمنعم العريان، دار احياء العلوم، بيروت، ١٩٨٧م) ٣٧.

(٤) الخوارزمي (پ١١) ٤٩-٥١.

(٥) دەوڵەتی غەزنەوی لەساڵی (٣٥١ك/٩٦٢ز) لەلایەن مەمالیکی سامانییەکان (البتکین) دامەزراوە ناوەکەشی بۆ غەزنەی پایتەختی دەگەڕێتەوە، لەساڵی (٥٨٢ك/١١٨٦ز) لەسەر دەستی غۆرییەکان کۆتایی بەدەسەڵاتیان هاتووە. بڕوانە: مصطفی احمد رمضان، **تاريخ الحركات الانفصاليه في العالم الاسلامی** (منتدى سور الازبكية، د. م. ط- د. ت) ٢٢٢.

(٦) البنداری، **تاريخ الدولة ال سلجوق** (المطبعة الموسوعات، مصر، ١٩٠٠م) ٦-١٠.

هەڵمەتە سەربازییەکانی سەلجوقی بۆ دەستگرتن بەسەر ئێران و ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بەردەوامی هەبوو، تا توانیان لە ساڵی (٤٣٤ك/١٠٤٢ز) دەسگرن بەسەر خوارزمدا و هێزەکانی (مسعود کوڕی محمود) ی (٤٢١-٤٣٢ك/١٠٢٩-١٠٤١) فەرمانڕەوای دەوڵەتی غەزنەوی شکست پێبینن و ناوچەکە ملکەچی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بکەن[1]، لەم ساڵەدا سوڵتان (طغرل بك) توانی دەسگرێت بەسەر زۆرترین هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات، وەك خوارزم و دهستان و تبس و ڕەی و قەزوین و پێگەی دەسەڵاتی زۆر گەورە و فراوان بوو[2]. ساڵی (٤٧١ك/١٠٧٧)، بەڕێوەبردنی ناوچەی خوارزمییان بە کەسایەتی (انوشتكين) سپاردووە، کە باپیرەی خوارزمییەکان و دامەزرێنەری سەرەتای دەسەڵاتی بنەماڵەکەیە، ناوبراو لە سەرەتادا کۆیلەیەکی تورك بووە، یەکێك لە میرە سەلجوقییەکان بەناوی (بلباك) کڕیویەتی لە وڵاتی غۆرییەکان و لە کۆشکی فەرمانڕەوایی سوڵتانەکانی سەلجوقی کاری تەشتداری[3] یان ئاوگێڕی کردووە[4]، جگە لەمەش لە کۆشکی (ملکشاه)ی سەلجوقی پیشەی سەرپەرشتیکردنی ڕازاندنەوەی خوان بووە لە بۆنەو جەژنەکان و پێشکەشکردن بەسوڵتان و میرەکان، کە ئەم پیشەیە لە گرنگترین کارەکانی کۆشك بووە و پێی سپێردراوە، بۆیە بۆتە جێگای بڕوا و متمانەی سوڵتان (مليكشاه)ی سەلجوقی (٤٦٥-٤٨٥ك/١٠٧٢-١٠٩٢ز) لەبەر ئەوە بەڕیوەبردنی ناوچەی خوارزمی پێبەخشی[5]، کەواتە (انوشتكين) بەهۆی بەهاداری و ئازایەتی

(١) بڕوانە: ابن الاثير، **الكامل في تأريخ** (تح: د. محمد يوسف الدقاق، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٧م) ٢٥٥/٨-٢٥٦؛ محمد سهيل طقوش، **تاريخ السلاجقه في خراسان و ايران و عراق** (دار النفاس، ط٢، بيروت، ٢٠١٦) ٥٧.

(٢) خوافى، **مجمل فصيحى** ( تح: محسن ناجى نصر ابادى، چاپ ديبا، ١٣٨٤ش) ٦٢٥/٢.

(٣) بریتیە لە شووشتنی کەل و پەلی گەرماو و کورسی و بەرماڵی نوێژ و جلو بەرگی سوڵتانی کە لەناو دەفرێك یان تەشتێکدا دەشوورا. القلقشندى، **صبح الاعشى في صناعة الانشاء** (دار المكتب المصريه، القاهره، ١٩٢٢م) ١٠/٤.

(٤) حمدالله مستوفى، **تاريخ گزيده** (مؤسسة انتشارات امير كبير، چاپخانه: سپهر، چ٢، تهران، ١٣٦٢ش)٤٨٠.

(٥) حسن ابراهيم حسن، **تاريخ الاسلام) السياسي والديني والثقافي والاجتماعي)**، و[دار الجيل البيروت، مكتبة النهضهالحصرية، ط١٤، القاهرة، ١٩٩٦م] ٩٣؛ مصطفى طه بدر، **محنة الاسلام الكبرى** (الهيئة المصرية للكتاب ط٢، مصر، ٢٠٠٩م) ٥٦.

خـۆی توانـی پێشـبکەوێ و حوکمـی خـوارزم بەدەسـت بهێنـێ[١].

دەسـەڵاتی بنەماڵەکەیـان تـا دەهـات فراوانـتر و بەهێزتـر دەبـوو تاکـو توانیـان فەرمانڕەوایـی تـەواوی هەرێمـی خـوارزم بگرنـە دەسـت[٢].

(ابـن الواصـل) نـاوی (انوشـتکینی بەبلتکیـن) هێنـاوە، کـە یەکێـك بـووە لـە مەمالیکەکانـی سـوڵتان (الـب ارسـلان)ی کـوڕی جغـری بەگـی سـەلجوقی (٤٥٥-٤٦٣ك/١٠٦٣-١٠٧١ز)، کاتێـك دەسـتی بەسـەر خوارزمـدا گـرت فەرمانڕەوایـی ناوچەکەیـان پـێ سـپارد[٣]، بـەڵام (ابـن الاثیـر) زانیـاری زیاتـر دەخاتـەڕوو سـەبارەت بـە چۆنیەتـی دەسـەڵاتداریەتی ئـەم بنەماڵەیـە، کـە پێـی وایـە لـە سـاڵی (٤٩٠ك/١٠٩٧ز) سـوڵتان (برکیـارق) پشـتگیری میـر (حبشـی کـوڕی تونتـاق)ی کـرد بـۆ ویلایەتـی خوراسـان، (محمـد کـوڕی انوشتکین)یشـی وەك فەرمانـڕەوای خـوارزم دیاریکـرد، (انوشـتکین)ی باوکـی کـە لـە لایـەن یەکێـك لـە میـرە سـەلجوقییەکان بەنـاوی (بلبـاك) کڕیـوە لـە غرشـتانی وڵاتـی غۆرییـەکان و پێیـان دەگـووت (انوشـتکین غرشـە- غرچـە) دوای ئـەوەی کـە محمـدی کوڕەکـەی لەنـاو پەروەردەیەکـی بـاش و چاودێرییەکـی تـەواو گـەورە بـوو و پێگەیشـت، بۆتـە جێـگای بـڕوا و متمانـەی سـوڵتان، بۆیـە لـە دوای مردنـی باوکـی فەرمانـڕەوای هەرێمـی خوارزمـی پـێ سـپارد و نازنـاوی خوارزمشـای پێبەخشـی، مێژوونـووس (البناکتـی)ش هەمـان زانیـاری دەخاتـەڕوو، بـەڵام نـاوی (انوشـتکین بەبیلکاتکیـن) دەهێنـێ[٤]. محمـدی کـوڕی انشـتکین لای (ابـن خلدون)یـش بـە مرۆڤێکـی بەهـرەدار و ئـازا و ئەدەبدۆسـت و زانسـتخواز و تێکـەڵ لەگـەڵ میرەسـەلجوقییەکان وەسـفی کـراوە، دیـارە هـەر ئەمەیـە هـۆکاری سـەرەکی لـە دوای مردنـی باوکـی پێگـەی بـەرز بکەنـەوە و

---

(١) ابـن خلـدون، **تاریـخ ابـن خلـدون** (تـح: خلیـل شـحادة، مراجعـة، سـهیل زکار، دارالفکـر للطباعـة والنشر والتوزیـع، بیـروت، ٢٠٠٠م) ١٠٥/٥.

(٢) عفـاف سـید صـبرة، **التاریـخ السـیاسی لدولـة الخوارزمیـة** (دار الکتـاب الجامعـي، القاهـرة، ١٩٨٧م)٣٥.

(٣) **مفرج الکروب في اخبار بني ایوب**، تح: د. حسنین محمد ربیع، القاهرة، ١٩٧٥، ٣٥/٤.

(٤) **الکامـل في التاریـخ** (تـح: د. محمـد یوسـف الدقـاق، دار الکتـب العلمیـة، ط٤، بیـروت، ٢٠٠٣م) ١٠/٩؛ **روضـة أولـی الالبـاب في معرفـة التواریـخ والانسـان المشـهور بتاریـخ البناکتـي** (ت: محمـود عبدالکریـم علـی، القاهـرة، ٢٠٠٧م) ٢٤٧.

فەرمانڕەوایــی هەرێمــی خوارزمــی پــێ بســپێرن [1]، هەرچەنــدە هەندێــك میــری تــورك پیلانــی ئەوەیــان دارشــتبوو، بــۆ ئــەوەی حوكمڕانــی خــوارزم بگرنــە دەســت، لەناویانــدا (طغــرل تكيــن كــوڕی آكنجــی)، كــە پێشــتر لــە خزمەتــی ســوڵتان ســنجری ســەلجوقیدا بــوو ڕای كردبــوو پەیوەنــدی بــە توركەكانــی خــوارزم كردبــوو، بــەڵام كــە (محمــد كــوڕی انوشــتكين) بەمــەی زانــی توانــی پیلانەكەیــان هەڵوەشــێنێتەوە لــە ڕێــگای ســنجری ســەلجوقی كــە لــە نیســابور بــوو توانــی شكســتیان پــێ بهێنــێ [2].

لێــرەدا ئــەوەی تێبینــی دەكــرێ ســەبارەت بــە دامەزراندنــی دەوڵەتــی خوارزمــی ئامــاژەكان وا دەردەخــەن بــۆ ســاڵی (٤٩٠ ك/١٠٩٧ز) بگەڕێتــەوە، چونكــە (محمــد كــوڕی انوشــتكين) كــە لــە دوای باوكــی گەیشــتە تەختــی دەســەڵات توانــی پایەكانــی حوكمڕانــی دەوڵەتەكــەی جێگیــر بــكات، هەروەهــا ســوڵتانی ســەلجوقی (بركيــارق) (٤٨٧-٤٩٨ك/١٠٩٤-١١٠٤ز) نازنــاوی خوارزمشــای پێبەخشــی، بــەو هۆیــەوە ناوبــراو بــە یەكەمیــن شــای خــوارزم لــەو بنەماڵــەدا دەنرێــت [3]، واتــا ســەركەوتوو بــوو لــە بەدەســتهێنانی ئــەم نازنــاوە و دارشــتنی بناغــەی دەوڵەتێكــی بەهێــز لــە هەرێمەكەیــدا [4]، بۆیــە یەكەمیــن دامەزراندنــی دەوڵەتەكــە بــۆ دەســتپێكی حوكمڕانــی ئــەو دەگێڕنــەوە [5]، لــە مــاوەی ســی و یــەك ســاڵی حوكمڕانیــدا بــۆ ســاتێكیش بــێ فەرمانــی ســوڵتانی ســەلجوقی نەكــردووە، بــۆ مــاوەی شــەش ســاڵان (اتســز)ی كوڕەكــەی ناردۆتــە خزمەتــی ســوڵتان [6]، لەســاڵی (٥٢١ك/١١٢٧) لــە دوای مــاوەی ئاماژەپێكــراوی فەرمانڕەوایەتــی كۆچــی دوایــی كــرد و كوڕەكــەی

---

(١) (پ٢١) ١٠٥/٥.

(٢) ابن االاثير (پ٢٤) ١٠/٩.

(٣) عباس اقبال اشتيابی، **تاريخ ايران پس از اسلام از صدور اسلام تا انقراض قاجاريه** (تهران، ١٣٨٩ش)٣٦٥.

(4) Skrin & Ross, **the heart of Asia** (London, 1899)136.

(٥) لــە هەندێــك ســەرچاوەی فارســیدا ڕووداوی مردنــی انوشــتكين و دەســتپێكی حوكمــی محمــدی كــوڕی بۆســاڵی (٤٩١ك/١٠٩٨) دەگێڕنــەوە. خوافــی (پ١٧) ٦٧٥ ؛خواندميــر، **تاريــخ حبيــب الســير** (مركــز تحقيقــات رايانــەی قائيمــەی اصفهــان، د. ت) ٦٢٩/٢؛ القزوينــی، **لــب التواريــخ** (نشريــات مؤسســەخادر، مطبعــة ســمينی، ١٣١٥ هـ . ق) ١١٤.

(٦) خواندمير (پ٢٩) ٦٢٩/٢.

(ابــو مظفــر اتســز) شــوێنی گرتــەوە [1].

هەرچەنــدە (انوشــتکین)ی باوکــی لەســاڵی (٤٧١ك/١٠٧٨ز)، توانیبــووی هەســت و سۆزی ســوڵتان (ملکشــاە) بــۆ خــۆی ڕابکێشــێ و بەڕێوەبردنــی ســەرزەمینی خوارزمــی پــێ ببەخشــێ، بــەڵام بــێ ئــەوەی نازنــاوی خوارزمشــای پــێ بــدرێ [2]، دەکــرێ بلێیــن (انوشــتکین) بناغــەو بنچینــەی دەســەڵاتداری بنەماڵەکەیەتــی و کــوڕ و نەوەکانــی لــەو بنەمایــەوە ســەرچاوەیان گرتــووە.

شــایانی باســە فەرمانڕەوایــی لــە بنەماڵــەی (انوشــتکین) واتــا کــوڕ و نەوەکانــی شــێوازی حوکمڕانــی پشتاوپشــتیان پەیــڕەو کــردووە، کــە مــاوەی دەســەڵاتداری دەوڵەتەکەیــان ســەد و ســی و هەشــت ســاڵی خایانــدووە [3].

---

(١) خوافی (پ١٧) ٦٩٦/٢.

(٢) حسن کریم جاف (پ٣) ١٩٩/٢.

(٣) خواندمیر (پ٢٩) ٦٢٩/٢.

# تەوەرەی دووەم
# گرنگترین فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی خوارزمی

## ١- علاءالدین اتسز (٥٢١-٥٥١ك/١١٢٧-١١٥٦ز)

دوای مردنـــی باوكـــی توانـــی لەســـەر تەختـــی فەرمانڕەوایـــی خـــوارزم دابنیشـــێ. ســـەقامگیری و ئاســـایش و دادپـــەروەری لـــە وڵات درێـــژەی هەبـــوو[١]، لـــە ســـەرەتادا نێوانـــی لەگـــەڵ ســـوڵتان ســـنجری ســـەلجوقی (٥١١-٥٥٢ك/١١١٧-١١٥٧ز) بـــاش بـــوو، وەكـــو پارێـــزەری گیانـــی ســـوڵتان هەڵســـوكەوتی دەكـــرد، ئەمـــەش لـــەوەدا دەردەكەوێـــت كـــە لـــە گەشـــتێكی ڕاودا هاوەڵـــی دەكا، ســـوڵتان ســـنجر ڕووبـــەڕووی دەســـتەیەك دەبێتـــەوە هەڕەشـــەی كوشـــتنی لێدەكـــەن، كاتێـــك خوارزمشـــا هەواڵـــی پێـــدەگا بەپەلـــە بەهانایـــەوە دەچـــێ و لەگەڵیـــان دەجەنگـــێ و ســـوڵتان ڕزگار دەكات[٢]. ڕەنگدانـــەوەی پەیوەنـــدی نێوانیـــان لـــە نامەیەكـــی خوارزمشـــادا دەردەكەوێـــت، كـــە بـــۆ ســـوڵتانی دەنێـــرێ و پـــڕە لـــە ســـتایش و بـــە بـــاڵادا هەڵـــدان، وەك فەرمانـــدەی ڕۆژهـــەڵات و ڕۆژئـــاوا پێناســـەی دەكات، ئامادەیـــی خۆشـــی بـــۆ دەردەبـــڕێ، بـــۆ هـــەر فەرمانێـــك كەپێـــی بـــكا[٣].

ئامـــاژەكان وا دەردەخـــەن پەیوەنـــدی (اتســـز) لەگـــەڵ ســـوڵتانی ســـەلجوقی تـــا ســـاڵی (٥٢٩ك/١١٣٤) بـــە شـــێوەیەكی بـــاش بەڕێوەچـــووە، لـــەو ماوەیـــەدا توانیویەتـــی پێگـــە و بنەماكانـــی دەوڵەتەكـــەی تـــا ڕادەیەكـــی بـــاش جێگیـــر بـــكات بەشـــێوەیەك كـــە بتوانـــێ خـــۆی لەبـــەر هەڕەشـــە و مەترســـییەكانی ســـەلجوقی ڕابگـــرێ بـــۆ هـــەر پێشـــهاتێك لـــە داهاتـــوودا، لێـــرەوە هەڵاتنـــی ئەســـتێرەی بەختـــی دەوڵەتـــی خوارزمـــی

---

(١) ابن االاثیر (پ٢٤) ٩/١٠.

(٢) خواندمیر (پ٢٩) ٢/٦٣٠.

(٣) قاسم تویسرکانی، **نامەهای رشیدالدین وطواط** (مؤسسة انتشارات و چاپ دانشگاه تهران، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٣ش) ٦-٧.

دەستپێکرد لەسەر حسابی هێزە سیاسەکانی ئەو کات، کە بوونیان هەبوو لە ناوچەکەدا بە تایبەتی دەوڵەتی سەلجوقی دوای کۆچی دوایی سوڵتان (ملکشاه)، بەرەو لێکهەڵوەشانەوە و پارچەبوون و لاوازی چووبوو، پەیڕەوکردنی سیستەمی ئەتابەکی لە هەرێمەکان دەستپێکردبوو، هێزە ئیسلامیەکان دووچاری بەریەککەوتن بوون، وەك دەوڵەتی خوارزمی لەگەڵ سەلجوقییەکان لەلایەك و غۆرییەکان و قەرەخەتائییەکان لە ڕۆژهەلآت و دەوڵەتی عەباسی لە ڕۆژئاوا (1).

ئەمەش پاڵنەریکی بەهێزبوو بۆ (اتسز) کە بیر لە سەربەخۆیی وڵاتەکەی بکاتەوە و لە ژێرکۆت و بەندی سەلجوقی دەربچێ (2). (خواندمیر) دوپاتی ئەوە دەکاتەوە کە لە ماوەی بیست و نۆ ساڵی حوکمڕانی (اتسز)دا شازدە ساڵی کۆتایی سەربەخۆ بووە. لە ساڵی (٥٥١ك/ ١١٥٦ز) لە تەمەنی شەست و یەك ساڵی کۆچی دوایی کردووە (3).

## ٢- ایل ارسلان (٥٥١-٥٦٨ك/١١٥٦-١١٧٢ز)

لە دوای کۆچی دوایی خوارزمشا (اتسز)، کوڕەکەی (ایل ارسلان) بەسەر تەختی فەرمانڕەوایی خوارزم ڕاگەیشت، دەستپێکی داکوتانی ڕەگی دەسەڵاتی زاڵبوون بوو بەسەر ڕکابەرەکانی لە خانەوادەکەی، وەك کوشتنی یەکێك لە مامەکانی و کوێرکردنی چاوەکانی برایەکەی، دوای سێ ڕۆژ ئەویش گیانی لەدەستدا، وای پیشاندا کەخۆی خۆی کوشتووە (4) کاتێ بارودۆخی دەسەڵاتی بۆ یەکلایی بۆوە، نێردراوی خۆی ناردە لای سوڵتان سنجر، گوێڕایەڵی و هاوسۆزی خۆی بۆ دەربڕی بەو هۆیەوەسەقامگیری و ئاسایش لە گوڵات بەرپابوو (5)، ئینجا هەڵسا بە دەستەمۆکردنی مەمالیکەکانی باوکی و ملکەچپێکردنی بەرپرسەکان بۆ

---

(١) حافظ احمد حمدي، **الدولة الخوارزمية والمغولية** (دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٤٩م) ٢٥.

(٢) عفاف صبرة (پ٢٢) ٣٨.

(٣) خواندمير (پ٢٩) ٦٣٠/٢.

(٤) ابن الاثير (پ٢٤)٤٠٧/٩.

(٥) النويري، **نهايةالارب في فنون الادب** (تح: د. نجيب مصطفى فواز وحكمت كشلي فواز، دار الكتب العلمية، بيروت، د ت) ١٤١/٢٧.

سـوڵتانەکەی، جگـە لەمـەش دەسـتیکرد بـە بڕینـی ئـەو بـاج و سـامانەی کـەوا (اتسـز) ی باوکـی لـە سـاڵی (٥٣٦ك/١١٤١) بـەدواوە دەیـدا بـە قەرەخەتائیـەکان بـۆ لێدانـی سـەلجوقییەکان کـە کاریگـەری زۆری هەبـوو لـە بەهێزبوونـی قەرەخەتائیـەکان و دەسـگرتن بەسـەر تـەواوی هەرێمـی (ماوراءالنهـر)[1]. خوارزمشـا دوای بیسـت و یـەك سـاڵ و چەنـد مانگێـك لـە فەرمانڕەواییـدا لـە سـاڵی (٥٦٨ك/١١٧٢ز) بەهـۆی نەخۆشـی ماڵئاوایـی لەژیـان کـرد[2].

## ٣- علاءالدين تكش (٥٦٨-٥٩٦ك/١١٧٢-١١٩٩ز)

شـوێن گرتنـەوەی خوارزمشـا (ایـل ارسـەلان) هـەرای نایـەوە لـە نێـوان کوڕەکانـی بەهـۆی دیاریکردنـی (سلطانشـاه محمـود)ی کـوری بچوکـی، بەڕێنوێنـی تـورکان خاتونـی دایکـی کـە کاروبارەکانـی کارگێـری و سـەربازی بـۆ بەرێوەدەبـرد، بـرا گەورەکەشـی (علاءالدیـن تکـش) لەشـاری جنـد[3] دادەنیشـت کـە باوکـی پێـی بەخشـی بـوو[4]، ئامـاژەکان وا دەردەخـەن، کـە هەواڵـی مردنـی باوکـی پێگەیشـت و بـرا بچوکـی شـوێنی گرتۆتـەوە شۆرشـی لـە دژی ڕاگەیانـد، بـۆ یارمەتیـش ڕووی لـە پاشـای تورکـە خەتائیـەکان کـرد دژی براکـەی، تەماعیکـردن بـە سـامان و چـەك و تفاقـی خـوارزم[5]. دیـارە قەرەخەتائیـەکان بـە سـوپایەکی بەهێـزەوە بـەرەو خـوارزم بەڕێکەوتـن، لـە هەمانکاتـدا (سلطانشـاه)ش لـە دژی براکـەی هانـای بردەبـەر پادشـاکانی دەوروبـەر لەوانـە (مؤیـد أی آبـە) فەرمانـڕەوای خوراسـان، تـورکان خاتوونـی دایکـی دیـاری زۆری پێشـکەش کـرد و تەماعیکـرد بەمـاڵ و سـامانی زۆر، مؤیـد بەهەمـان شـێوەی قەرەخەتائیـەکان یارمەتییەکانـی پێشـکەش بـە (سلطانشـاه) کـرد، لەگـەڵ هێزێکـی گـەورە بەڕێکـەوت، لـە شـاری سـوبرلی کـە

---

(١) عفاف صبرة (پ٢٢) ٤٩.

(٢) بارتۆلد (پ٥) ٤٨٨.

(٣) شـارێکە لـە وڵاتـی تورکسـتان نزیـك ڕووبـاری سـەیحون دە ڕۆژە پیـادە لـە خـوارزم دوورە. یاقـوت الحموی (پ٤) ١٦٨/٢.

(٤) النویري (پ٤١) ١٤١/٢٧.

(٥) ابن الاثیر (پ٢٤) ٣٩/١٠.

بیست فرسەخ (١٢٠کم)[1] لە خوارزم دورە، هەردوو هێزەکە بە یەك گەیشتن، شەڕ لە نێوانیاندا دەستیپێکرد، هێزەکەی مؤید شکستی هێنا و خۆشی بەدیل گیرا و بردیانە لای تکش ئەویش فەرمانی کوشتنی بۆ دەرکرد[2].

ئەوەی شایانی گوتنە ئەوەیە (علاءالدین تکش) توانی بەسەر (سلطانشاە)ی برایدا زال ببێ و بچێتە سەر تەختی شای خوارزم و (سلطانشاە) پەنای بردە بەر غۆریەکان[3][4]، بارودۆخی دوو برایەکە هەروا لە شەڕ و ململانێ لەسەر دەسەڵات بەردەوام بوون، بە پشتیوانی و تەماعکاری غۆریەکان و قەرەختائیەکان تا ساڵی (٥٨٥ك/١١٨٩ز) ئاشتی لە نێوانیاندا بەرپابوو، هەر لەو ساڵەشدا (عەلاءالدین تکش) نازناوی سوڵتانی بەخۆیدا، کە تا ئێرە تەنها نازناوی خوارزمشایان هەبوو[5]. ساڵی (٥٨٩ك/١١٩٣ز) (سلطانشاە) کۆچی دوایی کرد ئیتر دۆخەکە بۆ تکش یەکلایی بۆوە[6]، پاشان خوارزمشا تکش دەستیکرد بە ڕێکخستنەوەی دەوڵەتەکەی

---

(١) فرسەح: هەر فرسەخێك نزیکەی شەش کیلۆمەترە لە ئێستادا. ڤالتر هنتس، **المكاييل والاوزان الاسلامية وما يعادلها في النظام المتري** (ترجمة عن الالمانية: د. كامل العسيلي، منشورات الجامعة الاردنية، عمان، ١٩٧٠م) ٩٤.

(٢) ابو الفدا، **المختصر في اخبار البشر** (تح: د. محمد زينهم محمد عزب و يحيى سيد حسين، د. محمد فخري الوصيف، دار المعارف، القاهرة، ١٩٩٩م) ٦٩/٣؛ ابن سباط، **تاريخ ابن سباط** (تح: عمر عبدالسلام تدمري، طرابلس- لبنان، ١٩٩٣م) ١٣٠/١ ؛ عباس اقبال اشتيابى، تاريخ ايران، ص٣٦٩.

(٣) ابن الاثير (پ٢٤)٣٩/١٠.

(٤) غۆریەکان: دانیشتوانی ناوچە چیایەکانی نێوان شارەکانی هەرات و غەزنەن لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، لە سەرەتای سەدەی (٥ك/ ١١ز)لە ناوچەکەدا دەسەڵاتدار بوون و خاوەنی چەند قەڵایەك بوون، دوای چەند هەڵمەتیکی سەربازی سوڵتان محمودی غەزنەوی بۆ سەریان ملکەچی ژێر دەسەڵاتی بوون، لە سالی (٥٨٢ك/١١٩٦ز) توانیان دەوڵەتی غەزنەوی بڕوخێنن لە سالی (٦٠٥ك/١٢٠٨ز) لە لایەن دەوڵەتی خوارزمی کۆتایی بە دەسەڵاتیان هات. بڕوانە. البيهقي، **تاريخ بيهقي** (ت:الى العربية: يحيى الخشاب و صادق نشات، دار الطباعة الحديثة، القاهرة، ١٩٥٦م) ١١٨؛ احمد محمد عدوان، **موجز في تاريخ دويلات الشرق الاسلام** (دار عالم الكتب للنشر والتوزيع، الرياض، ١٩٩٠م) ١٥٥-١٧٢.

(٥) حاجى خليفة، **تقويم التواريخ** (تح: مير شم محدث، أحياء كتاب، تهران، ١٣٧٦ش) ٣٧٣؛ عباس اقبال اشتيابى، (پ٢٧) ٣٧٠.

(٦) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر شەڕو ململانی نێوانی) علاءالدین تکش و سطتانشاە) بگەڕێوەبۆ حنان مبروك اللبودى، **قيام الدولة شاهات خوارزم** (مؤسسة شباب الجامعة، اسكندرية، ٢٠١٣م)

و ڕێککەوتنی ئاشتی و هاوسەرگیری سیاسی لەگەڵ سوڵتان (غیاث الدین) (٥٥٦-٥٩٩ك/١١٦١-١٢٠٢ز) فەرمانڕەواری غۆرییەکان ئەنجامدا، توانی ئەو موڵکانەی کە لە دەستیدابوون بە دەوڵەتەکەی بلکێنێتەوە وەك (مەرو و سرخس) [١].

لە ڕەمەزانی ساڵی (٥٩٦ك/١١٩٩ز) لە دوای دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی زۆری خوراسان و ڕەی و هەمەدان و هەرێمی چیا، لە ڕێگای ڕۆیشتنی بۆ نیسابور، بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد [٢].

## ٤- عەلاءالدین محمد (٥٩٦-٦١٧ك/١١٩٩-١٢٢٠ز)

لە دوای ژیان ئاوایی (علاءالدین تکش)ی باوکی، شوێنەکەی گرتەوە و تەختی شای خوارزمی پێبڕا و نازناوی (علاءالدین)یان پێدا، کە پێشتر نازناوی (قطب‌الدین) ی هەبوو [٣]، دیارە ئەویش وەکو باوکی لە ململانێی خێزانی بەدەر نەبوو، بەپێی ئاماژەی (ابن الاثیر) (هندوخان علی شاه)ی برازای لە ترسی مامی ڕایکرد بۆ مەڕو کاتێ باپیرەی (علاءالدین تکش) مرد لەگەڵی بوو هەڵسا بە تاڵانکردنی خەزێنەکەی، هەرچەندە خوارزمشا (علاءالدین محمد) لەشکری نارده سەری، بەڵام پەنای بردە بەر (غیاث الدین)ی سوڵتانی غۆری [٤].

ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە خوارزمشا نەیتوانی لە بەرهەمەکانی بنۆشێ و چێژ لە سەرکەوتنەکانی ببینێ، بەهۆی لەخۆبایی بوون و بێباکی لە سیاسەتدا لە پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ مەغۆلەکان [٥] کە گەورەترین

٣٢٠؛ عفاف صبرة (پ٢٢) ٦٤-٦٦.

(١) ابن الاثیر (پ٢٤) ٤٤/١٠.

(٢) ابن خلدون (پ٢١) ١١٤/٥.

(٣) ابن الوردی، **تاریخ ابن الوردی** (دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٦م) ١١٤/٢. دوای سەرکەوتنی بەسەر غۆرییەکان و دەستگرتن بەسەر غەزنەو ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی نازناوی ئەسکەندەری دووەمی پێدرا. حمدالله مستوفی (پ١٩)٤٩٢.

(٤) (پ٢٤) ١٠/١٦٦-٢٦٧.

(٥) مەغۆلەکان کە لە سەرەتادا بە شێوەی گروپ و هۆزی جۆراو جۆر لە بیابانی گەورەی جوبی لەئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بە شێوە ژیانی سەرەتایی گوزەراندوویانە، بەڵام لە

هێــزی ئەوســای ئاســیای ناوەڕاســت بــوون، تــا وای لێهــات خــۆی و دەوڵەتەکــەی و خانەوادەکــەی بــە تایبەتــی و جیهانــی ئیســلامی بەگشــتی دووچــاری گەورەتریــن مەرگەســات و وێرانــکاری کــرد، لــە ســاڵی (٦١٧ك/١٢٢٠ز) بــۆ خــۆ حەشــاردان و ڕاکــردن لــە ترســی مەغۆڵــەکان و پاراســتنی گیانــی، پەنــای بــردە بــەر دورگەیــەك لــە دەریــای قەزویــن (خــەزەر)، بــەڵام مــەرگ ڕێگــەی پێگــرت و کۆتایــی بەژیانــی هێنــا [١].

## ٥- جلال الدين منكبرنى [٢] (٦١٧-٦٢٨ك/١٢٢٠-١٢٣١ز)

لــە کۆتــا ڕۆژەکانــی ژیانــی ســوڵتان (عەلاءالدیــن محمــد) لــە دورگــە بچوکەکــەی دەریــای قەزویــن (خــەزەر) نەخۆشــی تینــی بــۆ هێنابــوو، ســێ لــە کوڕەکانــی بانگکــرد، کــە لــە دورگەکــە لەگەڵــی دابــوون (جلال‌الدیــن منکبرنــی و أزلاغشــاه و آقشــاه) پێــی ڕاگەیانــدن ئەگــەر تاکــە کەســێکتان بتوانــێ دەوڵەتــی خوارزمــی بپارێــزێ ئــەوا (جلال‌الدین)ــە، بۆیــە کاروبــاری دەوڵەتــی خســتە بــەر دەســتی

---

کۆتایــی ســەدەی (٦ك/١٢ز) لەســەر شــانۆی ڕووداوەکان دەرکەوتــن، لــە نیــوەی یەکەمــی ســەدەی (٧ك/١٣ز)، وەکــو زلهێزێکــی جیهانــی خــاوەن ناوبانگــی نێودەوڵەتــی بازنــەی ســنوری ڕەســەنی وڵاتــی خۆیــان مەنگۆلیایــان تێپەرانــد توانیــان لەکورتتریــن مــاوەدا گەورەتریــن ئیمپراتۆریەتــی جیهانــی لــە مێــژووی مرۆڤایەتــی دامەزرێنــن. بڕوانــە: Jeremiah Curtin the **mongols history** (boston, ١٩٠٨)١؛ ڤاسـيلي ڤلاديميـر وڤتـش بارتولـد ، **العـالم الاسـلامي فـى العصرالمغـولي** (ت: خالـد اسـعد عيسـى، دار حسـان للطباعـة والنـشر، ديمشـق، ١٩٨٢م) ١٩؛ محمـود شـاكر، التاريـخ الاسلامي (المكتـب الاسلامي، ط٦، بيـروت، ٢٠٠٠م) ٣٦/٢؛ عـلى محمـد الصلابـى، **دەوڵەتـی مەغـۆل و تەتـار لەنێـوان بڵاوبوونــەوە و تێکشــکاندا** (و: ئەبوبەکـر ڕەسـول محەمـەد، دار المعرفـة، بەیـروت، ٢٠١٠) ٣٠؛ جـون مـان، **جنگيزخـان الحيـاة والمـوت والانبعـاث** (ت: حسـن عبالعزيـز عويضـة، دار الكتـب الوطنيـة، ابوظبـي، ٢٠١٣م) ١٤٧.

(١) النويـري (پ٤١) ١٠٨/٢٧؛ الجوزجـاني، **طبقـات النـاصري** (ت. عـن فارسـية: عفـاف سـيد زيـدان، القاهـرة، ٢٠١٣م) ٤٧١/١.

(٢) ئـەم نازنـاوە بـە دوو شـێوازی منکبرتـی و منکبرنـی هاتـووە بـەڵام لـە بنەڕەتـدا منکبردیـە، لـە **(تاريـخ ايـران بعـد الاسـلام)** دانـە عەرەبیەکـە کـە لـە فامبیـری وەری گرتـووە، دەسـتەواژەیەکی ئۆیغۆریـە لـە دوو وشـە پێـك هاتـووە: منـك واتـا ئاسـمان و بـردی واتـا نێـردراو (رسـول) واتـا نێـردراوی ئاسـمان. عبـاس اقبـال اشـتيابى، (ت. عـن فارسـية: د. محمـد علاءالديـن منصـور، دار الثقافـة والنـشر والتوزيـع، القاهـره، ١٩٨٠م) پەراوێـزی ژمـارە (٢) لاپـەڕە٣٣٩.

ناوبـراو، هەروەکـو (النسـوي و النويـري) ڕاسـپاردەی خوارزمشـامان بـۆ دەگێڕنـەوە کـە دەڵێن:"دەسـتبەندەکانی سـەڵتەنەت لێـك هەڵپچـران بنەماکانـی دەوڵـەت دارمـان، ئـەم دوژمنـە بـە کەڵبـە و چڕنوکەکانـی تونـد گرتوویەتـی جگـە لـە منکبرنـی کـوڕم کـەس ناتوانـێ تۆڵـەم بسـەنێتەوە ئـەوە مـن ئـەوم لەجێـگای خـۆم دانـا و ئێـوەش هەردووکتـان گوێڕایەڵـی بـن" [١].

ئـەوەی جێـگای سـەرنجە دوای مانـەوەی مانگێـك لـە دورگەکـە کۆچـی دوایـی کـرد، تەنانـەت پارچـە قوماشـێکیان دەسـت نەکـەوت کـە تەرمـی خوارزمشـا پـێ کفـن بکـەن، بەڵکـو یەکێـك لـە نزیکەکانـی بەنـاوی (شـمس‌الدین محمـود) کراسـەکەی خـۆی هێنـا تەرمـی خوارزماشـایان پـێ کفـن کـرد [٢]، پاشـان هەرسـێ کوڕەکـەی سـوڵتان، بـەرەو خـوارزم کەوتنـەڕێ و دەریایـان بەجێهێشـت، بـە گەیشـتنەوەیان خەڵکـی بـەو پـەڕی دڵخۆشـیەوە پێشـوازیان لێکـردن و شـادومان بـوون، هەڵبەتـە منکبرنـی دەسـتیکرد بـە جێبەجێکردنـی ڕاسـپاردەی باوکـی، سـوپایەکی حـەوت هـەزار جەنـگاوەری پێکهێنـا بـۆ بەرەنـگار بوونـەوەی دوژمنەکـەی، بـەڵام زۆربـەی سـوپایەکەی پێکهاتبـوو لـە کەسـە نزیکەکانـی (تـورکان خاتـون) [٣]ی دایکـی (عەلاءالدیـن) خوارزمشـای کۆچکـردوو، خزمەکانـی قبووڵیـان نەبـوو منکبرنـی ببێتـە سـوڵتانی خـوارزم لـە شـوێنی باوکـی، بـەو پێیـەی کـە (آقشـاه)ی بـرا بچوکـی پیشـتر لەلایـەن باوکـی بـە کاریگـەری تـورکان خاتونـی دایکـی وەکـو شـازادەی جێنشـین دیاریکرابـوو [٤].

دیـارە یەکێـك لـە کەسـە نزیکەکانـی منکبرنـی هەواڵیـان پێـدا کـە مەترسـی لەسـەر ژیانـی هەیـە، پێویسـتە بـە زوویـی خـوارزم جـێ بهێڵـێ ئەویـش وتـی: "ئـەم شـارە

(١) **سـیرة جـلال الدیـن منکبرتـی** (تـح: حافـظ احمـد حمـدي، دار الفکـر العـربي، القاهـرة، ١٩٥٣م) ١٢٠؛ (پ٤١) ١٧٤/٢٧.

(٢) النسوي (پ٦٠) ١٢٠.

(٣) هاوسـەری (عەلاءالدیـن تکـش) و کچـی یەکێـك لە میرە دەسـت ڕۆیشـتوەکانی هـۆزی کانکاڵی بوو لـە خـوارزم بەنـاوی (خـان جنکشـی) دەسـەڵاتی زۆری هەبـوو لـە دەوڵەت بە ئـارەزووی خۆی دەسـت تێوەردانـی لـە کاروبـاری دەوڵـەت دەکـرد لەگـەل هەڵمەتـی داگیـرکاری مەغۆلـەکان لە خـوارزم بەدیل گیـرا تـا کۆتایـی تەمەنـی لایـان مایـەوە. بڕوانـە النسـوي (پ٦٠) ٩٤-٩٩؛ پناهی سـمنانی، **سـولتان جلال الدیـن خوارزمشـا تندیس دلیری و اسـتقامت** (نـشر ندا- تهـران، ١٣٧٥ش) ١٢٥-١٢٧.

(٤) النسوي (پ٦٠) ١٢٢.

وەکـو هێلانـەی دوپشـك و ئەژدەهـا کـە تەنانـەت لـەو کاتـە دژوار و پـڕ مەترسـیەدا هـەر خەریکـی ناکۆکـی و دوبەرەکیـن بۆیـە ئێـرە جێـگای مانـەوە نیـە" سـەرەنجام توانـی خـۆی و سـێ سـەد سـوار سـەربازی تورکـمان بـە سـەرکردایەتی (تیمـور ملـك) سـەرداری شـاری خەجەنـدە[١] بـە نهێنـی شـاریان جێهیشـت، بـە ماوەیەکـی کـەم گەیشـتنە شـاری نەسـا لـە هەرێمـی خوراسـان[٢].

بـە گەیشـتنی منکبرنـی بـە هەرێمەکانـی خوراسـان و غەزنـە توانـی خـۆی ڕێکبخاتـەوەو سـوپایەکی شەسـت هـەزار سـەربازیی پێکبهێنـێ و بەرەنـگاری مەغۆلـەکان ببێتـەوە، لـەلای خۆشـی جەنگیزخـان کـە هەواڵـی منکبرنـی پێگەیشـت بەپەلـە بـە هێزێکـی گـەورە بـە سـەرکردایەتیی (تۆلـۆ) ی کـوڕی ڕووبـەڕووی بـۆوە لـە نزیـك شـاری قەندەهـار، بـەڵام سـوپاکەی تێکشـکا، جەنـگ لـە نێوانیانـدا درێـژەی هەبـوو لـە دەوروبـەری دەشـتەکانی (بەیـرەوان) منکبرنـی ئەمجـارەش بەرەنـگاری مەغۆلـەکان بـۆوە سـەرکەوتنی گـەورەی بەسـەردا تۆمـار کـردن، مەغۆلـەکان دووچـاری شکسـتێکی گەورەبـوون و کوشـتار و تاڵانکاریەکـی زۆریـان لـێ کـرا لەلایـەن سـوپای خوارزمـی[٣]، دیارەئـەم جەنگـە گرنگـی و تایبەتمەنـدی خـۆی هەبـوو بەهـۆی ئـەو شکسـتە گەورەیـەی کـەوا مەغۆلـەکان دووچـاری بـوون، بـەڵام سـەرکردەکانی سـوپای خوارزمـی لەسـەر دابەشـکردنی دەسـتکەوتەکانی جەنـگ ناکۆکـی و دووبەرەکـی کەوتـە نێوانیـان ئەمـەش وایکـرد گیانـی ڕەگـەز پەرسـتی لەلایـەن غۆرییـەکان و تورکـەکان سـەرهەڵبدا، بەمـەش زۆربـەی سـەرکردەی غۆرییـەکان پشـتییان لـە سـوڵتان کـرد، جگـە لـە (امیـن ملـك) کـە تـورك بـوو کەسـی تـری لەگـەڵ نەمـا[٤].

---

(١) شـارێکی نـاوداره لـە هەرێمـی (مـاوراء النهـر) لەسـەر کەنـاری ڕوبـاری سـەیحون، دە ڕۆژە ڕێ دوره لـە شـاری سـەمەرقەند. یاقـوت الحمـوي (پ٤) ٣٤٧/٢.

(٢) ڤاسـيليان، **جەنگیزخـان خوێنڕێـژی گـەلان دوژمنـی توخمـی بەشـەر** (و: حەمـە سـالح گەڵالـی، چاپخانـەی هـەواڵ، سلێمانی، ٢٠٠٠ز) ١٥١.

(٣) بڕوانـە: علـي محمـد الصلابي (پ٥٧) ١٧٦-١٧٨؛ حنـان بهجـت أحمـد، **العلاقـة بيـن بغـداد و بـلاد مـاوراء النهـر أيـام الدولـة الخوارزميـة** (رسـالة ماجسـتير، كليـة الآداب جامعـة البحـث، سـوريا، ٢٠١٨م) ٢٠٣-٢٠٥.

(٤) سـيد بـاز العرينـی، **مێـژووی مەغـۆل** (و: شـاحەوان محمەمـەد، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، چ٢، هەولێـر، ٢٠١٠ز)١٥٠ ؛ محمـد دبيرسـياقى، **السـلطان جـلال الديـن خوارزمشـا في ميـزان التاريـخ** (ت: احمـد الخـولي، القاهـرة ٢٠٠٩م) ٨٢.

ئـەو ڕووداوە کاریگـەری زۆری لەسـەر سـوڵتان منکبرنـی و سـوپاکەی دورسـتکردو زۆر پێـی دڵتەنـگ بـوو، چونکـە ئامـاژەکان وادەردەخـەن ئـەو هێـزەی کـە لـە گەڵـی مابوونـەوە تەنهـا چـوار هـەزار سـەربازێك دەبـوو، نەیدەتوانـی خـۆی لەبـەر ڕەشـەبای لەشـکری بـێ شـوماری مەغـۆل ڕاگـرێ، کـە جەنگیزخـان خـۆی سـەرکردایەتی دەکـرد، بۆیـە سـوڵتان بڕیاریـدا پەنـا بباتەبـەر وڵاتـی هنـد، دوای شـەڕێکی گـەورە کـە زۆرێـك لـە سـەربازانی لـە ئـاوی ڕوبـاری سـەندا[(١)] خنـکان، لەسـاڵی (٦١٨ك/١١٢١ز) لەگـەڵ سـێ هـەزار سـەرباز پەڕینـەوە وڵاتـی هنـد[(٢)].

جەنگیزخـان دوای ئـەوەی دڵنیابـوو کـەوا تـەواوی دەوڵەتـی خوارزمـی داگیـر کـردووە تۆڵـەی بازرگانەکانـی کردۆتـەوە، بیـری لـەوە کـردەوە بگەڕێتـەوە بـۆ وڵاتەکـەی (مەنگۆلیـا)[(٣)]، لەلایەکـی دیکـەش شـۆڕش لـە باکـوری چیـن و تبـت سـەری هەڵدابـوو بـارودۆخ پێویسـتی بـە گەڕانـەوەی جەنگیزخـان هەبـوو[(٤)] ئەمەبـوو لـە پاییـزی سـاڵی (٦٢٠ك/١٢٢٣) شـاری سـەمەرقەندی پایتەختـی دەوڵەتـی خوارزمـی بەجێهێشـت، لـە قەراغـی ڕووبـاری سـەیحون وەسـتا، کوڕەکانـی (جختـای و ئۆکتـای) و فەرماندەکانـی سـەربازی بانگکـردن و وتوێـژی لەگەڵکـردن و پێـی وتـن "دەبـێ سـوپای مەغـۆل هەمـوو وڵاتانـی جیهـان داگیـر بـکات"، لەسـاڵی (٦٢١ك/١٢٢٤ز) جەنگیزخـان بـە سـوپایەکی زۆر و تالانیەکـی زۆرەوە گەیشـتەوە بیابانـی مەنگولیـا[(٥)]، لەسـاڵی (٦٢٤ك/١١٢٧ز) لەتەمەنـی سـەرووی شەسـت سـالیەوە ژیـان ئاوایـی لـە دونیـا کـرد[(٦)].

---

(١) ڕوبارێکـە لـە هەرێمـی سـەندی نێـوان وڵاتـی هنـد و کرمـان و سجسـتان. یاقـوت الحمـوي (پ٤) ٢٦٧/٣.

(٢) ابن الوردي (پ٥٥) ١٣٨/٢.

(٣) بڕوانـە: **الجوينـي، تاريـخ فاتـح العـالم** (تـح: محمـد بـن عبدالوهـاب القزوينـي، ت: السـباعي محمـد السـباعي، القاهـرة، ٢٠٠٧م) ١٦١/١.

(٤) عبـاس اقبـال، **تاريـخ المغـول منـذ حملـة جنگيزخـان حتـى قيـام الدولـة التيموريـة** (ت: د. عبدالوهـاب علـوب، المجمـع الثقـافي، ابوظبـي ، ٢٠٠٠م) ١٠٠.

(٥) ڤایسلیان (پ٦٥) ٢٤٨-٢٤٩.

(6) Lieut- col. P. m. sykes. History of Persia. (London, 1915)17. ؛ مـاری هـال، ئیمپراتۆریەتـی مەغـۆل (و: لەفارسـیەوەبۆ کـوردی: پەخشـان حەمەمـراد، چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، هەولێـر، (ب.س.چ)) 84.

لــە ســاڵی (٦٢١ك/١٢٢٤ز) منکبرنــی وڵاتــی هنــدی بەجێهێشــت گەڕایــەوە وڵاتــی ئێــران، دەســتی بەســەر هەرێمەکانــی فــارس و کرمــان و چیــاو ئازربایجانــدا گــرت و دەســەڵاتێکی فراوانــی پێکهێنــا لــەم ناوچانــەدا، حوکمڕانــی درێــژەی هەبــوو تــا ســاڵی (٦٢٨ك/١٢٣١ز)، کــە مەغۆڵــەکان جارێکــی دیکــە شــاڵاویان هێنایــەوە ســەری لــە ئازربایجـان و تەنگیـان پـێ هەڵچنـی، سـەرەنجام لـە نزیـك شـاری میافارقیـن بـە دەسـتی کوردانــی ناوچەکــە کــوژرا و کوتایــی بــە حوکمڕانــی دەوڵەتــی خوارزمــی هــات [1].

(١) النسـوي (پ٦٠)١٧٤-١٧٩؛ القزوينـي ( پ٩٤) ١١٧؛ بڕوانـە: تـەوەرەی چوارەمـی بەشـی سـێیەمی توێژینـەوە ، ل١٠١-١٠٧.

## تەوەرەی سێییەم
## فـراوان بوونـی دەسـەڵاتیان و دەسـگرتن بەسـەر ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلامی

هەنـگاو هەڵگرتنـی فراوانخوازییەکانـی دەوڵەتـی خوارزمـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی خوارزمشـا (اتسـز) لـەو کاتـەوەی کـەوا بیـری سـەربەخۆیی و جیابوونـەوەی لـە دەوڵەتـی سـەلجوقی لا گەڵالەبـوو، ئەوەبـوو لـە سـاڵی (٥٣٠ك/ ١١٣٥ز) شۆرشـی بەسـەر سـوڵتان (سـنجر)دا دەسـتپێکرد و چەنـد ناوچەیەکـی سـەر بەدەوڵەتـی ناوبـراوی دەستبەسـەرداگرت و دەرچوونـی خوارزمـی لەژێـر قەلەمـڕەوی سـەلجوقیدا ڕاگەیانـد، بـەڵام لەسـاڵی (٥٣٣ك/١١٣٨ز) لەهێرشـێکی پێچەوانەدا سـوڵتان (سـنجر) دەسـتی بەسـەر خوارزمـدا گـرت و کوشـتارێکی زۆری کـرد لـە ناویانـدا کـوڕی (اتسـز)، سـوڵتان فەرمانـی کـرد لـە ناوەڕاسـتی جەسـتەیدا پارچـەی بکـەن، بەپێـی ئاماژەی مێژوونـووس (خواندمیـر) (سـنجر) لـە تۆڵـەی هەڵگەڕانـەوەی (اتسـز) بـەو شـێوەیە کوڕەکـەی کوشـتوە [1]، ئینجـا کاروبـاری خوارزمـی بـە (غیاثالدیـن سلیمان شـاه)ی کـوڕی بـرای سـپارد و وەزیرێکشـی بـۆ دامەزرانـد بـۆ ڕاییکردنـی کاروبارەکانـی، خوارزمشـا بـەم ڕووداوە زۆر دڵتەنـگ بـوو هەمیشـە بـەدوای دەرفەتێکـدا دەگـەڕا تـا بگەڕێتـەوە وڵاتەکـەی، خەڵکـی خوارزمیـش خۆشـیان لـە سـوپای سـەلجوقی نەدەهـات، بەڵکـو تامـەزرۆی گەڕانـەوەی شـایەکەیان بـوون، ئـەوە بـوو توانییـان (غیاثالدیـن سـلیمان شـاه) لـە خـوارزم دەرپەڕینـن [2]، لێـرەدا ئەوەمـان بـۆ دەردەکـەوێ کـە خوارمییـەکان ڕیزەکانییـان یەکخسـت بـۆ ڕزگار بـوون لـە دەسـەڵاتی سـەلجوقی [3].

---

(١) (پ٢٩) ٦٣٨/٢.

(٢) ابـن الاثيـر (پ٢٤) ٣٨/٩؛ خالـد مـوسى حسـيني و عـلي حسـين تـرف. **الدولـة الخوارزميـة** (دراسـة في احوالهـا السياسـية)، (مجلـة جامعـة بابـل، العلـوم الانسـانية، المجلـد ٢٠، العـدد ٣، ٢٠١٢م) ٣.

(٣) نافع توفيق العبود (پ١٠) ٢٣.

خوارزمشا (اتسز) سەرکەوت لە دەست بەسەرداگرتنەوەوی خوارزم دوای ئەوەی دەرفەتی بۆ هاتەپێش لە جمادی کۆتایی هەمان ساڵدا، کە سوڵتان (سنجر) گەڕایەوە بۆ مەڕو [1]، هەروەها بۆ تۆڵەکردنەوە لە سوڵتانی ناوبراو هەڵسا بە ئەنجامدانی ڕێککەوتن لەگەڵ قەرەخەتائیەکان [2] و هانیدان کەوا خاکی سەلجوقی داگیر بکەن، هەرچەندە سوڵتان بە هێزێکی زۆرەوە ڕووبەڕوویان بۆیەوە بەڵام دووچاری شکستێکی گەورەبوو و سەربازێکی زۆری لێ کوژرا و هاوسەرەکەشی بەدیلگیرا، خەتائیەکانیش لە (ماوراء النهر) جێگیر بوون، لەلای خۆشی خوارزمشا هێرشی کردەسەر خوڕاسان ماڵ و سامانێکی زۆری لە سەلجوقییەکان تالان کرد [3]، لە هەنگاوێکی دیکەی دژی دەوڵەتی سەلجوقی لابردنی ناوی سوڵتانی سەلجوقی بوو لە وتاری ڕۆژی هەینی لە مزگەوتەکان.

سوڵتان (سنجر) لە بەرانبەر ئەو تالانکارییەی (اتسز) دەستە وەستان نەوەستا، بەڵکو ساڵی (٥٣٦ك /١١٤١ز) لە هێرشێکی بەربڵاودا تەنگی بە (اتسز) هەڵچنی و ناچاری کرد کە ئەو موڵکانەی لێی داگیرکردوون و تەواوی تالانییەکانی بۆ بگێڕێتەوە [4]، شایانی باسە مێژوونووسان ساڵی (٥٣٨ك/١١٤٣) بە ساڵی جیابوونەوەی خوارزم لە دەوڵەتی سەلجوقی دادەنێن، بەو پێیەی کەوا (اتسز) توانی لە ساڵی ئاماژەبۆکراو سەربەخۆیی دەوڵەتی خوارزم ڕابگەیەنێ و ڕەزامەندی خەلیفەی دەوڵەتی عەباسی (المتقی لأمر الله) (٥٣٢-٥٥٥هـ/١١٣٧-

---

(١) ابو الفدا (پ٤٨) ٢٢/٣.

(٢) قەرەخەتائیەکان: بریتین لە هۆزەکانی خەتا کە تێکەڵن لە هۆزەکانی مەغۆل و تانجوت لە باکوری چین، کە لە سەدەی (٤ك/١٠ز) سەرکردەیەکی بەهێزیان لێ هەڵکەوتوە بە ناوی (تای تسو) توانیویەتی ئەم هۆزانە ملکەچی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بکات و خۆی وەکو ئیمپراتۆر ڕابگەیەنێ، بەهۆی بوونی تەنگژە سەربازی و سیاسییەکان نیشتمانی ڕەسەنی خۆیان مەنشوریا (باکوری چین) جێهێشتوە لە هەرێمی تورکستان گیرساونەتەوە دەوڵەتێکییان پێکهێناوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی (٦ك/١٢ز)، توانییان لەساڵی (٥٣١ك/١١٣٧ز) بەسەر سەلجوقییەکاندا سەرکەون وهەرێمی (ماوراء النهر) بخەنەژێر قەلەمڕەوی خۆیان. بارتولد (پ٥) ٣٨٦؛ فؤاد عبدالمعطي الصياد، **المغول في التاريخ** (دارالنهضة العربية، بيروت، ١٩٨٠م) ٢٢/١-٢٣؛ سعد بن محمد الحذيفة الغامدي، **سقوط الدولهالعباسيهو دور الشيعة بين الحقيقةوالاتهام** (ط٢، الرياض، ١٩٨٣م ) ٨٦.

(٣) ابن الاثير (پ٢٤) ٣٨/٩؛ ابو الفدا (پ٤٨) ٢٤/٣.

(٤) البنداری (پ١٥) ٢٥٧.

١١٦٠ز) بە واتای کە حاکمی شەرعی دەوڵەتی ئیسلامی بوو بەدەستبهێنێ لەسەر ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتیدان و ئەو ناوچانەشی کە دەستی بەسەردا گرتوون [١]، ئیتر لێرەبەدواوە خوارزمییەکان بوون بە قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ [٢].

لە ساڵی (٥٥٢ك/١١٥٧ز) سوڵتان (سنجر) لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵیدا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد [٣]، لە ماوەی فەرمانڕەوایی میرایەتی و سەڵتەنەتی کە شەست و یەك ساڵی خایاند، بە یەکێك لە گەورەترین و باشترین و ئازا و بەخشندە و مرقدۆست لە سوڵتانەکانی ئێران هەژماری دەکەن [٤]، بەمردنی هێز و دەسەڵاتی سەلجوقییەکان بەجارێك داڕما لە هەرێمەکانی فارس و خوراسان و خوارزم، هیچ ڕکابەر و بەربەستێکی ئەوتۆ لە بەردەم خوارزمییەکان نەما کەڕێگر بێ لە بەردەم فراوانخوازییەکانییان [٥]، بەڵام ساڵی (٥٦٧ك/١١٧١-١١٧٢) قەرەخەتائیەکان لە هێرشێکییاندا بۆسەر خوارزم لە تۆڵەی بڕینی ئەو باج و سامانەی کە پێیان دەدرا لە بڕی لێدانی سەلجوقییەکان لە سەردەمی خوارزمشا (اتسز) لەسەری ڕێککەوتبوون، سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و سەرکردەی سەربازی سوپای خوارزمییان بەناوی (عیار بەگ) بەدیل گرت [٦].

بەڵام لە سەردەمی (علاءالدین تکش) (٥٦٨-٥٩٦ك/١١٧٢-١١٩٩ز) قۆناغێکی دیکەی گرنگی فراوانخوازییەکان بوو لە مێژووی دەوڵەتداری خوارزمییەکاندا بە تایبەتی دوای مردنی سوڵتان شای برای لەساڵی (٥٨٩ك /١١٩٣ز) کە فەرمانڕەوای مەڕو و سرخس و ئەبیۆرد بوو لە هەرێمی خوراسان [٧] ناوبراو بۆ فراونکردنی سنوری دەوڵەتەکەی ناکۆکی نێوان میرە سەلجوقییەکانی بە دەرفەت وەردەگرت، بۆ ئەمەش کاتی ئەتابەگ (قتلغ اینانج)ی برای (أوزبك کوڕی پهلوان)ی ئەتابەگی ئازربایجان لەدەستی سوڵتان

(١) عفاف صبرة (پ٢٢) ٤٣؛ خالد موسى حسيني و علي حسين ترف (پ٧٦) ٥.

(٢) نافع توفيق العبود (پ١٠) ٢٧.

(٣) الحسيني، **اخبار الدولة السلجوقية** (تح: محمد اقبال، لاهور، ١٩٣٣م) ١٢٤.

(٤) عباس اقبال اشتيابى (پ٢٧) ٣٤٤.

(٥) حافظ احمد حمدي (پ٣٧) ٢٨.

(٦) بارتۆلد (پ٥) ٤٨٨.

(٧) ابن الوردى (پ٥٥) ١٠٧/٢؛ نافع توفيق العبود (پ١٠) ٣٣.

(رکن‌الدین طغرل بك)ی سێیەم (٥٧١-٥٩٠ك/ ١١٧٥-١١٩٤ز) ڕایکردبوو بۆ ڕەی [١] پەیوەندی بەسوپای خوارزمشاوە کرد، دیارە ئەویش نیازی گرتنی شاری ڕەی هەبوو [٢]، لەهەمان کاتدا (سوڵتان طغرل بك) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای خوارزمی و (قتلغ اینانج) بۆ شاری ڕەی کەوتەڕێ، لە ساڵی (٥٩٠ك/١١٩٤ز) هەردوو سوپا لە نزیك شاری ڕەی ڕووبەڕووی یەك بوونەوەو لە شەڕەکەدا (قتلغ اینانج) توانی سەری سوڵتانی سەلجوقی بپەڕێنێ و بۆ سوڵتان (علاءالدین تکش)ی نارد ئەویش بۆ خەلیفە (الناصر لدین الله)ی نارد لە بەغدای پایتەختی دەوڵەتی عەباسی [٣].

کۆژرانی سوڵتانی سەلجوقی سڕینەوەی بەربەستێکی گەورەبوو لە بەردەم چاوتێبڕینەکانی خوارزمشا بە ناوچەکانی دەوروبەر، ئەوەتا لە هەمان ساڵدا دەستی بەسەر شاری هەمەداندا گرت [٤]، لە ساڵی (٥٩٤ك/١١٩٧ز) شاری بخارای گرت کەسەر بە قەرەخەتائیەکان بوو [٥]، هەر لەو ساڵەدا ئیسماعیلییەکانی قەڵای ئالموت [٦] ملکەچی ژێر فەرمانەکانی بوون [٧]، توانی سنوری ناوچەی دەسەڵاتداری خۆی تێپەڕێنێ و چەندین هەرێمی تر بخاتە چوارچێوەی سنوری دەوڵەتەکەی.

هەڵبەتە لە ناوچوونی سوڵتان (طغرل) و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی سەلجوقی لە عێراق و کوردستان [٨] خوارزمشای زیاتر دەستکراوە کرد کە بەرەو هەمەدان و هەرێمی

---

(١) ابو الفدا (پ٤٨) ١١٢/٣.

(٢) الحسيني ( پ٨٤) ١٨٩-١٩٣؛ الراوندي، **راحة الصدور واية السرور في تاريخ الدولة السلجوقية** (ت: ابراهيم أمين الشواري وعبدالنعيم محمد حسنين وفؤاد عبدالمعطي الصياد، القاهرة، ٢٠٠٥م) ٥١٩.

(٣) البناكتي (پ٢٤) ٢٥٠.

(٤) ابن الاثير (پ٢٤) ٢٣٣/١٠.

(٥) ابن الاثير (پ٢٤) ٢٥٣/١٠.

(٦) ئالموت: قەلای ئیسماعیلییەکان بوو لەناوچەی ڕوزبار لەنێوان قەزوین و دەریای خەزەر لەسەر بەرزاییەك بنیاد نرابوو. القزويني، اثار البلاد واخبار العباد (دار الصادر، بيروت، ١٩٩٨م) ٣٠١.

(٧) میرخواند (پ٢٩) ٦٤٠/٢.

(٨) دەوڵەتی سەلجوقی دابەش دەبێت بەسەر پێنج لقدا لەمانە: سەلجوقییەکانی ئێران و عێراق (٤٢٩-٥٥٢ك/١٠٣٨-١٠٥٧ز)، سەلجوقییەکانی کرمان (٣٤٤-٥٨٣ك/٩٥٥-١١٨٧ز)، سەلجوقییەکانی شام (٤٨٧-٥١١ك/١٠٩٤-١١١٧ز)، سەلجوقییەکانی عێراق و کوردستان (٥١١-٥٩٠ك/١١١٧-١١٩٤ز)، سەلجوقییەکانی ڕۆم و ئاسیای بچوك (٤٧٠-٧٠٠ك/ ١٠٧٧-١٣٠١ز). بڕوانە: حسن کریم الجاف (پ ٣) ١٣٨/٢؛ سامي بن عبداللەبن احمد الملغوث، **اطلس الدولة**

چیا (عێراقی عەجەم)[1] پەل بهاوێ لە هەمان ساڵدا دەستی بەسەردا بگرێ و لەگەڵ خەلیفەی عەباسی (الناصر لدین الله) بکەوێتە ململانێی سیاسی[2]، هەرچەندە سەرقاڵی جێگیرکردن و پتەوکردنی پایەکانی دەوڵەتەکەی بوو، بەڵام ساڵی ( ٥٩٤ك/ ١١٩٨ز) پەلاماری شاری بوخارایدا کە لە ژێر دەستی قەرەخەتائیەکاندا بوو دوای ئابلۆقەدانی چەند رۆژێك دەستی بەسەردا گرت[3].

شایانی باسە خوارزمشا (علاءالدین محمد) درێژەپێدەری هەمان ڕێبازی باوکی بوو، لە داگیرکردنی وڵاتان و فراوانکردنی سنورەکانی، دوای ئەوەی کە باوکی لە ژیاندا نەما (غیاث الدین)ی سوڵتانی غۆری بە (شهاب‌الدین)ی برای ڕاگەیاند کەوا هێرش بکاتە سەر خوارزم لەسەر داوای هندوخانی کوڕی مەلیکشای کوڕی (علاءالدین تکش)، کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد لەترسی (علاءالدین محمد)ی مامی پەنای بردبووە بەر غۆرییەکان، ویستی ناکۆکی نێو خێزانی خوارزمشایان بقۆزیتەوەو، ئەمەبوو لە ساڵی (٥٩٧ك/١٢٠١ز) دەستی بەسەر شاری مەڕو داگرت و ڕادەستی (هندوخان)ی کرد، ئینجا بەوەشەوە نەوەستا دەستی بەسەر شارەکانی سرخس و ئەبیۆرد و هەرات و نیسابوردا گرت لە هەرێمی خوراسان، کە لەو رۆژگارەدا موڵکی خوارزمییەکان بوون[4]، دیارە (غیاث الدین)ی غۆری بە موڵکەکانی خوارزمی تێنوێتی نەشکابوو، وەکو (ابن الاثیر) بۆمان دەگێڕێتەوە، پەلاماری ناوچەی کوهستانیشیدا کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیسماعیلییەکاندا بوو فەرمانیکرد شەڕییان لەگەڵدا بکەن و تالانییان بکەن و قەڵاکانییان داگیر بکەن تا گوێڕایەڵ دەبن[5].

---

**العباسیه** (الریاض، ٢٠١٢م) ٢٥٧-٢٥٨.

(١) دوو دەستەواژەی عیراق بەرچاو دەکەون بەپێی ئاماژەمێژووییەکان، عێراقی عەرەب مەبەست بەشی خوارووییەتی کە دەکەوێتە نێوان دوو ڕوباری دیجلە و فورات، بەشەکەی دیکە عێراقی عەجەمە بەهەرێمی چیاش ناو دەبرێت، ئەویش دەبێت بەدوو بەش، بەشی ڕۆژئاوای کە بچوکەکەیەتی ئەمە کوردستان پێکدەهێنێ، بەشی ڕۆژهەڵاتی گەورەکەیەتی بریتییە لە عێراقی عەجەم. کي لیسترج، **بلدان الخلافة الشرقیة** (ت: بشیر فرنسیس و کورکیس عواد، فلورنسة ایطالیا، ١٩٠٥م) ٢٢٠-٢٢١.

(٢) عمادالدین الاصفهاني، **بستان الجامع** (تح: محمد علی الطعانی، اربد، مؤسسة حماده، ٢٠٠٣م) ٤٤٦؛ ابن الاثیر (پ٢٤)٢٣٣/١٠ .

(٣) ابن الاثیر (پ٢٤) ٢٥٤/١٠.

(٤) ابن الاثیر (پ٢٤)٢٧١/١٠-٢٧٢؛ ابوالفدا (پ٤٨) ١٢٣/٣.

(٥) (پ٢٤) ٢٧٣/١٠.

## ١- دژەهێرشی خوارزمییەکان بۆ سەر دەوڵەتی غۆری

بـۆ بەختـی خوارزمییـەکان (شـهاب الدیـن) غـۆری لەسـەر داوای مەمالیکەکـەی (قطـب الدیـن أیبـك) چـوو بـۆ وڵاتـی هنـد، بەهـۆی دروسـت بوونـی کێشـە و تەنگژەی سـەربازی لەگـەڵ هندییـەکان لـە هەرێمەکـەدا [1]، دوورکەوتنـەوەی ناوبـراو دەرفەتێکـی گرنـگ بـوو بـۆ خوارزمشـا، توانـی دەسـت بگرێتـەوە بەسـەر موڵکەکانـی لـە خوراسـان، لەلایەکـی دیکـەش بـارودۆخ بـۆ خوارزمشـا یارمەتـی دەربـوو کـە لـە سـاڵی (٥٩٩ك/١٢٠٢ز) (غەیاثالدیـن) سـوڵتانی غـۆری کوچـی دوایـی کـرد، کـە بەئـازا و چاونەترسـی نـاوی دەرکردبـوو، ئیتر خوارزمشـا توانـی تـەواوی موڵکەکانـی لـە خوراسـان لـە غۆریـەکان بسـەنێتەوە [2].

بـەڵام کـە (شـهابالدین) بەمـەی زانـی بـە خێرایـی لـە هنـد گەڕایـەوەو بـە سـوپایەکی گـەورەوە هێرشـی سـەر هەرێمـی خوارزمـی کـرد، بـەردەوام بـوو لـە هێرشـکردن تـا گەیشـتە جورجانـی پایتەخـت و ئابلۆقەیـدا [3]، لـەو کاتـەدا خوارزمشـا پەنـای بـردە بـەر قەرەختەئائیـەکان و (عثـمان خـان) سـوڵتانی سـەمەرقەند کـە بـە سـوپاکەیانەوە بـە هانایانـەوە بچـن، دیـارە غۆرییـەکان نەیـان توانـی خۆیـان لەبـەر هێـزی قەرەختەئائـی و خوارزمـی ڕاگـرن بەڵکـو کشـانەوە بـۆ شـاری هـەزار ئەسـتپ و سـوڵتانی خوارزمیـش بـە هێزەکەیـەوە بـە دوایانـەوە بـوو [4].

ئـەوەی جێـگای سـەرنجە ئەوەیـە لەنـاو گەرمـەی ڕووداوەکان و لەشکرکێشـیەکانی هێزەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلامی دۆخەکـە لـە بەرژەوەنـدی خوارزمییـەکان شـکایەوە، ئەویـش کوژرانـی (شـهابالدین)ی غـۆری بـوو لـە سـاڵی (٦٠٢ك/١٢٠٥ز) لـە هنـد کـە سـەرگەرمی ڕێخسـتنەوەی هێزەکانـی بـوو تـا ڕووبـەڕووی قەرەختەئائیـەکان ببێتـەوە [5]، لەپـاش مردنـی ناوبـراو کاروبـاری دەوڵەتـی غـۆری بەدەسـتی میرەکانیانـەوە بـوو، (علاءالدیـن محمـد) خوارزمشـا لـە هەوڵـی ئەوەدابـوو کـەوا تـەواوی خاکـی غۆرییـەکان

(١) ابوالفدا (پ٤٨) ١٢٣/٣؛ عفاف صبرة (پ ٢٢)١٠١.

(٢) خواندمير (پ٢٩) ٦٤٣/٢؛ فؤاد عبدالمعطي الصياد (پ ٧٩) ٦٤/١.

(٣) فؤاد عبدالمعطي الصياد (پ٧٩) ٦٤/١.

(٤) خواندمير (پ٢٩) ٦٤٣/٢.

(٥) ابن الاثير (پ٢٤) ٣٠٣/١٠؛ النسوي (پ٦٠) ٣٤١.

بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، بۆ ئەمەش فەرمانی بە (امیر ملك)ی خاڵی کرد، کە هێرش بکاتە سەر (غیاثالدین محمود کوڕی غیاثالدین)ی غۆری فەرمانڕەوای (فیروزکو)، هەروەها عەلیشای برای خوارزمشاش بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕا بۆ لەناوبردنی خوارزمشا، هێزی (أمیر ملك) لە هەڵمەتەکەیدا سەرکەوت لە گرتنی شارەکە و کوشتنی هەردووکیان لە ساڵی (٦٠٥ك/ ١٢٠٨ز)[١].

کاروانی هەڵمەتە فراوانخوازییەکانی خوارزمشا بەردەوامی هەبوو لە گرتنی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، ساڵی (٦١١ك/١٢١٤ز) دەستی گرت بەسەر کرمان و مەکران و سند، ساڵی (٦١٢ك/١٢١٥ز) غەزنەی پایتەختی غۆرییەکانی گرت، فەرمانڕەواکەی بەناوی یەلدز ڕایکرد بۆ لاهور لە هند، بەمەش کۆتایی بە دەوڵەتی غۆری هات و سنوری دەوڵەتی خوارزم لە ڕۆژهەڵات گەیشتە وڵاتی هند[٢].

## ٢- هەڵمەتی خوارزمشا بۆ ملکەچکردنی قەرەخەتائیەکان

قەرەخەتائیەکان لە ناوچەی ئۆزکەند و بیلاساغون[٣] و کاشغەر و دەوربەری نیشتەجێبوون، حوکمڕانییان لە وڵاتی تورکستان و (ماوراءالنهر) درێژەی هەبوو لە هەموو شارەکانی هەرێمەکە نوێنەرییان هەبوو، بۆ وەرگرتنی باجی ساڵانە[٤]، باری سەرشانی خەڵکی ناوچەکەیان قورس کردبوو، حوکمڕانییان کە لە دوای ڕوخاندنی ئیلخانییەکان[٥] لە

---

(١) ابن الاثیر (پ٢٤)١٠/٣٣٧؛ ابن خلدون (پ٢١) ١٢٤/٥ .

(٢) الذهبی، **العبر في خبر من غبر** (تح: ابو هاجر محمد السعید بن بسیوني زغلول، دار الکتب العلمیة، بیروت، ١٩٨٥م) ١٥٦/٣؛ فؤاد عبالمعطي الصیاد (پ ٧٩) ٦٥/١؛ احمد محمد عدوان (پ٥٠)١٧٠-١٧٢.

(٣) بلاساغون: شارێکی گەورەیە لە سنوری تورك ئەو دیوی ڕوباری سەیحون نزیك کاشغەر. یاقوت الحموي (پ٤) ٤٧٦/١.

(٤) ابن الاثیر (پ٢٤) ٣٣٣/١٠.

(٥) تورکە ئیلکخانییەکان دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی سامانی ساڵی (٣٨٩ك/٩٩٥ز) لە ماوراء النهر و ڕۆژهەڵاتی تورکستان میرنشینیکییان لەو هەرێمە دامەزراند تا ساڵی (٥٣٦ك/١١٤١ز)، دوای تەنگژە سەربازییەکی زۆری ئیلکخانی و سەلجوقی و قەرەخەتائی هەرێمەکە کەوتە دەست قەرەخەتائیەکان. بڕوانە: علی محمد شریف رسول، **الاوضاع الحضاریة فی بلاد ماوراء النهر فی عهد الترك الالخانیین** (المملکة الاردنیة الهاشمیة، ٢٠١٩م) ٧٧-١٠٠.

(ماوراء النهر) جێگیربووبوو ماوەی هەشتا و نۆ ساڵ درێژەی هەبوو [١].

لەسەر داواکاری سوڵتانی سەمەرقەند و بوخارا کە نازناوی خانی خانانی هەبوو واتا سولتانی سولتانان (سلطان السلاطين)، بەو پێیەی کە چۆن دەبێ گاور حوکمڕانی موسوڵمانان و وڵاتی موسوڵمانان بکات، پەیمانی بە سوڵتان (عەلاءالدین محمد) خوارزمشا دا کە بەیەکەوە لەگەڵیاندا بجەنگن و لەمەودوا ناوی سوڵتانی خوارزم لە وتاری هەینی دەهێنن و لەسەر سکەی دراودا لێدەدەن [٢]، کە لە دەقی نامەی سوڵتانی سەمەرقەند بۆ خوارزمشا هاتووەو دەڵێت: "إن الله عز وجل قد أوجب عليك بما أعطاك، من سعة الملك، وكثرة الجنود أن تستنقذ المسلمين و بلادهم من أيدى الكفار، وتخلصهم مما يجري عليهم من التحكم في الأموال والابشار، ونحن نتفق معك على محاربة الخطا، ونحمل اليك ما نحمله اليهم، ونذكر اسمك في الخطبة وعلى السكة" [٣]، سوڵتانی خوارزم دوای ڕێکخستنەوەی بارودۆخی خوڕاسان کە پەشێوی تێکەوتبوو، ساڵی (٦٠٦ک/١٢٠٩ز) لە ڕووباری جەیحون پەڕیەوە، خەتائیەکانیش لای خۆیان ئامادەکاری خۆیان کردبوو، لە تەیارکردنی سوپا بە سەرکردایەتی پیرە پیاوێك بەناوی (تاینکو)، لەم شەڕەدا قەرەخەتائیەکان دووچاری شکستی گەورەبوون، کەژمارەیەکی زۆری سەربازیان کوژران و دیل کران، خودی سەرکردەی سوپایان (تاینکو) بەدیل گیراو بەڕێزەوە ڕەوانەی خوارزم کرا [٤]، پاشان خوارزمشا لە هەڵمەتەکە بەردەوام بوو ناوچە بە ناوچەی دەستبەسەردا گرت، تا گەیشتە ئۆزکەند و نوێنەری خۆی لەسەر دانا، ئینجا بە هاوەڵی سوڵتانی سەمەرقەند گەڕایەوە خوارزم و کچەکەی خۆی پێشکەش کرد، ئەویش هاوسەرگیری لەگەڵ پێکهێنا و گەڕایەوە وڵات [٥].

بەپێی ئاماژەی (ابن الاثير)، سوڵتانی سەمەرقەند بە کۆڵێك دیاریەوە لەگەڵ سەربازانی خوارزم گەڕایەوە، دوای ساڵێك دەستیکرد بە چەند کارێکی نەشیاو، وەك

---

(١) فؤاد عبدالمعطي الصياد (پ٧٩) ١/ ٦٦.

(٢) ابن الاثير (پ٢٤) ٣٣٣/١٠؛ ابو فيداء (پ٤٨) ١٣٦/٣.

(٣) ابن الاثير (پ٢٤) ٣٣٣/١٠.

(٤) ابن خلدون (پ٢١) ١٢٤/٥.

(٥) ابن الاثير (پ٢٤) ٣٣٨/١٠.

شـکاندنی پەیـمان لەگـەڵ خوارزمشـا، پەشـیمان بوونـەوەی لـە دوژمنایەتـی قەرەخەتائیـەکان و پەیامـی بـۆ نـاردن و بانگهێشـتی سـەمەرقەندی کـردن و بەڵێنـی گوێڕایەڵـی پێـدان، فەرمانکـرد بەکوشـتنی خوارزمییەکانـی سـەمەرقەند. هـەر کـە هەواڵەکـە بـە سـوڵتانی خـوارزم گەیشـت هێنـدە تـووڕە بـوو فەرمانـی کـرد هەرچـی سـەمەرقەندی هەیـە لـە خـوارزم بیانکـوژن، بـەڵام دایکـی نەیهێشـت ئـەم کارە بکـەن، پاشـان فەرمانـی کـرد بـە ئامادەکردنـی سـوپا بـەرەو (مـاوراء النهـر)، کـە گەیشـتنە سـەمەرقەند فەرمانـی بەسـەربازانی کـرد ئـەوە بکـەن کـە موسـوڵمانان نەیـان کـردوە لـە کوشـتن و تاڵانیکـردن و ڕشـتنی خوێنـی موسـوڵمانان، هەرچەنـد فەرمانـڕەوای شـارەکە داوای ئەمانـی کـرد، بـەڵام خوارزمشـا خـۆی و تـەواوی پیـاوە نزیکەکانـی و کـەس و کاری بنەماڵەکـەی کوشـتن، بـۆ ئـەوەی کـەس نەمێنـێ داوای حوکمڕانـی بـکات [(١)]، ئینجـا سـەمەرقەندی بـە دەوڵەتەکەیـەوە بەسـتیەوە و کـردی بـە پایتەختـی خـۆی تـا هاتنـی مەغۆڵـەکان سـاڵی (٦١٦ك/١٢١٩ز). لـە ڕاسـتیدا کەوتنـی سـەمەرقەند لەسـەر دەسـتی (علاءالدیـن) خوارزمشـا کاریگـەری گـەورەی هەبـوو لەسـەر سـەرەتای کۆتایـی هاتنـی قەرەخەتائیـەکان [(٢)].

لەسـەروبەندی ئـەم ڕووداوانـەدا هێزێکـی گـەورە و کاریگـەر دەرکەوتـن لەسـەر سـنورەکانی دەوڵەتـی خـوارزم کـە سـەنگ و قورسـاییەکی سیاسـی و سـەربازی قەبەیـان هەبـوو لـە ئاسـیای ناوەڕاسـت، ئەویـش مەغۆڵـەکان بـوون، سـەرکردەکەیان (تیمۆجیـن- جەنگیزخـان) توانـی کـۆی هۆزەکانـی مەغـۆل بخاتـە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی و دەوڵەتێـك دامەزرینـێ، کـە بەرهەڵسـتکاری ئیمپراتۆریەتـی کیـن بـکات لـە باکـوری چیـن سـاڵی (٦٠٨-٦١٢ك/ ١٢١١-١٢١٥ز) [(٣)].

لـەو هـەل و مەرجـی ململانـێ و لەشکرکێشـی خوارزمشـا بـۆ سـەر قەرەخەتائیـەکان گروپێکـی مەغۆڵـەکان دەرکەوتـن، بەسـەرکردایەتی کوچلـك (کوشـلوك) لـە خاکـی تـورك، کـە درکیـان بـەوە کـرد خەتائیـەکان لـە بەرامبـەر خوارزمییـەکان شکسـتییان هێنـاوە، ئەوانیـش پەلاماریـان دان و سـەرکردەکەیان (کورخـان) بەدیـل گیـرا و

(١) ابن الاثیر (پ٢٤) ١٠/٣٣٠-٣٣٩.

(٢) عفاف صبرة (پ٢٢) ١٢٤.

(٣) فؤاد عبدالمعطي الصیاد (پ٧٩) ٥٣/١.

خاکی قەرەخەتائیەکان لە نێوان مەغۆڵەکان و خوارزمییەکان دابەش کرا [١]، دیارە سەرکردەکەیان کوچلك لەدەست جەنگیزخان ڕایکردبوو و پاشان لە خاکی خەتائیەکان چۆتە سەر ئایینی بتپەرستی کە پێشتر لەسەر ئایینی مەسیحی بووە، بۆتە دوژمنێکی سەرسەختی موسوڵمانان [٢]، شەڕی لەگەڵ خوارزمشا بەرپا کردوە لە هەرێمەکانی تاشقەندو باکوری فەرغانە، دەشێ دوژمنکارییەکەش درێژەی هەبووبێ تا ئەو کاتەی کوچلك لە بەرامبەر جەنگیزخان شکستی هێنا و وڵاتەکەی کەوتە ژێر دەستی مەغۆڵەکان و بوونە دراوسێی دەوڵەتی خوارزمی [٣]، ئیتر خوارزمییەکان بە حوکمڕانی ڕۆژهەڵات مانەوە وەکو تاکە هێزی ئیسلامی تا هاتنی مەغۆڵەکانساڵی (٦١٦ك/١٢١٩ز) [٤]. دەوڵەتی خوارزم لە سەردەمی ئەو شایەدا گەیشتە لوتکەی دەسەڵات و سنوورەکانی لەو پەڕی فراوانیدا بوون [٥]، لە عێراق درێژ دەبووەوە بۆ کەنداو و زەریای هند لە باشوور و سنوورەکانی هند لە ڕۆژهەڵات و دەریای ئارال و قەزوین لە باکوور [٦].

لەبەرئەوەی کەوا پانتایی دەوڵەتەکەی هێندە گەورە و فراوان بووبوو، بەڕێوەبردن و بەسەر ڕاگەیشتنی ئاسان نەبوو بۆیە دەستیکرد بە ڕێکستنەوەی کاروباری دەوڵەت و دابەشیکرد بەچوار یەکەی کارگێری (ولایەت) و بەسەر کوڕەکانیدا دابەشکردن.

أ- خوارزم و خوڕاسان و مازندەرانی بە (قطب‌الدین أوزلاغ شاە) بەخشی، هاوکات وەکو شازادەی جێنشینیشی دیاری کردبوو.

ب- بامیان و غەزنە و غۆر و بوست و زەمین داوەر و تکناباد [٧] لە بەشی ڕۆژهەڵات بە کوڕە گەورەکەی (جلال‌الدین منکبرنی) سپارد.

---

(١) الذهبي (پ١٠٨) ١٤١/٣؛ ، محمد سهيل طقوش، **تاريخ المغول العظام والالخانيين** (دار النفاس، بيروت، ٢٠٠٧م) ٥٠،

(٢) بروانەالجويني (پ٧٠) ٩٤/١-٩٩.

(٣) سيد باز العريني (پ٦٧) ل٩٥.

(٤) علي محمد شريف رسول (پ١١١) ١٠٣.

(٥) اسماعيل عبدالعزيز الخالدي، **العالم الاسلامى والغز والمغولى** (مكتبة فلاح – الكويت، ١٩٨٤م) ٤٨.

(٦) خالد موسى حسيني و علي حسين ترف (پ٧٦) ٩.

(٧) ناحیەیە کە سەر بە شاری قەندەهار. القزويني (پ٩٤)٨٠.

ت- هەرێمی عێڕاقی بە (رکن‌الدین غورشایجی) بەخشی.

ث- کرمان و کیش و مکرانی سپارد بە (غیاث‌الدین بیرشیا).

بۆ هەر ویلایەتێکش وەزیرێکی بۆ دامەزراند، بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکان [١].

(١) النسوي (پ٦٠) ٧١-٧٢.

## تەوەرەی چوارەم
## هـۆکاری شکسـتی دەوڵەتـی خوارزمـی بەرانبـەر مەغۆڵـەکان و کشـانیان بـەرەو خۆرئاوا

**یەکـەم:** سـاڵی (٦١٤ك/١٢١٧ز) دەوڵەتـی خوارزمـی، وەکـو ئیمپراتۆریەتێـك وێنـا دەکرا بەهـۆی گەورەیـی پانتایـی خاکەکـەی و سنورە فراوانەکـەی وەك پێشـتر ئاماژەی پێکـراوە، سـوڵتانی خـوارزم کـە بـەرەی ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلامی بـۆ یەکلایـی بـۆوە، ڕووی لـە ڕۆژئـاوا کـرد، بـۆ ئـەوەی مـاف و حسـابی لەگـەڵ خەلیفـەی عەباسـی یەکلایـی بکاتـەوە سـەبارەت بـە دانپێدانـان و ناوهێنانـی لـە وتـاردا و پێگـەی لـە بەغـدای پایتەختـی خەلافـەت، بـۆ ئەمـەش لەشـکرێکی گـەورەی تەیارکـرد بـە مەبەسـتی گرتنـی بەغـدا، بـەڵام لەشـکرەکەی لـە ئەسـەدئابادی نزیـك شـاری هەمـەدان بەهـۆی زریـان و باوبـۆران و بارینـی بەفرێکـی زۆر [1] و پەلامـاری کـورد و تورکەکانـی دانیشـتوی ناوچەکـە بـۆ سـەریان [2]، تووشـی شکسـتێکی زۆر گەورەبـوو، سـەرباز و ئەسـپی زۆری لـە نـاو چـوون، وەکـو (السـیوطی، م.٩١١ك/١٥٠٥ز) بۆمـان دەگێڕێتـەوە لەسـەر زاری هەنـدێ کـەس "ئەمـە بەهـۆی تورەیـی خـواوە بـوو کـە نیـازی گرتنـی ماڵـی خەلافەتـی کـرد" [3] هەڵبەتـە شکسـتەکە کاریگەریەکـی گـەورە و درێژخایەنـی لەسـەر سـوپای خوارزمـی و خـودی سـوڵتان دروسـتکرد کـە چاوەڕوانـی نەدەکـرد، تەنانـەت تاکـو هاتنـی مەغۆڵەکانیـش بـۆ ناوچەکـە.

---

(١) النسـوي (پ٦٠)٦٤؛ المؤلـف مجهـول، **تاريـخ دولـة الاكـراد والاتـراك** (تـح: د. موسـى مصطفـى الهسـنياني، مطبعـة جامعـة دهـۆك، دهـۆك، ٢٠١٠م) ٣١.

(٢) ابـن الاثيـر (پ٢٤) ٣٧٢/١٠؛ مەمـەد ئەمـین زەکـی بـەگ، **خولاسـەیەکی تاریخـی کـورد و کوردسـتان** (چاپخانـەی مانـگ، ئێـران، ٢٠١٨ز) ١٣٤.

(٣) تاريـخ الخلفـا (دار ابـن حـزم، بيـروت: ٢٠٠٣م) ٣٥٣؛ بـۆ زانیـاری زیاتـر لەسـەر لەشکرکێشـیەکە بروانـە: اسـماعيل حسـن زاده، **تاريـخ ايـران در عهـد خـوارزم شـاهيان** (تهـران، ١٣٩٢ش)١٣٥؛ مـاری هـال (پ٧٣) ٦٩-٧٠.

**دووەم:** دوای ئـەوەی سـوڵتانی خوارزمـی دەسـتی بەسـەر هەرێمـی (مـاوراء النهـر) دا گـرت و بـوو بـە دراوسـێی گەورەتریـن زلهێـزی سـەردەم لـە ئاسـیای ناوەراسـت بـە پێشـەوایەتی (تیمۆجیـن- جەنگیزخـان)، سـەرکەوتوو نەبـوو لـە پاراسـتنی پەیوەنـدی لەگەڵیـان، کـە تـازە ببونـە دراوسـێی بـە تایبەتـی دوای گەیشـتنی چەنـد بازرگانێـك بـە وڵاتـی خـوارزم بـۆ ئەنجامدانـی کاری بازرگانـی، ئـەوان لەبـری ئـەوەی کەڵـك وەرگـرن لـە ئالوگـۆڕی بازرگانـی و گرنگـی بـدەن بـەو لایەنـەی ئابـووری و تونـد و تۆڵکردنـی پەیوەندییـان لەگـەڵ مەغۆڵـەکان، هەسـتان تۆمەتـی سـیخوڕیان خسـتنە پـاڵ و چاویـان بڕیـە شـتومەك و کاڵاکانیـان و دەسـتیان بەسـەرداگرت، لـە شـاری ئەتـراری سـەر سـنووری خـوارزم سـەرجەم بازرگانەکانییـان کوشـتن، سـەرەڕای ئەمـەش ئـەو نێـردراوەی کـە جەنگیزخـان ناردبـووی بـۆ پرسـینی سـۆراغی بازرگانـەکان بەهەمـان چارەنوسـی بازرگانەکانییـان بـرد [١]، ئەمـە ڕێـگای خۆشـکرد بـۆ مەغۆڵـەکان کـە سـنووری وڵاتەکەیـان ببەزێنـن و رۆژهەڵاتـی ئیسـلامی دووچـاری گەورەتریـن نەهامەتـی و مەرگەسـات و وێرانـکاری بکـەن، سـوڵتانیش لـە بەردەمییانـدا لـە بـری بەرگـری کـردن، لـە ڕاکـردن درێغـی نەکـرد بـۆ خـۆ حەشـاردان، تـا خـۆی لـە دوورگەیەکـی بچوکـی دەریـای خـەزەر بینیـەوە و بـە نەخۆشـی سـەری نایـەوە [٢]، هـەر چەنـدە جەنگیزخـان نامـەی خەلیفەشـی پێگەیشـتبوو بـۆ ئـەوەی هێـرش بکاتـە سـەر خوارزمشـا بـەڵام ئەمـە بـۆ جەنگیزخـان گرنـگ نەبـوو بۆیـە وەڵامـی نامـەی خەلیفـەی نەدایـەوە [٣].

**سـێیەم:** نەبوونـی هاوپەیمانییەتـی سیاسـی لـە نێـوان هێـزە ئیسـلامییەکان و خوارزمییـەکان بـۆ بەهانـاوە چوونـی یەکـتر لـە ڕۆژگارێکـی ئـاوادا، کـە جیهانـی ئیسـلامی دووچـاری مەترسـییەکی لـەم چەشـنە ببێتـەوە، بەڵکـو دەبینیـن هەریـەك لـە سـەلجوقییەکان و غۆرییـەکان لەسـەر دەسـتی خوارزمییـەکان هەرەسـیان هێنابـوو،

(١) ابـن الاثیـر (پ٢٤) ١٠/ ٤٠١-٤٠٢؛ محمـد صالـح داود قـزاز، **الحيـاة السياسـية فـى العـراق فـى عهـد السـيطرة المغولیـة** ، (مطبعـة القضـاء فـی النجـف، نجـف، ١٩٧٠م)٢٦.

(٢) النسـوي (پ٦٠) ١٠٨؛ عبـاس العـزاوی، **تاریـخ العـراق بیـن الاحتلالیـن** (مطبعـة بغـداد، بغـداد، ١٩٣٥م) ٤٣.

(٣) الغزي، **نهر الذهب فی تاریخ حلب** (المطبعة المارۆنیة، د. ط، الحلب د. ت) ١٣٢/٣.

لەگـەڵ خەلافەتیـش لـە ململانێیەکـی سیاسـی و سـەربازی قـوڵ دابـوون [١]، هەروەهـا بـەدی نەکردنـی هیـچ ڕێککەوتنێـك لـە نێـوان خوارزمییـەکان و هەریـەك لـە ئەیوبییـەکان و سـەلجوقییەکانی ڕۆم، بـۆ ئـەوەی یەکێتییەکـی جیهانـی ئیسـلامی پێکبهێنـن دژ بـە هـەر هێزێکـی دەرەوەی جیهانـی ئیسـلامی.

**چـوارەم:** بوونـی کێشـەو ململانێـی خێزانـی لەنـاو خانـەوادەی خوارزمشـا بـە تایبەتـی سـوڵتان (علاءالدیـن محمـد) خوارزمشـا و تـورکان خاتوونـی دایکـی کـە باڵـی بەسـەر پێگـە گرنگەکانـی دەوڵەتـدا کێشـابوو، بـەو پێیـەی دەسـەڵاتی ڕەهـای لـە دەوڵەتـدا هەبـوو، ڕۆڵـی هەبـوو لـە دانانـی وەزیـر و پێدانـی پلـە و پۆسـتی سـەربازی بـە نزیکەکانـی هۆزەکـەی و فەرامۆشـکردنی هۆزەکانـی دیکـە [٢]، هەروەهـا ڕەنگدانـەوەی ئـەم ململانێیـە بـوو کـە وای لـە خوارزمشـا کـرد دوای دەسـگرتن بەسـەر (مـاوراء النهـر) پایتەختـی دەوڵەتەکـەی بگوازێتـەوە بـۆ سـەمەرقەند [٣]، هـەر لەژێـر کاریگـەری ئـەو (أوزلاغ شـاە)ی بـە جێنشـین هەڵبـژارد، لـە کاتێکـدا لـە هـەردوو براکـەی دیکـەی (جـلال الدیـن و رکـن الدیـن) بچوکـتر بـوو، چونکـە دایکـی لـە هۆزەکـەی خـۆی بـوو [٤]، هەرچەنـدە لـە سـەرەمەرگدا (جلالالدیـن منکبرنـی) بـە جێگـرەوەی خـۆی دیاریکـرد، بـەڵام لەلایـەن کـەس و کاری تـورکان خاتـوون جێـگای قبـووڵ نەبـوو شـوێنی باوکـی بگرێتـەوە، بەڵکـو شۆڕشـیان بـە سـەردا کـرد و نیـازی کوشـتنیان لێـی هەبـوو، تـا بـە نهێنـی خـۆی لـە دەسـتیان ڕزگار کـرد و بـەرەو هەرێمـی خوراسـان ڕایکـرد [٥].

**پێنجـەم:** هەڵگەڕانـەوەی بەشـێکی زۆر لـە سـەرکردەکانی سـوپای خوارزمـی دوای ئـەو سـەرکەوتنە گەورەیـەی سـوڵتان (جلالالدیـن منکبرنـی) بەسـەر مەغۆڵـەکان بەدەسـتی هێنـا لـە شـەڕەکانی دەشـتی بەیرەوانـی نزیـك غەزنـە لەسـەر دەسـتکەوتەکانی جەنـگ ناکۆکـی و دووبەرەکـی کەوتـە نێوانیـان ئەمـەش وایکـرد گیانـی ڕەگـەز پەرسـتی لەلایـەن غۆرییـەکان و تورکـەکان سـەرهەڵبدا، دیـارە ئەمـە

(١) ابـو شـامه، ذیـل علـى الروضتيـن (تـح: ابراهيـم شـمس الديـن، دار الكتـب العلميـه، بيـروت، ٢٠٠٢م)١٥٣/٥-١٥٤.

(٢) النسوي (پ٦٠) ٩٤-٩٩؛ پەناهی سمنانی (پ٦٢) ١٢٥-١٢٧.

(٣) علي محمد الصلابي (پ٥٧) ١٩٨-٢٠٠ .

(٤) النسوي (پ٦٠) ٧١.

(٥) النويري (پ٤١) ١٧٤/٢٧.

لای سـەرکردە هەڵگـەڕاوەکان فاکتەرێکـی بەهێزتـر بـووە لـە ڕزگارکردنـی وڵات لـەو وێرانکارییـەی کـە دووچـاری بووبـوو لەسـەر دەسـتی مەغۆلـەکان بەمـەش زۆربـەی سـەرکردە غۆرییـەکان پشـتیان لـە سـوڵتان کـرد و ئـەو هێـزە کەمـەی کـە لەگەڵیـدا مابـوون بەشـی ئـەوەی نەدەکـرد بتوانـێ بەرەنـگاری دوژمنـە زەبەلاحەکـەی ببێتـەوە [(١)].

**شەشـەم:** لاوازی و ناتۆکمەیـی پلانـی جەنگـی خوارزمییـەکان کـە لەدۆخـی بەرگریـدا بـوون بەرانبـەر مەغۆلـەکان بـە لەشـکرێکی گـەورە لـە هێرشـکردندا بـوون لەبـری دورسـتکردنی هێڵـی بەرگـری توکمـە لـە شـاری ئەتـرار بـە هێـزی زۆرتـرەوە، پـاش کەوتنـی شـارەکەش جارێکـی دیکـە سـەربازەکانییان خزانـدە نـاو شـاری بوخـاراوە کـە ژمارەیـان بیسـت هـەزار سـەرباز دەبـوو لـە بەرانبـەر لەشـکری بـێ شـوماری مەغۆلـی، لەلایەکـی دیکـەش دەبینیـن لەشـکری مەغـۆل بـە سـەرکردایەتی خـودی جەنگیزخـان و کوڕەکانـی (جوجـی و اوکتـای و جغتـای) سـەرکردایەتی دەکـرا، بـەڵام سـوڵتانی خـوارزم خـۆی و کوڕەکانـی سـەرگەرمی هەڵاتـن و خۆحەشـاردان بـوون، بـۆ رزگارکردنـی گیانییـان [(٢)].

سـەبارەت بـە کشـانییان بـەرەو خۆرئـاوا ئامـاژەکان وادەردەخـەن کـەوا لـە کۆتایـی سـاڵی (٦٢٠ك/١٢٢٣ز) (غیـاث الدیـن کـوڕی سـوڵتان علاءالدیـن) خوارزمشـا لە سـەردەمی باوکـی والـی کرمـان بـوو، چـوو بـۆ هەرێمـی فـارس کـە بـە دەسـتی ئەتابـەگ (سـعد کـوڕی دکلا) بـوو، ناوبـراو لـە شـاری شیراز مایـەوە لـە سـاڵی (٦٢١ك/١٢٢٤) حوکمڕانـی هەرێمـی فارسـی گرتـە دەسـت بـێ مانـدوو بـوون [(٣)]، هـەر لـە هەمـان سـاڵدا سـوڵتان (جلال‌الدیـن منکبرنـی) بڕیـاری گەڕانـەوەی دا و وڵاتـی هنـدی بەجێهێشـت و بـەرەو رۆژئـاوا ڕێـی گرتەبـەر تـا لـە هەرێمـی کرمـان گیرسـایەوە، بـۆراق حاجبـی فەرمانـڕەوای شـارەکە پێشـوازی گەرمـی لێکـرد و بـە سـوڵتانی خـۆی قبولـی کـرد و کچەکـەی خۆشـی پێشـکەش کـرد، سـوڵتانیش هاوسـەرگیری لەگـەڵ کـرد [(٤)]، کـە یەکێـك بـوو لـە بـڕوا

(١) سید باز العریني (پ٦٧)١٥٠؛ محمد دبیر سیاقي (پ٦٧) ٨٢ .

(٢) ابن الاثیر (پ٢٤) ١٠/٤٠٣-٣٠٤؛ النسوي (پ٦٠)١٠٠-١٠٣.

(٣) ابن الاثیر (پ٢٤) ٤٤٠/١٠.

(٤) الدواداري، **كنز الدرر والجامع الغرر- الدرر المطلوب في أخبار ملوك بني ايوب** (تح: سعيد عبالفتاح عاشور، القاهرة، ١٩٧٢م) ٢٦١/٧.

پێکراوانــی ســوڵتان (علاءالدیــن محمــد)ی باوکــی [١]. هەرێمــی فــارس و یەزدیــش هەمــان هەڵوێســتی کرمانیــان نوانــد ئینجــا بــەرەو گرتنــی شــاری ئەســفەهان و هەرێمــی چیــا و ئازەربایجــان هەنــگاوی هەڵگــرت تــا ڕۆژئــاوای ئێــران بــە تــەواوی کەوتــە ژێــر قەڵەمــڕەوی و دەســەڵاتی لــەو هەرێمانــەدا جێگیــر کــرد [٢].

مەبەســتی لەمــەدا ئەوەبــوو کــەوا خــۆی و ســوپاکەی لــە دوورتریــن خاڵــی ڕووبەڕووبوونــەوەی مەغۆلــەکان جێگیــر بــکات [٣]، لەلایەکــی دیکــەش لەگــەڵ گەڕانــەوەی جەنگیزخــان بــۆ وڵاتەکــەی (مەنگۆلیــا) هەمــوو کوڕەکانــی لەگــەل خــۆی بــردن جگــە لــە جوجــی نەبــێ، کــە هەرێمەکانــی خــوارزم و خوراســان و مازندەرانــی لــە دەســتدابوو و هەوڵــی دروســتکردنی ئیمپراتۆریەتێکــی بەرفراوانــی دەدا لــەو هەرێمانــەدا [٤]، وێــڕای ئەمــەش بەردەوامــی قەلەمــڕەوی و باڵادەســتی مەغۆلــەکان لــە (مــاوراء النهــر) وایکردبــوو کــە منکبرنــی خــۆی لــەو هەرێمانــە دوور بگــرێ [٥].

---

(١) خوافی (پ١٧) ٧٧٥/٢.

(٢) الدواداري (پ١٤٢) ٢٦٢/٧.

(٣) علي محمد الصلابي (پ٥٧) ١٨٢.

(٤) سيد باز العريني (پ٦٧) ١٥٩.

(٥) حافظ أحمد حمدي (پ٣٧) ٢٠٣.

# تەوەرەی پێنجەم

# بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکانی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەتابەگییەتدا

لە سەدەی پێنجەمی کۆچی و یازدەمی زایینی کە دەوڵەتی سەڵجوقی سەری هەڵدا، وەکو هەموو هەرێمەکانی دیکەی ئیسلامی ڕوویان لە ناوچە کوردیەکانیش کرد، بێگومان لەو سەردەمەدا ناوچەکانی کوردستان لەلایەن چەند میرنشینێکی کوردی بەڕێوەدەبران وەك: میرنشینی شەددادی (٣٤٠-٤٦٨ك/٩٥١-١٠٧٥ز) لە هەرێمی ئاران [١]، میرنشینی ڕەوادی (٣٤٣-٤٦٣ك/٩٥٤-١٠٧٠ز) لە ئازربایجان [٢]، میرنشینی مەروانی (٣٧٢-٤٧٨ك /٩٨٢-١٠٨٥ز) لەئامەد و میافارقین و ناوچەکانی تری جەزیرە [٣]، میرنشینی عەننازی (٣٨١-٥١١ك/٩١١-١١١٧ز) لە ناوچەی حەلوان [٤]، میرنشینی هەزبانی (٣٨٩-٥٢٢ك/١٠٠٨-١١٢٨ز) لە هەولێر [٥]، ئەم میرنشینە کوردیانە سودێکی زۆریان هەبوو بۆ پاراستنی سنوورەکانی دەوڵەتی خەلافەت، بەڵام کە لە چلەکانی سەدەی (٥ك/١١ز) کوردستان کەوتە بەر پەلاماری سەلجوقییەکان لەوانە هەرێمی چیا بە سەرکردایەتی (ابراهیم ینال)ی برای (طغرل) بەگی سەلجوقی، دەستیان بەسەر شارە کوردیەکاندا گرت

---

(١) کامەران عەزیز عەبدوللا، **هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕوخانی میرنشینەکوردیەکان لەسەردەمی عەباسیدا** (چاپخانەی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢م) ٤٩.

(٢) صالح قەفتان، **سێ لێکۆڵینەوەی مێژووی** (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩م) ١٤٠.

(٣) الفارقي، **تاريخ الفارقي- الدولة المروانية** (الهيئة العامة لشؤن المطابع الأميرية، القاهرة، ١٩٥٩) ٥١ ؛ عبدالرقيب يوسف، **دەوڵەتی دۆستەکی لەکوردستانی ناوەراست** (و: ئەبوبەکر عەلی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ١٩٩٨ز) ١٨؛ قادر محمد حسن، **الامارات الكرديةفی عهد البويهی** (اربيل، ٢٠١١) ٤٦.

(٤) کامەرن عەزیز عەبدوللا (پ١٤٨) ٥٨.

(٥) حسام داود خضر الاربلي، **المفصل فی تاريخ اربل** (مكتب التفسير، اربيل، ٢٠٢٠م) ٧١.

[1]، لـە پـاش بەرگرییەکـی زۆری میرنشـینی عەنـازی بـە سـەرکردایەتی میـر (أبـی شـوك) لـە شـارە کوردیەکانـی هەرێمەکـە بـووە هـۆی وێـران بوونیـان لەسـەر دەسـتی سـەلجوقی ئیـتر کار گەیشـتە ئـەو قۆناغـەی کـەوا گوێڕایەلـی و هاوسـۆزیان بـۆ دەرببـڕن [2].

بـە گەیشـتنیان بـە هەرێمـی ئازربایجـان و ئـاران هـەردوو میرنشـینە کوردیەکانـی ڕەوادی و شـەددادی پێیانـەوە پەیوەسـت بـوون گوێڕایەلـی و ملکەچیـان بـۆ دەربڕیـن [3]، هەروەهـا میـر (نـصر الدولـة)ی میرنشـنی مەروانیـش لـە سـاڵی (٤٤٣ك/١٠٥١ز) نێـردراوی ڕەوانـەی لای (طغـرل) بـەگ کـرد و گوێڕایەلـی و هاوسـۆزی بـۆ ڕاگەیانـد [4].

دیـارە بارودۆخـی ئاڵۆزیـی عێـراق یارمەتیـدەر بـوو بـۆ سـەلجوقییەکان توانییـان سـاڵی (٤٤٧ك/١٠٥٥ز) بچنەنـاو بەغـدای پایتەخـت و خەلیفـەش دانـی پێدانـان و فەرمانـی کـرد لەمـەودوا وتـار بەنـاوی (طغـرل) بەگـی سـەلجوقی بخوێندرێتـەوە [5]. شـایانی باسەدەسـت ڕۆیشـتنی سـەلجوقییەکان بەسـەر دەوڵەتـی عەباسـی، واتـا دەسـگرتن بـوو بەسـەر دەسـەڵاتی سیاسـی و سـەربازی و ئیـداری و توانـا داراییەکانـی دەوڵـەت [6].

(١) لازاریـف، **مێـژووی کوردسـتان** (و: هۆشـیار عەبدوڵـلا سـەنگاوی، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، چ٢، ٢٠١ز) ٧٤-٧٥ .

(٢) نیشـتمان بەشـیر محەمـەد، **کـوردو سـەلجوقیەکان- لێکۆلینەوەیـەك لەپەیوەندیەسیاسـیەکان (٤٢٠-٥٣١ك/١٠٢٩-١١٢٧ز)**، (و: ئیدریـس عبداللـە، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، چ٢، هەولیـر، ٢٠٠٦ز) ١٠٧.

(٣) محمـود اسـماعیل، **مختـصر تاریـخ أذربایجـان** (ترجمـە عـن الاذربایجانیـة: رفیـق علیـون و رامـز مرسـالوف، مرکـز جمعـە الماجـد للثقافـة والـتراث، دبي- مرکـز لدراسـات الاسـلامیة، باکـو، ١٩٩٥) ٣٣.

(٤) ابـن شـداد، **الاعـلاق الخطیرەفـی ذکـر امـراء الشـام والجزیـرة** (تـح: یحیـی زکریـا عبـارة، منشـورات وزارة الثقافـة، ج١، ق٢، دمشـق، ١٩٩١م) ٣٢٨؛ شـەرەفخانی بدلیسـی، **شـەرەفنامە- مێـژووی ماڵەمیرانـی کوردسـتان** (و: مامۆسـتا هـەژار، چ٣، هەولێـر، ٢٠٠٦ز) ٣١؛ لازاریـف (پ١٥٣) ٩٧.

(٥) بروانـە ابـن الجـوزی، **المنتضـم في تاریـخ الملـوك والامـم** (تـح: محمـد عبدالقـادر عطـا و مصطفـی عبدالقـادر عطـا، دار الکتـب العلمیـة، بیـروت، ١٩٩٢م) ٣٤٨/١٥؛ (پ٨٤) ٨؛ البنـداری (پ١٥) ٦-١٠؛ محمـد حسـن العیـدروس، **تاریـخ السیاسـی والحضـاری للدولـة العباسـیة** (دار الکتـاب الحدیـث، القاهـرة، ٢٠١١م) ٢٢٧.

(٦) محمد العریس. **موسوعة العصر العباسي** (دار الیوسف، بیروت، ٢٠٠٦م) ٢٦٥.

ئاشـكرايه دەوڵەتـی سـەلجوقی دوای سـوڵتان (ملكشـاه) (٤٦٥-٤٨٥ك/١٠٧٢-١٠٩٢) پێـی نایـە قۆناغێكـی نـوێ، سـەردەمی زێڕینـی هێـز و دەسـەڵات كۆتایـی هـات، لاوازی و پەرتەوازەیـی دەسـتپێكرد كـە بەقۆناغـی (ئەتابەگـەكان)[1] نـاسراوە، ئەمـەش لـە ئەنجامـی ململانـێ نێوخۆییەكانـی بنەماڵـەی دەسـەڵاتدار یاخـود بـە كاریگـەری سیاسـی و سـەربازی و ئابـووری سـەردەمی (مەلكشـاه)، كـە پەیـڕەو دەكـرا لـە بەخشـینەوەی (ئیقتاعـات) بەسـەر میـر و سـەركردە سـەربازییەكان، ئەنجامـی ئـەم دۆخـە كۆمەڵێـك میـر و فەرمانـڕەوای بـێ ئەزمـوون بەسـەر چەنـد هەرێمێـك ڕاگەیشـتن، حوكمڕانییـان لـە لایـەن سەرپەرشـتیارەكانیان یـان بەخێوكەرەكانیـان بەڕێـوە دەبـرا، ئەمـەش پێشـهاتێكی ڕێخۆشـكەر بـوو بـۆ سەرپەرشـتیارەكان كـە لـە ئاكامـدا دەسـەڵات بـۆ خۆیـان و كـوڕ و نەوەكانیـان دەسـتەبەر بكـەن[2].

لـە گرنگتریـن ئەتابەگییەكانـی كـە لـە دەوڵەتـی سـەلجوقییدا دروسـت بـوون دەكـرێ بڵێیـن دەسـەڵاتی هەندێكیـان لـە دەسـەڵاتی خـودی سـوڵتان بەهێزتـر بـوو، ڕۆڵیـان هەبـوو لـە هەڵوەشـاندنەوەی یەكیەتـی سـەلجوقی، لەمانـە ئەتابەگییـەی زەنگـی لـە موسـل، ئەتابەگییـەی شـام، ئەتابەگییـەی كرمـان و فـارس كـە پێـی دەگوتـرا دەوڵەتـی سـەلغەری، ئەتابەگییـەی لوڕسـتان[3].

بێگومـان لـە هەرێمـە كوردیەكانیـش وەك بەشـێك لـە دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە حوكمڕانـی ئەتابەگییـەكان بێبـەش نەبـوو، هەرچەنـدە سـەلجوقییەكان سـۆز و گوێرایەڵـی میـر و سـەرداره كوردییەكانیـان بـۆ دەسـتەبەر بووبـوو، بـەڵام هێشـتا لێیـان پشتڕاسـت نەبـوون، كـە درێـژە بـە حوكمڕانـی میرنشـینەكانیان بـدەن، بەڵكـو مەترسـی لەسـەر هەبـوون لـە نانـەوەی كێشـە و ململانێـی ناوخۆیـی، بۆیـە بـە تێپەڕینـی كات

---

(١) ئەتابـەگ وشـەیەكی توركـی لێكـدراوە، ئەتـا واتـا سەرپەرشـیار یـان بەخێوكـەر، بـەگ واتـا میـر، سەرپەرشـتیار یـان بەخێوكـەری میـر. محمـد سـهیل طقـوش، **تاريـخ الدولـة العباسـية** (دار النفـاس للطباعـة والنـشر والتوزيـع، ط٧، (بيـروت، ٢٠٠٩م) ٢٤٧؛ زرار صديـق توقيـق، **كوردو كوردسـتان لـەڕۆژگاری خەلافەتـی ئیسـلامیدا** (چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٠ز) ٢٥٣.

(٢) نیشـتمان بەشـیر محەمـەد (پ١٥٤) ٣٥٨؛ مەهـدی هەروتـی، **نەهامەتـی و كارەسـاتەكانی كوردسـتان لەسـەدەكانی (٦-٨ك/١٢-١٤ز)**، (چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر ٢٠١٥ز) ٣٩.

(٣) نیشتمان بەشیر محەمەد (پ١٤٥) ٣٥٩؛ مەهدی هەروتی (پ١٦٠) ٤٠.

دەسەڵاتی پەکخستن و هەرەسی پێهێنان [١]، ئیتر چەند دەوڵەتێکی ئەتابەگی تورکمانی لە شوێنیاندا ڕاستکردنەوەو باڵیان بەسەر ناوچە کوردییەکاندا کێشا و بەسەر قەڵا و شورە و شار و باژێرە کوردییەکاندا زاڵبوون و شوێنی میر و فەرمانڕەوا کوردییەکانیان گرتەوە، کە بریتی بوون لە ئەتابەگییەی ئەرتەقی لە ئامەد و ماردین و میافارقین و حوسنکیفا، ئەتابەگییەی ئیلدگزی لە ئازربایجان و چیاکان، ئەتابەگییەی زەنگی لە موصل، ئەتابەگییەی هەولێر [٢]، حوکمڕانی هەندێکیان بەردەوامی هەبوو تا دەستپێکردنی هێرش و لەشکرکێشییەکانی خوارزمی بۆ سەر ناوچە کوردییەکان. لێرەدا بە کورتی باس لەو ئەتابەگییانە دەکەین کە لە کوردستاندا حوکمڕانییان هەبووە:

## ١- ئەتابەگییەی زەنکی

لە شاری موسل دامەزرا ساڵی (٥٢١ك/١١٢٧ز) لە لایەن سوڵتان (محمود) ی سەلجوقی (٥١١-٥٢٥ك/١١١٧-١١٣١)، (عمادالدین زنکی)، وەکو ئەتابەگ لەسەری دامەزرا بەناوی ئەتابەگییەی موسل [٣]، لە ماوەی فەرمانڕەوایدا (٥٢١-٥٤١ك/١١٢٧-١١٤٦ز) توانی شارە کوردییەکانی، وەکو نوسەیبین و جەزیرەی ئیبن عومەر و سنجار و حەران [٤] و ئەربل (هەولێر) و داقوق و شارەزوور و ناوچە کوردییەکانی حەمیدی و هەکاری و مەهرانیەوە و بە شنەویە لە هەرێمی زۆزان، بخاتە ژێر قەلەمڕەویی خۆی، دەست بەسەر شورە و قەڵاکانیاندا بگرێت و بە ئەتابەگییەکەیانەوە بلکێنێت [٥]، لە دوای کوژرانی (عمادالدین زنکی) ساڵی

(١) بڕوانە: کامەران عەزیز عبدوڵڵا (پ١٤٨) ١٣٩-١٤٩.

(٢) زرار صدیق توفیق (پ١٥٩) ٢٥٤.

(٣) ابن الاثیر، **تاریخ الباهر لدولة الاتابكية بالموصل** (تح: عبدالقادر احمد طليمات، دار الكتب الحديثة، القاهرة، د. ت) ٣٤؛ علي محمد الصلابي، **الدولة الزنكية** (دار المعريفه، بيروت ٢٠٠٧م) ٨٠.

(٤) متى الرهاوي **تاريخ متى الرهاوي** (ت: د. محمود محمد الرويضي و عبدالرحيم مصطفى، مؤسسة حمادة للدراسات، اربد – الاردن، ٢٠٠٩م) ٢٤٨.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر داگیرکردنی ناوچە کوردیەکان لەلایەن عمادالدین زەنگی بگەڕێوەبۆ ابن الاثیر (پ١٦٤) ٣٤-٤٩؛ علی محمد الصلابی (پ١٦٤) ٨٩-٩٩؛ محمد ئەمین زەکی بەگ (پ١٢٩) ١٣١-١٣٢؛ زبیر بلال اسماعیل، **اربيل في ادوارها التاريخية** ( بغداد، ١٩٧١م) ١٤٨.

(٥٤١ك/١١٤٦ز) دەوڵەتەکـەی بـوو بـە دوو بـەش، کـوڕە گەورەکـەی (صیف‌الدیـن غـازی) لـە شـارەزوور مایەوەکـە (ئەقتـاع)ی ئـەو بـوو لـە سـەردەمی باوکـی، کـوڕی دووەمیشـی (نورالدیـن محمـود) پـاش ماویـەك لەگـەڵ چەنـد سـەربازێك ڕووی کـردە حەلـەب و دەسـتی بەسـەردا گـرت و شـوێنی باوکـی گرتـەوە [1].

وێـڕای ئەمـەش ئەتابەگـی دیکـەش بوونـی هەبـوو، کـە لەسـەر دەسـتی بنەماڵـەی زەنکـی سـەری هەڵـدا، یەکێـك لەمانـە ئەتابەگییـەی سـنجار، لـە سـاڵی (٥٦٦ك/١١٧٠ز) لەلایـەن (عمادالدیـن زنکـی) دووەم کـوڕی (قطب‌الدیـن مـودود) دامـەزرا [2]، حوکمڕانـی ئـەو میرنشـینە لەژێـر فەرمانڕەوایـی زەنکییـەکان مایـەوە تـا سـاڵی (٦١٧ك/١٢٢٠ز)، ئیـتر لـەو سـاڵەوە لـە سـەردەمی مەلیـك (الاشرف) لەلایـەن ئەیوبییەکانـەوە، بـە یەکجـاری کۆتایـی بـە دەسـەڵاتی هـات [3].

## ٢- ئەتابەگییەی ئەرتەقی

لـە سـەرەتای سـەدەی شەشـەمی کۆچـی دوازدەهەمـی زایینـی بنەماڵـەی ئەرتەقـی تورکـی لـە ناوچـەی دیاربەکـر دەرکەوتـن، دەسـتیان بەسـەر شـارەکانی ماردیـن و میافارقیـن و حوسـنکیفادا گـرت، لەسـەر دەسـتی (سـقمان کـوڕی أرتـق) ئەتابەگیـەی ئەرتەقیـان دامەزرانـد [4]، پاشـان ئەتابەگییـەی ناوبـراو بەسـەر دوو لقـدا دابـەش بـوو، لقـی سـوقمان لـە حوسـنکیفا و ئامـەد و لقـی ئیلغـازی لـە ماردیـن و

(١) ابـن الاثیـر (پ١٦٤) ٨٥؛ ابـن العدیـم، **زبـدة الحلـب مـن تاریـخ الحلـب** (تـح: خلیـل المنصـور، دار الکتـب العلمیـة، بیـروت، ١٩٩٦م) ٣٢٩.

(٢) بـۆ زانیـاری زیاتـر و چۆنیەتـی دەمەزراندنـی ئەتابەگیـەی سـنجار بگەڕێوەبـۆ ابـن الاثیـر (پ١٦٤) ١٤٦؛ حسـن ابراهیـم حسـن (پ٢٠) ٨٧/٤.

(٣) ابـن الاثیـر (پ٢٤) ٣٨٩/١٠؛ حسـین حوزنـی، **سـەرجەمی بەرهەمـی حسـین حوزنـی** (هەولێـر، ٢٠٠٧ز) ١٧٨

(٤) الفارقـي (پ١٥٠) ٢٦٩، عـماد الدیـن خلیـل، **الامـارة الارتقیـة فـی الجزیـرة والشـام (٤٦٥-٨١٢هـ/١٠٧٢-١٤٠٩ز)**، (بیـروت، ١٩٨٠م) ٨٩-٩٢؛ عـلي محمـود قـداوي، **الموصـل والجزیـرة الفراتیـة في عهـد الدولـة المغـول الالخانیـة** (دار غیـداء لنـشر والتوزیـع. ٢٠١٥م) ٣٨.

میافارقیـن [١]، حوکمڕانـی ئەتابەگییـەی ئەرتەقـی لـەم ناوچانـەدا بـە درێژایـی سـەدەی شەشـەمی کۆچـی دوازدەمـی زاییـنـی درێـژەی هەبـوو، بـەڵام لەگـەڵ سـەرهەڵدانی دەوڵەتـی ئەیوبـی و کشـانیان بـەرەو شـام و جەزیـرە، بگـرە هـەر لـە سـەردەمی سـوڵتان (صلاحالدیـن)ی ئەیوبـی ململانێـی سـەربازی لـە نێوانیانـدا بوونـی هەبـوو [٢]، لـە دوای کۆچـی دوای سـوڵتانی ناوبـراو (٥٨٩ك/١١٩٣ز)، ململانێـکان درێـژەی هەبـوو بـە تایبەتـی لـەو کاتانـەی میـرە ئەیوبییـەکان بـە ئاراسـتەی هەرێمـی جەزیـرە فراوانخوازیـان دەکـرد، تـا کار گەیشـتە ئـەوەی لـە سـاڵی (٦٣٠ك/١٢٣٢ز)، لەسـەر دەستی مەلیـك (الکامـل الایوبـی) کۆتایـی بـە دەسـەڵاتی میرنشـینی ئامـەد و حوسـنکیفا هـات، مەلیـك (الصالـح)ی کـوڕی لەسـەر دامەزرانـد [٣].

سـەبارەت بـە حوکمڕانـی بنەماڵـەی ئیلغـازی (٤٩٨-٨١٢ك/١١٠٥-١٤٠٩ز) لـە ماردیـن بەردەوامـی هەبـوو تـا سـاڵی (٨١٢ك/١٤٠٩ز)، لەسـەر دەسـتی دەوڵەتـی بەرخـی ڕەش (قەرەقۆینلـۆ)ی تورکمانـی هاوڕەگـەزی خۆیـان کۆتایـی بـە دەسـەڵاتیان هـات [٤]. شـایانی باسـە لەگـەڵ سـەرهەڵدانی ئـەم دوو میرنشـینە لـەم دەڤـەرە و هەژمـوون و فشـاری تورکـەکان، میرانـی بوختـی و بـە شـنەوی پارێزگاریـان لـە سـەروەری خۆیـان دەکـرد، لـە فەنـك و گۆرگیـل و دەیـان قـەڵای ناوچەکانـی هـەکاری و زۆزان و بۆتـان [٥].

## ٣- ئەتابەگییەی ئیلدگزی

ئـەم ئەتابەگییـە لـە هەرێمـی ئازربایجـان سـەری هەڵـدا، بـە نـاوی ئەتابەگییـەی ئیلدگـزی یـان ئازربایجانـی، کـە پایتەختـی شـاری تەورێـز بـوو فەرمانـڕەوای بەشـێکی

---

(١) بڕوانـە: الصفـدي: **الـوافي بالوفيـات**، (تـح: احمـد ارنـاؤط - تـركي مصطفـى، دارالاحيـاء الـتراث العـربي، بيـروت، ٢٠٠٠م) ١٧/١٠-١٩؛ زرار صديـق توقيـق (پ١٥٩) ٢٥٥.

(٢) ابن الاثير (پ٢٤) ١٣٤/١٠.

(٣) ابـو فـداء (پ٤٨) ١٨٧/٣؛ الذهبـي، **دول الاسـلام** (تـح: حسـن اسـماعيل مـروة، دار الصـادر، بيـروت، ١٩٩٨م) ١٤١/٢؛ الدياربكـري، **تاريـخ الخميـس في أحـوال انفـس النفيـس** (دار الصـادر، بيـروت، د. ت) ٣٧١/٢.

(٤) عمادالدين خليل (پ١٧٠) ٣٩١.

(٥) ئەمین زەکی بەگ (پ١٢٩) ١٣٢؛ زرار صديق توقيق (پ١٥٩) ٢٥٨.

گەورەی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی دەکرد، بەشێکی گەورەی موڵکەکانی دەوڵەتی سەلجوقی لە هەرێمی ئاران و زۆرینەی ئازربایجان وهەرێمی چیا و هەمەدان و ئەسفەهان و ڕەی بە ئەتابەگییەکەیەوە لکاند، بەپێی ئاماژەی (ابن الاثیر) سنووری دەوڵەتەکەی لە تفلیسەوەدرێژ دەبوەوە تا مکران. ئیلدگز بە دامەزرێنەری ئەتابەگییەکە دادەنریت، حوکمڕانی زیاتر لە نەوەد ساڵ بەردەوامی هەبوو[1]، بەڵام لەگەڵ هێرشی سوڵتان (جلال‌الدین منکبرنی) خوارزمی بۆ ئازربایجان ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز) دەستی بەسەر ناوچەکانی ژێر قەلەمڕەوی ئەتابەگییەکەدا گرت کۆتایی بە دەسەڵاتیان هات[2].

## ٤- ئەتابەگییەی هەولێر

دەسەڵاتداریەتی بنەماڵەی بکتەکین لە هەولێر دوای ئەوەدێ کە سەلجوقییەکان ئەتابەگییەی موسلیان دامەزراند، (عمادالدین زنکی) هەولێری بە حوکمڕانی خۆیەوە بەستەوە، بەڕێوەبرنی شارەکەی بە زەینەدین (علی کوچك کوڕی بکتکین)ی تورکمان سپارد، ناوبراو هەڵسا بە دامەزراندنی میرنشینەکە لەسەر پاشماوەی میرنشینی هەزبانی کوردی[3]، شێوازی حوکمڕانی بنەماڵەیی پشتاوپشت لە دەسەڵاتداریدا پەیڕەو دەکرا. ساڵی (٥٧٩ك /١١٨٣ز) بەهۆی هاتنە ئارای بارودۆخێك دەرفەتێك بۆ میری ئەوسا (زین‌الدین ینالتکین کوڕی عەلی کوچك) هاتە پێش، جیابوونەوەی میرنشینەکەی لە ئەتابەگییەی موسڵ ڕاگەیاند، (عزالدین مسعودی کوڕی

---

(١) (پ٢٤) ٤٧/١٠؛عباس اقبال اشتیابی (پ٢٧)٣٦٠؛ حسام الدین نقشبندي، **اذربيجان في العصر السلجوقي** (بیروت ٢٠١٣م) ٢٠٤-٢٠٧؛ محمود اسماعیل (پ١٥٥) ٣٣.

(٢) ابن الاثیر (پ٢٤) ٤٤٧/١٠-٤٥١.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوەبۆ: زبیر بلال اسماعیل (پ١٦٦) ١٤٦؛ محسن محمد حسین، **هەولێر لەسەردەمی ئەتابەکیدا** (و: عوسمان علی قادر، هەولێر، ٢٠١٠ز)٦٣-٦٤؛ حسام داود خضر الاربلی (پ١٥١) ٨٨-٩٠؛ یوسف حسن خورشید الرواندوزي، **الاوضاع العامة للكورد في العصر العباسي خلال القرنين الخامس والسادس الهجري/ الحادي عشر والثالني عشر الميلادي** (اطروحة دكتوراه، الكلية التربية جامعة الموصل، ٢٠١٤م) ٧٠.

قطب‌الدین مودود) ئەتابەگی موسل (٥٧٦-٥٨٩ك/١١٨٠-١١٩٣ز) هەڵسا بە دەستگیرکردنی بریکارەکەی (مجاهدالدین قایماز)ی بریکاری ئەتابەگ لە سەرپەرشتیکردنی ئەتابەگییەکە [١]، ئیتر لەو ڕۆژەوە هەولێر بوو بەگرێیەك لەسەر دڵی سەرداری موسڵ [٢]، دیارە لەگەڵ ئەم هەنگاوە مێژووییەدا سنووری میرنشینەکە تاڕادەیەکی زۆر فراوان بووە هەموو ئەو ناوچانەشی گرتۆتەوە کە زێی بچوکی پێدا دەڕوات بە شارەزوورەوە، هەموو ناوچەکانی نێوان ڕووباری دیجلە لە ڕۆژئاوا و هەردوو زێی گەورەو بچوك لە باکوور و باشوورەوە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە ئەو پەڕی شارەزوور و قەڵا و مەڵبەندەکانی [٣].

ساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز) میر (زین‌الدین یوسف) کۆچی دوایی کرد، (مظفرالدین کوکبوری) برای لە خزمەت سوڵتان (صلاح‌الدین الایوبي)دا بوو، سەرداری هەردوو شاری ڕەها و حەڕان بوو [٤] داوای لە سوڵتان کرد کەوا لە هەردوو شاری ناوبراو پیبەخشێ لە بری ئەوان هەولێری پێبدا لە شوێنی براکەی فەرمانڕەوایی میرنشینی هەولێر بگرێتە ئەستۆ، دیارە سوڵتان پێشنیارەکەی کوکبوری [٥] قبوول کردووە، بۆیە گەڕایەوە هەولێر ماوەی چل و پێنج ساڵ حوکمڕانی میرنشینی ناوبراوی کرد [٦]، هەر لەگەڵ گەڕانەوەیدا بۆ هەولێر دەستیکرد بە جێگیرکرنی دەسەڵاتی و لەناوبردنی ناحەزانی [٧] هەڵبەتە

---

(١) سبط ابن الجوزي، **مراة الزمان في تواريخ الاعيان** (تح: ابراهيم زيبق، دار الرسالة العالمية، ديمشق، ٢٠١٣م) ٢٩٥

(٢) ابن الاثير (پ٢٤) ١٠/ ١٢٣.

(٣) محسن محمد حسين (پ١٧٨) ٨٠.

(٤) ابن خلكان، **وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان** (تح: د. احسان عباس، دار صادر، بيروت، ١٩٨٧م) ١١٥/٤

(٥) کوکبوری ناوێکی تورکییەبەواتای گورگەبۆر. ابن خلكان، (پ١٨٢) ١٢١/٤، بەڵام حسین حوزنی پێی وایەلەبەر شۆخی و جل و بەرگی جوان و کۆك لەبەرکردن لەنێو خەلکدا بەکۆك (پۆشتە) کۆکبەری ناوی دەرکردبوو (پ١٦٩) ٢٩٩.

(٦) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٢١/ ٢٨٣-٢٨٤؛ **أربيل (هەولێر) بين الماضي والحاضر** (مهرجان السنوي، ١٩٨٧م) ٤١-٤٢؛ حسام داود خضر الاربلي (پ١٥١) ١١٣-١٢٠.

(٧) بڕوانە:عەبدوڵڵا عەلیاوەیی و ئەوانی تر، **ئینسکلۆپیدیای هەولێر (اربل)** (دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی بەدرخان، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩ز) ١١٢٩.

میرنشینی هەولێر لەسەردەمی کوکبوریدا لە هەموو ڕوویەکەوە بوژانەوە و پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، ناوچەی شارەزووریشی بە میرنشینەکەیەوە لکاند و[1] بەڕێوەبردنی بە (عمادالدين زنكي) سپارد، کە زاوای بووخۆی بە گەورەی بنەماڵەی ئەتابەگییەی زەنکی دەزانی و بەدوای هەلێکدا دەگەڕا، تا حوکمی موسل لە دەستی (بدرالدين لؤلؤ) سەرداری ئەو کاتەی موسل دەربهێنێ و بیگێڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی[2].

لە دوای کۆچی دوای (مظفرالدين کوکبوری) ساڵی (٦٣٠ك/١٢٣٣) بەهۆی نەبوونی هیچ یەکێك لە بنەماڵەکەیان شوێنی بگرێتەوە میرنشینەکە کۆتایی پێهات و شارەکە گەڕایەوە ژێر حوکمڕانی دەوڵەتی عەباسی[3].

## ٥- ئەتابەگییەی سوکمانی قطبی

لە شاری خەڵات دەسەڵاتدارییەکی ئەتابەگی لەسەر دەستی (سوکمانی قطبی) تورکی لەسەر موڵکەکانی میرنشینی مەڕوانی دامەزرا، ساڵی (٤٩٣ك/١١٠٠ز)، شاری خەڵاتی کردە پایتەختی ئەتابەگییەکەی، کە یەکێك بوو لە مەمالیکەکانی (قطبالدين اسماعيل)ی سەلجوقی، فەرمانڕەوای شاری مەرەندی سەر بە هەرێمی ئازربایجان و نازناوەکەشی بۆ ناوی گەورەکەی دەگەڕێتەوە[4].

فەرمانڕەوایی سوکمان بەردەوامی هەبوو لە خەڵات دوای ئەویش کوڕ و نەوەکانی درێژەیان بە حوکمڕانیدا بە نازناوی (شای ئەرمەن)، دوای جێگیربوونی دەسەڵاتیشیان، دەستیان کرد بە فراوانخوازی لە ناوچەکانی دەوروبەر، دوای سوکمان دەسەڵاتی کوڕ و نەوەکانی تا ساڵی (٥٨١ك/١١٨٥ز) درێژەی هەبوو،

(١) ابن خلكان (پ١٨٢) ١١٥/٤.

(٢) بڕوانە: محسن موحەمەد حسێن (پ١٧٨) ١٨٤.

(٣) ابن طقطقي، **الفخري في الآداب السلطانية و الدول الاسلامية** (دار الصادر، بيروت، د ت) ٣٢؛ سامی بن خماس الصقار، **امارهاربيل في العصر العباسي** (دار الشواف للنشر والتوزيع، الرياض، ١٩٩٢م) ٣٥؛ علي عادل حسين، **اربل في الفترة (٦٣٠-٨٧٤هـ/١٢٣٣-١٤٦٩م)**، (دراسة سياسەحضارية، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب – جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٦م) ٣٢-٣٩.

(٤) ابو فداء (پ٤٨) ٢١٢/٢.

پاشـان مەمالیکەکانـی بەنـاوی ئـەوەوە بەردەوامیـان بـە ئەتابەگییەکـەدا [1] تـا سـاڵی (٦٠٤ك/١٢٠٨ز) لەلایـەن مەلیـك (الأوحـد) کـوڕی مەلیـك (العادلـی الایوبـی) دەسـتی بەسـەر خەڵاتـدا گـرت و بـە موڵکەکانـی ئەیوبییەکانـەوە گرێـدرا و کۆتایـی بەئەتابەگییـەی (سـوکمانی قطبـی) هـات [2].

## ٦- ئەتابەگییەی لوڕستانی گەورە

(ابـن حوقـل) لـە باسـی لوڕسـتاندا بـە ناوچەیەکـی خـۆش و بەپیـت و ئـاو و هـەوای شـاخاوی و دانیشـتوانی کـورد و شـارێکی هەرێمـی چیایـی دادەنـێ [3]. (یاقـوت الحمـوي)ش وەك ناوچەیەکـی فراوانـی نێـوان ئەسـفەهان و خوزسـتانی دەناسـێنێ [4]، ئـەم ئەتابەگییـە لەلایـەن (ابـو طاهـری کـوڕی محمـدی کـوڕی علـی کـوڕی ابـو حسـنی فەزلـەوی) دامـەزراوە، ناوبـراو لـە خزمەتـی ئەتابەگیـەی سـەلغەری هەرێمـی فارسـدا بـووە و بەکەسـێکی تێگەیشـتوو ئـازا نـاوی دەرکـردووە، [5] هـەر بـە پشـتیوانی ئەتابەگییـەی ناوبـراو توانـی دەسـگرێت بەسـەر لوڕسـتانی گـەورەدا و دواتریـش لـە سـاڵی (٥٥٠ك/١١٥٥ز) سـەربەخۆیی هەرێمەکـەی ڕاگەیانـدووە. بەپێـی گێڕانـەوەی شـەڕەفخانی بدلیسـی (ابـو طاهـر) بـەو پـەڕی سەربەسـتی و ئازایـی فەرمانڕەوایـی حکومەتەکـەی کـردووە، پـاش ئـەوەی دەسـتی لـە دونیـا بـەردا سـاڵی (٥٥٥ك/١١٦٠ز) پێنـج کـوڕی لـەدوای جێـماوە، لەسـەر ڕاسـپاردەی خـۆی و ڕەزامەنـدی کوڕەکانـی و تیـرە و هۆزەکانـی وڵات، هـەزار ئەسـپی کـوڕی کـرا بـە فەرمانـڕەوای لوڕسـتانی گـەورە [6]، جگـە لەنـاوی لوڕسـتان ئەتابەگییەکـە بەنـاوی (فەزلەوی)یـش نـاوی دەرکـردووە،

---

(١) بروانـە حکیـم عبدالرحمـن زبـیر البابـیري، **مدینـة خـلاط دراسـة في تاریخهـا السـیاسي والحضـاري (٤٩٣-٦٤١هـ/١١٠٠-١٢٤٣م)**، (اربیـل، ٢٠٠٥م) ٩٨؛ نیشـتمان بەشـیر محەمـەد (پ١٥٤) ٣٥٨-٣٦٠.

(٢) حکیم البابیري (پ١٩٠) ١٣١.

(٣) (پ٧) ٢٣٢، ٣٠٦.

(٤) (پ٤) ٢٥/٥.

(٥) عبداللهالعلیاوي، **کوردستان فی عهد المغول** (السلیمانیه، ٢٠٠٥م) ١٠٢.

(٦) شەڕەفخانی بدلیسی (پ١٥٦) ٤٤-٤٥؛ ئەمین زەکی بەگ (پ١٢٩) ٤٧٥-٤٧٦.

کـە بـۆ ئەبـو حەسـەنی فەزلـەوی دەگەڕێتـەوە [1].

حوکمڕانـی لـە حکومەتـی لوڕسـتانی گـەورە (فەزلـەوی) پەیـڕەوی هەمـان سیسـتەمی پشتاوپشـتی کـردووە، دوا فەرمانڕەوایـان بەنـاوی ئەتابـەگ شـا حسـێن کـوڕی ئەبـو سـەعید، کـە دەسـەڵاتی وڵاتـی گرتـە دەسـت، لەلایـەن یەکێـك لـە میرەکانـی خزمـی خـۆی بەنـاوی (غیاث‌الدیـن کـوڕی هۆشـەنگ)، لەسـاڵی (٨٢٧ك/ ١٤٢٣ز) کـوژرا، ئیـتر کۆتایـی بـە دەسـەڵاتیان هـات [2].

## ٧- میرنشینی لوڕستانی بچوك

دەسـەڵاتی ئـەو هەرێمـەی کوردسـتان لـە دەسـتی بنەماڵـەی (شـجاع‌الدین خورشـید) دابـوو، توانیـان لەساڵی (٥٥٠ك/١١٥٥ز) میرنشـین، یـان حکومەتـی لوڕسـتانی بچـوك دامەزرێنـن، کـە بـە حکومەتـی (خورشـیدی) نـاسراوە. فەرمانڕەوایـی لوڕسـتانی بچـوك بـۆ ماوەیەکـی دوور و درێـژ بەردەوامـی هەبـوو، توانیویانـە لەگـەڵ تـەواوی دەسـەڵاتدارییەکانی ئێـران و عێـراق و گۆڕانکارییـە سیاسـییەکانی یـەك لـەدوای یەکـی ناوچەکـە، بـە تێپەڕینـی سـەردەم بەردەوامـی بەدەسـەڵاتیان بـدەن تـا سـاڵی (٩٨٧ك/١٥٧٠ز). لـە سـەردەمی شـا عەباسـی سـەفەوی کـە بـە مەبەسـتی ڕێکخسـتنی سـنورەکانی دەوڵەتەکـەی، بـە کوشـتنی شـاوێردیخانی دوا فەرمانڕەوایـان کۆتایـی بـە دەسـەڵاتی حکومەتـی خورشـیدی هێنـا [3].

---

(١) کەیـوان ئـازاد ئەنـوەر، **کوردسـتان و کـورد لەسـەدەکانی ناوەڕاسـت** (چاپخانـەی پەنجـەرە، تـاران، ٢٠١٥ز) ١٨٨.

(٢) شەڕەفخانی بدلیسی (پ١٥٦) ل٥٥؛ ئەمین زەکی بەگ (پ١٢٩) ٤٨٣.

(٣) بڕوانـە: شـەڕفخانی بدلیسـی (پ١٥٦) ٥٨-٨٤؛ ئەمیـن زەکـی بـەگ (پ١٢٩) ٤٨٥-٤٩٥؛ کەیـوان ئـازاد ئەنـوەر (پ١٦٩) ٢٠٥.

# بەشی دووەم

## هێرشـکاریی خوارزمییـەکان بـۆ سـەر کوردسـتان لـە نێـوان سـاڵانی (٥٩٠-٦٢٨ک/١١٩٥-١٢٣١ز)

# تەوەرەی یەکەم
# دەستبەسەرداگرتنی شاری هەمەدان

هەمەدان شارێکی بەناوبانگە لە هەرێمی چیا و بە گەورەترین شاری هەرێمەکە دادەنریت، کە هەوایەکی پاك و ئاوی سازگار و خاکێکی بە پیتی هەیە [1]. (الیعقوبي) بە شارێکی شکۆدار ناوی دەهێنێ، لە سەرەتای مێژووی ئیسلامی پێی وتراوە (ماە بصرە)، چونکە بەرهەم و داهاتی بۆ شاری بەسرە ڕۆیشتووە [2]، لە سەردەمی سەلجوقییەکانیشدا ناوەندێکی بەڕێوەبردن بووە بۆ عێراق و بەشێك لە ناوچە کوردنشینەکان، بەتایبەتی دوای ئەوەی سوڵتان (طغرل) بەگی سێیەمی سەلجوقی ساڵی (٥٨٨ك/١١٩٣ز) دەستی بەسەرداگرت، کردی بە پایتەختی دەسەڵاتەکەی [3].

## ١- هۆکارەکانی هێرشکرن بۆ سەر ناوچەکە

هێرش و شاڵاوەکانی خوارزمی لە سەردەمی سوڵتان (علاءالدین تکش) بۆ سەر شاری هەمەدان دەگەڕێتەوە بۆ دوای کوژرانی سوڵتان (طغرل) بەگی سێیەمی سەلجوقی ساڵی (٥٩٠ك/١١٩٤ز)، کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی چاوتێبڕین و تەماعکاریەکانی خوارزمشا لەو هەرێم و ناوچانەی کە لەژێر قەڵەمڕەوی سەلجوقیدا بوون [4]، دیارە ئەمەش لە هۆکارە بەرچاوەکانی داگیرکاری خوارزمییەکانە لەو سەردەمەدا، کە لە چواری مانگی ڕەجەبی هەمان ساڵدا، پەلاماری شاری ناوبراویدا و لەگەڵ عێراقییەکان گەیشتنە کۆشکی فەرمانڕەوای

(١) القزويني (پ٩٤) ٤٨٣.

(٢) **البلدان** (تح: محمد امين ضناوي، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٢م) ٨٢.

(٣) ابن الاثير (پ٢٤)٢٣٢/١٠؛ عباس اقبال اشتيابي (پ٢٧) ٣٧١.

(٤) ابن الاثير (پ٢٤) ٢٣٣/١٠؛ ابن خلدون (پ٢١) ١٢٧/٥.

شارەکەو لەسەر تەختی حوکمڕانی سەلجوقی دانیشت و بە دەوڵەتەکەیەوە بەستەوە [(١)].

ئەم هەڵویستەی خوارزمشا سەری کێشا بۆ ململانێیەکی توند لەگەڵ خەلیفە (الناصر لدین الله) (٥٧٥-٦٢٢ك/١١٨٠-١٢٢٥ز)، کە بەر لەم ڕووداوە بەردەوام خوارزمییەکانی لە دژی سەلجوقییەکان هاندەدان [(٢)]، بەڵام لێرەبەدواوە هاوکێشەی ڕووداوەکان بە ئاقارێکی دیکەدا ڕێچکەی گرت، کە خۆی لە پلانی خەلیفەدا وێنا دەکرد، بۆ بەرگرتن لە پێشرەویەکانی خوارزمشا، بۆ ئەمەش وەزیرەکەی (مؤیدالدین القصاب)ی لەگەڵ هێزێکی سەربازی نارده هەمەدان، بە بیانوی پیشکەشکردنی (خولعی سوڵتانی)، بەڵام وەزیر لە ئەسەدئابادی دووری (یەك فرسەخ/ ٦کم)ی شارەکە دابەزی، لەوێوە بانگهێشتی تکشی کرد بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی خولع، بەڵام خوارزمشا لە ڕێگەی نێردراوی نێوانیان درکی بەمە کرد، کە وەزیری خەلیفە نیازی وایە بە بیانووی ئەمەوە دەستگیری بکات [(٣)]، بەپێی ئاماژەی (خواندمیر) هێزەکەی خەلیفە بریتیبوو لە دوو هەزار سەربازی کوردو عەرەب [(٤)]، لە ئاماژەیەکی دیکەدا هاتووە، کە وەزیر بە خوارزمشای ڕاگەیاندووە پێویستە بەبێ چەك لەلای ئەو ئامادەبێ [(٥)].

دیارە ئەم هەڵسوکەوتەی وەزیر، تووڕەبوونی خوارزمشای لێ کەوتۆتەوەو بۆتە هۆی ئەوەی بە هێزی سەربازییەوە بەرەنگاری ببێتەوە، بەڵام وەزیر بواری تکشی نەدا پێی بگات، بەڵکو لە دەستی ڕایکرد بەرەو شاری دینەوەر [(٦)]، پاشان خوارزمشا ئەو هەرێمانەی کە دەستی بەسەردا گرتبوون، بەسەر میرەکانیدا دابەشکردن و فەرمانڕەوای بۆ دامەزراندن، هەروەك هەمەدانی بە (قراقز اتابکی) سپارد و ئەسفەهانی بە (قتلغ ایانج) بەخشی و ڕەی بۆ (یونسخان)ی کوڕی و (میاجق)ی

(١) الراوندي (پ٩٠) ٥١٩.

(٢) الذهبي (پ١٠٨) ٣/ ١٠٠.

(٣) ابن الاثير (پ٢٤) ١٠/ ٢٣٣؛ عباس اقبال اشتيابى (پ٢٧) ٣٧٢ .

(٤) (پ٢٩) ٦٣٩/٢.

(٥) حنان مبروك اللبودي (پ٥٢) ٣٣٣.

(٦) خواندمير (پ٢٩) ٦٣٩/٢.

کـردە سەرپەرشـتیاری هەرسـێ ویلایەتەکـە [١].

خواسـتەکانی خوارزمشـا بەرانبـەر بـە خەلیفـە زۆر لـەوە گەورەتـر بـوون، کـە بەدەسـتی هێنابـوو، بەڵکـو پێیوابـوو دەبـێ پێگـەی سـوڵتانی سـەلجوقی بگرێتـەوە لـە بەغـدای پایتەخـت و نـاوی لەوتـاری ڕۆژی هەینیـدا بخوێندرێتـەوە، ئەمـەش لەگـەڵ بەرژەوەنـدی خەلیفـە یەکینەدەگرتـەوە، چونکـە تـازە بـەلای کابوسـێکی لەسـەر هەڵگیرابـوو، کـە سـوڵتانی سـەلجوقی بـوو نەیدەویسـت دووچـاری یەکێکـی دیکـە ببێتـەوە [٢].

بـەلام لەوکاتـەدا سـوپای خوارزمـی تووشـی لێکـترازان بـوو، بەهـۆی ئـەوەی وەك دیـارە ئـەو دابەشـکاریەی سـوڵتان (علاءالدیـن) نەچۆتـە دڵـی (قتلـغ اینانـج)، کـە ویلایەتـی ئەسـفەهانی پـێ بەخشـیبوو، بەڵکـو تەماعـی لـە تـەواوی هەرێمـی چیـا گرتبـوو، بۆیـە سـاڵی دوای (٥٩١ك/ ١١٩٥ز) لەگـەڵ سـوپاکەی ڕووی کـردە هەمـەدان و دەسـتی بەسـەردا گـرت، بـەلام ئـەوەی بـۆ نەهاتـەدی کـە پلانـی بـۆ داڕشـتبوو، بەڵکـو سـوپای (یونسـخان) لـە شـاری ڕەی بـە سـەرکردایەتی (میاجـق) بـۆی بـە ڕێکـەوت، ناوبـراو نەیتوانـی بەرەنـگاری سـوپای (میاجـق) ببێتـەوە کـە چەنـد میرێکـی عێراقیشـی لەگەڵدابـوون، بەڵکـو ڕێگـەی بەغدایـان گرتەبـەر و هەمەدانـی بەجێهێشـت، لـە ڕێـگادا جارێکـی دیکـەش لەگـەڵ سـوپای (میاجـق) تێکهەلچـوون و دووبـارە شکسـتی خـوارد و بـە ناچـاری پەنـای بردەبـەر سـوپای خەلیفـە (لـە کـورد و عەرەبەکان)بـە سـەرکردایەتی (مؤیدالدیـن القصـاب)ی وەزیـر لـە خوزسـتان، زۆر ڕێـزی لێگیـرا و دیـاری و ئەسـپی پێشـکەش کـرا [٣].

ئـەم لێکترازانـەی سـوپای خـوارزم بـۆ خەلیفـە هەلێکـی لەباربـوو، کـە سـوپاکەی بـە سـەرکردایەتی (مؤیدالدیـن)ی وەزیـر جارێکـی دیکـە ڕوویکـردەوە هەمـەدان لـە ڕێگـەی کرماشـانەوە کـە (قتلـغ اینانـج) و میـرە عێراقیەکانـی لەگـەڵ بـوون، سـوپای خـوارزم نەیانتوانـی خۆیـان لەبـەر هەڵمەتـی سـوپای خەلیفـە ڕابگـرن، بەڵکـو

(١) الراوندي (پ٩٠) ٥١٩.

(٢) بارتولد (پ٥) ٥٠٠؛ عفاف صبره (پ٢٢) ٧٦.

(٣) الغسـاني، **العسـجد المسـبوك** (تح: شـاكر محمـود عبدالمنعـم، دار التراث الاسلامي، بيـروت، ١٩٧٥م) ٢٣١/١؛ خواندميـر (پ٢٩) ٦٣٩/٢؛ حسـام الديـن النقشـبەندي (پ١٧٦) ٢٩٥.

هەر لە شارەکە نزیکبوونەوە، ئەوان شارەکەیان بەجێهێشت و ڕایانکرد بۆ ڕەی، وەزیر لە مانگی شەواڵدا دەستی بەسەر هەمەداندا گرت و ئینجا بەدوای سوپای خوارزمیدا هەنگاوی هەڵگرت تا شاری ڕەی و ناوچەکانی دەوروبەری لێسەندن[1]. دەکرێ یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو سەرکەوتنەی سوپای خەلیفە بۆ ڕۆڵی کوردەکانی نێو سوپاکەی بگێرینەوە، کە شارەزای سەختی ناوچەکە بوون، هەروەها کاریگەریشیان هەبووبێ لە ڕاکیشانی سەرنجی دانیشتوانی شارەکە بۆ ئەوەی یارمەتیان پێشکەش بکەن بۆ دەرکردنی سوپای داگیرکەری خوارزمی لە شارەکەیان، چونکە هاوزمان و ڕەگەز بوون، دوای گرتنەوەی شاری هەمەدان وەزیر (عمادالدین ئۆغلۆ)ی بە والی شارەکە دامەزراند، لە ساڵی (٥٩٢ك/١١٩٦ز) وەزیری خەلیفە خۆی لە کۆشکی خوارزمشا لە شاری هەمەدان دابەزی، سەرەڕای ئەو بارودۆخە سەختەی بەسەریاندا هاتبوو سیاسەتێکی توند و تیژی بەرانبەر دانیشتوانی شار گرتە بەر بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی[2].

شایانی باسە ئەم شکستە نەبۆتە مایەی دەستهەڵگرتنی خوارزمشا لە هەمەدان، بەڵکو نێردراوی ناردە لای وەزیری خەلیفە و سەرزەنشتی کرد، بەوەی کە موڵکەکانی دەوڵەتی خوارزمی داگیرکردوە و داوای لێکرد کەبۆی بگێڕێتەوە، بەڵام ئەم داواکارییە لەلایەن وەزیر ڕەتکرایەوە[3]، سوڵتان تکش بەم ڕەتکردنەوەیە تووڕە دەبێت، بۆیە هەڵسا بە ئامادەسازی سوپا بۆ شەڕی وەزیر، بۆ بەختی خوارزمشا لەم ئانوساتەدا دۆخەکە بە قازانجی ئەو شکایەوە، چونکە لەناکاو (مؤیدالدین القصاب)ی وەزیری خەلیفە بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد لە سەرەتای مانگی شەعبانی ساڵی (٥٩٢ك/١١٩٦ز)، سەربازانی خەلیفە نەیان توانی خۆیان لەبەر پەلاماری سوپای خوارزمییەکان ڕابگرن شکستیان هێنا، جارێکی دیکە شارەکە کەوتەوە دەستی سوپای خوارزمی و تەرمی وەزیریان لە گۆڕ دەرهێنا، سەریان لە جەستەی جیاکردەوە و بۆ خوارزمشایان نارد و وایان پیشاندا کە لە شەڕدا کوژراوە[4].

(١) ابن الاثير (پ٢٤) ٢٣٥/١٠؛ الغساني (پ٢١١) ٢٣١/١

(٢) الراوندي (پ٩٠) ٥٢٨.

(٣) ابن الاثير (پ٢٤) ٢٣٦/١٠؛ ادريس محمد حسن الدوسكي، **همدان من فتح الاسلامى الى سقوطها بيد المغول (٢٢-٦١٨هـ/٦٢٤-١٢٢١م)**، (مطبعة حاجي هاشم، اربيل، ٢٠٠٦م) ١٣٢.

(٤) ابو شامه (پ١٣٤) ٩/٥؛ الغساني (پ٢١١) ٢٣٢/١؛ ابن العماد، **شذرات الذهب فى اخبار من**

بەپێـی ئامـاژەی (الراونـدي) سـوپای خەلیفـە مردنـی وەزیریـان شـاردەوە و شـەڕێکی گەرموگوڕیـان لەگـەڵ سـوپای خوارزمـی بەسـەرکردایەتی (میاجـق) کـرد، بـەڵام لـە کۆتاییـدا شکسـتیان هێنـا و خوارزمییـەکان دەسـتیان بەسـەر شـارەکەدا گـرت و دەسـتیان کـرد بـە خراپـەکاری و بـە تاڵانبردنـی مـاڵ و سامانی جوتیـاران و کـوردەکان لـە دەرەوەی شـار [١]، کـە ئەمـە بـە یەکـەم قڕکردنـی خورزمییـەکان دادەنرێـت لـە کوردسـتان [٢]، بـۆ ڕۆژی سـێیەم سـوڵتان عەلائەدیـن تکـش گەیشـتە هەمـەدان و لـە کۆشـکەکەی دابـەزی، نێـردراوی خـۆی نـاردە لای دانیشـتوانی شـار و پێـی ڕاگەیانـدن، ئەگـەر شـارمان بـە تـەواوی ڕادەسـت نەکـەن ئـەوا بەزەبـری هێـز داگیـری دەکەیـن و چـاو لـە هیـچ شـتێك ناپۆشـین [٣]، ئینجـا دەسـتی کـرد بـە جێگیرکردنـی پایەکانـی دەسـەڵات لـە شـارەکەدا و فەرمانیکـرد بـە کوشـتنی هەمـوو ئـەو عێراقیانـەی کڵاوی خوارزمـی لەسـەر دەنێـن کـە پێـی بەناوبانـگ بـوون بـەو پێیـەی کاریگـەری لەسـەر کەسـایەتی خورزمییـەکان دەبـێ، ئینجـا دەسـتی کـرد بـە ڕێکخسـتنەوەی ئـەو ناوچانـە بـۆ (یونسـخان)ی کـوڕی و کوڕەکـەی دیکەشـی (جغـری) تەرخانکـرد بـۆ خزمەتکـردن و یارمەتیدانـی، هەروەهـا کاروبـاری قەزایشـی بـە (صـدر الـوزان) سـپارد [٤] .

هێشـتا خوارزمشـا هـەر لـە هەمـەدان بـوو نوێنـەری خەلیفـەی عەباسـی (مجیرالديـن البغـدادي) هاتـە لای و نامـەی خەلیفـەی پێشکەشـکرد بـۆ ئـەوەی کێشـەی نێوانیـان بـە ئاشـتی ببڕێننـەوە، خوارزمشـاش لـەلای خـۆی ڕێـزی لـە بیـر و بۆچوونەکانـی خەلیفـە گـرت [٥]، هـەر لـە نـاو گێـژاوی ئـەم ڕووداوانـەدا (اوزبـك کـوڕی پهلـوان)ی بـرای ئەتابـەگ (نصرالديـن ابوبکـر)ی فەرمانـڕەوای ئازربایجـان پەنـای بـردە بـەر خوارزمشـا،

---

**الذهب** (تح: محمود الارناؤوت، دار ابن الكثير، بيروت، ١٩٨٦م) ٥٠٨/٦.

(١) الراوندي (پ٩٠)٥٣٠.

(٢) قـادر محمـد حسـن، **شـاڵاوی خوارزمییـەکان بـۆ سـەر کوردسـتان** (توێژینەوەیەکـی مێژووییەلەبـارەی کۆمەڵکـوژی خوارزمیـەکان لەکوردسـتان لەسـەردەمی سـوڵتان جەلالەدیـن مەنکەبەرتـی (٦١٧-٦٢٨ك/١١٢٠-١١٣٠ز)، (گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی، ژ (٤) تەممـوزی ٢٠١٣ز) ١٦٣.

(٣) الراوندي (پ٩٠) ٥٣١.

(٤) الراوندي (پ٩٠) ٥٣٣؛ حنان مبروك اللبودي (پ٥٢) ٣٣٩.

(٥) الراوندي (پ٩٠) ٥٣٤.

کـە بەڕیوەبردنـی هەمەدانـی پـێ بسـپێرێ [١] ، پاشـان کـە حوکمڕانـی شارەکەشـی بـۆ مسـۆگەر بـوو ئەتابـەگ (جمال‌الدیـن أي‌بي) پەیوەنـدی پێوەکـرد کەبـە گـەورەی میـرەکان ناویـان دەهێنـا، سـاڵی (٥٩٣ك/١١٩٧ز) چەنـد میرێکـی تـر بـۆ پێشـکەش کردنـی خزمـەت پەیوەندییـان بـە (اوزبك)ەوەکـرد لەمانـە (ابـن قـران خـوان و ابـن نورالدیـن خـوان) هەریەکـە هـەزار سـوارەی خۆشـی لەگەڵدابـوو [٢].

دیـارە بەهـۆی بوونـی ئـەم کۆمەڵـە میرانـەوە لـە هەمـەدان دۆخـی سیاسـی شـارەکە بـەرەو سـەرهەڵدانی کێشـە و ئاڵـۆزی هەنـگاوی نابـوو، بۆیـە لەسـەر داوای میـرە عێراقیـەکان لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە میـر (علـم) خەلیفـە فەرمانـی بـە میـر (حصـام الدیـن أبوالهیجـاء السـمین)ی کـوردی [٣]کـرد، کـە سـەرکردایەتی لەشـکری خەلافـەت بـکات بـۆ هەمـەدان، بـۆ دوورخسـتنەوەی ئـەو میرانـەی هاتبوونـە شـارەکە و لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە (میـر قـران خـوان و میـر نورالدیـن) و زاڵبـوون بەسـەر کێشـەکانی شـارەکە، کـە ناوبـراو لـەو سـاڵەدا هاتبـووە بەغـدا و لەلایـەن خەلیفـە پێشـوازی گـەرم و میوانـداری کرابـوو، ڕێـزی زۆری لـێ گیرابـوو [٤]، چەنـد میرێکیـش لـە خزمەتیدابـوون لەگـەڵ کـوڕی بـرای بەنـاوی (عزالدین)سـەر بچوکێکـی ورگ زل بـوو [٥]. کـە ناوبـراو گەیشـتە شـارەکە هەڵسـا (اوزبـك کـوڕی پهلـوان) و چەنـد میرێکـی دیکـەی قۆڵبەسـتکردن بـە هاندانـی میـر عەلـەم، هەرچەنـدە ئـەو میرانـە پاڵپشـتی و هاوسـۆزیان بـۆ خەلیفـە ڕاگەیاندبـوو.

کاتـێ کـە هەواڵەکـە بـە خەلیفـە گەیشـتەوە تووڕەیـی و ناڕەزایـی لـە میـر (ابوالهیجـاء) پیشـاندا و فەرمانـی پێکـرد میـرەکان ئـازاد بـکات، لـە هەمـان کاتیشـدا

---

(١) الجویني (پ٧٠) ٣٨/٢.

(٢) الراوندي (پ٩٠) ٥٣٩.

(٣) لـە کوردانـی حەکەمییـەی هەولێـر بـووە بەهـۆی زۆر قەڵـەوی بـە (سـەمین) نـاسراوە و لـە گـەورە میرەکانـی میـسر بـووە. ابـن الاثیـر (پ٢٤) ١٠/ ٢٤٥؛ سـوپا سـالاری سـەردەمی سـوڵتان (صلاح‌الدیـن) ئەیوبـی بـووە بـەڵام لـە دوای کۆچـی دوایـی سـوڵتان، شـامی بەجێهێشـت و گەڕایـەوە بەغـدا.: محەمەدئەمیـن زەکـی بـەگ، **سـەرجەمی بەرهەمەکانـی** (چاپخانـەی شـڤان، بەرگـی یەکـەم، سـلێمانی، ٢٠٠٥ز) ١٣٨.

(٤) المؤلف المجهول (پ١٢٨)٢٣٤.

(٥) ابو شامة (پ١٣٤) ١٤/٥.

خولـع و نازنـاوی بـۆ نـاردن و متمانەشـی لەسـەر ناوبـراو نەمـا، ئـەم هەڵوێسـتەی خەلیفـە تـرس و دڵەڕاوکێـی لای (ابوالهیجـاء) دروسـتکرد، بۆیـە بڕیاریـدا هەمـەدان جـێ بێڵـێ و ئاراسـتەی گەڕانـەوەی گـۆڕی و ڕووی لـە (اربیـل- هەولێـر)ی زێـدی باپیرانـی کـرد، بـەڵام بـەر لـە گەیشـتنی لـە ڕێـگادا کۆچـی دوایـی کـرد [١]، لـە ڕایەکـی دیکـەدا هاتـووە لـە ترسـی خوارزمییـەکان لـە هاوەڵەکانـی جیابـۆوە و شـارەکەی بەجێهێشـت [٢]، بـە بۆچوونـی (سـبط ابـن الجـوزي) لـە شـەرمی خەلیفـە نیـازی ئـەوەی کـرد بگەڕێتـەوە شـام [٣] بـەڵام کـە گەیشـتە داقـوق نەخـۆش کـەوت و هـەر لەوێـش کۆچـی دوایـی کـرد لەسـەر وەسـیەتی خـۆی لەسـەر گردێـك دەنێـژرێ [٤].

لـە دوای ئـەو ڕووداوانـەی کـە لـە شـارەکە ڕوویانـدا (اوزبـك کـوڕی پهلـوان) جارێکـی دیکـە هاتـەوە مەیـدان و دەسـتی بـە ئامـادەکاری کـرد میرەکانـی پەیوەسـت بەخـۆی کۆکردنـەوە بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەکی پەنهـان دەسـت بەسـەر هەمەدانـدا بگرنـەوە، ئەمەبـوو لەگـەڵ هێزەکانـی میـر ( علـم و ابوالهیجـاء) تێکهەڵچـوون لـە شـەڕێکی دوو ڕۆژەدا توانیـان میـر (علـم و ابوالهیجـاء) ببەزێنـن و بـەرەو بروجـەرد ڕاویـان بنێـن، لـە مانگـی ڕەجەبـی ساڵی (٥٩٣ك/١١٩٦ز) دەسـتی بەسـەر شـارەکەدا گرتـەوە [٥].

لـە سـاڵی (٥٩٤ك/١١٩٧ز) (میاجـق) سـەرکردەی سـەربازی خـوارزم لـە خوارزمشـا یاخیبـوو [٦]، لـە ڕەجەبـی هەمـان سـاڵدا دەسـتی بەسـەر هەمەدانـدا گـرت بەهـۆی هاندانـی خەلیفـە بـە بیانـووی پاراسـتنی سـنوورەکانی ئیسـلامی لـە گورجییـەکان و بەربەسـتێکی بەهێـز بـێ لـە بـەردەم حەشاشـیەی ئیسـماعیلی و بەربەرەکانـی خوارزمییـەکان بـکات، جگەلـەوەی کـە خۆشـی ئـارەزووی ئـەوەی هەبـوو ببێتـە سـوڵتان [٧]

---

(١) الاصفهاني (پ٩٨) ٤٥٢؛ الغساني (پ٢١١) ٢٣٩/١؛ حسام الدين النقشبندي (پ١٧٦) ٣٠٤-٣٠٥.

(٢) المؤلف المجهول (پ١٢٨) ٢٣٨

(٣) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٦٧/٢٢.

(٤) مەهـدی عوسـمان هەروتـی، **ڕۆڵـی سـەربازی کـورد لەدەوڵـەت و میرنشـینەناکوردیەکان لەسـەردەمی عەباسـیدا (١٣٢-٦٥٦ه/٧٤٩-١٢٥٨م)**، (هەولێـر، ٢٠٠٨ز) ١١٤-١١٦.

(٥) الراوندي (پ٩٠) ٥٤٢

(٦) خواندمير (پ٢٩) ٦٣٩/٢.

(٧) حسام الدين النقشبندي (پ١٧٦) ٣٠٦.

لـە ماوەیەکـی کـەم توانـی دەسـت بەسـەر تـەواوی (عێراقـی عەجـەم) دا بگـرێ، بـەڵام ئەنجامـی هەڵگەڕانـەوەی (میاجـق) بێدەنـگ نەبوونـی سـوڵتانی خـوارزم بـوو هـەر سـاڵێك دوای ئەمـە لەشـکرێکی بەڕێکـرد بـۆ سـەندنەوەی ئـەو ناوچانـەی لـە دەسـتی دابـوون، دوای گرتنـەوەی هەمـەدان (میاجـق) ڕایکـرد بـۆ شـاری ڕەی، سـوپای خوارزمـی لەوێشـەوە وازی لـێ نەهێنـا تـا دەسـتگیریکرد و تـەواوی هەرێمـی چیـای گەرانـدەوە ژێـر ڕکێفـی خـۆی[١].

لـەو کاتـەوەی هەواڵـی گەڕانـەوەی خوارزمشـا بـۆ عێـراق گەیشـتە خەلیفـە لەترسـی ئـەوەی نەوەکـو هێـرش بکاتـە سـەر (دار الخلافـە) بـە فەرمـی خـەڵات و دیـاری سـوڵتانی پێشـکەش کـرد و دانـی بـە سـەڵتەنەتی دانـا لەعێـراق و خوڕاسـان و تورکسـتان و نازنـاوی (قطب‌الدینـی بەمحمـد)ی کوڕیـدا[٢]، هەمـەدان و ناوچەکانـی هەرێمـی چیـا کەوتنـەوە دەسـتی خوارزمشـا و دەسـتیکرد بـە دامەزراندنـی میـرە سـەلجوقییەکان و نوێنـەری خـۆی لـە ولایەتەکـە، کـە لـە ژێـر گوێڕایەڵـی خـۆی و خوێندنـەوەی وتاریـش بەنـاوی سـولتانی خـوارزم بخوێندرێتـەوە[٣].

لێـرەوە دەبینیـن پچڕانێـك دەکەوێتـە بـەردەم هێرشـکاری و پەلامارەکانـی خوارزمییـەکان بـۆ سـەر کوردسـتان بـە تایبەتـی و هەرێمـی چیـا بـە گشـتی بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵێك، بـە هـۆی سـەرقالبوونیان بـە فراوانخوازییەکانیـان لـە ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلامی[٤]. دوای ئـەوەی (علاءالدیـن محمـد) خوارزمشـا دەسـەڵاتی دەوڵەتـی خوارزمـی پێبـڕا و بارودۆخـی سیاسـی ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلامی بـۆ یەکلایـی بـۆوە و دەسـتی بەسـەر تـەواوی هەرێمـی (مـاوراء النهـر) داگـرت، حوکمڕانـی تـەواوی ئـەو هەرێمانـەی بـۆ مسـۆگەر بـوو، ئینجـا بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر هەرێمـی چیـا بـەرەو ڕۆژئـاوا هەڵمەتەکانـی دەسـتپێکرد لـە سـاڵی (٦١٤ك /١٢١٧ز)، بیانـوو و هۆکارەکانـی هێرشکارییەکانیشـی بریتـی بـوون لەمانـەی خـوارەوە:

---

(١) الراوندي (پ٩٠) ٥٥٣؛ حنان اللبودي (پ٥٢) ٣٤٥.

(٢) الذهبـي، **تاريـخ الاسـلام، وفيـات المشـاهر والاعـلام** (تـح: د. عمـر عبالسـلام تمـری، دار للكتـاب العربـی، بیـروت، ١٩٩٨م) ٢١/٤٢؛ عبـاس اقبـال اشـتیابی (پ٢٧) ٣٧٣ .

(٣) ابن خلدون (٢١) ١٢٧/٥.

(٤) بڕوانەتەوەرەی سێیەمی بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەل٢٤-٣٢.

لەگـەڵ خەلیفـەی عەباسـی (النـاصر لدیـن اللـە) (٥٧٥-٦٢٢ك/١١٨٠-١١٢٥ز) کەوتـە ململانـێ و بەربەرەکانـی بـەو پێیـەی چـاوی لەوەبـوو ببێتـە خاوەنـی پێگـەی سـوڵتانەکانی سـەلجوقی، کـە لـە دەوڵەتـی عەباسـی هەیانبـوو لـە ڕابـردوودا، چونکـە دەوڵەتـی ناوبـراو لەسـەر دەسـتی ئـەوان هەرەسـی هێنابـوو، بەپێـی ویسـتی سـوڵتانی خوارزمـی دەبـێ نـاوی لـە وتارەکانـی ڕۆژی هەینـی لـە بەغـدای پایتەختـی خەلافەتـی ئیسـلامی بخوێندرێتـەوە، لەلایەکـی دیکـەش لـەو ڕۆژگارەدا دەوڵەتـی خـوارزم بۆتـە تاکـە هێـزی ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلامی و دەسـەڵاتێکی زەبەلاحـی دەسـتەبەر کـردووە [١].

ئـەم ڕاسـپاردە و پێشـنیارانە لـە ڕێگـەی قـازی (مجیرالدیـن عمـر)ی خوارزمـی نوێنەری خوارزمشـا پێشـکەش بەخەلیفـە دەکـران، بـەڵام پیشـنیارەکان لەلایـەن خەلیفـە جێـگای قبـوول نەبـوون، نوێنـەری خەلیفـەش بـۆ وتووێـژ بریتیبـوو لـە (شـیخ شـهاب‌الدین السـهروردي) [٢]، جگـە لەمـەش کوژرانـی (آغلمـش) فەرمانڕەوای هەرێمـی چیـا لەلایـەن باتینیـەکان هۆکارێکـی دیکـەی تووڕەبوونـی سـوڵتانی خـوارزم بـوو، بـەو پێیـەی لـەو کاتـەوەی کـە دەسـتی بەسـەر هەرێمـی ناوبـراودا گرتبـوو وتـاری بەنـاوی خوارزمشـا دەخوێنـدەوە، بـەڵام بـە لەناوچوونـی ناوبـراو هەرێمەکـە لـە ژێـر قەلەمـڕەوی ئـەو دەرچووبـوو [٣].

هەروەهـا لـە توێژینەوەیەکـدا هاتـووە هـۆکاری سـەرەکی پێشرەوییەکانـی خوارزمشـا بـۆ هەرێمـی چیـا، گێڕانـەوەی ئـەو مولکانەبـوو کـە لـە دەسـتی دابـوون بـەو هۆیـەی کەمیراتێـك بوولـە باوکیـەوە بـۆی مابـۆوە [٤]، یەکێکـی دیکـە لـەو هەڵوێسـتانەی کـە بـووە جێـگای نیگەرانـی و تووڕەیـی خوارزمشـا، بوونـی پەیوەنـدی لـە نێـوان خەلیفـە و سـەرکردەی ئیسـماعیلییەکان (جلال‌الدیـن نوموسـولمان) [٥]بـوو،

(١) النسوي (پ٦٠) ٤٩-٥٠؛ السبكي، **الطبقات الشافعية** (تح: محمود محمد الطناجي و عبدالفتاح محمد الحلو، القاهره، ١٩١٨م) ٣٣٠/١.

(٢) ابوشامة (پ١٣٤) ١٥٣/٥-١٥٥؛ الذهبي (پ١٠٨) ١٦١/٣.

(٣) ابن الاثير (پ٢٤) ٣٧١/١٠ .

(٤) هدار سليم صالح و درويش يوسف حسن، **اقليم الجبال و صراع الخوارزمي- المغولي** [مجلة الاداب/ ملحق العدد ١٢٨ (اذار) ٢٠١٩م] ٢٤٠.

(٥) وشـەیەکی فارسـییەواتا موسـوڵمانی نـوێ. شـکرالله بابـان، **فرهنـگ بابـان فارسـی کـوردی** ( د. م. ط ١٣٦١ش) ٧٩١.

کـە لـە ڕێبـازی ئیسـماعیلی لایدابـوو، هاتبـووە سـەر پەیڕەوانـی ڕێبـازی سـوننە [1]، خەلیفـەش زۆر ڕێـزی لـە خـۆی و شـوێنکەوتووانی گرتبـوو دیـاری پێشـکەش کردبـوون، سـەرۆکایەتی قافلـەی حاجییەکانـی عێراقـی پـێ سـپاردبوو، دیـارە ئەمـە یەکەمجاربـوو گروپێکـی ئـاوا بێنـە سـەر مەزهەبـی سـوننە [2].

وەکـو دیـارە ئەمانـە لـە گرنگتریـن هـۆکار و بیانـووی سـوڵتانی خـوارزم بـوون سـالی (٦١٤ك /١٢١٧ز) هێزێکـی گـەورەی ئامادەکـرد، بـە پشتبەسـتن بەفتـوای کۆمەڵـە زانایەکـی ئایینـی (مـاوراء النهـر) کـە (النـاصر لديـن اللـه) بـە شـیاوی پۆسـتی خەلافـەت نازانـێ و هیـچ بـە تاوانـی دانانـێ، ئەگـەر نـاوی لـە وتـاری ڕۆژی هەینـی لابـدات و یەکێـك لـە نەوەکانـی (حسـینی کـوڕی عـلي کـوڕی ابـو طالـب) لـە شـاری ترمـز بـە نـاوی (علاءالديـن ابـو مـكارم محمـد کـوڕی ابـو جعفـر) دیـاری بـکات، وەکـو خەلیفـەو نـاوی لەسـەر سـکەی دراو بـدات [3] .

خوارزمشـا دوای تەواوکردنـی ئامادەکاریەکانـی لەگـەڵ هێزەگـەورە و زەبەلاحەکـەی، بـەرەو هەرێمـی چیـا (عێراقـی عەجـەم) بەڕێکـەوت، جێـی ئاماژەیـە بەبـێ هیـچ بەرگریـەك دەسـتی بەسـەر تـەواوی شـارەکانی هەرێمـی ناوبـراودا گـرت، لەهەمـان کاتـدا (أوزبـك کـوڕی البهلـوان)ی فەرمانـڕەوای ئازربایجـان و ئـاران ملکەچـی و گوێڕایەڵـی بـۆ ڕاگەیانـد و لەگـەڵ چەنـد میرێکـی دیکـەی هەرێمـی چیـا پەیوەسـتی بـوون بـە ژمارەیەکـی زۆری سـەربازەوە [4]، پێدەچـێ لەنێـو ئـەم میـرو سـەربازانەدا کۆمەڵێـك کـوردی تێـدا هەبـێ [5]

(١) المؤلـف المجهـول (پ١٢٨)٢٩٠؛ خواندمیـر، **روضـة الصفـا** (ترجمـة عـن الفارسـية و تـح: حمـد عبدالقـادر الشـادلي، دار المصريـة ، ١٩٨٨م) ٢٥٣.

(٢) أركان طەعبـد، **العلاقـة بيـن الخلافـة العباسـية والدولـة الخوارزميـة في عهـد الخليفـة ناصرالديـن اللـه** (مجلـة الدراسـات التارخيـة والحضاريـة، مجلـد: ٥، العـدد: ١٥: اذار ٢٠١٣) ٢١٣.

(٣) خوافـی (پ١٧) ٧٦٨/٢؛ عبـاس اقبـال اشـتيابی (پ٢٧) ٣٧٨؛ صـبری سـليم، **الاتـراك الخوارزميـەفي الـشرق الادنـى الاسـلامي** (القاهـرة، ٢٠٠٠م) ٢٠

(٤) ابن الاثير (پ٢٤)٣٧٢/١٠؛ ابو الفداء (پ٤٨) ١٤٧/٣.

(٥) نافع تۆفيق العبود (پ١٠) ١٩٥.

## ٢- هۆکارەکانی شکستی لەشکرکێشیەکە:

کاتێـك کـە خوارزمشـا لەگـەڵ سـوپا گەورەکـەی بـەرەو هەمـەدان بەڕێکەوتـن، ئامـاژەکان وا دەردەخـەن کـە چـوار سـەد بـۆ شـەش سـەد هـەزار سـەربازی لەگـەڵ بووبـێ، کـە سـاز و تەیـاری کردبـوون بـۆ هێـرش کردنـە سـەر بەغـدای پایتەختـی دەوڵەتـی عەباسـی [١]، دوای ئـەوەی نزیکـەی دوو تـا سـێ ڕۆژ لـە ئەسـەد ئابـادی نزیـك هەمـەدان مانـەوە، هێرشـەکەیان دووچـاری تێکشـکانێکی گەورەبـوو بەهـۆی سـەرما و سـۆڵەو بارینـی بەفرێکـی زۆر لـە ناوچەکـە [٢]، هەڵبەتـە هاتنـە ئـارای ئـەم جـۆرەی دیـاردە سروشـتیە، پەیوەسـتە بـە دۆخـی کـەش و هـەوای ناوچەکـە لـە وەرزی سـەرما و سـۆڵەدا، کـە بەفرێکـی زۆری لـێ دەبـارێ و سـەرما و زریانـی زۆری هەیـە [٣]، هەروەکـو بـە هـۆی ئـەم دیاردەیـەش یەکێـك لـە شـاعیران دەڵێـت:

"نثر السحاب من السماء دراهماوكسا الجبال من الحواصل ملبسا

والريح باردة الهبوب كانها انفاس من عشق الحسان وأفلسا" [٤]

هەروەهـا ڕۆڵـی کـورد و تورکەکانـی دانیشـتووی ناوچەکـە هەراسـانیان کردبـوون بـە هێرشـی لەنـاکاوی پارتیزانـی یەکێکـی دیکـە بـوو لـەو هۆکارانـەی کـە بـووە هـۆی تێکشـکانی لەشـکرە گەورەکـەی ناوبـراو [٥].

شـایانی باسـە بەهـۆی ئـەو تێکشـکانە گەورەیـەی سـوپای خوارزمـی زۆربـەی سـەرباز و ئەسـپ و باربـەری لەدەسـتدا و ژمارەیەکـی کەمیـان رزگاربـوون و پاشەکشـەیان کـرد، بەمـەش خەونـی لەناوبردنـی خەلافەتـی بـۆ نەهاتـەدی [٦].

---

(١) ابـن تغـري الـبردي، **نجـوم الزاهـرة في ملـوك مـصر والقاهـرة** (تـح: وزارة الثقافـة والارشـاد القومـي، مـصر، د . ت) ٦/ ٢١٩.

(٢) ابـن الكثيـر، **البدايەوالنهايـة** (تـح: محمـود محمـد سـعيد، دار ابـن الكثيـر، ديمشـق- بيـروت، ٢٠١٠م)٧٩/١٠؛ الغسـاني (پ٢١١) ٣٥٦/١.

(٣) ابن الفقه الهمداني، **البلدان** (تح: يوسف الهادي، بيروت، ١٩٩٦م) ٤٧٦.

(٤) النسوي (پ٦٠) ٦٤.

(٥) ابن الاثير (پ٢٤) ٣٧٢/١٠؛ ئەمین زەکی بەگ (پ١٢٩) ١٣٤.

(٦) ابن الاثير (پ٢٤) ٣٧٢/١٠؛ النسوي (پ٦٠) ٦٤؛ مەهدی هەروتی (پ٢٢٩) ١٩٩.

## ٣- ئەنجام و لێکەوتەکانی لەشکرکێشی خوارزمی بۆ سەر هەمەدان:

ئاشکرایە لەشکرکێشی و هێرشکاری هێزە سەربازییەکان بە نیازی داگیرکاری وڵاتان بێ وێرانکاری و تاڵانکاری و کوشتاری لایەنی بەرانبەر نابێ، هەڵبەتە لەشکرکێشی خوارزمییەکانیش بۆ سەر هەمەدان بە تایبەتی و هەرێمی چیا (عیراقي عەجەم) بە گشتی لەم هەڵوێستە بەدەر نییە، ئەوەتا لە یەکەم هێرشیاندا ساڵی (٥٩٠ك/١١٩٥ز) کە دەستییان بە سەر ناوچەکەدا گرت بە شێوەی توندوتیژی و ستەمکاری مامەڵەیان لەگەڵ دانیشتوانی هەرێمەکە دەکرد چەکەکانیان دادەماڵین و دەستیان بەسەر ماڵ و سامانیاندا دەگرت، سەربازەکانیان هەتا توانیان تاڵانی دانیشتوانی گوندەکانیان کرد [١]، هەروەها سوڵتانی خوارزم فەرمانی کرد بە دروستکردنی کۆشکی (جوسق) لە نێوان (دزج و قاسم ئاباد) بۆ ڕاییکردنی کاروباری دەوڵەت لەلایەن میر و کاربەدەستەکانی، کە لە ماوەی مانگێك تەواویان کرد [٢] .

ساڵی (٥٩٢ك/١١٩٥ز) (مؤيدالدين القصاب) وەزیری خەلیفە، دەستی بەسەر عێراقدا گرت و خوارزمییەکانی دەرکردن، پاشان لە کۆشکی خوارزمشا دابەزی، نیگەرانی و نارەزای دانیشتوانی ناوچەکە هەستی پێدەکرا، بەو پێیەی کەوا لە هەرێمی خوزستان چەند بڕیار و ڕاسپاردەیەکی بەسەر جوتیاراندا سەپاندبوو، جوتیارانی عێراقیش لە زەوی و زار و موڵکەکانیان دڵنیا نەبوون کە وەزیر دەستی بەسەردا نەگرێ داوای ماڵ و سامانیان لێ نەکا، ئەوەبوو پێی ڕاگەیاندن کە: "زەوی هی میری بڕوادارانە (الامير المؤمنين) کەس بۆی نیە داوای خاوەنداریەتی بکات" لەلایەکی دیکەش بە موڵکی گشتی تێر نەدەبوو چاوی بڕیبووە سەر سامانی هەتیوان و دەستدرێژی دەکردە سەر ماڵ و موڵکیان [٣] کە ئەمەش پێچەوانەی ئایەتی قورئانی پیرۆزە لە سورەتی (الانعام) ئایەتی (١٥٢) داهاتووە "وَلَا تَقْرَبُواْ مَالَ الْيَتِمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحسَنُ حَتَّى يَبلُغَ أَشُدَّهُ " [٤].

---

(١) الراوندي (پ٩٠) ٥١٩.

(٢) الراوندي (پ٩٠) ٥١٩.

(٣) الراوندي (پ٩٠) ٥٢٩.

(٤) واتە: نزيك ماڵ و سامانی هەتیو مەکەون مەگەر بەچاکی و لەقازانجی نەبێت هەتا

هەر لە هەمان ساڵی ئاماژەپێکراودا کاتێ کە لەشکری خوارزمییەکان بە سەرکردایەتی (میاجق) بۆ دەرکردنی سوپای خەلیفە هێرشیان کردە سەر هەمەدان، دەستیان کرد بە تاڵانکردنی سامانی گشتی و جوتیاران و کوردەکان لە دەوروبەری هەمەدان و نێردراوی ناردەلای دانیشتوانی شار و پێی ڕاگەیاندن: "لە سوڵتان یاخی مەبن ئەگینا ئاگر لە شارو وڵایەت بەردەدەم"[1].

کاتێ کە (میاجق) لە خوارزمشا هەڵگەڕایەوە پەلاماری هەمەدانیدا و بۆ ماوەیەکی کەم دەستی بەسەر تەواوی عێراقدا گرت، کە پێشڕەوی هێرشکاری سوپاکەیان گەیشتە شاری کرماشان و سنورەکانی ئەبهەر و زنجان، چاویان لە هیچ شتێك نەپۆشی لە زوڵم و ستەم و تاڵانی و کاولکاری ناوچەکە، بەپێی ئاماژەی (الراوندي) کە دەڵێ: "ئەوەی (میاجق) کردی لەسەر دەستی بێباوەڕەکانی ئەبخازی و تورکە خەتائیەکان و خاچ دورشمەکان نەکراوە". ([2].

لە شاڵاوە گەورەکەی سوڵتان (علاءالدین محمد)ی ساڵی (٦١٤ك/١٢١٧ز) بۆ سەر هەرێمی چیا، کە بەنیازی ڕووخاندنی خەلافەتی عەباسی هاتبوونە ناوچەکە، دوای ئەوەی کە لەشکرەکەی دووچاری شکست بوو کاروباری هەمەدانی بەیەکێك لە خزمە نزیکەکانی دایکی سپارد بە ناوی (ئیغان طائیسي) و خۆی گەڕایەوە خوراسان، فەرمانیکرد بە قەدەغەکردنی ناوهێنانی خەلیفە (الناصر لدین اللە) لە وتاری هەینی لە تەواوی مزگەوتەکانی شار و هەرێمەکانی سەر بە دەوڵەتی خوارزمی[3].

---

ئەو کاتەی گەورە دەبیت و بە تەواوی پێدەگات. بورهان محمد امین، **تەفسیری ئاسان بۆ تیگەیشتنی قورئان** (کتێبخانەی ڕۆشنبیر، سلێمانی- هەولێر، چ٣، ٢٠٠٢ز) ١٤٩.

(١) (پ٩٠)٥٣٠-٥٣١.

(٢) (پ٩٠) ٥٥٢-٥٥٣.

(٣) ابن الاثیر (پ٢٤) ١٠/ ٣٧٢؛ ابو فداء (پ٤٨) ١٤٧/٣.

## تەوەرەی دووەم

## هێرشــی خوارزمییــەکان بــۆ ســەر شــاری داقــوق ســالی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز)

داقــوق شــارێکی نــاسراوە، دەکەوێتــە نێــوان هەولێــر و بەغــدا [١]، لــە دوای ســەرهەڵدانی ئەتابەگیــەی زەنکــی لــە موســل ســاڵی (٥٢١ك/١١٢٧ز) ئــەم شــارەش وەکــو شــارەکانی دیکــەی کوردســتان بــوو بــە بەشــێك لــە ناوچەکانــی ژێــر قەلەمــڕەوی ئەتابەگیــەی ناوبــراو [٢]، ســاڵی (٥٧٩ك/١١٨٣ز) شــارەکە گەڕایــەوە ژێــر ڕکێفــی خەلیفــەی بەغــدا، بــە هــۆی هاتنــە ئــارای بارودۆخیــك کــە (عزالدیــن مسعودی کــوڕی قطب‌الدیــن مــودود) ئەتابەگــی موســل (٥٧٦-٥٨٩ك/١١٨٠-١١٩٣ز) هەڵســا بــە دســتگیرکردنی (مجاهدالدیــن قایــماز)ی بریــکاری ئەتابــەك لــەو ناوچانــە، ئیــتر بــوار بــۆ خەلیفــە ڕەخســا کــە شــارەکە بگەڕێنێتــەوە ژێــر ڕکێفــی خەلافــەت [٣].

### ١- پاڵنەری هێرشی خوارزمیەکان بۆ ناوچەکە:

دوای ئــەوەی کــەوا جەنگیزخــان گەڕایــەوە وڵاتەکــەی و وڵاتــی ئێرانــی بەجێهێشــت ســوڵتان (جلال‌الدیــن منکــبرنی)ش ســاڵی (٦٢١ك/١٢٢٤ز) لــە ڕێگــەی کــچ و مکــران لــە وڵاتــی هنــد گەڕایــەوە کرمــان [٤]، لــەو ماوەیــەدا (غیاث‌الدیــن)ی بــرای دەســتی

(١) یاقوت الحموي (پ٤) ٤٥٩/٢

(٢) زەکی‌بەگ (پ١٢٩) ١٣١.

(٣) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٢٩٥/٢١؛ ئاریان جمال اسماعیل هرزانی، **داقوق دراسة فی تاریها السیاسی والحضاري (١٦-٦٥٦هـ/٦٣٨-١٢٥٨م)**، (رسالة الماجستیر، کلیةالاداب، جامعة صلاح الدین، أربیل، ٢٠٠٩م) ٦١.

(٤) القزویني (پ٩٤) ١١٧؛ کارل بروکمان، **تاریخ الشعوب الاسلامیة** (ت: نبیه‌امین فارس و منیر البعلبکي، دار العلم للملایین، ط٥، بیروت، ١٩٦٨م) ٣٨٦.

بەسەر هەرێمی فارسدا گرتبوو، منکبرنی توانی بە یارمەتی (بوراق عاجب)ی فەرمانڕەوای کرمان دەسەلاتی بەسەر تەواوی ئەو هەرێمانەدا بسەپێنی [1]، ئینجا بەرەو هەرێمی خوزستان کەوتەڕێ، ملکەچی و گوێڕایەڵی ئەو هەرێمەشی مسۆگەرکرد [2] ، سەرکردە لوڕەکانیش پاڵپشتی و هاوسۆزی هەرێمەکەی خۆیانی بۆ دووپات کردەوە بەهۆی هەبوونی پەیوەنی پێشووی سەردەمی سوڵتان (علاءالدین محمد)ی باوکی و تکشی باپیرەی [3].

ئینجا پەیامێکی بۆ خەلیفە (الناصر لدین الله) ڕەوانەکرد، لە پەیامەکەدا داوای یارمەتی و هەماهەنگی کرد، بۆ ئەوەی بەرەیەکی ئیسلامی فراوانی هاوبەش پێکبهێنن لە دژی مەغۆلەکان بۆ دوور خستنەوەیان و ڕزگاربوون لێیان، بەلام خەلیفەنەك بەدەم داواکاریەکەیەوە نەچوو بەهۆی ڕق و توڕەیی کە لە سوڵتانەکانی پێش ئەو (علاءالدین تکش و علاءدالین محمد)ی باوك و باپیرەی هەیبوو لەسەر ناکۆکی و نالەباری پەیوەندییان [4] بەڵکو سوپایەکی بیست هەزار سەربازی بۆ ڕەوانکرد بەسەرکردایەتی (جمال‌الدین قشتمر)، سوڵتانیش کە دۆخەکەی بەم شێوەیە بینی و لە یارمەتی خەلیفە بێ ئومێد بوو فشاری خستە سەر شاری توشتەری [5] سەر بە خەلافەت و دەستی بەسەردا گرت، سەربازانی خەلیفەی لێ دەرپەڕاند، هەرچەندە (مظفرالدین) ناسراو بە ڕوخساری شێر کە میری ناوچەکە بوو بەرگرییەکی بوێرانەی کرد بەلام لە بەردەم شالاوی سوڵتان خۆی ڕانەگرت و ناوچەکەی بەجێهێشت [6]، دوای دوو مانگ لە گەمارۆی سەر توشتەر و زاڵبوون بەسەر سوپای خەلیفە لە پێشڕەوییەکانی بەردەوام بوو بە

---

(١) النسوي (پ٦٠) ١٧٤-١٧٥؛ عبدالسلام عبدالعزيز فهمي، **تاريخ الدولة المغولية في ايران** (دار المعارف، القاهرة، ١٩٨١م) ٨٦.

(٢) ابوالفدا (پ٤٨) ١٦٧/٣.

(٣) رمضان شريف زبير الداودي، **لورستان الكبرى (٥٥٠-٨٢٧هـ/١١٥٥-١٢٢٤م)**، (دراسة فى احوالها السياسية والحظارية، رسالة ماجستير، كلية الآداب جامعة صلاح الدين، ١٩٩٤م) ٧٥.

(٤) عباس اقبال اشتيابى (پ٢٧) ٣٣٣؛ بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە لاپەڕە: (٤٧، ٥٤ )ی توێژینەوە.

(٥) گەورەترین شاری هەرێمی خوزستان بوو لەو ڕۆژگارە بەعەرەبی پێیان دەگوت شوشتر. ياقوت الحموي (پ٤) ٩٢/٢.

(٦) الغساني (پ٢١١) ٤٠٢.

ئاراستەی بەغدا تا گەیشتە گوندی بەعقوبا کە نزیکەی حەوت فرسەخ [٤٢کم] لە بەغداوە دوورە، هەرکە هەواڵی نزیکبوونەوەی سوپای خوارزمی بەشاری بەغدا گەیشت ، هەڵسان بە قایمکاری شار و ئامادەکاری جەنگ و هەڵگرتنی چەك، سوپای خوارزمیش دەستیکرد بە تاڵانکردنی ناوچەکە (١)، بەپێی ئاماژەی (ابن نظیف الحموي)، منکبرنی بیستوهەشت ڕۆژ لە نزیك بەغدا مایەوە، بەڵام بەر لەوەی بگاتە ئەو ناوچەیە بە فەرمانی خەلیفە زەویەکانیان کێلابوو ئالف و ئالیك بۆ ئەسپەکانیان نەمابوو بۆیە ئاراستەی پێشڕەویەکانیان گۆڕی و ڕوویان کردە داقوق (٢)، ئەنجامی کێشە و ململانێکانی خەلیفە و سوڵتان، شاری داقوقی خستەبەر پەلامار و هێرشە وێرانکارییەکانی سوپای خوارزمی.

لێرەدا دوو بۆچوونی مێژوونوسانی هاوسەردەمی ڕووداوەکە لەبارەی هۆکاری گۆڕینی ئاراستەی هێرشی (جلال‌الدین) لە داگیرکردنی شارەکە دەخەینەڕوو، (ابن الاثیر) پێی وایە سوڵتانی خوارزم، ڕووی لە شارەکە کرد بە نیازی داگیرکردن، چونکە کە بەعقوبای بەجێهێشت گەمارۆی داقوقیدا، بەڵام (النسوی) سەرنج دەخاتە سەر ئەوەی کە نیازی تێپەڕینی هەبووە بەوێدا بۆ ئازربایجان، بەڵام خەڵکەکە چوونەتە سەر شورەی شار و جنێویان پێداون، بە بیانووی ئەوەی کە دەستدرێژیان کردۆتە سەر ناوچەکانی قەلەمڕەوی خەلافەت بۆیە بڕیاریاندا هێرشیان بکەنە سەر (٣)، لەنێو ئەم دوو گێڕانەویەدا ڕای (ابن الاثیر) زیاتر لە ڕاستیەوە نزیکە، چونکە منکبرنی بەرلەوەی بگاتە داقوق تاڵانکاری زۆر ناوچەی تری کردبوو ویستی هەمان وێرانکاریش بەسەر شارەکە بێنێ، لەلایەکی دیکەش نیازی سوپای خوارزمی لای خەڵکی داقوق ڕوون بوو بۆیە هەر زوو ئامادەباشی شەڕ و قایمکاری شورەی شاریان کردبوو، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە (النسوي) مێژوونوس و هەمەکارەیەکی دەرباری خوارزمییەکان بووە، بۆیە بیانوو بۆ هێرشکردنە سەر شارەکە دێنێتەوە تاوەکو پاکانەی ئەو کۆمەڵکوژیەبکات، کە لە سەر دەستی خوارزمییەکان کراوە (٤).

---

(١) ابن الواصل (پ٢٣) ١٤٤/٤

(٢) **تاريخ المنصوري** (تح: ابو العيد دودو، مطبعة الحجاز، ديمشق، ١٩٨١م) ١٠٩.

(٣) (پ٢٤) ٤٤٤/١٠؛ (پ٦٠) ١٩٣.

(٤) قادر محمد حسن (پ٢١٧) ١٦٥.

### ٢- سەرکەوتنی گەمارۆی سەر شارەکە:

منکبرنــی بەهــەر هۆکارێــك بــێ لــە ســاڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز) لــە گونــدی بەعقوبــا ســوڕایەوە بــەرەو داقــوق بــەڵام ســەرەتا نەیتوانــی بچێتــە نــاو شــار بەهــۆی بەرگریــە تووندەکــەی خەڵکــی شــار، چونکــە دانیشــتوانەکەی پێزانینیــان هەبــوو لــە ســەر تاڵانــکاری و کاولــکاری ســوپای خوارزمیلــەو ناوچانــەی کــە دەکەوتــە بــەر شــاڵاویان، ســوڵتان فەرمانیکــرد گەمــارۆی شــار بــدەن، بــەو شــێوەیە شــەڕی شــورەی شــار دەســتی پێکــرد، خەڵکەکــەی درێغیــان نەکــرد لــە پارێــزگاری کردنــی شــورە و دیــوارەکان و بەرپەرچدانەوەیــان بەجنێــودان و هاندانــی جەنــگاوەران و ورەپێدانیــان، بــەڵام ســوڵتان کــە ئــەو شــێوە بەرگریــە جوامێریــەی بینــی، هێرشــی ســەر شــارەکەی توونــدتــر کــرد و دڵرەقانــە لــە بەرانبەریــان جوڵایــەوە و بەزەبــری هێــز شــارەکەی داگیــر کــرد [1].

لەگــەڵ داگیــر کردنــی شــارەکەدا بەربوونــە گیانــی خەڵــك و قەلاچۆکردنیــان، دەســتیان کــرد بەگرتــن و کوشــتنی دانیشــتوان و وێرانکردنــی شــار و تاڵانکردنــی مــاڵ و ســامانیان [2]، ئەمــەش بــوو بــە جێــگای بــاس و خواســی مێژوونووســان لــە لاپــەڕەی کتێبەکانیــان ڕەنگــی دایــەوە، هەریەکــە و بــە جۆرێــك ڕووداوی مەرگەســاتی ئــەم شــارەمان بــۆ دەگێڕنــەوە لــە ســەر دەســتی خوارزمییــەکان، کــە دووچــاری نەهامەتییەکــی یەکجــار گــەورە بۆتــەوە و خەڵکێکــی زۆر لەناوچــوون، لــە دەقــی ئامــاژەی هەریــەك لــە (سـبط ابــن الجــوزي و ابــو شــامه)دا هاتــووە" (جلالالدیــن منکــبرنی) لەمانگــی ربیــع الاول گەیشــتە شــاری داقــوق و بــەزۆری و زۆرداری دەســتی بــە ســەردا گــرت، شمشــیری لــە خەلکەکــەی بــەکار خســت و مــاڵ و ســامانی تاڵانکــردن، پیرۆزیەکانــی دیــل کــردن و ئابــڕووی ئافرەتانیــان بــرد، شــارەکەی ســوتاند و شــورەو دیوارەکانــی ڕوخانــدن" [3]، لــە ئاماژەیەکــی دیکــەدا هاتــووە ئــەوەی بەرانبــەر بــەم شــارە کــراوە لــە هێرشــی خوارزمییــەکان بەرانبــەر بــە بێبــاوەڕان نەکــراوە تەنانــەت شــارەکەیان ئاگــر تێبەرداوە [4]، (المقریــزي) پێــی وایــە ئــەوەی (جلالالدیــن منکــبرنی) بەســەر ئــەم شــارەی هێنــاوە

---

(١) ابن الاثير (پ٢٤)١٠/٤٤٤؛ الغساني (پ٢١١) ٤٠٢-٤٠٣.

(٢) النسوي (پ٦٠) ١٩٣؛ ئاريان جمال اسماعيل هرزاني (پ٢٦٢) ٦٦؛ رەسول ابراهيم رەسول (پ١) ١٢٨.

(٣) (پ١٧٩) ٢٧٣/٢٢؛ (پ١٣٤) ٢١٧/٥.

(٤) الذهبي (پ١٠٨) ٨٥/٣؛ ابن العماد (پ٢١٥) ١٧١/٧.

لەڕووی وێرانکاری و تاڵانکاری و لەناو بردنی خەڵکی، کارێکی هێندە قێزەون بوو، مەگەر ئەمە تەنها لەمەغۆل بوەشێتەوە [١]، هەر بەهۆی ستەمی خوارزمییەکان زۆرێك لەخەلکی شار پەڕاگەندەو دەربەدەر بوون لەپێناو پاراستنی گیانیان شاریان جێهێشتو ڕوویان لەناوچەو هەرێمەکانی دەوروبەر کردووە بۆیەهەر تەنها ئەوان بێ وەیی دەرچوون [٢]، دیارەخوارزمییەکان هەر بەوەشەوەنەوەستاون، بەڵکو دەستەیەکیان پەلاماری گوندەکانی دەوروبەریان داوەوەك ئەلبت و ئەرزدان، بەڵام دانیشتوانەکەی ئەوێش ڕایانکرد بۆ شاری تکریت [٣].

## ٣- ئاکامی کۆتایی هێرشەکە:

داگیرکردنی داقوق تا کۆتایی مانگی ڕەبیعی یەکەمی هەمان ساڵی خایاند [٤]، لەبەر ئەوەی نیازی هێرشکرنی هەبوو بۆ سەر شاری بەغدا [٥]، بۆیە بۆ پێشگرتن لە شاڵاوەکەی منکبرنی خەلیفە دوو سوپای ڕەوانکرد بۆ ناوچەکە، یەکێکیان لە باکورەوە بە سەرکردایەتی (مظفرالدین کوکبوری) سەرداری هەولێر، ئەوەی دیکەیان لە باشورەوە بە سەرکردایەتی (جمال‌الدین قشتمر)، ناوبراو دەستپێشخەری کرد بۆ گەیشتن بە هێزی منکبرنی پێش سوپای کوکبوری بەڵام منکبرنی توانی بەری پێبگرێت و هێزەکەی تێکبشکێنێت و لەشکرەکەی بەرەو بەغدا بگەڕێنێتەوە [٦]، هەرچی لەشکرەکەی کوکبوری بوو کەوا لە باکورەوە

(١) **السلوك لمعرفەدول الملوك** (تح: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٧) ٣٣٩/١.

(٢) ابن الاثير (پ٢٤) ٤٤٤/١٠.

(٣) ابن الاثير (پ٢٤) ٤٤٤/١٠.

(٤) ابن الواصل (پ٢٣) ١٤٥/٤.

(٥) اليافعي، **مراة الجنان و عبرة اليقظان** (تح: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٧م) ٤٠/٤.

(٦) هەرچەندی سوڵتانی خوارزم بەقشتمر ڕادەگەیەنێت کەبۆشەڕ نەهاتووەبەڵکو بۆرێککەوتن هاتووەلەگەڵ خەلیفەبەڵام نەیتوانی قەناعەتی پێ بکات بۆیەبەناچاری شەڕ لەنێوانیاندا ڕوو دەدات، ئەنجامی شەڕەکەش بەتێکشکانی سوپای خەلیفەو کوژرانی قشتمری سەرلەشکر کۆتایی هات لەشکری خەلیفەگەڕایەوەبەغدا. خوافی (پ١٧) ٧٧٧/٢. لەئاماژەی بناکتیشدا هاتووەکاتێك سوڵتان هێزەزۆرەکەی قشتمری بینی پەیامی بۆ نارد کەبۆ شەڕ نەهاتووە، بەڵام ناوبراو گرنگی پێنەدا سەرەنجام کوژرا. (پ٢٤) ٣٧٩.

پەلاماریـدا نەیتوانـی بـە سـەریدا سـەرکەوێ، چونکـە بـەر لـە گەیشـتنی کوکبـوری منکبرنـی بۆسـەی بـۆ دانایـەوە، بۆیـە شکسـتی خـوارد و خۆشـی لـە مەیدانـی شـەڕەکەدا بـە دیـل گیـرا، بـە پێـی ئامـاژەی (خوافـی، م.٨٤٩ك/١٤٤٥ز) هێنایانـە بـەردەم سـوڵتان زۆر لێـی پاڕایـەوە تاکـو بیبەخشـێ، سـوڵتانیش بەزەیـی پێـدا هاتـەوە و ئـازادی کـرد [(١)].

لـە ئاماژەیەکـی دیکـەدا هاتـووە کوکبـوری ویسـتی لەپـڕ پەلامـاری منکبرنـی بـدات بـەڵام ئـەو زووتـر دەسـتی پێشخسـت و کەوتـە هێـرش بـردن و دەرفەتـی لـێ بـڕی و لەشـکرەکەی تێکشـکاند لـە مەیدانـی شـەڕەکەدا سـەربازانی گرتیـان و بردیانـە بەردەمـی سـوڵتان بـەڵام سـوڵتان ڕێـزی لێگـرت و فەرمانـی کـرد ئـازادی بکـەن، داوای لێکـرد بگەڕێتـەوە وڵاتـی خـۆی، (مظفرالدیـن) لـە ڕەفتـاری خـۆی پەشـیمان بـۆوە و ڕێکەوتننامەیەکـی لەگـەڵ بەسـت و گەڕایـەوە هەولێـر [(٢)]، بـە هـۆی ئـەو تـرس و دڵەڕاوکێیـەی خوارزمییـەکان کـە لـە ناوچەکـە بڵاوبـۆوە، خەڵکـی بوازیجـی [(٣)] سـەر بـە ئەتابەگیـەی موسـڵ پەیامیـان بـۆ سـوپای خوارزمـی نـارد لەگـەڵ مـاڵ و سـامانێکی زۆرو داوای ئەمـان و پارێزێگارییـان لێکـردن [(٤)].

شـایانی باسـە لـە کۆتایـی مانگـی ڕەبیعـی یەکـەم منکبرنـی دەسـتی لـە داقـوق بـەرداو بـەرەو ئازربایجـان کەوتـەڕێ، لـە ئەنجامـی هاتنـە ئـارای ڕێکەوتنـی ئاشـتی لەگـەڵ (مظفرالدیـن کوکبـوری) سـەرداری هەولێـر کـە پەیمانـی گوێڕایەڵـی و پاڵپشـتی بـۆ دەربـڕی و مـاڵ و سامانێکی زۆری بـۆ ڕەوانکـرد و داوای لێکـرد کـەوا داقـوق بەجـێ بێڵـێ، چونکـە ئـەو شـارە موڵکـی خەلیفەیـە و بچێتـە ئازربایجـان، کـە (اوزبـك کـوڕی پهلـوان)ی دوژمنـی لەوێیـە [(٥)]، جگـە لەمـەش خەلیفـە ئامـادەکاری خـۆی کردبـوو لـە قایمـکاری و دامەزراندنـی مەنجەنیـق و دابەشـکرنی چـەك و پـارە و سـامان بەسـەر سـەربازەکانی بـۆ ڕووبەڕووبونـەوەی منکبرنـی ئەگـەر هێرشـی هێنـا بۆسـەر بەغـدا

---

(١) (پ١٧) ٢/٧٧٧.

(٢) وصاف الحضری، **تاریخ وصاف** (تح: عبدالمحەمد آیتي، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، تهران، ١٣٦٢ش)٣٣٨؛ محسـن محمـد (پ١٧٨) ١٨٣.

(٣) شـارەدێیەکی نزیـك شـاری تکریتەلەسـەر لێـواری زێـی خـوارو کەدەڕژێتەڕوبـاری دیجلـە. یاقـوت الحمـوي (پ٤) ١/٥٠٣.

(٤) ابن الاثیر (پ٢٤) ١٠/٤٤٤.

(٥) ابن الواصل (پ٢٣) ٤/١٤٥؛ الحمیري (پ٢٨٨) ٢٤٤.

[1]، لـە لایەکـی دیکـەش هەواڵـی ئـەوەی پێگەیشـت کـەوا (ایغـان طائیـسي خالـی غیاث‌الدیـن)ی بـرای دەسـتی بەسـەر بەشـێکی ئازربایجانـدا گرتـووە و تاڵانـی کـردووە.[2]

(١) الذهبيي (پ١٠٨) ١٨٥/٣.

(٢) ابـن الجـزري، **المختارمـن تاريـخ ابـن الجـزري** (تـح: خضيـر عبـاس محمـد، دار الكتـاب العـربي، بيـروت، ١٩٨٨م) ١١٩.

# تەوەرەی سێیەم
# دەست بەسەرداگرتنی ئازربایجان و هۆکارەکانی

ئازربایجـان هەرێمێکـی فراوانـە دەکەوێتـە نێـوان هەرێمـی کوهسـتان و ئـەران [١]، سـنوورەکەی لەرۆژهەڵاتـی وڵاتـی دەیلـەم و گەیـلان هـەن لـە ڕۆژئـاوای دەریـای قەزویـن، لـە ڕۆژئاوایـەوە ئەرمینیـا و گورجسـتان (جۆرجیـا) ی ئەمـڕۆ و لـە باشـووریەوە هەرێمـی چیـاکان و عێراقـە، بـەڵام سـنووری باکـووری بەڕووبـاری ڕس (ئـاراس) دەسـت پێـدەکات کـە سـنوورێکی سروشـتیە لـە نێـوان ئـەم هەرێمـە و هەرێمـی ران (اران) و شـێروان [٢]. ئـەم هەرێمـە لـە دیـدی گەڕیـدە و وڵاتناسـان بـەم شـێوەیە باسـی کـراوە، (اليعقـوبي. م. ٢٨٤ك/٨٩٧ز) وەکـو هەرێمێکـی سـەربەخۆی بـاس نەکـردووە و نـاوی چەنـد شـارێکی کـوردی دەهێنێـت و بـە کورتـی لێـی دەبڕیتـەوە وەك (مەراغـە و ئورمیـە و سـەلماس و خویـی)، بـەڵام هیـچ ئامـاژە بـە چۆنیەتـی شـارەکە و مـاوەی نێوانیـان و جـۆری دانیشـتوانیان نـاکات [٣]. (ابـن حوقـل) کـە لـە سـەدەی چوارەمـی کۆچـی ژیـاوە، ئەرمینیـا و ئازەربایجـان و ڕان (اران) بـە یـەك هەرێـم دادەنـێ و نـاوی ئـەم شـارە کوردیانـە دەهێنـێ، کـە سـەر بـە هەرێمەکـەن وەك: (بدلیـس و مەراغـە و سـەلماس و خویـی و خـەلات و ئورمیـە و ئەشنەشـنۆ) [٤]. (المقـدسي) ئازربایجـان بـە هەرێمـی (الرحـاب) نـاو دەبـات ئەویـش بـە هەمـان شـێوە کـە لـە سـەدەی چوارەمـی کۆچـی ژیـاوە نـاوی ئـەم شـارانەی کـوردی هێنـاوە (ملازگـرد و بدلیـس وخـەلات و ئەرجـش و خویـی و سـەلماس و داخرقـان و مەراغـە و ئورمیـە) [٥]، لـە ڕووی بەڕێوەبردنـەوە لـەو مـاوەی کـە لێیـەوە دەدوێیـن ئەتابەگییـەی ئیلدگـزی حوکمڕانـی هەرێمەکـە

(١) القزويني (پ٩٤) ٢٨٤.

(٢) حسام الدين النقشبەندي (پ١٧٦) ٣١.

(٣) (پ٢٠٠) ٨٠.

(٤) (پ٧) ٢٨٧.

(٥) **احسن التقاسم في معرفة الاقاليم** (دار الصادر، ط٢، بيروت، ١٩٩١م) ١٦٥.

بـووە تـا پەلامـاری خوارزمییـەکان بـۆ سـەر ناوچەکـە ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز)کۆتایـی بـە دەسـەڵاتیان هاتــووە.

پــاش ئــەوەی ســوڵتانی خــوارزم داقــوق و دەوروبــەری ملکەچــی فەرمانەکانــی کــردن ڕووی لــە ئازربایجــان کــرد، دیــارە ئەمــەش بــۆ چەنــد هۆکارێــك دەگەڕێتــەوە، لەوانــە کاتــێ کــە هەواڵــی پێگەیشــت (ایغــان طائیــسي) خاڵــی (غیاثالدیــن)ی بــرای بــە هێزێکــی گــەورەوە دەســتی بــە ســەر بەشــێکی ئــەو هەرێمــەدا گرتــووە و تــاڵان و بڕۆیەکــی زۆری ئەنجامــداوە، بــەو پێیــە کــەوا لــە لایــەن خەلیفــەوە ئاراســتە کرابــێ کــە دەســت بەســەر هەمەدانــدا بگرێــت [١]، لــە لایەکــی دیکــەش گورجیــەکان تەنگیــان بــە هەرێمەکــە هەڵچنیبــوو و ببوونــە هەڕەشــە لــە ســەر وڵاتەکــەی [٢]، منکبرنــی داقوقــی بەجێهێشــت و بەڕێکــەوت بــەرەو ئازربایجــان، کــە گەیشــتە شــارەزوور [٣] لای فەرمانــڕەوای ناوچەکــە (عمادالدیــن) زەنگــی ســێیەم، زاوای (مظفرالدیــن کوکبــوری) دابــەزی و پشــوویەکیدا، ناوبــراو بــە دوای دەرفەتێکــدا دەگــەڕا کــەوا حوکمڕانــی موســل وەربگرێتــەوە لــە (بدرالدیــن لؤلــؤ) کــە لێــی زەوت کردبــوو، زەنگیــش بــە مــاف و موڵکــی خــۆی دەزانــی، بۆیــە ئــەم هاتنــەی منکبرنــی بــە هەلێکــی بــاش لێکدایــەوە کــە ئــەم بــاس و خواســەی لەگــەڵ تاوتــوێ بــکات، منکبرنیــش بــە بەڵێنــی بریقــەدار دڵخۆشــی کــرد [٤].

هــەر کەمنکبرنــی لەگــەڵ ســوپاکەی نزیکــی ئازربایجــان بــوو، ســوپای (ایغــان طائیسي) پەیوەندییــان پێوەکــرد و پەیوەســتی بــوون و ســەرکردەی خۆیــان بەجێهێشــت، بەمــەش ســوپای ســوڵتان زۆر زیــادی کــرد، تایســیش لــە ڕێگــەی هاوســەرەکەی کــە خوشــکی منکبرنــی بــوو ئەمانــی وەرگــرت [٥]، کاتــێ کــە منکبرنــی پێــی نایــە هەرێمەکــە دانیشــتوانی شــاری مەراغــە پەیامێکیــان دایــە (شرف الملــك)ی وەزیرەکــەی بــۆ ئــاگادار کردنــەوەی ســوڵتان لــە لاوازی و بــێ دەســەڵاتی (اوزبــك کــوڕی پهلــوان) فەرمانــڕەوای

(١) ابن االاثیر (پ٢٤) ٤٤٧/١٠؛ ابن الجزري (ث٢٩٠) ١١٩؛ ابن خلدون (پ٢١) ١٤٦/٥.

(٢) الذهبي (پ١٧٣) ١٣٠/٢.

(٣) ناوچەیەکــی فراوانــە لــە هەرێمــی چیــا لــە نێــوان هەولێــر و هەمــەدان. یاقــوت الحمــوي (پ٤) ٢٧٦/٥.

(٤) الحموي (پ٢٧١)١١٠؛ موحسین محمد حوسین (پ١٧٨) ١٨٤.

(٥) ابن الاثیر (پ٢٤)٤٤٨/١٠؛ ابن الجزري (پ٢٩٠) ١٢١.

ئازربایجـان، لــە بەرانبــەر هەڕەشــەی گورجیــەکان [١]، چونکــە لــەو ســاڵەدا [٢] لــە تفلیسـەوە فشـاریان خسـتبووە سـەر موسـوڵمانان و بارودۆخیـان لـێ تەنگەبـەر کردبـوون و شمشـێریان لـێ هەڵکێشـابوون، خەڵکـی زۆری لـێ گرتبـوون و کوشـتبوون [٣].

کاتـێ کـە سـوڵتان بـە سـوپاکەیەوە گەیشـتە مەراغـە، بارگـە و بنەکانـی جێگیرکـردن، (اوزبـك کـوڕی پهلـوان) تـرس دایگـرت و شـاری تەورێـزی بەجێهێشـت و لـە شـاری گەنجـە [٤] گیرسـایەوە لـە باکـووری ئازربایجـان، هەرچەنـدە سـوڵتان سـەربازی بـۆ گرتنـی نـاردن، بـەڵام ناوبـراو ڕایکـرد بۆیـان دەسـتگیر نەکـرا [٥]، ئەگەرچـی (اوزبـك) نێـردراوی خـۆی نـاردە لای سـوڵتان هاوسـۆزی و گوێڕایەڵـی بـۆ دەربـڕی و بەڵێنـی پێـدا کـەوا وتـار بەنـاوی ئـەو بخوێنێتـەوە و سـکەی دراو بەنـاوی لێبـدات و مـاڵ و سـامانێکی زۆر دەخزێنێتـە خەزێنەکـەی، کـە دەسـت لـە کاروبـاری ئازربایجـان وەرنـەدات، بـەڵام سـوڵتان باکـی بـە ڕاسـپاردە و وادە و بەڵێنەکانـی نەبـوو، بەڵکـو پێداگـر بـوو لـە سـەر دەسـتگرتن بـە سـەر هەرێمەکـەدا [٦].

دوای ئـەوەی کـەوا (اوزبـك) ڕایکـرد بـۆ گەنجـە، کاروبـاری وڵاتـی بـۆ هاوسـەرەکەی بەجێهێشـت کچـی (طغـرل)ی سـێیەم دوا سـوڵتانی سـەلجوقی کـە سـەرقاڵی مەیخواردنـەوە و خۆشـڕابواردن بـوو [٧]، ئیـتر هەواڵـی ئەوەبـە (شرف الملـك)ی وەزیـر گەیشـت، کـە سـەرابازانی ئەتابەکـی لـە دەرەوەی تەورێـز کۆبوونەتـەوە خۆیـان ئامادەکـردووە بـۆ جەنگـی خوارزمییـەکان، وەزیـر هێزێکـی گـەورەی بـۆ ڕەوانکـردن بەسـەرکردایەتی (ناصرالدیـن قشـتمر)ی مەمالیـك و پەردەدارەکـەی، لـە نێـوان هـەردوو هێزەکـە شـەڕێکی گـەرم ڕوویـدا و بـۆ مـاوەی پێنـج ڕۆژ ئابلۆقەیـان

---

(١) النويري (پ٤١) ١٨٥/٢٧.

(٢) گورجیـەکان نەتەوەیەکـی مەسـیحین دانیشـتووی چیاکانـی قەفقاسـن لەسـاڵی ٥١٥ك/١١٢١ز شـاری تفلیـس کەوتبووەژێـر دەسـتیان و لەموسـوڵمانانیان داگیـر کردبـوو تـا منکبرنـی لەدەسـتی دەرهێنان.ابـن النظیـف الحمـوی (پ٢٧١) ١٢٩، پەراوێـزی ژمـارە:٤؛ ابـن الكثيـر (پ٢٤٨) ١٤٩/١٥.

(٣) ابن الواصل (پ٢٣) ١٧٤/٤.

(٤) شارێکی گەورەیەدەکەوێتەهەرێمی ئاران، ياقوت الحموي (پ٤) ٤٨٢/٤.

(٥) حسام الدين النقشبندي (پ١٧٦) ٣٢٣.

(٦) النسوي (پ٦٠) ٢٠٨.

(٧) عباس اقبال اشتيابی (پ٢٧) ٤٣٣؛ محمد دبير سياقي (پ٦٧) ٣٥.

خستەسەر شارەکە، بەڵام ئازربایجانیەکان کە زانیان توانای بەرەنگار بوونەوەی سوپای خوارزمییان نیە، داوای ئەمانیان لە سوڵتان کرد، چونکە مەترسی ئەوەیان هەبوو ساڵی پێشوو (اوزبك) کۆمەڵێك خوارزمی کوشتبوو هەندێکیشی ڕادەستی مەغۆلەکان کردبوو، ئەوانیش لەوە دەترسان کە تۆڵەیان لێ بکاتەوە، چونکە زانیاری لەبارەی ڕووداوەکە هەبوو، بەڵام سوڵتان پێچەوانەی ئەمە مامەڵەی لەگەڵ کردن لە باسی تۆڵەدا خۆی بوارد و پەیامێکیشی بۆ شاژن نارد کە بگەڕێتەوە، بەڵکو ژیانی پارێزراو دەبێ[1]، هاوسەری (اوزبك)یش شاری تەورێزی بە جێهێشتبوو ڕووی لە شاری خویی کردبوو لەبەرسوپای خوارزمی کە نیازی دەستگیرکردنیان لێی هەبوو، بۆیە خۆی لە قەڵای (تەلا) قایم کرد بوو لە سەر کەناری دەریاچەی ئورمیە[2].

لە١٧ی ڕەجەبی ٦٢٢ك/تەموزی ١٢٢٥ز سوڵتانی خوارزم دەستی بەسەر تەورێزدا گرت[3]، پاشان نامە و پەیامی خۆی گەیاند بە پاشاکانی ڕۆم و شام و میسر و جەزیرە و هەواڵی پێدان کەوا دەستی بەسەر ئازربایجاندا گرتووە و لەمەو دوا وەك موڵکەکانی خۆی هەژماری دەکا[4]، دوای گرتنی شارەکە نمونەیەکی جوانی حوکمڕانی پێشکەش کرد لە چاکە کردن و بڵاوکردنەوەی دادپەروەری و لێك تێگەیشتن لەگەڵ دانیشتوانی هەرێمەکە، بڕیاریدا بەچاککردنەوە و نۆژەنکردنەوی هەموو ئەو شوێنانەی کەوێران بووبوون لە مەراغە لە کاتی لەشکرکێشی مەغۆلەکان بۆ سەر شارەکە، جگە لەمەش لە مزگەوتەکان وتار بە ناوی خەلیفە دەخوێندرایەوە لاقەی نەکرد و وەکو خۆی هێشتەوە[5]، شایانی باسە پلانی دووەمی سوڵتان ڕووبەڕوو بوونەوەی گورجییەکان بوو، کە بەرۆکی موسوڵمانانیان گرتبوو بارودۆخیانی لێ تەنگەبەر کردبوون و ماوەی ساڵانێك بوو شار و هەرێمەکانی موسوڵمانانی لە خەلات و دەوروبەری ئازربایجان و ئاران و ئەرزەڕۆم و دەربەندی شێروان و ناوچەکانی دەوروبەری، خوێنی موسوڵمانانیان دەڕشت و سامان وماڵیان

(١) الغساني (پ٢١١) ٤٠٤

(٢) ابن الاثير (پ٢٤) ٤٤٨/١٠.

(٣) ابن الاثير (پ٢٤) ٤٤٨/١٠.

(٤) المؤلف المجهول (پ١٢٨)٣٦٠.

(٥) ابن الاثير (پ٢٤) ٤٤٩/١٠.

تـاڵان دەکـردن، وڵاتیـان داگیـر دەکـردن [1].

ئەوەبـوو سـوڵتان سـوپای ئامادەکـرد لـە تەورێـزەوە بـۆ شـەڕی گورجییـەکان کەوتـەڕێ هـەر زوو شـاری دوینـی لـێ سـەندنەوە و بـەرەو شـاری تفلیس سـوپای دەنگدا، دوای شـەڕێکی گـەورە، زەرەر و زیانێکـی زۆری پێگەیانـدن و کوشـتاری زۆری لێکـردن و دەسـتی بەسـەر شـارەکەدا گـرت [2]، بـەڵام کـە سـوڵتان هێرشـی کـردە سـەر خـەڵات و گەمـارۆی خسـتە سـەر ئـەو شـارە، گورجییـەکان هەڵیـان بـۆ ڕەخسـا و پەلامـاری شـاری تفلیسـیاندا و هەمـوو خوارزمییەکانیـان کوشـت کـە لـە شـارەکە بـوون و دەسـتیان بەسـەردا گرتـەوە [3]، لـە گەرمـەی شـەڕی گورجییەکانـدا سـوڵتان هەواڵـی پێگەیشـت لـە (شرف الملـك)ی وەزیـرەوە، کـە سـەرکردەکانی تەورێـز وەك (شـمس‌الدین الطغرائـی و نظـام الدیـن)ی بـرازای هەڵگەڕاونەتـەوە، دەرفەتـی دوورکەوتنـەوەی سـوڵتانیان وەرگرتـووە و پلانیـان دارشـتووە کـەوا (اوزبـك) بگەڕێننـەوە، سـوڵتان کـە هەواڵەکـەی وەرگـرت (غیـاث الدیـن)ی بـرای لـە ناوچەکانـی کـە دەسـتی بەسـەردا گرتبـوون بەجێهێشـت و خـۆی گەڕایـەوە تەورێـز و سـەرکردەکانی دەسـتگیرکردن، فەرمانـی کـرد بەکوشـتنی (نظام‌الدیـن و هاوەڵەکانـی) و (شـمس‌الدین الطغرائـی) لـە مەراغـە خسـتنە بەندیخانـە، بـەڵام ناوبـراو توانـی لـە بەندیخانـە ڕابـکات بـۆ لای (اوزبـك) لـە گەنجـە و پاشـان لـە ڕێـگای هەولێـر بچێتـە بەغـدا [4]، بـەڵام (النسـوي) ئەمـە بـە سـیناریۆ و درۆیەکـی هەڵبەسـتراو تێـدەگا لـە لایـەن وەزیـری سـوڵتان، بـۆ ئـەوەی لـەم کەسایەتیانە ڕزگاری ببـێ [5]. دوای ئـەوەی کـە بارودۆخـی تەورێـز ئاسـایی بـۆوە، سـوڵتان پێگـە و بنەماکانـی جێگیـر کـردن، هەڵمەتێکـی سـەربازی کـردە سـەر شـاری گەنجـە و دەسـتی بەسـەرداگرت، (اوزبـك) لەوێـش ڕایکـرد بـۆ قـەڵای (النجـە) [6] خـۆی قایـم کـرد، بـەڵام هەڵمەتـی سـوپای سـوڵتان لەسـەری هـەر بـەردەوام بـوو تـا

(١) ابن الاثیر (پ٢٤)٤٤٩/١٠؛ ابن خلدون (پ٢١) ١٤٧/٥.

(٢) ابوشـامە (پ١٣٤) ٢١٧/٥؛ ابـو الفـدا (پ٤٨) ١٦٨/٣؛ النویـري (پ٤١) /١٨٥/٢٧؛ الذهبـي (پ١٧٣) ١٣٠/٢؛ الیافعـي (پ٢٨٢) ٤٠/٤.

(٣) ادیب السید، **أرمینیة فی التاریخ العربي** (المطبعة الحدیثەبحلب، ١٩٧٢م) ٢٢٥.

(٤) ابن الاثیر (پ٢٤)٤٥١/١٠؛ النویری (پ٤١) ١٨٧/٢٧؛ ابن خلدون (پ٢١) ١٤٧/٥.

(٥) (پ٦٩) ٢٠١.

(٦) قەلایەکـە سـەر بـە شـاری نەخچـەوان لـەو پـەڕی باکـوری ئازربایجـان. الغسـانی (پ٢١١) ٤٠٦

سـکاڵا و داواکارییەکانـی نـاردە لای سـوڵتان، کـە خسـتویەتیە ئـەم دۆخـە و لێـرەش وازی لـێ ناهێنـێ سـوڵتانیش فەرمانـی کـرد دەسـتی لـێ هەڵگـرن [1].

لـە رەمەزانـی ئـەم سـاڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز) خەلیفـەی عەباسـی (الناصرلدیـن اللـە) کۆچـی دوایـی کـرد، کـە لە دایـك بـووی سـاڵی (٥٥٣ك/١١٥٨ز) لـە سـاڵی (٥٧٥ك/١١٨٠ز) بـووە بەخەلیفـەی موسـوڵمانان، لـە دوای ناوبـراو (الظاهـر باللـە)ی کـوڕی شـوێنی گرتـەوە لـە خەلافەتـدا [2]، ئەمـەش بـوە هـۆی هاتنـە ئـارای بارودۆخێکـی سیاسـی یارمەتیـدەر بـۆ سـوڵتان (جلال‌الدیـن منکبرنـی)، چونکـە خەلیفـە (الظاهـر باللـە) تەنهـا نـۆ مانـگ لـە دەسـەڵات مایـەوە لـە رەجەبـی سـاڵی (٦٢٣ك/١٢٢٧ز) کۆچـی دوایـی کـرد، کوڕەکـەی (المستنصر باللـە) (٦٢٣-٦٤٠ك/١٢٢٧-١٢٤٣ز) شـوێنی گرتـەوە لـە خەلافەتـدا لـە سـەردەمی ئـەو خەلیفـە و هـی پێـش ئـەو هیـچ تێکهەڵچـوون و تەنگژەیەکـی سـەربازی لـە نێـوان دەوڵەتـی عەباسـی و خوارزمـی بەرچـاو ناکەوێـت، بەڵکـو لـە کۆشـکی خەلافـەت پێشـوازی لـە نێـردراوی منکبرنـی دەکرێـت و نازنـاوی شاهنشـای پـی دەبەخـشرێ [3].

---

پەراوێزی ژمار (٣٩).

(١) الغسانی (پ٢١١) ٤٠٦-٤٠٧.

(٢) الاربـلي، **الذهـب المسبوك مختصر مـن سـيرة الملـوك** (تـح: مـكي السـيد الجاسـم، بغـداد، ١٩٦٤م) ٢٨٠-٢٨٤؛ ابـن الدقـماق، **الجوهـر الثمـين في سـيرةالخلفاء والملـوك و السـلاطين** (تـح: د. سـعيد عبدالفتـاح عاشـور، السـعودية، ١٩٨٢م) ١٧١- ١٧٣؛ اميـر عبدالعزيـز ، **الوجيـز فـی تاريـخ الاسـلام والمسـلمين** (دار ابـن حـزم ، بيـروت، ٢٠٠٣) ٧١٩-٧٢٠.

(٣) النسـوي (پ٦٠) ٣٠٧؛ النويـري (پ٤١) ١٩٣/٢٧؛ صبري سـليم (پ٢٤٤) ٢٧؛ نيشـتمان بشـير محمـد و سـلمان محمـد خـضر، **علاقـات جـلال الديـن منكبرتـی مـع خلافـة العباسـية** (مجلـة كليـة الاداب، العـدد:٤٦، أكتوبـر/ ٢٠١٦ز) ١٧-٢٠.

## گرنگترین ئەنجام و لێکەوتەکانی:

لە ئەنجامەکانی گرتنی ئازربایجان لە لایەن منکبرنی ڕووبەڕووبوونەوەی گورجییەکان بۆوە، لە هەمان کاتیشدا لێ سەندنەوەی شارەکانی تفلیس و دوین و چەند ناوچەیەکی دیکە، بەڵام لە دوای گەڕانەوەی سوڵتان بۆ تەورێز بە هۆی ئەو پەشێویەی سەرکردە ئازربایجانیەکان کە لە شارەکە ڕوویدابوو، وەکو ئاماژەمان پێکرد، بە فەرمانی سوڵتان کوشتارێکی زۆر لە ناوچەکە ئەنجام درابوو، کە لە گورجییەکانی سەندبوو ئەمەش بە (قەتل و عامی تفلیس) ناو دەبرێت [1]، هەروەها ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەگەڵ هاوسەری (ازبك کوڕی پهلەوان) کە لە شاری خویی دادەنیشت، ڕێوڕەسمی جیابونەوە لە (اوزبك) و مارەبڕینی لە سوڵتان لە لایەن قازی (عزالدین تبریزي) ڕێکخرابوو[2]، سوڵتان ڕووی کردە خویی و مارەبڕینەکەی ئەنجامدا و مولکەکانی شاژنی زیاد کرد، کاروباری شارەکانی خویی و سەلماس و ئورمیەی پێ سپارد[3]، بەڵام کاتێ هەواڵەکە بە (اوزبك)ی کۆنە هاوسەری گەیشت لە قەلای (النجە- النجق) لە داخان دوچاری نەخۆشی بوو ڕۆژی دواتر کۆچی دوایی کرد[4].

شایانی ئاماژە پێکردنە بە مردنی (اوزبك کوڕی پهلوان) ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز) کۆتایی بە حوکمڕانی ئەتابەگییەی ئیلدگزی هات کە نزیکەی نەوەد ساڵ درێژەی هەبوو، ئیتر کاروباری حوکمڕانی هەرێمەکە بە فەرمی کەوتە دەستی خوارزمییەکان[5].

ساڵی (٦٢٣ك/١٢٢٦) کەسوڵتان سەرقاڵی شەڕی گورجییەکان و ئابلۆقەی سەر شاری خەڵات بوو، تورکمانی ئەیوانی هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخسا کەگورزی خۆیان لەچەند ناوچەی هەرێمەکەبوەشێنن، ئەمەبوو دەستیان بەسەر شارەکانی ئورمیەو شنۆ (أشنه)دا گرت، دەستیان کرد بەکۆکردنەوەی باج و سەرانە و ڕێگری

---

(١) بڕوانە: پناهی‌سمنانی (پ٦٢) ٢٠٨.

(٢) ابن الوردي (پ٥٥) ١٤٣/٢؛ ابن الخلدون (پ٢١) ١٤٨/٥.

(٣) حسام الدين النقشبندي (پ١٧٦) ٣٢٧.

(٤) حمدالله مستوفی (پ١٩) ٤٧١؛ خوافی (پ١٧) ٧٧٨/٢.

(٥) حسام الدين النقشبندي (پ١٧٦) ٣٢٧.

و تاڵانـکاری، بـەو هۆیـەوە شـاژنی سـەلجوقی هەواڵـی بـە منکبرنیـدا سـەبارەت بـەم تاقمـە تورکمانـە بـە دووری سـوڵتان وا وڵات دوچـاری ڕێگـری و تاڵانـکاری بۆتـەوە، بـە تایبەتـی بازرگانەکانـی مەڕوماڵاتـی نێـوان ئـەرزەڕۆم و تەورێـز، ئـەوە بـوو سـوڵتان دەسـتی لـە ئابلۆقـەی سـەر شـاری خـەڵات هەڵگـرت و بـۆ شـەڕی ئـەوان کەوتـە ڕێ و لەگەڵیـان جەنـگا زۆری لـێ کوشـتن و پەرتوبـڵاوی کـردن ئینجـا گەڕایـەوە تەورێـز [1].

(١) ابن الاثير (پ٢٤) ١٠/ ٤٦٨؛ ابن الخلدون (پ٢١) ١٥٠/٥.

# تەوەرەی چوارەم

# شاڵاو و لەشکرکێشی خوارزمییەکان بۆ سەر شاری خەڵات لە ساڵانی (٦٢٣- ٦٢٧ ك/١٢٢٦-١٢٣٠ز)

خەڵات شارێکی ئاوەدانی ناودار بووە[١]، بەپێی دابەشکاری جوگرافی ئەو سەردەم سەر بە هەرێمی ئەرمینیا بووە[٢]، دانیشتوانی شارەکە لە موسوڵمان و مەسیحی پێکهاتوون[٣]، بە پێی ئاماژەی (ناصر خسرو)، شارەکە کەوتۆتە سەر سنووری وڵاتی موسوڵمانان و ئەرمەنییەکان، دانشتوانی بەسێ زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی دەدوێن، هەر بۆیەش پێی دەڵێن ئەخلات[٤]، ڕایەکی تریش هەیە کە شارەکە لە لایەن کوردانەوە بنیاد نراوە و ناوەکەی لە خەڵاتەوە (پاداشت) هاتووە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا سەر بە وڵاتی تورکیایە[٥] لە ڕۆژئاوای دەریاچەی وان[٦].

لە ڕووی بەڕێوەبردن و حوکمڕانیشەوە هەر لە سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچی و دوازدەمی زایینی لە لایەن ئەتابەگییەی (سوکمانی قطبي) فەرمانڕەوایی دەکرا[٧]، لەساڵی (٦٠٤ك/١٢٠٣ز) لەلایەن مەلیك (الاوحد) کوڕی مەلیك ( العادل

(١) یاقوت الحموي (ت٤)٣٨١؛ البغدادي، **مراصد الاطلاع على اسماء الامكنة والبقاع** (تح: علي محمد البجاوي، دار الجيل، بيروت، ١٩٩٢م) ٤٧٦/١.

(٢) الحميري (پ٢٨٨) ٢٢٠.

(٣) القزويني (پ٩٤) ٥٢٤.

(٤) ناصر خسرو، **سفر نامه** (ت: يحيى الخشاب، مطبعەلجنەالتأليف والترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٤٥)٦-٧.

(٥) حسين كاظم خيون، **مدينة خلات من خلال مصادر العربية** (٤٩٣-٦٥٨هـ/١٠٩٩-١٢٦٠م)، (مجلة ديالى، d.hussein ٩٩ @yahoo.com، ٢٠١٤م) ٣٢٧.

(٦) شارێکی بە خێروبێر و میوەی زۆر و ئاوی سازگار و کانزای جۆربەجۆری هەبووە. یاقوت الحموی (پ٤) ٣٨١/٢؛ ئەولیا چەلەبی، **سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی** (و: لەتورکی بۆ کوردی سەعید ناکام، چاپەمەنی مانگ، ئێران - بانە، ٢٠١٨ز) ١٣٦.

(٧) بڕوانەبەشی یەکەمی توێژینەوە، ل٣٠.

الایوبي) دەستی بە سەردا گیراو بە موڵکەکانی ئەیوبییەکانەوە گرێدرا و کۆتایی بە ئەتابەگییەی (سوکمانی قطبي) هات [1]. لە دوای ژیان ئاوایی مەلیك (الاوحد) بە هۆی نەخۆشی، براکەی مەلیك (الاشرف) حوکمی خەلات و هەموو ئەو ناوچانەی کە بۆی دابڕابوون گرتییە دەست [2].

## ١- هۆکاری پەلامار و هێرشکاری سەر شارەکە:

هاوپەیمانی نێوان مەلیك (المعظم عیسی الایوبي) فەرمانڕەوای دیمەشق و (بیت المقدس) و (جلال‌الدین منکبرنی) سوڵتانی خوارزم و (مظفرالدین کوکبوری) فەرمانڕەوای هەولێر و (ناصرالدین) سەرداری ماردین لەگەڵ فەرمانڕەوای ئامەد، ڕێگا خۆشکەربوون بۆ لەشکرکێشییەکانی ئەو هێزانە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی نەیارەکانیان [3]، بە تایبەتی ئەو پەیوەندییەی کەوا لە نێوان سوڵتان (جلال‌الدین و المعظم عیسی) هەبوو دوای گرتنی ئازربایجان و پێشوازی کردنی نوێنەرەکانی یەکتر [4].

ساڵی (٦٢٣ك/١٢٢٦ز) کە سوڵتان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەڵگەڕانەوەی (بلاق حاجب)ی دەسەڵاتداری کرمان ڕووی لەو هەرێمە کردبوو، سەربازەکانی بە فەرمانداەی (شرف الملك)ی وەزیر لە تفلیس مابوونەوە، بە هۆی کەمی خۆراك و خواردەمەنی دووچاری قەیرانی ئابووری بووبوون، ئەمانیش بۆ دەرچوون لەم قەیرانە پەلاماری شاری ئەرزەڕۆمیان دا و تاڵانیان کرد، ئافرەتانیان بەدیل گرتن و دەستکەوت و سامانێکی زۆریان بە دەست هێنابوو، پاشان سەربازەکانیان لە

(١) بروانە ابن الفرات، **تاریخ ابن الفرات** (تح: د. حسن محمد الشماع، م/٥، ج/١، البصرة، ١٩٧٠م) ٦٠؛ حکیم عبدالرحمن زبیر البابیري (پ١٩٠) ١٣٦؛ علي محمد علي عوده الغامدي، **بلاد الشام قبیل الغزو المغولي (٦١٥-٦٥٧هـ/١٢١٨-١٢٥٩م)**، (أطروحة دکتوراه، جامعة ام القری، السعودیة، ١٩٨٦م) ٦٠.

(٢) الرهاوي المجهول، **تاریخ الرهاوي المجهول** (ت. عن السریانیة و تح: الاب البیر ابونا، مطبعة الشفیق، بغداد ١٩٨٦م) ٢٥١.

(٣) الغساني (پ٢١١) ٤١٨.

(٤) ابن الواصل (پ٢٣) ١٧٩/٤.

سنووری شاری خەڵات نزیك بووبوونەوە، کە هەواڵ بە (الحاجب حسام الدین) بریکاری مەلیك (الاشرف)ی فەرمانڕەوای خەڵات دەگات دەستبەجێ سەربازەکانی کۆ دەکاتەوە و پەلاماریان دەدات و زۆرێك لە تاڵانییەکەیان لێ دەستێنێتەوە، بەمەش (شرف الملك) ترس دایدەگرێ و تەواوی زانیارەکان بە سوڵتان ڕادەگەیەنێ[1].

بەپێی ئاماژەی (ابن العمید، م. ٦٧٢ك/١٢٧٣) مەلیك (المعظم) خۆی پەیامی بە (جلال‌الدین) دابوو کە دەست بە سەر شاری خەڵاتدا بگرێ و بە مولکەکانی بەستێتەوە لە وڵاتی عەجەم، کە دراوسێی خەڵاتن[2]، هەر لە سەر ئەم ڕایە لە تاریخ رەهاویشدا هاتووە کەوا (المعظم عیسی) داوای لە (جلال‌الدین) کردووە کە بەبێ ئاگاداری (الاشرف)ی برای هێرش بکاتە سەر خەڵات و تاڵانی بکات[3]، سەرباری ئەو هۆکارانەی کە باسکران سوڵتان (جلال‌الدین) خۆشی ویستی ئەو ناتەباییەی نێوان مەلیکە ئەیوبییەکان بقۆزێتەوە، بە پێی ڕونکردنەوەی (ابن الاثیر، م.٦٦٣ك/١٢٣٣ز) لە سەر چۆنیەتی ناکۆکی نێو ماڵی ئەیوبی، کوڕەکانی مەلیك (العادل)ی ئەیوبی (٥٩٦-٦١٥ك /١٢٠٠-١٢١٨ز)، مەلیك (الکامل) (٦١٥-٦٣٥ك/١٢١٨-١٢٣٨ز) خاوەنی میسر و (الاشرف موسی) فەرمانڕەوای جەزیرە و خەڵات و میافارقین هەروەها (المعظم عیسی) حوکمرانی دیمەشق و (بیت المقدس) و تەبەریە و دەوروبەری، دیارە مەلیك (الاشرف) سەردانی مەلیك (الکامل)ی برای دەکا لە میسر بێ ئەوەی (المعظم عسي)ی برایەکەی دیکەی لەگەل بێ، ناوبراو وای لێکدایەوە کەوا دوو برایەکەی لە دژی ئەو ڕێکدەکەون و پلان دادەنێن بۆ لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەو، لەبەر ئەوە بە سوڵتان (جلال‌الدین)ی هاوپەیمانی ڕاگەیاند کە هێرش بکاتە سەر خەڵات[4]، کەواتا مەلیك (المعظم) سەرکەوت لە دروستکردنی پەیمانی بەرگری دژی مەلیك (الاشرف)ی برای کە چاوی بڕیبووە فراوانخوازی لە هەرێمی جەزیرە.

دوای ئەوەی کە سوڵتان (جلال‌الدین) لە شەڕی گورجییەکان گەڕایەوە و

---

(١) ابن الاثیر (پ٢٤) ١٠/٤٦٣-٤٦٤.

(٢) **اخبار الایوبیین** (مکتبەالثقافة الدینیة، پور سعید، د. ت) ١٤.

(٣) الرهاوي المجهول (پ٣٣٦) ٢/٢٦٠.

(٤) (پ٢٤) ١٠/٤٦٨-٤٦٩.

دووچاری شکستێکی گەورەی کردن و شاری تفلیسی گرت و وانەیەکی تەمبێکاری پێدان[1]. ئینجا هێرشی کردە سەر خەڵات، هەڵمەتی یەکەمی بۆ داگیرکردنی ئەو شارە دەستپێکرد، کە لە لایەن (الحاجب حسام‌الدین) بریکاری (الاشرف) بەڕێوە دەبرا، چونکە خۆی لە شاری حەڕان بوو[2].

ئەوە بوو لە (١٣ی ذی القعدەی ٦٢٣ك/١٢٢٦ز) پێشڕەوییەکانی سوپای خوارزمی گەیشتنە شاری مەلازگردی سەر بە خەڵات، دوای دوو ڕۆژ واتا ڕۆژی دووشەم پازدەی مانگ گەیشتە شاری خەڵات و پەلامارەکانی بۆ سەر شارەکە دەستپێکرد، دانیشتوانی شارەکە بە توندی بەرپەرچیان دانەوە، هەرچەندە سەربازەکانی خوارزمی گەیشتنە شورە و دیواری شار و کوشتارێکی زۆریش لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام لە هێرشکردن هەر بەردەوام بوون، لەو شوێنانەی کە دەستیان پێڕا گەیشت، وەکو پیشەی هەموو جارێك درێغیان نەکرد لە تاڵانکردن، کۆمەڵێك لە میرەکانی خەڵات لە لایەن سوپای خوارزمی بەدیل گیران و خەڵکێکی زۆریش کوژرا، بەڵام (الحاجب حسام‌الدین) بە شێوەیەك لە بەردەمیانەوە وەستا و پاشەکشەی پێ کردن، سوڵتان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك پشووی دایە سەربازەکانی پاشان جارێکی دیکە هێرشی بۆ سەر شاری خەلات دەستپێکردەوە، بەڵام خەڵاتیەکان ئەمجارەشیان زۆر پێداگر بوون لە بەرگریکردن، بەو پێیەی کە زانیاریان هەبوو لە سەر هەڵسوکەوتی تاڵانکاری و کاولکاری خوارزمییەکان لەو شوێنانەی کە داگیریان دەکرد، ناوبانگیان زۆر بەخراپی ڕۆیشتبوو لە ڕووی وێرانکاری و تاڵانکاری، تا ئەم پەلامارەشیان پووچەڵ کردنەوە[3].

لەبەر ئەوەی کە سوڵتان نەیتوانی دەست بەسەر شارەکەدا بگریت ناچار بوو ئابلۆقەی بخاتەسەر و بمێنێتەوە تا مانگی (ذی الحجەی) هەمان ساڵ، پاشان هێزەکانی خۆی کێشایەوە بۆ ئازەربایجان[4]، بە هۆی دەستپێکردنی وەرزی سەرما و سۆڵە و بارینی بەفر کە ئەستەم بوو سەربازەکانی خۆیان ڕابگرن لە

(١) ابن الكثير (پ٢٤٨) ١٤٩/١٥؛ حسين كاظم خيون، **الخوارزمية في بلاد الشام والجزيرة (٦١٧-٦٤٤هـ/١٢٢٠-١٢٤٦م)**، (مجلة ديالى، العدد:٥٣، ٢٠١١م) ٧.

(٢) الذهبي (پ٢٤٣) ١٣/٤٥.

(٣) ابن الاثير (پ٢٤) ٤٦٧/١٠.

(٤) ابن الواصل (پ٢٣) ١٩١/٤.

لایەکی دیکەش ئاشت بوونەوەی (الاشرف و المعظم) هاتە ئاراوە کەسەردانی کرد لە دیمەشق، داوای لێکرد بە (جلال‌الدین) ڕابگەیەنێ تاکو دەست لە خەڵات هەڵگرێ، مەلیك (المعظم)یش ئەمەی بە منکرنی ڕاگەیاند سەربازەکانی بکشێنێتەوە دوای ئەوەی ئابلۆقەدانەکەی نزیکەی چل ڕۆژی خایاندبوو[1]، بەڵام لە توێژینەوەیەکدا هاتووە ئەگەر (المعظم) پێشی ڕاگەیاندبێ لە خەڵات بکشێتەوە سوڵتان گوێی لێ نەگرتووە[2]، هاوکات هاوسەری سوڵتان هەواڵی تورکمانەکانی ئەیوانی پێڕاگەیاند، کە لە نائامادەیی ئەو لە ئازربایجان بارودۆخی چەند ناوچەیەکیان بە سەندنی باج و سەرانە و ڕێگری و تاڵانکاری شێواندووە[3].

لە دوای کشانەوەی سوپای خوارزمی لە دەورووبەری خەڵات (الحاجب حسام‌الدین) هەڵسا بە نۆژەنکردنەوەی قەڵاکان و پتەوکردنی قوللە بەرگریەکانی شارەکە و زیادکردنی سەرباز و کەرەستەی جەنگی بۆ هەر ئەگەر و هێرشکارییەکی دیکەی هێزە داگیرکارییەکان[4]، ساڵی (٦٢٤ك/١٢٢٧ز) مەلیك (المعظم عیسی) کوڕی مەلیك (العادل) لە تەمەنی چل و نۆ ساڵی لە قەڵای دیمەشق کۆچی دوایی کرد[5]، کوڕەکەی مەلیك (ناصر داود) شوێنی گرتەوە، بەڵام ناکۆکی و ململانێی مەلیك (الکامل) و مەلیك (الاشرەف) لەگەڵ مەلیکی ناوبراو هەر زوو سەری هەڵدایەوە[6].

هەڵبەتە کێشە و ململانێکان بەوە نەوەستان بەڵکو سەری کێشا بۆ پێشهاتی دیکە، کە سەرنجی (الحاجب حسام‌الدین)ی ڕاکێشا، لە ئەنجامی تێکچونی

---

(١) ابو شامه (پ١٣٤) ٢٢٣/٥؛ الدواداری (پ١٤٢) ٢٨١/٧.

(٢) کرڤان محمد احمد آمیدی، **الملك الاشرف بن الملك عادل الایوبي** (رسالة ماجستیر، الکلیة الآداب، جامعة صلاح الدین، اربیل، ١٩٩٩م) ١١١.

(٣) ابن الجزری (پ٢٩٠) ١٢٩.

(٤) ابن نظیف الحموي (پ٢٧١) ١٣٠.

(٥) بیبرس المنصوري، **مختار الاخبار تاریخ الدولة الایوبیەوالدولة الممالیك** (تح: د. عبالحمید صالح حمدان، دار المصریة اللبنانیة، القاهره، ١٩٩٣م) ٧؛ ابن سباط (پ٤٨) ٢٩١/١.

(٦) ابن العمید (پ٣٤٠) ١٥؛ موسی مصطفی الهسنیاني، **الخوارزمیة عامل قو أم عنصر الضعف بین بلاد الشام و اقلیم الجزیرة ومصر (٦٢٣-٦٤٤هـ/١٢٢٦-١٢٤٦م)**، (المختار للعلوم الانسانیه، العدد:٣، ٢٠٠٦م) ٧.

نێوانی سوڵتان (جلال‌الدین) و هاوسەرەکەی کچی (طغرل) بەگی سەلجوقی لەبەر ئەوەی پشتگوێی خستبوو، لە لایەکی دیکەش (شرف الملك)ی وەزیری سوڵتانیش کاروبارەکانی شاژنی پەکخستبوو بەو بۆنەیەوە شاژن نامەی بۆ (الحاجب حسام‌الدین) نوسیبوو، کە لەم دۆخە ڕزگاری بکات و لەشکر بنێرێ شار و قەڵاکانی ژێر دەسەڵاتی ڕادەست دەکات[١]، هەر کە نامەی شاژن بە حاجب گەیشت دەستبەجێ سوپای ئامادە کرد و بەرە و ئازربایجان بەڕێکەوت لە ساڵی (٦٢٤ك/١٢٢٧ز)، کە سوپای (الحاجب) گەیشت شاژن ژمارەیەك قەڵاو شاری خۆی ڕادەستکردن و شوێنکەوتنی خۆیان بۆ مەلیك (الاشرف)ی ئەیوبی دووپات کردەوە، لە هەمانکاتدا (الحاجب) دەستی بە سەر سەلماس و مەرەنددا گرت، دانیشتوانی شاری نەخچەوانیش[٢] هەواڵیان بۆ ڕەوانکرد و پەیمانی ڕادەستکردنی شارەکەیان پێدا، پاشان (الحاجب) گەڕایەوە خەڵات و هاوسەری سوڵتانی لەگەڵ خۆی برد[٣].

دیارە دوای ئەم ڕووداوە (الحاجب) سەردانی مەلیك (الاشرف) دەکا لە نوسەیبین لەم هەواڵانەش ئاگاداری دەکاتەوە کە لەم دواییەدا ڕوویاندابوو، هانیدەدا کە بێتە خەڵات و پێی ڕاگەیاند کە دانیشتوانی تەورێز و ناوچەکانی تری ئازربایجان پەیمانیان داوە شارەکانیان ڕادەست بکەن بەڵام (الاشرف) ئەم کردەوەی (الحاجب حسام‌الدین)ی ڕەتکردەوە کە بەبێ ڕاوێژی ئەو کردویەتی لەوانەیە مەترسی ئەوەشی لێ بکەوێتەوە کە (جلال‌الدین) لە تۆڵەی ئەمەدا جارێکی دیکە هێرش بکاتەوەسەر خەڵات[٤].

سەبارەت بە هەڵوێستی (جلال‌الدین) بەرانبەر بە پەلامارەکەی (الحاجب حسام‌الدین) بۆ سەر ئازربایجان و بردنی هاوسەرەکەی سەرەتا بە هۆی سەرقاڵی بە شەڕی مەغۆلەکانەوە بواری ئەوەی نەبوو بەگژ (الحاجب)دا بچێتەوە، بەڵام پاشان بە دیاریکراوی ساڵی (٦٢٥ك/١٢٢٨ز) شەڕی مەغۆلەکانی بەجێهێشت و گەڕایەوە ئازربایجان و هێزەکانی کۆکردەوە هەڵمەتی دووەمی بۆ سەر خەڵات

---

(١) النسوي (پ٦٠) ٢٥٩.

(٢) شارێکە لەو پەڕی باکوری ئازربایجان، یاقوت الحموي (پ٤) ٢٧٦/٥ ؛ **سياحتنامەاوليا چلبی قسمت ئازربایجان و تبریز** (ت: حاجی حسین نخچوانی، چاپخانەشفق تبریز، ١٣٣٨ش) ٦ .

(٣) ابن الاثير (پ٤٠) ٤٧٣/١٠؛ ابن الواصل (پ٢٣) ٢٠٧/٤-٢٠٨.

(٤) الحموي (پ٢٧١) ١٥٦-١٥٧.

دەستپێکرد [١]، بەڵام کاتێ کە گەیشتە سنووری شارەکە بینی کەوا قایمکاری و ئامادەکارییەکی باش کراوە بۆیە خۆی لە شارەکە نەگەیاند بەڵکو ڕووی لە ناوچەکانی دیکە کرد، وەك موش و گوندەکانی دەورووبەری خەڵات، دەستیان کرد بە تاڵانکاری و گرتن و کوشتنی دانیشتوانی ناوچەکە ئەمەش بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و شلەژانی باری دەروونی خەڵك لە هەرێمی جەزیرە، کە لەو پێناوەدا ڕاکردنی خەڵکێکی زۆریشی لێکەوتەوە و کۆچیان کرد بۆ وڵاتی شام [٢]، وێرانکاری و تاڵانکاری خوارزمییەکان هەر بەردەوام بوو لەو شوێنانە تا هاتنی وەرزی سەرما و سۆڵەی بەفر بارین ئینجا پاشەکشەیان کرد و گەڕانەوە ئازربایجان [٣].

دەربارەی ڕۆڵی مەلیك (الاشرف) لە بەرانبەر لەشکرکێشییەکانی خوارزمی و کەمکردنەوەی گوشارەکانی بۆ سەر ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی ئەو و بێدەنگ نەبوونی بەرانبەر بە کردەوەکانی (الحاجب حسام‌الدین) کە بوونە بیانوو بەهانەی لەشکرکێشیەکانی (جلال الدین منکبرنی)، هەڵسا بە ناردنی یەکێك لە گەورەترین میرەکانی بە ناوی (عزالدین أیبك) بۆ ئەوەی لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات، ناوبراو توانی (حسام‌الدین) بگرێت [٤]. بەم بیانووەوە ویستی خۆی لە (جلال‌الدین) نزیك بکاتەوەو نیازپاکی بۆ دەربڕی، کە لە سنوورەکانی خەڵات نزیك بوو بەو پێیەی لێپرسینەوەیان لەگەڵ (الحاجب) کردووە و سزایان داوە [٥].

بەڵام وادیارە سوڵتان بەم سزایەی (الحاجب) دڵ خۆش نەبووە بەڵکو داوای ڕادەستکردنی کردبوو، بۆیە ئەیبەکیش بەپەلە لە بری ڕادەستکردن ناوبراوی کوشت و لە ناوی برد، کە هەواڵی کوشتنی (الحاجب حسام‌الدین) بە سوڵتانی خوارزمی گەیشت دەستبەجێ فەرمانیکرد بە ئابلۆقەدانی شاری خەڵات بە توندترین شێوە هەڵمەتی هێرشکاری دەستپێکرد بۆ جاری سێیەم، دەستیانکرد بە

---

(١) ابن الواصل (پ٢٣) ٢٣٥/٤.

(٢) الغساني (پ٢١١) ٤٣٤.

(٣) ابن الاثیر (پ٢٤) ٤٨٠/١٠.

(٤) الذهبي (پ١٠٨) ١٩٨/٣؛ ابن خلدون (پ٢١) ٤٠٨/٥.

(٥) النسوي (پ٢٤) ٢٩٩.

دامەزراندنــی مەنجەنیــق و چەکــە قورســەکان لــە دەورووبــەری شــار [1]،

ســەربازەکانی خــەڵات دەرگا و دەروازەکانــی شــاریان داخســت و نەیــان هێشــت سوپای منکبرنـی دزە بکاتـە ناوشـار، بـۆ مـاوەی دوو مانـگ ئابلۆقـەی شـاریدا و ڕێـگای ئازووقـە و خـواردن و خۆراکـی لـە دانیشـتوان بـری گەمارۆیەکـی ئابـووری توونـدی خسـتە سـەر شـارەکە، تـا وای لێهـات خەڵکەکـە لـە برسـان زۆر پەرێشـان بـن و بمـرن[2]، ئەمـە هـاوکات بـوو لەگـەڵ گەمارۆکـەی مەلیـك (الاشرف) بـۆ سـەر دیمەشـق تـا دەسـتی بـە سـەردا بگرێـت و بـە موڵکەکانـی خـۆی ببەسـتێتەوە، بۆیـە خەڵاتـی پشـتگوێ خسـتبوو [3].

دیــارە مــاوەی ئابلۆقەدانەکــە لــە لایــەن مێژوونووســان ڕای جیــاوازی لــە ســەرە، هەرچەنــدە (الهمذانــی) مــاوەی گەمارۆکــەی بــەدوو مانــگ دانــاوە، بــەڵام لەگــەڵ لۆژیکـی ئـەو نەهامەتیـە گەورەیـە یـەك ناگرێتـەوە، چونکـە مـردن و لەناوچوونـی خەڵکـی لـە بێخـۆراکی و خواردەمەنـی مـاوەی زۆر زیاتـری پێویسـتە. بـە پێـی ئامـاژەی (ابــن الاثیــر) ســوپای (جلال‌الدیــن) لــە وەرزی زســتاندا مانــەوە و ســەربازەکانی لــە گوندەکانـی دەورووبـەری خـەڵات دابـەش بـوون، بـەڵام (سـبط ابـن الجـوزی) ڕای وایـە گەمارۆکـە دەمانگـی خایانـدووە کەچـی (ابـن خلـدون) پێـی وایـە هەشـت مانـگ بـووە لـە مانگـی شـەوال تـا کۆتایـی جـمادی یەکەمـی سـالی (٦٢٧ك/١٢٣٠ز)[4]، وێـڕای ئـەم برسـیەتی و قاتـی و قڕیـەی کـە بەسـەر ئاکنجیەکانـی شـاریدا سـەپاندبوو هێشـتا گیانـی بەرگـری و فیـداکاری و ئامـادە نەبـوون بـۆ خۆڕادەسـتکردن هـەر بەردەوامـی هەبـوو، بـەڵام لـە ئەنجامـی خیانەتـی یەکێـك لـە میـرەکان بەنـاوی (اسـماعیل ایوانـی) فەرمانـدەی پاسـەوانی شـورەی شـار، کـە لـە لایـەن سـوڵتانی خـوارزم فریـو درابـوو بـە پێدانـی حوکمڕانـی شـاری سـەلماس، ڕێگـەی چوونـەژوورەوەی سـەربازانی خوارزمیـدا لـە شـار[5]، سـوڵتان فەرمانـی کـرد کـە لـە هەمـوو لایـەك هێـرش بـەرن بـۆ نـاو شـار و

---

(١) النسـوي (پ٦٠) ٢٩٩؛ ابـن العـبري، **تاريـخ مختـصر الـدول** (تـح: الاب أنطـون صالحـاني اليسـوعي، دار الرائـد اللبنـاني، ط٢، الحازميـه- لبنـان، ١٩٩٤م) ٤٢٩.

(٢) الهمذاني، **جامع التواريخ** (ت: فؤاد عبالمعطى الصياد، دارالنهضة العربية، بيروت، د. ت) ٤٢/١.

(٣) الرهاوي المجهول (پ٣٣٦) ٢٦٠/٢.

(٤) (پ٢٤) ٤٨٤/١٠؛ (پ١٧٩) ٢٢/ ٣٠٣؛ (پ٢١) ٤٠٨/٥.

(٥) النويري (پ٤١) ١٩٦/٢٧؛ حكيم عبدالرحمن البابيري (پ١٩٠) ١٦٤.

دەستیان بە سەردا گرت، منکبرنی لە کۆشکی مەلیك (الاشرف) دانیشت و خەزێنەی سوڵتانی بوژاندەوە بە سامانی مەلیك (الاشرف)[1]، ڕێگەی سوپای خوارزمیدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەست نەپارێزن لە دزی و تاڵانی و کاولکاری و کوشتنی خەڵاتیەکان، بەو هۆیەوە خەلکێکی زۆر لەناو چوو[2]، وەکو لە ئاماژەیەکدا هاتووە خوێن وەکو جۆگەی ئاو بەناو شاردا ڕۆیشتووە و بە جۆرێك خاپوور و وێران بووە هەتا دەنگی وەڕینی سەگیشی لێ نەدەبیسترا[3].

لە سەرتادا (عزالدین ایبك) خۆی لە قەڵایەك قایم کردبوو بەڵام دواتر خۆی ڕادەستکرد لەگەڵ دوو میری ئەیوبی (مجیرالدین و تقی‌الدین) برایانی مەلیك (الاشرف)[4]، شایانی باسە لەم هەڵمەتەی منکبرنی بۆ سەر خەڵات (رکن الدین جهانشاه کوڕی طغرل) فەرمانڕەوای ئەرزەڕۆم پشتیوانی دەکرد بە دابین کردنی خواردن و خۆراك بۆ سەربازان و ئالیکی ئەسپەکانیان[5].

## ٢- ئەنجامی هێرشەکە:

گەمارۆی سەر شارەکە هێندە توند و درێژخایەن بوو، هیچ ڕێگەیەکی هاوکاری و یارمەتی گەیاندن بۆ شارەکەی نەهێشتبوو بۆیە بووە هۆی سەرهەڵدانی گرانی و برسیەتییەکی زۆر سەخت، دانیشتوانی شار هەرچی خواردن و خۆراك هەبوو کۆتاییان پێ هێنا، ناچار بوون پەنا ببەنە بەر خواردنی گۆشتی سەگ و پشیلە[6]، یەك پارچەپێستی ئاژەل بە هەزار درهەم دەفرۆشرا[7] زۆرێك لە خەڵکەکە لە برسان مردن لەبەر نەبوونی هیچ خواردن و خۆراکێك، هەرچی مەڕ و ماڵات و چوارپەل هەبوو هەموویان خوارد، وەکو (ابن الاثیر) دەڵێ: "بیستمان کەوا

(١) الهمذاني (پ٣٦٣) ٤٢/١.
(٢) النسوي (پ٦٠) ٣٢١.
(٣) الرهاوي المجهول (پ٣٦٣) ٢٦٢.
(٤) المؤلف المجهول (پ١٢٨) ٣٨٩-٣٨٠.
(٥) الهمذاني (پ٣٦٣) ٤٣/١.
(٦) ابن العبري (پ٣٦٣) ٤٢٩.
(٧) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣٠٣/٢٢

ڕاوی مشـکیان دەکـرد و دەیانخـوارد" [١]، لـە ئاماژەیەکـی دیکـەدا هاتـووە هەتـا پێسـتی ئاژەلیـش نەمابـوو خەلکـی شـار لـە برسـانا هانـای بـۆ ببـەن تـا وای لـێ هاتبـوو بـرای مەلیـك (الاشرف) پارچـەی نەعلـی خـۆی لێدەکـردەوە و دەیخـوارد [٢]، سـەرەڕای ئەمـەش خەڵکانێکـی زۆر کـوژران و ژن و منداڵیـان گیـران و کردیانـە دیلـی جەنـگ، تاڵانکاریەکـی بـێ هەژماریـان لێکـرا، منداڵەکانیـان دەدزی پاشـان دەیـان فرۆشـتن بۆیـە (ابـن الاثیـر) پێـی وایـە کارەسـاتی لـەم جـۆرەی نەبیسـتووە [٣].

سـەبارەت بـە چارەنوسـی گیراوەکانـی لای سـوڵتان هـەردوو میـری ئەیوبـی (مجیرالدیـن و تقیالدیـن) لـە سـەر داواکاری خەلیفـە ڕێزیـان لێگیـرا و ئـازاد کـران، (حسـامالدين القیمـری) لـە بەندیخانـە ڕایکـرد، (عزالدیـن ایبـك) لـە یەکێـك لـە قـەڵاکان بـە نـاوی (ئەزمـار) بەنـد کـرا و هـەر لـەو بەندیخانـەدا مـرد، هەروەهـا سـوڵتان هاوسـەرەکەی خـۆی بـە تـەواوی ڕێـز و گەورەییـەوە گەڕاندیـەوە [٤].

---

(١) (پ٢٤) ٤٨٥/١٠.

(٢) الرهاوي المجهول (پ٣٣٦) ٢٦٢/٢

(٣) (پ٢٤) ٤٨٥/١٠.

(٤) الهمذاني (پ٣٦٣) ٤٤/١.

# تەوەرەی پێنجەم

## هاوپەیمانـی سـەلجوقی ڕۆم و ئەیوبییـەکان دژی (جلال‌الدیـن)ی خوارزمـی و گرنگتریـن لێکەوتەکانی هێرشکاری سـەر خەڵات

مێـژووی سـەرهەڵدانی سـەلجوقییەکانی ڕۆم لـە ئاسـیای بچـوك دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو سـەرکەوتنە گەورەیـەی کـەوا لـە شـەڕی مـەلا زگـرد سـاڵی (٤٦٣ك/١٠٧١ز) بـە سـەر ئیمپراتۆریەتـی بیزەنتیـدا تۆماریـان کـرد[١]، توانییـان لـە بەشـێکی ناوچەکانـی ئـەو هەرێمـە خۆیـان جێگیـر بکـەن، هەڵبەتەئـەم سـەرکەوتنەی سـەلجوقییەکان ڕێـگا خۆشـکەر بـوو کەبگەنەنـاو قوڵایـی ئاسـیای بچـوك و ناکۆکییەکانـی ناوخۆیـی دەوڵەتـی بیزەنتـی بقۆزنـەوە ودەسـگرن بەسـەر هەرێمەکـەدا و سـەڵتەنەتی سـەلجوقی ڕۆم دامەزرێنـن بەسـەرکردایەتی (سـلیمان کـوڕی قتلمـش) (٤٧٠-٤٧٩ك/١٠٧٧-١٠٨٦ز)[٢].

سـەرەتای پەیوەندییـان لەگـەڵ (جلال‌الدیـن منکبرنـی) دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز) کـە دەسـتی بـە سـەر ئازربایجانـدا گـرت، لـە ڕێـگای ناردنـی شـاندێك بـە سەرۆکایەتی قـازی (محی‌الدیـن طاهـر)ی خوارزمـی و گەیاندنـی نامەیـەك لـە سـوڵتانی خوارزمـەوە بـۆ سـوڵتانی سـەلجوقی ڕۆم (علاءالدیـن کیقبـاد) (٦١٦-٦٣٤ك/١٢١٩-١٢٣٧ز) بـۆ دروسـت کردنـی پـردی پەیوەنـدی لـە نێوانیانـدا[٣].

هەرچەنـدە منکبرنـی کەسـێکی هێنـدە سیاسـیش نەبـوو، بـەڵام هەوڵـی دەدا کـە هاوپەیمانیەکـی ئیسـلامی لـە دژی دروسـت نەبـێ بـە تایبەتـی دوای ئاشـت بوونـەوەی

---

(١) بڕوانـە: ابـن القلانـسي، **تاريـخ ديمشـق** (تـح: د.سـهيل زكار، دار حسـان للطبـع والنـشر، دمشـق، ١٩٨٣م) ١٦٧؛الحسـيني (پ٨٤) ص٤٧-٥٣؛ محمـد سـهيل طقـوش، **مێـژووی سـەلجوقیەکان** (و: دەوەن حەسـەن، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١١ز) ل٤٧-٥٠.

(٢) ابن شداد (پ١٥٦) ج١، ق٢، ٣٣٥؛ محمد سهيل طقوش (پ٣٧٨) ٥٧.

(٣) ابن البيبي، **اخبار سلاجقة الروم** (ت: محمد سعيد جمال الدين، القاهره، ١٩٩٣م) ١٨٩.

هـەردوو بـرای ئەیوبـی (المعظـم عیـسی و الاشرف مـوسی)، بۆیـە هەوڵـی دەدا سـۆزی (کیقبـاد)ی سـەلجوقی بـۆ لای خـۆی ڕاکێشـێ و نەهێڵـێ بچێتـە پـاڵ ئەیوبییـەکان [1]، لـە نامەیەکـی دیکـەدا لەگـەڵ شـاندێکی دیکـە کـە پێکهاتبـوون لـە (جـمال الدیـن فـرخ الطشـتدار و جـمال الدیـن السـاوجی نەجـم الدیـن ابوبکـر الجامـی) بـە کۆمەڵێـك دیـاری بـە نرخـەوە، دیـارە سـەرەتا (کیقبـاد) تـا ڕادەیـەك نەرمـی نوانـدووە کـە بیـروڕا بگۆڕنـەوە لـە ڕێگـەی ناردنـی نامەیـەك لەگـەڵ شـاندێك کـە پێکهاتبـوو لـە (کمالالدیـن کامیـار و زهیرالدیـن ترجومـان)، لـە نامەکـەدا چەنـد ئامۆژگاریەکـی ئاراسـتەی منکبرنـی کردبـوو، وەك هەڵگرتنـی ئابلۆقـە لـە سـەر خـەڵات و شـەڕ لەگـەڵ موسـوڵمانان ڕابگـرێ و لەگـەڵ سـوپاکەی ڕووبکاتـە ئـاران، هەروەهـا پەیـمان لەگـەڵ مەغۆڵـەکان ببەسـتێ کـە چیـتر دەسـت درێـژی نەکەنـە سـەر جیهانـی ئیسـلامی بـەڵام دەشـێ وتوێژەکەیـان ئەرێنـی نەبووبـێ [2].

هەرچـی سـەبارەت بـە سـەلجوقی ڕۆم و مەلیـك (الاشرف)ی ئەیوبییـە ناکـرێ دەسـتە وەسـتان بوەسـتن بەرانبـەر بـە مەترسـی و دەسـتدرێژیەکانی خوارزمـی، کـە لـە ناوچەکانـی قەلەمڕەویـان هێنابوویـە ئـاراوە، ئەگەرچـی هـەردوو هێـزی ناوبـراو ڕابردوویەکـی پڕکێشـە و ململانـێ و لەشکرکێشـی بـۆ سـەر یەکتریـان هەبـووە بـە داگیرکـردن و بەزاندنـی سـنورەکان و لێـدان لـە بەرژەوەندییەکانـی یەکـتر، بـەڵام لـەو ڕۆژگارەدا پێشـهاتی گرنگـتر هاتۆتـە پێـش و هەنگاونـان بـۆ وەلانـان و دورخسـتنەوەی مەترسـییەکانی خوارزمـی و ڕزگار کردنـی شـاری خـەڵات [3].

بـۆ ئـەو مەبەسـتە (علاءالدیـن کیقبـاد) نامەیەکـی بـۆ مەلیـك (الاشرف) نـارد لـە دیمەشـق و پێـی ڕاگەیانـد خێـر و بەرژەوەنـدی لەوەدایـە ئەگـەر سـەردانی بـکات، بـۆ پـرس و ڕاوێـژ لـە سـەر داواکاری (کیقبـاد) مەلیـك (الاشرف) سـەردانی مەلیـك (الکامـل)ی بـرای کـرد لـە ڕەقـە [4]، بـە پێیـی ئامـاژەی (ابـن الاثیـر) (کیقبـاد) بـە هـۆی ئـەو مەترسـییەی کـە لـە (جلالالدیـن) لای سـەری هەڵدابـوو زۆر پێداگـر بـوو لەسـەر

(١) محمد سهیل طقوش، **تاریخ سلاجقة روم فی اسیا الصغری** (دار النفاس، بیروت، ٢٠٠٢م) ٢٦٢.

(٢) ابن البیبي (پ٣٨٠) ١٩٥-١٩٩.

(٣) بڕوانـە: محمـد صالـح طیـب الزیبـاري، **سـلاجقة الـروم فـی اسـیا الصغـری** (دار دجلـة، المملكـة الهاشـمیة الاردنیـة، عـمان، ٢٠٠٧م) ١٧٣-١٦٢؛ کرڤـان محمـد آمیـدي (پ٣٤٨) ١١٤-١١٩.

(٤) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣٠٣/٢٢.

بەستنی پەیمانی هەماهەنگی و هاوکاری دژ بە خوارزمی، بەو پێیەی کە حاکمی ئەرزەڕۆم، (رکن‌الدین جهانشا)ی کوڕی مامی ببوو بە هاوپەیمانی (منکبرنی) لە داگیرکردنی خەڵات و دوژمنی (کیقباد) بوو، بەمەش ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لە سەر ناوبراو دروست کردبوو، بۆیە زۆر موکوڕ بوو لە سەر ئەوەی کە بە یەکەوە بەرەنگاری ببنەوە[١]،

دیارە سەرەتا مەلیك (الاشرف) دوودڵ بووە لەم پێشنیارەی (کیقباد) کە بچێت بۆ لای، بەڵام کاتێ (کمال‌الدین کامیار) نوێنەری (کیقباد) گەیشتە لای هەردوو برا (الکامل و الاشرف) لە حەڕان توانی بە زۆرزانی و زمانپاراوی خۆی قەناعەتیان پێ بکات، کە بوونی هێزی خوارزمی لەو هەرێمە مەترسییەکی گەورەیە لە سەر بەرژەوەندییەکانی هەردوولا، مەلیك (الکامل) بە هۆی سەرهەڵدانی هەڕەشەی فەڕەنجەکان لە سەر وڵاتی موسوڵمان گەڕایەوە میسر و مەلیك (الاشرف) و چەند میریکی تری ناردە خزمەت (علاءالدین کیقباد) سوڵتانی سەڵجوقی ڕۆم[٢].

ناوبراو سەربازانی جەزیرە و شامی کۆکردنەوە، بەرەو سوڵتان (علاءالدین کیقباد) بە ڕێکەوت، لە سیواس بە گەرمی پێشوازی لێ کرا، دوای کۆبوونەوە و بیروڕا گۆڕینەوە، لەگەڵ یەکتر ڕێککەوتن، کەوا بە یەکەوە هێرش بکەنە سەر خوارزمی، مەلیك (الاشرف) بە پینج هەزار سوارە و (کیقباد)یش بە بیست هەزار سوارە بەرەو خەڵات بەڕێکەوتن[٣]، سوپای مەلیك (الاشرف) هەرچەندە بە ژمارە لە سوپای (کیقباد) کەمتر بوون، بەڵام بریتی بوون لە سەربازانی ئازاو چاونەترس و ڕاهاتوو لە سەر شەڕ و چەکی زۆر و ئەسپی باشی عەرەبیان پێ بوو، بە پێشەوایەتی یەکێك لە میرەکانی سوپای حەلەب بە ناوی (عزالدین عمر کوڕی علی)، کە لە کوردانی هەکاری بوو لە ئازایەتیدا پلەیەکی باڵای هەبوو، خاوەن ڕەوشتی باش و ئاکاری جوان بوو[٤].

سەبارەت بەسوڵتان (جلال‌الدین) دوای داگیرکردنی خەڵات نیازی ئابلوقەدانی شاری

---

(١) ابن الاثیر (پ٢٤) ٤٨٦/١٠.

(٢) ابن البیبي (پ٣٨٠)٢٠٢.

(٣) ابن الواصل (پ٢٣) ٢٩٨/٤؛ ابن سباط (پ٤٨) ٣٠٠/١.

(٤) ابن الاثیر (پ٢٤) ٤٨٦/١٠.

مەلازگردی کرد، کاتێ (رکن‌الدین جهانشاه) فەرمانڕەوای ئەرزەڕۆم گەیشتە لای، لە ڕێککەوتنی (سەلجوقی- ئەیوبی) ئاگاداری کردەوە و پێی ووت: "بەڕای من ئێمە دەستپێشخەری بکەین بەر لەوەی ئەوان کۆ ببنەوە" سوڵتانیش ڕایەکەی بەهەند وەرگرت [1].

لە ٢٨ی ڕەمەزانی سالی (٦٢٧ك/١٢٣٠ز) شەڕ لە نێوان سەلجوقی ڕۆم- ئەیوبییەکان و خوارزمییەکان لە نزیك ئەرزنجان دەستپێکرد دوای شەڕیکی کورت سەربازانی خوارزمی نەیانتوانی خۆیان ڕاگرن لە بەرانبەر دوو لەشکر، بەڵکو وورەیان داتەپیبوو، کە سوڵتانی خوارزم خۆی لەسەر بەرزاییەك چاودێری شەڕەکەی دەکرد کاتێ کە گەورە سەربازەکانی دەکەوتنە دۆڵەکان و پەرتەوازەی کێوەکان دەبوون و ڕایان دەکرد، تا شاری خەلاتیان بەجێهێشت و سوپای مەلیك (الاشرف) شارەکەی گرتەوە [2]، بە پێی ئاماژەی (ابن الواصل) کە (جلال‌الدین) و سەربازەکانی سوپای مەلیك (الاشرف) یان بینی لە نزیك ئەرزنجان ئەسپی تایبەت و چەکی باش و بەهێزیان پێ بوو توشی ترس و تۆقین بوون، هەر شەڕ دەستی پێکرد نەیان توانی خۆیان ڕاگرن بەزین و سەربازەکانی پەرتەوازە بوون زۆرێکیش لەناوچوون، پاشان مەلیك (الاشرف) خەلاتی گێڕایەوە ژێر دەسەلاتی، بەلام کە سەیری کرد شارەکە وەکو وێرانەیەك دەهاتە بەرچاو [3].

سەبارەت بە ئەرزەڕۆم لەو کاتەوەی سوپای (جلال‌الدین) تێکشکاو ڕای کرد (کیقباد) دەستی بەسەر شارەکەدا گرت و فەرمانڕەوای شارەکەی بەدیل گرت و لای خۆی هێشتیەوە[4]. کەمەلیك (الاشرف) لە خەلات جیگیر بوو سوڵتان (جلال‌الدین) بەشکست خواردوویی گەڕایەوە شاری خویی لە ئازربایجان، نێردراو و نامە گۆڕینەوە لە نێوانیاندا دەستیپێکرد و ڕێککەوتن لە نێوانیاند هاتە کایەوە، بە پێی ڕێککەوتنەکە هەر هێزێك لە سنوری ناوچەی دەسەلاتداری خۆی بمێنێتەوەو دەستدرێژی نەکەنە سەر ناوچەکانی قەلەمڕەوی یەکتر، شایانی باسە بە هۆی نزیك بوونەوەی مەغۆل منکبرنی ڕازی بوو بە پێشنیاری مەلیك (الاشرف) بۆ ئاشتی [5].

---

(١) النويري (پ٤١) ١٩٧/٢٧.

(٢) الرهـاوي المجهـول (پ٣٣٦) ؛ ٢٦٤/٢؛ سـبط ابـن الجـوزي (پ١٧٩) ٣٠٤/٢٢؛ ابـن العديـم (پ١٦٧) ص٤٨٧.

(٣) (پ٢٣) ٢٩٩/٤.

(٤) ابن الاثير (پ٢٤) ٤٨٧/١٠.

(٥) ابـن الاثيـر (پ٢٤) ٤٨٧/١؛ ابـن العـبري، **تاريـخ الزمـان** (ت. الاب اسـحق ارملـة، دار المـشرق،

# تەوەرەی شەشەم

# پەلاماری خوارزمییەکان بۆ سەر شارەکانی جەزیرە

لـە دوای کوژرانـی سـوڵتانی خوارزمـی (جلال‌الدیـن منکبرنـی) سـاڵی (٦٢٨ك/١٢٣١ز) و لـە دەسـتدانی بەشـێکی گـەورەی خاکیـان لـە ئازربایجـان و ئـاران و عێراقـی عەجـەم لەسـەر دەسـتی مەغۆڵـەکان پاشـماوەی سـوپای خوارزمـی دووچـاری پەرتوبـڵاوی و پەرتەوازەیـی بـوون [1]، وەکـو سـەربازی بـە کرێگیراویـان لێهاتبـوو کـە کـێ زۆرتریـان پێبـدا و دەسـتکەوتی زیاتریـان هەبـێ لای ئـەو بمێننـەوە و خزمەتـی بکـەن، لـە لایەکـی دیکـەش دەیـان ویسـت لـە نـاو ئـەم تەنگـژە و گێـژاوە سیاسـی و سـەربازیانەدا خۆیـان ببیننـەوە و خەونـی شکسـت و دۆڕانـی دەوڵەتـە گەورەکەیـان قەرەبـۆ بکەنـەوە [2].

زیاتـر لـە دوازدە هـەزار سـوارەیان پەنایـان بـردە بـەر (علاءالدیـن کیقبـاد)ی سـوڵتانی سـەلجوقی ڕۆم، تاوەکـو لـە ژێـر فەرمانـی ئـەودا خزمـەت پێشـکەش بـە دەوڵەتەکـەی بکـەن[3]، لـە دەرکەوتـوو تریـن و بەناوبانگتریـن سـەرکردە سـەربازیەکانیان بریتـی بـوون لـە (حسـام الدیـن برکةخـان و کشـلوخان و بـردی خـان و سـاروخان و فرخـان) [4]، سـوڵتانی ناوبراویـش دیـاری و جـل و بـەرگ و زێـڕی پـێ بەخشـین و لـە شـارەکانی ئەرزنجـان و ئەماسـیە و لارنـدە و نکیـدەی[5] نیشـتەجێ کـردن[6]، سـتراتیجیەتی پلانـی سـوڵتانی سـەڵجوقی لـە دابەشـکردنی خوارزمییـەکان بەسـەر ئـەم شـارانەدا کـە

بیروت، ١٩٨٦م) ٢٧٧

(١) ابن الواصل (پ٢٣) ٣٢٤/٤

(٢) عفاف صبرة (پ٢٢) ٢٧١.

(٣) ابن الواصل (پ٢٣) ٣٢٥/٤.

(٤) ابن الواصل (پ٢٣) ١٣٥/٥.

(٥) لارنـدە و نکیـدەدو و شـاری سـەر بـە دەسـەڵاتی سـەلجوقی رۆم بـوون، کەوتوونەتـە باشـووری ئەنـادۆڵ. صـبري سـليم (پ٢٤٤) ٤٥.

(٦) ابن البيبي (پ٣٨٠) ٢٢٩.

لێـی نیشـتەجی بـبن بـۆ ئـەوەی لێکـتری دووربـن و لـە یـەك شـوێن کـۆ نەبنەوەتـا بـە ئاسـانی بـە سـەریاندا زالـبن، هەروەهـا بەربەسـت و سـنورێکی مرۆیـی بەهێزیشـبن بـۆ پارێـزگاری دەوڵـەت و لـە خزمەتـی فراوانخـوازی سـەلجوقیدابن لـە هەرێمەکانـی دەورووبـەر بـە تایبەتـی موڵکەکانـی ئەیوبییـەکان [1].

لـەو ماوەیـەی کـەوا لـە خزمەتـی سـوڵتانی سـەلجوقیدا بـوون لـە هەڵمەتەکانیـان بـۆ سـەر قـەڵا و شـارەکانی سـەر بـە ئەیوبییـەکان لـە هەرێمی جەزیرە شـان بە شـانی سـوپای سـەلجوقی بەشـداری کارایـان هەبـووە، لـە هەمان کاتیشـدا هێـز و ورەیەکـی توکمەیان بە سـوپای ناوبـراو بەخشـی بـوو، ئەوەبوو سـوپای سـەلجوقی ڕۆم لـە سـاڵی (٦٣١ك/١٢٣٤ز) لـە پەلامارێکـدا بـە سـەرکردایەتی (کمال‌الدیـن کامیار) بۆ سـەر قـەلای خرتـبرت (خارپیت) تاڵانیـان کـرد و گرِیـان لـە قەڵاکـەی بـەردا و وێرانیـان کـرد، دەسـتیان بەسـەر چەنـد قەڵایەکـی دەوروبەریـدا گـرت، خـودی سـوڵتانی سـەلجوقی خـۆی لـە مەلاتیـە چاودێـری شـەرەکەی دەکـرد و چاوەڕوانـی مـوژدەی سـەرکەوتنی دەکـرد [2].

لـە شـاڵاو و هێرشـکاریەکی تـری سـەلجوقی بـۆ سـەر شـارەکانی جەزیرە سـاڵی (٦٣٢ك /١٢٣٥ز)، سـەرەتا لـە ماردیـن دابەزیـن، توانییـان لـە ژێر فشـاری خوارزمییەکان هاوسـۆزی و پاڵپشـتی (ناصرالدیـن ارتقـی) فەرمانـڕەوای ماردیـن بـە دەسـت بێنـن، پاشـان گەمـارۆی شـارەکانی ڕەهـا و حەڕانیانـدا، کارێکـی وایـان بـەم شـارانە کـرد کـە تەتـەر پێـی نەکردبـن لـە وێرانـکاری و کاولکاریـدا، قـازی (علاءالدیـن)ی کـوردی [3]بـە بـەردی مەنجەنیقەکانـی سـەلجوقی-خوارزمی کـوژرا لـە ڕەهـا [4]، دەسـتیان بەسـەر جەزیـرەدا گـرت پاشـان لـە هێرشـکارییەکەیان بـەردەوام بـوون تـا دەسـتیان بەسـەر خەلاتیشـدا گـرت و لـە دەسـتی بریکارەکـەی مەلیـك (الاشرف)ی ئەیوبییـان دەرهێنـا [5]، هاوپەیمانـی (ناصرالدیـن) خاوەنـی ماردیـن لەگـەڵ سـەلجوقییەکان بـە واتـای ڕاگەیاندنی شـەر لـە دژی ئەیوبییەکان

(١) صبري سليم (پ٢٤٤) ٤٥.

(٢) المقريزي (پ٢٧٨) ٣٦٩/١.

(٣) قـازی (علاءالدیـن)ی کـوردی: یەکێـك بـوو لـە قازیـە دیـارو ناودارەکانـی سـەردەمی مەلیـك (الکامـل) لـە ڕۆژهەلاتـی دەوڵەتـی ئەیوبـی لـە قـەڵای ڕەهـا، کـە گـەورە فەقیهێکـی کـوردی مەزهەبـی شـافیعی بـوو، خـاوەن ڕیـزو پایەیەکـی گـەورەی بـوو. ابـن الواصـل (پ٢٣) ٩٨/٥-٩٩.

(٤) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣١٩/٢٢؛ ابن العبري (پ٣٩٣) ٢٨١-٢٨٢.

(٥) ابن الواصل (پ٢٣) ٩٩/٥.

لێکدرایەوە[١]، بۆیە لە ساڵی (٦٣٣ك/١٢٣٦ز) هەردوو مەلیکی ئەیوبی (الكامل و الاشرف) بە هاوبەشی لە ڕووباری فورات پەڕینەوە و توانییان دەست بەسەر هەردوو شاری ڕەها و حەڕاندا بگرنەوە و نوێنەری سەلجوقی تێدا دەربپەڕێنن، قەڵای ڕەهایان وێران کرد[٢]، پاشان ئاراستەی پەلامارەکەیان بەرەودونەیسەری نزیك ماردین برد و ئەم شارەشیان وێرانکرد[٣]،

ساڵی (٦٣٣ك/١٢٣٦ز) خوارزمییەکان شالاوێکیان کردە سەر شاری نوسەیبین بە هەماهەنگی و بەشداری فەرمانڕەوای ماردین کە هاوپەیمانی سەلجوقییەکانی ڕۆم بوو، ئاگریان لە شارەکە بەردا و تاڵان و وێرانکارییەکی وایان لەم شارە کرد، خراپتر لەوەی کە ئەیوبییەکان بە شاری دونەیسەریان کرد[٤]، هەروەها خوارزمییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای سەلجوقی ئابلۆقەی شاری ئامەدیان دا لە ساڵی (٦٣٤ك/١٢٣٧ز) بەو پێیەی کەوا دڵیان پڕ بوو لە رق و قین لە دانیشتوانی ئەو شارە، بە بیانوی ئەوەی سالی (٦٢٨ك/١٢٣١ز) کە مەغۆلەکان تەنگیان بە سوڵتانەکەیان هەڵچنیبوو سوڵتانیش بۆ خۆ ونکردن و حەشاردان لە چاوی مەغۆلەکان پەنای بردبوە بەر شاری ئامەد ئەوانیش دەرگای شاریان لەسەر داخستبو پەنایان نەدابوو[٥]، دیارە نیازیان وابووە لەو ڕۆژەدا کۆنە ڕقیان لێ هەڵڕێژن، لە گێڕانەوەی (ابن العبری)دا هاتووە لەم هەڵمەتە سەربازیەی سەلجوقی ڕۆم بۆ سەر ئامەد لەشکرەکەی پێکهاتبوو لە سەربازانی (خوارزمی و هۆنی و یۆنانی و فەرەنجی و ئەرمەنی و گورجی)[٦].

خوارزمییەکان لە ژێر فەرمان و خزمەتی ماڵی سەلجوقیدا بەردەوام بوون بە درێژایی حوکمڕانی سوڵتان (کیقباد)، بەڵام پاش کۆچی دوایی سوڵتانی ناوبراو ساڵی (٦٣٤ك /١٢٣٧ز) ئەوانیش کۆتاییان بەم خزمەتە هێنا و ڕوویان لە ماڵی ئەیوبی کرد[٧].

---

(١) صبری سلیم (پ٢٤٤) ٤٥.

(٢) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣٣٧/٢٢.

(٣) ابن تغری بردي (پ٢٤٧) ٦/ ٢٩٣.

(٤) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣٣٧/٢٢؛ عمادالدین خلیل (پ١٧٠) ١٩٠

(٥) ابن البیبي (پ٣٨٠)٢٤٠.

(٦) (پ٣٩٣) ٢٨٢.

(٧) ابو الفدا (پ٤٨) ١٥٩/٣؛ عفاف صبره (پ٢٢) ٢٧٢.

## تەوەرەی حەوتەم

## هەڵوێستی ناوچە کوردییەکان بەرانبەر لەشکرکێشی و داگیرکاری خوارزمی

لەسەر و بەندی شاڵاو و لەشکرکێشییەکانی خوارزمی بۆ ناوچە کوردییەکان، جگە لە هەرێمی جەزیرە کە لە ژێر حوکمڕانی ئەیوبییەکاندا بوو، ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە کەوتنە بەر پەلامار و هێرشکاری خوارزمییەکان، هیچ قەوارەی سیاسی و دەسەڵاتدارییێکی کوردی بوونی نەبوو لەو سەردەمە، کە حوکمڕانی شار و هەرێمەکەی خۆی لەژێر دەستدابێ و پارێزگاری لێ بکا، هەر وەکو لە پێشوتردا ئاماژەی پێدراوە[1]، میرنشینە کوردییەکان لە لایەن دەوڵەتی سەلجوقی هەڵوەشابوونەوە و لەناوچووبوون، شار و ناوچە کوردنشینەکان کەوتبوونە ژێر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی ئەتابەگییە تورکمانەکان و ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵەتی عەباسی[2]، دیارە ئەمەش بە جۆرێك لە جۆرەکان هەڵ و مەرجێکی ڕێگا خۆشکەر بووە بۆ دەست تێوەردانی خوارزمییەکان بۆ هەر شارو ناوچەیەك، کە ویستیان لەسەر بووبێ و خەیاڵیان بۆ گرتنی جوڵابێ، هەڵمەتی داگیرکارییان بۆ کردووە و پەلاماریان داوە، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە پێویستە ئاماژەی پێبکەین ڕۆڵی ناوچەکانە کە چۆن مامەڵە و هەڵسوکەوتیان کردووە لەگەڵ ئەو هێزە نوێیەی کە خەریك بوو ڕۆڵی سەلجوقییەکانی دەبینی لە جیهانی ئیسلامیدا و لە خەونی ئەوەدا بوون شوێن و پێگەی ئەوان بگرنەوە لە خەلافەتی عەباسیدا، بەڵام بۆیان نەهاتەدی.

بە وردبوونەوەمان و تاووتوێ کردنی تەواوی ڕووداو و لەشکرکێشیەکان، دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی خوارزمی لە ناوچە کوردییەکان دەسەڵاتێکی ویستراو و خوازراو

---

(١) بڕوانە:توێژینەوە. ل٣٧-٣٩

(٢) بڕوانە تەوەرەی پێنجەم لە بەشی یەکەمی توێژینەوە ل٣٧-٤٥.

نەبـووە، بەڵکـو وەکـو هێزێکـی داگیرکـەری تاڵانچـی وێرانکـەر سـەیر کـراوە، بـۆ نمونـە دەبینیــن لــە ســاڵی (٥٩٠-٥٩٦ك/١١٩٥-١٢٠٠ز) لــە چــوار هەڵمەتــی ســەربازیدا بــۆ ســەر شــاری هەمــەدان و هەرێمــی چیــا دەســەڵاتیان لــە شــارەکە بــە تایبەتــی و هەرێمەکـە بـە گشـتی هێنـدە درێژخایـەن نابـێ هەرجـارە لـە لای سـوپای خەلافـەت یــان ســەرکردە هەڵگەڕاوکانــی خۆیــان، وەك (قتلــغ اینانــج و میاجــق)، شۆرشــیان بــە ســەردا کــراوە و حوکمڕانــی خوارزمییــان ڕاماڵیــوە و خۆیــان بوونەتــە حاکمــی وڵات[1]، بـۆ ئـەو ماوەیـەش کـە لـە ناوچەکـە دەمانـەوە بـە شـێوازی تونـد و تیژیـی و زۆرداری دەســەڵاتیان بەســەر خەڵکیــدا ســەپاندەوە[2].

لــە لایەکــی دیکــە بوونــی هاوســۆزی کــوردەکان بەرامبــەر بــە خەلافــەت و بەشــداری کــورد لــە هەڵمەتــە ســەربازییەکان، ڕەهەنــدی گوێرایەڵــی و پابەندبــوون بــووە بــە بنەماکانــی دەوڵەتــی خەلافــەت و ڕەتکردنــەوەی لایەنــی بەرامبــەر، ئەمــەش لــە ئامــاژەی (خواندمیــر)دا دەردەکەوێــت، کــە کــورد پێکهاتەیەکــی ســەرەکی ســوپای خەلیفــە بــووە لــە هەڵمەتــی دەســتگیرگردنی خوارزمشــا (علاءدالیــن تکــش) بــە نــاوی پێشکەشـکردنی خولعـی سـوڵتانی بـۆ هەمـەدان سـاڵی (٥٩٠ك /١١٩٤ز)[3]، جگـە لەمـەش ناردنــی میــر (ابوهیجــاء) بــۆ هەمــەدان، تاکــو زاڵ بێــت بەســەر کێشــە و پەشــێوییەکانی شــارەکە و چارەســەر کردنــی[4].

دوای مردنـی (علاءالدیـن تکـش) سـاڵی (٥٩٦ك/١٢٠٠ز) کـە هەواڵەکـە بڵاوبوویـەوە، خەڵکـی ناوچەکانـی هەرێمـی چیـا لەسـوپای خوارزمـی ڕاپەڕیـن و شۆرشـیان بەسـەردا کــردن، هەمــوو ئــەو ســەربازانەیان کوشــت کــە لــە ناوچەکــەدا بوونیــان هەبــوو بەهــۆی ئــەو سیاســەتی ســتەمکاری و زۆرداریــەی پەیڕەویــان دەکــر، هیچــی لــە غــوزەکان و مەغۆڵــەکان زیاتــر نەبــێ کەمــتر نەبــووە[5].

---

(١) بڕوانە: الراوندی (پ٩٠) ٥١٩-٥٥٤؛ حنان مبروك اللبودي (پ٥٢) ٣٣٢-٣٤٥.

(٢) الراوندي (پ٩٠) ٥٣٠-٥٣١.

(٣) (پ٢٩) ٦٣٩.

(٤) المؤلف المجهول (پ١٢٨) ٢٣٤، الغساني (پ٢١١) ٢٣٩/١.

(٥) بارتولـد (پ٥) ٥٠٢؛ موسـی محەمـەد خـدر، **وێنـەی کـورد لـە سـەرچاوە مێژوویـە فارسـیەکان** (چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر، ٢٠١١) ١٧٤.

هەروەها یەکێك لە هۆکارەکانی تێکشکانی هێرشە گەورە و فراوانەکەی خوارزمشا (علاءالدین محمد) ساڵی (٦١٤ك/١٢١٧ز) لە هەمەدان بۆ سەر هەرێمی چیا و بەغدای پایتەختی دەوڵەتی عەباسی و ڕوخاندنی خەلافەت، پەلاماری کوردەکانی دانیشتووی هەرێمەکە بوو، کە سوپای خوارزمشایان دووچاری شکستێکی گەورە کرد و پاشەکشەیان پێکرا[1]، ئەمەش گوزارشت لە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی خوارزمی دەکا لە هەرێمە کوردنشینەکان و خۆمەلاسدان بۆ هەر دەرفەتێك کە بۆیان هەڵکەوێ تا گورزی خۆیانی لێ بوەشێنن.

دیارە ناو و ناوبانگی خوارزمییەکان هێندە بە خراپی شار و ناوچەکانی کوردستانی تەنی بوو، لەبەر ئەو تالانکاری و وێرانکاریەی کە پێی هەڵدەستان لەو شوێنانەی داگیریان دەکرد، بۆیە هەر شارێك ڕوویان تێدەکرد بە مەبەستی داگیرکردنی دانیشتوانەکەی دەرگا و دەروازەکانیان بەڕوودا دادەخستن و دەسەڵات و حوکمڕانی خوارزمیان ڕەتدەکردەوە بۆ ئەمەش باشترین وێنە شاری داقوقە دوای بەرگرییەکی توندی خەڵکی شارەکە، بە زەبری هێز توانییان داگیری بکەن، لەهەمان کاتیشدا زۆرێك لە دانیشتوانەکەی بەهۆی سیاسەتی ستەم و زۆری و ئازاردان و سەرکوتکاری، پەڕاگەندە و ئاوارەی ناوچەکانی دەوروبەر بوون[2].

ئەم هەڵوێستەلە شاری خەلاتیش بە هەمان شێوەی شاری داقوق بەرانبەر بە سوپای خوارزمی دوبارە بوویەوە لە دوای چەندین شالاو و هێرشکاریدا هەر لە ساڵی (٦٢٣ك/١٢٢٦ز) تا ساڵی (٦٢٧ك/١٢٣٠ز) نەیان توانی دەست بەسەر شارەکەدا بگرن تا سەپاندنی ئابلوقەیەکی ئابوری درێژخایەنی بێ بەزەییانەی دوور لە ڕەوشت و ڕەفتار و بنەمای ئایینی و مرۆڤایەتی، کە زۆرێك لە دانیشتوانەکەی لە برسان مردن بەهۆی نەمانی هەرچی خوراك و خواردەمەنییە، خیانەتکاری یەکێك لە میرەکانی فەرماندەی پاسەوانانی شورەی شار ئینجا توانیان شارەکە داگیر بکەن[3].

لەو شارانەی کەوا لەژێر دەسەڵاتییان دەمایەوە بۆ ماوەی چەند ساڵێك

---

(١) ابن الكثير (پ٢٤٨)١٠/٧٩؛ الغساني (پ٢١١) ٣٥٦/١.

(٢) ابن الاثير (پ٢٤) ٤٤٤/١٠؛ النسوي (پ٦٠) ١٩٣.

(٣) ابن الاثير (پ٢٤) ٤٨٤/١٠؛ الهمذاني (پ٣٦٣) ٤٢/١-٤٣؛ النويري (پ٤١) ١٩٦/٢٧.

حوکمڕانیــان تێــدا دەکــرد، جەماوەرەکــەی دەنگــی بێــزاری و ناڕەزاییــان لــێ بــەرز دەبــوەوە و پەنایــان دەبــردە بــەر هێــز و لایەنــی دیکــەو بانگهێشــتیان دەکــرد کەهێــز بنێــرێ و دەســەڵاتی خوارزمــی ڕاماڵــێ و شــوێنی ئــەوان بگرێتــەوە، ئەمــەش لــە شــارەکانی ئازربایجانــدا بــەدی دەکــرێ لــە ســاڵی (٦٢٤ك/١٢٢٧ز) کــە پەیامیــان نــارد بــۆ (الحاجــب حســامالدین)ی بریــکاری مەلیــك (الاشرف) لــە خــەڵات تــا حوکمڕانــی شــارەکانی هەرێمەکــەی ڕادەســت بکــەن، لــە یــەك هەڵمەتــی ســەربازیدا توانــی شــارەکانی خویــی و ســەلماس و مەرنــد ... هتــد بگریــت و چەنــد شــاری تریــش پشــتیوانی خۆیــان بــۆ ڕاگەیانــد و ئامادەییــان دەربــڕی کــە شــارەکەیان ڕادەســتی دەســەڵاتی مەلیــك (الاشرف)ی ئەیوبــی بکــەن [(١)].

ڕەنگدانــەوەی هەڵوێســتی ڕتکردنــەوەی خوارزمییــەکان لــە زۆربــەی شــارە کوردیەکاندا ڕوون و ئاشــکرایە، تەنانــەت لــە ڕۆژانــی ئەوپــەڕی تەنگەتاویشــدا کــە ســوڵتانی خوارزمــی (جلال‌الدیــن منکــبرنی) تێیکەوتبــوو لــە کاتــی تەنگپێهەڵچنینــی مەغۆڵــەکان لــە ســاڵی (٦٢٨ك /١٢٣١ز) پەنــای بــردە بــەر شــاری ئامــەد دەرگایــان بــەڕوودا داخســت و پەنایــان نــەدا و بــەرد بارانیــان کــرد تاکــو لــە شــارەکەیان دوور خســتەوە [(٢)].

هەروەهــا لــە هەمــووی گرنگــتر کوشــتنی خــودی ســوڵتانی ناوبــراوە لــە هەمــان ســاڵ لەلایــەن کــوردەکان لــە کاردانــەوەی زوڵم و ســتەمەکانی کــە بەرانبەریــان ئەنجامیدابــوو، بۆیــە کاتێــك لەکۆتایــی تەمەنیــدا لــە دوا پەناگــەی دوایــن ســاتەکانی ژیانیــدا دەگەڕێــت و خــۆی لــەلای کــوردەکان دەبینێتــەوە، ناتوانــن بــەر بــەو ڕق و قینەیــان بگــرن کــە بەرانبــەر ســوڵتان (جلال‌الدیــن) لــە دڵیــان گرتبــوو بۆیــە لــە تۆڵــەی هەمــوو ئــەو کردەوانــەی خــۆی و ســەربازەکانی ئەنجامیــان دابــوو بــە خەنجەرێــك کۆتایــی بەژیانــی دێنــن [(٣)].

(١) ابن الاثیر (پ٢٤) ٤٧٣/١٠؛ ابن واصل (پ٢٣) ٢٠٧/٤-٢٠٨.
(٢) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣٠٨/٢٢-٣٠٩
(٣) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: تویژینەوە. ل١٠٤

# بەشی سێیەم

## پەیوەنـدی خوارزمییـەکان لەگەڵ هێزو دەسـەڵاتدارانی کـوردو ناوچە کوردییەکان

## تەوەرەی یەکەم
## پەیوەندی خوارزمییەکان لەگەڵ ئەتابەگییەی هەولێر

هاتنە ئارای ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان (مظفرالدين كوكبوری) (٥٨٦-٦٣٠ك/١١٩٠-١٢٣٣ز) فەرمانڕەوای هەولێر، بەو پێیەی کە لەو سەردەمە پەیوەندی ناوبراو لەگەڵ خەلافەتی عەباسی لە ئاستێکی باشدا بووە، بەتایبەتی لە دوای کۆچی دوایی سوڵتان (صلاح‌الدين الايوبي)، کە هەولێر بەشێك بوو لە دەوڵەتەکەی[١]، کوکبوری هەڵسا بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەلافەت، ئەمەش پێی نایە قۆناغێکی ئەوتۆ کە بوو بە پارێزگار و داکۆکی کارێکی سەرسەختی خەلافەتی عەباسی، بۆیە کە مەترسی دەرەکی دەبوو بە هەڕەشە لەسەر بەغدای پایتەخت خەلیفە (الناصر لدين الله)پەنای دەبردە بەر ناوبراو بۆ سازدانی هەڵمەتی سەربازی و ڕەواندنەوەی مەترسییەکانی سەر دەوڵەت و سەرکوتکردنی نەیارانی خەلافەت، نموونەی ئەمانەش وەك سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەی (منکلی کوڕی عبداللە) لە ساڵی (٦١٢ك/١٢١٥ز) کە لە خەلیفە هەڵگەڕابۆوە و دەستی بەسەر هەمەدان و ئەسفەهان و ڕەییدا گرتبوو[٢]. هەروەها پێشگرتن لە پەلامار و هێرشی سوپای وێرانکەری مەغۆلەکان کە پەیتا پەیتا لە خاك و مولکەکانی خەلافەت نزیك دەبوونەوە، ساڵی (٦١٧ك/١٢٢٠ز) خۆی و لەشکرەکەی گەیشتە شاری داقوق لەسەر داوای خەلیفە بە هەماهەنگی لەگەڵ سوپای خەلیفە بە سەرکردایەتی (جمال‌الدين قشتمر)[٣].

وێڕای ئەمەش کاتێ سوڵتان (جلال‌الدين منكبرنی) ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز) لە شاڵاوێکیدا بۆ سەر بەغدا، خەلیفە وەکو جارانی پێشوو داوای لە کوکبوری کرد کە

(١) سامي بن خماس الصقار (پ١٨٨) ١٥٨.

(٢) ابن الاثير (پ٢٤) ٣٦٤/١٠؛ سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٢٠٣/٢٢.

(٣) ابن الاثير (پ٢٤) ٤١٢/١٠-٤١٣.

هێزەکـەی تەیـار بـکات، لـە داقوقـوق پێشـی پـێ بگرێـت و هێرشـەکەی تێکبشـکێنێ، هـاوکات لەگـەڵ لەشـکرێکی دیکـەی خەلیفـە بـە سـەرکردایەتی (جمال‌الدیـن قشـتمر) لـە باشـوورەوە، بـەڵام هەروەکـو ئامـاژەی بـۆ کرابـوو [١] (قشـتمر) شـانازی بـە سـوپاکەیەوە دەکـرد بۆیـە زووتـر دەستپێشـخەری کـرد، چاوەڕوانـی هێـزی کوکبـوری نەکـرد واتـە بـە تەنهـا هـەردوو لەشـکرەکە بەرەنـگاری منکبرنـی بوونـەوە بۆیـە هەردووکیـان دووچـاری شکسـت هاتـن [٢].

هەڵبەتـە ئەمـە سـەرەتای هاتنـە ئـارای پەیوەندییەکـی دوو قۆڵـی بـوو لەنێـوان سـوڵتان (جلال‌الدیـن منکبرنـی و مظفرالدیـن کوکبـوری)، دیـارە ئاکامـی بەرەنـگار بوونـەوەی هـەردوو سـوپای منکبرنـی و کوکبـوری سـەری کێشـا بـۆ سـەرهەڵدانی پەیوەنـدی دۆسـتانەو گرێدانـی پەیـمان و ئاشـتینامە [٣]، دواتریـش بوونـەوەی دەرگای گۆڕینـەوەی نامـە لـە نێوانیـان[٤]، بـە پێـی ئامـاژەی (ابـن الواصـل) منکبرنـی سـەرکەوت لە بـە دەسـت هێنانـی پاڵپشـتی و گوێڕایەڵـی کوکبـوری [٥]، هەرچەنـدە هاتنـە ئـارای ئـەم پەیوەندییـە پێچەوانـەی دۆسـتایەتی کوکبـووری و خەلیفەیـە، بـەڵام یەکێـك لەبـەر ئەنجامـەکان و دەسـتکەوتەکانی قایـل کردنـی منکبرنـی بـوو بـە دەسـتهەڵگرتنی لـە داقـوق و پەشـیمانکردنەوەی لـە هێرشـی سـەر بەغـدا و گۆڕینـی ئاراسـتەی هێرشـەکەی بـەرەو ئازربایجـان [٦].

ڕەنگـە بـۆ هـەر یەکێکیـان لـەم ڕێککەوتنـەدا مەبەسـتی سیاسـی و بەرژەوەنـدی تایبەتـی لـە دواوە بووبـێ، ئـەوەی بـەلای منکبرنـی لێـی دەخوێندرێتـەوە، کـە هەڵگـری پەیامـی زینـدوو کردنـەوەی دەوڵەتـی خوارزمـی و دروسـتکردنی بەرەیەکـی ئیسـلامی بەهێـز بووبـێ لـە بەرانبـەر مەغۆلـەکان، وەکـو پێشـتر ئـەم پیشـنیازەی خسـتبووە بـەردەم خەلیفـە بـەڵام ڕەتـی کردبـوەوە[٧]، بۆیـە نەیویسـتووە دوژمنـی ئەوەنـدە زۆر و کەڵەکەبـن

---

(١) بڕوانەتوێژینەوەل٦١-٦٢.

(٢) خوافی (پ١٧) ٧٧٧/٢؛ وصاف الحضری (پ٢٨٥)٣٣٨.

(٣) الجویني (پ٧٠) ٣٤٩/٣؛ ابن العبري (پ٣٩٣)٢٧٥

(٤) ابن الاثیری (پ٢٤) ٤٤٥/١٠.

(٥) (پ٢٣) ١٤٦/٤.

(٦) الحمیري (پ٢٨٨) ٢٤٤.

(٧) عباس اقبال اشتیابی (پ٢٧) ٣٣٣.

کە لە مەیدانی ململانێی نێوان هێزە ئیسلامییەکان هێزێك نەبێ هاوسۆزی و پاڵپشتی بۆی نەبێ.

هەرچی لە لایەن کوکبوریشە کە لە پەیوەندییەکی ناخۆش و ناکۆك دابووە لەگەڵ ئەتابەگییەی موسڵ پەیوندییەکانیان بە دۆخێکی هەڵکشان و داکشاندا تێدەپەڕی، چ لەو ماوەیەی کە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی (بدرالدین لؤلؤ)، پێشتریش نێوانیان لە دۆخێکی سیاسیی گونجاودا نەبووە، بەڵکو بە تەنگژەی سەربازی و لەشکرکێشانە سەر یەکتردا تێپەڕیوە [1]، بۆیە ئەویش لە لای خۆی بەدوای هێزێکدا دەگەڕا کە پەیوەندی لەگەل ببەستێ و بە هۆیەوە گورز لە دوژمنەکەی بوەشێنێ و لەناوی ببات، دیارە لەو هەڵ و مەرجەشدا منکبرنی گونجاوترین هێز بووە لە بنبڕکردنی کێشەکان و جێگای ئومێد و پشت پێ بەستن بێ کە لەگەڵ سەرداری دیمەشق مەلیك (المعظم عیسی) کوڕی مەلیك (العادل الایوبی) (٦١٥-٦٢٤ك/ ١٢١٨- ١٢٢٧ز) بەرەیەکی هاوبەشی بەهێز پێکبهێنن لە دژی (بدرالدین لؤلؤ) [2].

ساڵی (٦٢٣ك/١٢٢٦) لە نێوان هەریەك لە سوڵتان (جلال‌الدین و الملك المعظم عیسی و مظفرالدین کوکبوری) لە بارەی ڕێککەوتن و پەیمان بەستن نامە گۆڕینەوە هاتە ئاراوە [3]، بە پێی ڕێککەوتنی سێقۆڵی هەرسێ هێزەکە، (مظفرالدین کوکبوری) هێرشی کرد بۆ سەر موسل و (المعظم عیسی) بۆ سەر حمس و حەما و (جلال‌الدین منکبرنی) بۆ سەر خەڵات، بەو پێیەی فەرمانڕەوایانی هەریەك لە شارەکانی حمس و حەما و موسل لە یەك بەرەدابوون لەگەڵ مەلیك (الاشرف) کوڕی مەلیك (العادل الایوبی) سەرداری خەڵات [4]، بەڵام هەریەك لە هێزەکان بێ ئەوەی ئامانجەکەیان بپێکن لە دەست بەسەردا گرتنی ئەو شارانە کە پەلاماریان دان گەڕانەوە ناوچەکانیان، چونکە (بدرالدین لؤلؤ) هانای بردە بەر مەلیك (الاشرف) تاکو مەترسی کوکبوری لەسەر بڕەوێنێتەوە، ئەویش لە ڕەقەوە پەلاماری حەڕان و دونەیسەر و ماردینی دا و وێرانی کردن تا مەلیك (المعظم)

(١) بڕوانە: ابن الاثیر (پ٢٤) ٤٤١/١٠؛ سامی بن خماس الصقار (پ١٨٨) ١٦١-١٦٣

(٢) موحسین موحەمەد حسین (پ١٧٨) ١٨٥.

(٣) ابن الواصل (پ٢٣) ١٧٥/٤.

(٤) ابن الواصل (پ٢٣) ١٧٦/٤

نامـەی بـۆ نـارد کەدەسـت لـە ماردیـن هەڵگـرێ، ئەویـش دەسـت لـە حمـس و حەمـا هەڵدەگـرێ و کوکبوریـش واز لـە موسـڵ بهێنـێ، بـەڵام هەرچۆنیـك بـێ بەشـی مانـدوو بـوون هەنـدێ زەرەر و زیانـی پـێ گەیانـد [1].

ئـەوەی جێـگای سـەرنج و تێڕامانـە ئەوەیـە منکبرنـی بەهـۆی سـەرقاڵی بەشـەڕی گورجیـەکان و ئیسـماعیلیەکانی قـەڵای ئالمـوت و مەغۆلـەکان و لەشکرکێشـیەکانی بـۆ سـەر ناوچـە کوردییەکانـی ژێـر قەلەمـڕەوی مەلیـك (الاشرف الایـوبي) لـە خـەڵات و دەوروبـەری[2] دەسـتکەوتێکی ئەوتـۆی بـۆ کوکبـوری پـێ دەسـتەبەر نەبـوو، کـە دڵـی خـۆی و (عمادالدیـن زنکـی) زاواکـەی پـێ خـۆش بـکات بـە وەرگرتنـەوەی تەختـی حوکمڕانـی ئەتابەگیـەی موسـل.

(١) ابن الاثير (پ٢٤) ٤٦٢/١٠.

(٢) بڕوانە: عباس اقبال آشتيابي (پ٢٧) ٣٣٤-٣٣٨.

## تەوەرەی دووەم
## پەیوەندی دەوڵەتی خوارزمی لەگەڵ میرە ئەیوبییەکان

گومان لەوەدا نیە هاتنە ئارای پەیوەندی نێوان دەوڵەتان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش بنیاد دەنرێت لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری و سەربازی، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکی.

سەرەتای مێژووی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی خوارزمی و ئەیوبییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەلیك (العادل الايوبي) (٥٩٦-٦١٥ك/١٢٠٠-١٢١٨ز) و هاوسەردەمی خۆی لە دەوڵەتی خوارزمی سوڵتان (علاءالدين محمد خوارزمشاه) ساڵی (٦١٥ك/١٢١٨ز) کە نێردراوی خوارزمشا گەیشتە لای مەلیك (العادل) [(١)] لە (مرج الصفر) [(٢)]، بێ ئەوەی سەرچاوەکان ئاماژەیەك بخەنە سەر ئامانجی ئەو سەردانەی شاندەکە و ناوهێنانی ئەندامانی، بەڵام ئەوەی لێی دەخوێندرێتەوە ئەوەیە کە خوارزمشا ئامانجی بنیادنانی پەیوەندییەکی باش و پتەو بوبێت لەگەڵ ناوبراو، لە دژی دوژمنەکەی خەلیفەی دەوڵەتی عەباسی (الناصر لدين الله) دوای شکستە گەورە و مێژووییەکەی ساڵی (٦١٤ك/١٢١٧ز) لە شاڵاوەکەیدا بۆ گرتنی بەغدای پایتەخت و ڕوخاندنی دەوڵەتی عەباسی [(٣)].

لە وەڵامی شاندەکەی خوارزمشادا مەلیك (العادل) شاندێکی ڕەوانەی دەوڵەتی خوارزمی کرد کە پێکهاتبوون لە (جمال‌الدين محمد دولعی شافعی) وتاربێژی مزگەوتی دیمەشق و (نجم‌الدين خليل کوڕی علی الحنفی) قازی سەربازی، بەڵام کە شاندەکە گەیشتە شاری هەمەدان نەیان توانی چاویان بە خوارزمشا

(١) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٢٢٨/٢٢، ابو شامه (پ١٣٤) ١٦٦/٥.

(٢) شوێنێکە لە دەرەوەی شاری دیمەشق لە وڵاتی شام. یاقوت الحموي (پ٤) ١٠١/٥.

(٣) عابد عبالرزاق بن عبدالله الغريبي، **علاقة الدوله الخوارزميه بالقوة في بلاد الشام** (رسالة الماجستير فی التاريخ الاسلامي، جامعة أم قرێ- مكة المكرمة، السعوديه، ١٩٩٦م) ٤٤.

بکەوێت بەهۆی سەرقاڵی بە جەنگی خەتائیی و مەغۆڵەکان لە ڕۆژهەڵاتی وڵات، بەڵام چاویان بە (جلال‌الدین منکبرنی) کوڕی کەوت و لەگەڵی کۆ بوونەوە، لە هەمان کاتیشدا هەواڵی کۆچی دوایی مەلیك (العادل)یان پێگەیشت بۆیە دەستبەجێ گەڕانەوە دیمەشق [(١)].

لە دوای کۆچی دوایی مەلیك (العادل) ساڵی (٦١٥ك/١٢١٨ز) بۆ ماوەی چەند ساڵێك پچڕانێك کەوتە ناردنی شاند و نامە گۆڕینەوەی نێوانیان، ئەمەش دیارە هۆکارەکەی بۆ سەرقاڵی دەوڵەتی خوارزمی بە شەپۆلی وێرانکاری و داگیرکاری مەغۆلەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەریان لە لایەك [(٢)] لە لایەکی دیکە سەرقاڵی ئەیوبییەکان بە شاڵاو و هێرشکارییەکانی فەرەنجەخا چ دروشمەکان بۆ سەر میسر و قودس و دومیات و ناوچەکانی دیکەی دەوڵەتی ئیسلامی[(٣)]، هەروەها ناکۆکی و ناتەبایی میرە ئەیوبییەکان لەسەر زێدەڕۆیی و دەستدرێژی کردنە سەر موڵکەکانی یەکتر ئەمەش پاڵنەرێکی نەگریسی تەماعکاری دیکەیە کە بە ربەستی دەنایەوە لەبەر دەمیان، وەکو پێویست نەتوانن بپرژێنە سەر پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکانی ناوچەکە [(٤)].

هەڵبەتە دۆخی دەوڵەتی خوارزمی وەکو لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە ڕوون کراوەتەوە کە لەسەر دەستی مەغۆلەکان دووچاری شکستیەکی مێژوویی بوون، هەروەها ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە نەهامەتییەکی مەرگەسات ئامێزی دەگوزەراند لەو ماوەیەدا، بەڵام دوا بەدوای وەرگرتنی تەختی دەسەڵات لە لایەن (جلال‌الدین منکبرنی) و گەڕانەوەی لە وڵاتی هندستان ساڵی (٦٢١ك/١٢٢٤ز) [(٥)] هەڵپەی خستنەوە سەرپێی دەوڵەتی خوارزمی بۆ جارێکی دیکەو باڵکێشان بەسەر ئێران تا ئازربایجان [(٦)]، هێز و دەسەڵاتێکی زەبەلاحی لە وڵاتی ئێران بنیادنا، سنووری دەوڵەتەکەی لە سنووری دەوڵەتی ئەیوبی نزیك بۆوە و بوون

(١) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٢٢٨/٢٢؛ ابو شامه (پ١٣٤) ١٦٦/٥،

(٢) ابن الاثير (پ٢٤) ٣٩٩/١٠؛ النسوي (پ٦٠) ١٨٩.

(٣) ابو الفدا (پ٤٨) ١٥٢/٣؛ ابن الكثير (پ٢٤٨) ٨٩/١٥.

(٤) ابن الواصل (پ٢٣) ٢٣/٤.

(٥) القزويني (پ٩٤) ١١٧.

(٦) ابو الفدا (پ٤٨) ١٦٧/٣.

بـە دراوسـێ لـە ناوچـەکانی شـاری خەڵاتـی سـەر بـە فەرمانڕەوایەتـی مەلیـك (الاشرف) ی ئەیوبـی [1].

دوای ئـەوەی سـنووری دەوڵەتەکـەی بـە ڕادەیـەك فـراوان بـوو لـە پانتاییەکـی گـەورەی هەرێمەکانـی فـارس و کرمـان و چیـا (عێراقـی عەجـەم) و ئازربایجـان، یەکەمیـن هەنـگاوی دیبلۆماسـی منکبرنـی کـە گرتیـە بـەر بریتـی بـوو لـە ناردنـی نامـەو پەیامـی خـۆی بـۆ پاشـاکانی سـەلجوقی ڕۆم و شـام و جەزیـرە دوای کۆتایـی هێنـان بـە حوکمڕانـی ئەتابەگیـەی ئیلدگـزی لـە ئازربایجـان سـاڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز)[2].

ناکۆکـی و ناتەبایـی هەریـەك لـە مەلـك (المعظـم عیسـی) سـەرداری دیمەشـق لەگـەڵ مەلیـك (الکامـل) فەرمانـڕەوای میـسر و مەلیـك (الاشرف) سـەرداری خـەڵات و جەزیـرە[3] نزیکـی و هاوسـۆزی ئـەو دوو مەلیکـە بـۆ یەکـتر کاریگـەری نەرێنـی لەسـەر هەسـت و سـۆزی مەلیـك (المعظـم) دروسـت کـرد بـەوەی کـە دڕدۆنگـی و مەترسـی لێیـان هەبـێ لـە پەلدرێـژی سـەر سـنورەکانی ئـەو و بەرژەوەندییەکانـی بخەنـە مەترسـی بۆیـە ئەویـش لـەلای خـۆی بـەدوای هێزێکـی کاریگـەردا وێـڵ بـوو کـە ببێتـە هاوپەیمانـی تاوەکـو فشـار بخاتـە سـەر براکانـی و لـە بەرانبەریانـدا بوەسـتێ و دڕك بخاتـە قوڕگیـان، هەڵبەتـە ئەمـە ویسـتی منکبرنیـش بـوو لـەم بارودۆخەکـە دەیگوزەرانـد گـەرەك بـوو کـەوا هاوپەیمانـی و ڕێککەوتنـی لەگـەڵ هێـزە ئیسـلامییەکاندا هەبـێ.

بـە پێـی ئامـاژەی (ابـو شـامە) پێشـینەی پەیوەنـدی نێوانیان بـۆ سـاڵی (٦١٩ك/١٢٢٢ز)[4] دەگەڕێتـەوە کـە مەلیـك (المعظـم) نێردراوێکـی بەنـاوی (الصـدر البکـري) لەگـەڵ دەسـتەیەکی سـۆفیەکان نـاردە لای سـوڵتان (جلال‌الدیـن منکبرنـی) بـۆ ئـەوەی

(١) الرهاوي المجهول، (پ٣٣٦) ٢٦١/٢.

(٢) المؤلف مجهول (پ١٢٨)٢٦٠.

(٣) ابن الاثیر (پ٢٤) ٤٦٨/١٠-٤٦٩.

(٤) بەپـێ ئامـاژەی (الجوینـي) لـە مانگـی ڕەجەبـی سـاڵی (٦١٨ك/١٢٢١ز) سـوڵتان (جلال‌الدیـن) پەڕیـەوە خاکـی هندسـتان (پ٧٠) ١٥٣/١-١٥٩. کەواتـا ڕێـی تێناچـێ نێـردراو مەلیـك (المعظـم) سـاڵی ٦١٩ (ك/١٢٢٢ز) سـەردانی ناوبراویـان کردبـێ ڕەنگەئـەم سـەردانەبۆ سـاڵی (٦٢١ك/١٢٢٤ز) بگەڕێتـەوە، کـە سـوڵتان لـە هندسـتان گەڕایـەوەو هێـزو دەسـەلاتێکی گـەورەی دەسـتەبەر کردبـوو لـە هەرێمـی فـارس و کرمـان. بڕوانـە: تـەوەرەی دووەم بەشـی دووەم، ل٥٨-٦٠.

لەگەڵی ڕێکبکەوێت لە دژی براکانی، دیارە نێردراوی مەلیك لەگەڵ سوڵتان کۆ دەبێتەوەو ڕێککەوتن لە نێوانیان دێتە کایەوە [1]، دەشێ بڵێین لەبەر ڕۆشنای ئەم هاوپەیانییێتیەی نێوانیان لە هەڵمەتی سوڵتان (جلال‌الدین) بۆ سەر بەغدا ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥) نامەی بۆ مەلیك (المعظم) نارد کە بە یەکەوە هێرش بکەنە سەر خەلیفە وەك لە دەقی نامەکەدا هاتووە "تۆو ئەوانەی‌کە هاوپەیمانی منن بە یەکەوە هێرش دەکەینە سەر خەلیفە چونکە بۆتە هۆکاری مردنی باوکم و هاتنی بێباوەڕان بۆ وڵات" [2]، دوای ئەوەی سوڵتان دەستی بەسەر ئازربایجاندا گرت نێردراو و نامە گۆڕینەوە لە نێوان هەریەك لە سوڵتان (منکبرنی و المعظم و مظفرالدین کوکبوری) سەرداری هەولێر بەردەوامی هەبوو[3]، بە پێی ئاماژەی سەرچاوەکان نێردراوی مەلیك (المعظم) لەم جارەدا سۆفییێك بوو بە ناوی (المولقی صوفی) لەگەڵ نامەیەکی مەلیك دەربارەی سەرپێچیەکانی (الاشرف)ی برای، هەروەها کوڕەکەشی (ناصرالدین داود) ی نارده لای سەرداری هەولێرسەبارەت بە بنیادنانی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوپەیمانی لە نێوانیان[4]، لە ئاماژەیەکی دیکەدا هاتووە کەوا لە سۆنگەی ئەم پەیوەندییەی لە نێوان مەلیك (المعظم و جلال الدین منکبرنی) جێپێی گرتبوو ناردنی دیاری بە نرخ بۆ یەکتری، وێڕای ئەمەش پەیوەندییەکان بەوە نەوەستان بەڵکو سەری کێشا بۆ پەیوەندی نزیکایەتی ژن و ژنخوازی لە نێوانیاندا کە یەکێك لە کچەکانی (المعظم عیسی) هاوسەرگیری لەگەڵ سوڵتان (جلال‌الدین) ئەنجامدا [5].

شایانی ئاماژە پێکردنە ڕێککەوتن و دۆستایەتی ئەم سێ لایەنە هێزە ئیسلامیەکانی ئەو ناوچەیەی دابەشی سەر دوو بەرەی دژ بە یەکتر کرد، بەرەی یەکەم بریتی بوون لە خەلیفەی عەباسی و (بدرالدین لؤلؤ) ئەتابەگی موسل و (المظفر شهاب‌الدین غازی) سەرداری میافارقین مەلیك (الاشرف). بەرەی دووەمیش بریتی بوون لە سوڵتانی خوارزمی و (المعظم عیسی و مظفرالدین کوکبوری و

---

(١) (پ١٣٤) ١٩٩/٥.

(٢) أبو شامة (پ١٣٤) ٥/ ٢١٧.

(٣) ابن الواصل (پ٢٣) ١٧٥/٤.

(٤) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٢٧١/٢٢؛ ابن الكثير (پ٢٤٨) ١٣٥/١٥.

(٥) الرهاوى المجهول (پ٣٣٦) ٢٦٠/٢.

عمادالدین زنکی) سەرداری شارەزوور، پاشان (مسعود ارتقی) سەرداری ئامەد و (ناصرالدین ارتقی) سەرداری ماردین هاتنە پاڵیان[(١)].

ئەنجامی ئەو دووبەرەکی و چوونە پاڵ یەکتریەی هێزەکان هێرشکردن و پەلاماردانی بۆ سەر ناوچەکانی قەلەمڕەوی یەکتر لێکەوتەوە[(٢)]، دووبەرەکی و دووژمنکاری ماڵی ئەیوبی بەوەشەوە نەوەستا بەڵکو کار گەیشتە ئەو قۆناغەی کەمەلیك (الکامل) لە دژی مەلیك (المعظم)ی برای پەنا بباتە بەر هاندانی خاچد و روشمان بۆ پەلاماردان و داگیرکردنی وڵاتی شام و ناوچەکە ناراویەکانی (بیت المقدس) و هەموو ئەو ناوچانەی کە سوڵتان (صلاح‌الدین الایوبی) ڕزگاری کردبوون[(٣)]، بەو پێیەی کە (المعظم) داوای لەسوڵتان (جلال‌الدین)ی خوارزمی کردبوو هێرش بکاتە سەر خەڵات و تاڵانی بکات[(٤)].

شایانی باسە ئەو پەیوەندی و دۆستایەتییەی نێوان سوڵتان (جلال‌الدین منکبرنی و الملك المعظم عیسی) هێندە تەمەن درێژ نەبوو، چونکە بەخت نەبووە یاوەری (المعظم)، هەر زوو مەرگ ڕێگەی پێگرت و ساڵی (٦٢٤ك/١٢٢٧ز) لە تەمەنی چل و نۆ ساڵی لە قەڵای دیمەشق کۆچی دوایی کرد[(٥)]، کوڕەکەی (الناصر داود) (٦٢٤-٦٥٦ك/١٢٢٧-١٢٥٨ز) شوێنی گرتەوە کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو و کەسێکی ناشارەزاو بێ ئەزموون بووە لە حوکمڕانیدا[(٦)]، بۆیە مەلیك (الاشرف) چاوی بڕیە سەر دیمەشق و دەستی بە سەردا گرت و بە مولکەکانی خۆیەوە لکاند[(٧)].

بەڵام ئەوەی پێویستە کە لە سەری بوەستین لەم پەیوەندییەی سوڵتانی خوارزمی و ئەیوبییەکان، دوای لە ژیان دەرچوونی هاوپەیمانەکەی مەلیك (المعظم) ساڵی (٦٢٤ك /١٢٢٧ز) دۆخەکە پێی نایە قۆناغێکی دژواری لەشکرکێشی و

(١) موحسین محمد حسین (پ١٧٨) ١٨٧.

(٢) بڕوانە: تەوەرەی یەکەمی بەشی سێیەمی توێژینەوە، ل٩٠-٩١.

(٣) ابن العمید (پ٣٤٠) ١٤.

(٤) الرهاوي المجهول (پ٣٣٦) ٢/ ٢٦٠.

(٥) بیبرس منصوري (پ٣٥١) ٧؛ ابن سباط (پ٤٨) ١/ ٢٩١.

(٦) ابن الاثیر (پ٢٤) ١٠/ ٤٧٤؛ موسى مصطفى الهسنیاني (پ٣٥٢) ٧.

(٧) الرهاوي المجهول (پ٣٣٦) ٢/ ٢٦٠.

پەلاماردانی ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی مەلیك (الاشرف) لە خەلات و دەورووبەری، هەر لە ساڵی (٦٢٣-٦٢٧ك/١٢٢٦-١٢٣٠ز) پێنج جار شاڵاو و لەشکرکێشی کردۆتە سەر ئەو شارە[1]، کە تێیدا مەرگەسات و وێرانکاریەکی ئاوای بۆ دانیشتوانی ناوچەکە ئافراند، بەڵکو بە یەکێك لە نەهامەتییە مێژووییەکان دراوەتە قەڵەم[2].

(١) الذهبی (پ١٠٨) ١٩٨/٣؛ الیافعی (پ٢٨٢) ٥٢/٤؛ ئومید بهرامی نیا، **مێژووی کوردەکانی جەزیرە** (پرۆژەی تیشك، سلیمانی، ٢٠٠٩ز) ٢١١؛ رسول ئیبراهیم رسول (پ١) ٤٦.

(٢) بڕوانە: مەهدی عوسمان هەروتی (پ١٦٠) ٢٢٩؛ تەوەرەی چوارەمی بەشی سێیەم، ل٦٩-٦٧

## تەوەرەی سێیەم
## پەیوەندی ژن و ژنخوازی کورد و خوارزمییەکان

دیـاره ئـەم پەیوەندییانـە لـە چوارچێـوەی هەڵمەتـە سـەربازییەکانی خوارزمـی و ڕووکردنـە ناوچـە کوردییـەکان هاتۆتـە ئـاراوە، لـە پێنـاو سـەپاندنی دەسـەڵات و داکوتانـی ڕەگـی حوکمـداری خوارزمـی و خۆشـکردنی جێپێیـان، ئەمـەش خـۆی لـە چەنـد هاوسـەرگیری و ژن و ژنخـوازی لـە نێـوان دەسـەڵاتدارەکانی هـەردوو لادا دەدۆزێتـەوە، کـە لـە فەرهەنگـی مێژووییـدا بـە هاوسـەرگیری سیاسـی نـاوزەد کـراوە.

بنەمـا و ڕەگ و ڕیشـەی ئـەو پەیوەندییانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای فراوانخـوازی خوارزمییـەکان لـە سـەردەمی سـوڵتان (علاءالدیـن تکـش) کـە لـە سـاڵی (٥٩٠ك/١١٩٥) دەسـتی بەسـەر هەرێمـی چیـا (عیراقـی عەجـەم)دا گـرت [١]، لوڕسـتانیش کـە بەشـێك بـوو لـەو هەرێمـە [٢] بـە تایبەتـی لـە سـەردەمی هـەزار ئەسـپی میـری میرنشـینەکە (٥٥٥-٦٢٢ك/١١٦٠-١١٢٥ز) ملکەچـی و هاوسـۆزی خـۆی بـۆ دەربـڕی بـۆ ئـەوەی لـە دەسـەڵاتداری و حوکمڕانـی میرنشـینەکەی بەردەوامبـێ [٣]، هـەر لـە سـۆنگەی ئـەم هاوسـۆزیەدا دۆسـتایەتی لەگـەڵ سـوڵتان (علاءالدیـن محمـد)ی کـوڕی پەیـدا کـرد و کچەکـەی خۆشـی پێشـکەش بـە (غیاثالدیـن)ی کـوڕی کـرد ئەویـش هاوسـەرگیری لەگـەڵ ئەنجامـدا [٤]، لـە میانـی ئـەو پەیوەندییـەی نێوانیانـدا لـە سـاڵی (٦١٩ك/١٢٢٢) هـەردوو سـوپای فەزلـەوی و خوارزمـی بـە سـەرکردایەتی سـوڵتان (غیاثالدیـن) شـاڵاوێکی مەغۆلەکانیـان تێکشـکاند، کـە کردبوویانـە سـەر ئێـران [٥]، لـە دوای

---

(١) ابن الاثیر (پ٢٤) ٢٣٣/١٠؛ ابن خلدون (پ٢١) ١٢٧/٥

(٢) ابن حوقل (پ٧) ٢٣٢ ، ٣٠٦.

(٣) رمضان شریف الداودي (پ٢٦٦) ٧٤.

(٤) محەمەد ئەمین زەکی بەگ (پ١٢٩) ٤٧٧

(٥) کەیوان ئازاد ئەنوەر (پ١٦٦) ١٩٨

گەڕانـەوەی سـوڵتان (جلال‌الدیـن منکبرن)یـش لـە هندسـتان کـە دەسـتی بەسـەر هەرێمەکانـی خوزسـتان و چیـادا گـرت توانـی ملکەچـی و گوێڕایەڵـی کوردەکانـی لوڕسـتان مسـۆگەر بـکات [١].

یەکێکـی دیکـە لـەو هاوسـەرگیریانەی کـەوا لـە نێـوان دەسـەڵاتدارانی خوارزمـی و کـوردی ڕوویـداوە، شـوکردنی کچـی مەلیـك (المعظـم عیسـی) ئەیوبـی بـوو بـە (جلال‌الدیـن منکبرنـی) سـوڵتانی دەوڵەتـی خـوارزم [٢]، ئەمـەش دەکەوێتـە چوارچێـوەی ئـەو ڕێککەوتـن و هاوپەیمانییێتییـەی کـەوا لـە نێوانیانـدا قـراری گرتبـوو وەك لـە پیشـتر ئامـاژەی پێکـراوە.

دیـارە ئەمـەش بـۆ پتەوکردنـی پەیوەنـدی نێوانیـان و سـوود وەرگرتـن لـە هێـز و سـەڵتەنەتی سـوڵتان منکبرنـی بـووە لـە دژی براکانـی مەلیـك (الکامـل و الاشرف)، ئـەوە بـوو مەلیـك (المعظـم) هەڵسـا بـە ئامادەکردنـی (دار مرشـد)ی کچـی گـەورەی بـۆ هاوسـەرگیری کـردن لەگـەڵ سـوڵتانی خـوارزم [٣]، لـە ڕاسـتیدا سـوڵتان (منکبرنـی)ش لـە لای خـۆی ئاواتـی ئەوەبـوو کـە پەرەبـەم پەیوەندییـە بـدات، بـۆ ئەمـەش گـەورە نێردراوێکـی خـۆی نـاردە لای مەلیـك (المعظـم)ی خـەزوری بـە کۆمەڵـێ دیـاری بەنرخـی وەك شمشـێر و شـتی تـر [٤]، دیـارە مەبەسـتی منکبرنیـش لـەم هاوسـەرگیرییە وەسـتانی (المعظـم) بـووە لـە دژی خەلیفـە (النـاصر لدیـن اللـە) [٥] هەرچەنـدە بـۆ ناوبـراو زۆر قـورس بـووە دژی خەلیفـەی موسـڵمانان بوەسـتێ وەك لـە دەقـی وەڵامـی نامەکەیـدا دەردەکـەوێ بـۆ منکبرنی"مـن لەگەڵـت دام دژی هـەر هێزێـك تەنهـا خەلیفـە نەبـێ کـە پێشـەوای موسـوڵمانانە" [٦] .

---

(١) ابوالفدا (پ٤٨) ١٦٧/٣.

(٢) الیونینی، **ذیل مراة الزمان** (مطبعة دائرة المعارف العثمانیەبحیدر اباد الدکن- الهند، ١٩٥٤م) ١٤٠/١.

(٣) النویري (پ٤١) ١٥١/٢٩؛ سامان نامیق تۆفیق، **ژنخوازي سیاسي لەدەوڵەتی ئەیوبیدا (٥٦٧-٦٤٨ك/١١٧١-١٢٥٠ز)**، (نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات – زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٥م) ٩٨.

(٤) ابن نظیف الحموي (پ٢٧١) ١٢٠-١٢١.

(٥) عفاف صبرة (پ٢٢) ٢٤٥.

(٦) أبو شامة (پ١٣٤) ٢١٧/٥.

دیـاره ئـەو پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیانـەی خوارزمـی و ئەیوبیـەکان بەردەوامـی هەبـووە، کاتێـك کـە مەلیـك (الصالـح نجم‌الدیـن) ئەیوبیـش هەوڵیـدا پەیوەنـدی لەگـەڵ خوارزمییـەکان پـەرە پێبـدات و خزمایەتییـان لـە نێوانـدا بێنێتـەدی، لـە ڕێگـەی ئەنجامدانـی پڕۆسـەیەکی هاوسـەرگیری سـاڵی (٦٣٥ك/١٢٣٨ز) کـە خوشـکی خـۆی لـە دایکییـەوە بـدات بـە (حسـام الدیـن برکةخـان)ی گـەوره میـری خوارزمییـەکان و کچـی ناوبراویـش بـۆ (مغیـث الدیـن عمـر)ی کـوڕی بخوازێـت، لـەم ڕێگەیـەوە بتوانـێ پەیوەندییـەکان زیاتـر تونـد و تـۆڵ بـکات و پاڵپشـتی و هاوسـۆزی خوارزمییـەکان بـۆ لای خـۆی گـەرم و گوڕتـر بـکات [١]، شـایانی ئاماژەپێکردنـە سـەبارەت بـەم پڕۆسـەی ژنخوازییـە لـە توێژینەوەیەکـدا هاتـووە کـە بەخشـینی خوشـکی مەلیـك (الصالـح بـە برکـة خـان) بـە ئەنجـام گەیشـت، بـەڵام هیـچ ئاماژەیـەك نیـە لەسـەر ئـەوەی کـە کچـی ناوبـراو بـە (مغیـث الدیـن عمـر) درابـێ [٢].

لـە درێـژەی ئـەو پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییانـەی کـە لـە نێـوان خوارزمـی و ئەیوبییـەکان بوونـی هەبـوو، هاوسـەرگیری کردنـی مەلیـك (شـهاب‌الدین غـازی) سـەرداری میافارقیـن بـوو لەگـەڵ کچـی مامـی (حسـام‌الدین برکـة خانـی) گـەوره سـەرکردەی خوارزمییـەکان لـە سـاڵی (٦٣٩ك/ ١٢٤١ز)[٣]، ئەمـەش لـە چوارچێـوەی ئـەو ڕێککەوتنـەی کـە لـە نێـوان ئـەو دوو هێـزە هاتـە ئـاراوە لـەو سـاڵەدا بـۆ پارێـزگاری کـردن لـە بەرژەوەندییەکانـی یەکـتر [٤]، دیـاره ئـەوەی بـەلای (المظفـر شـهاب‌الدین غـازی) گرنـگ بـووه کـە پەیوەنـدی لەگـەڵ خوارزمییـەکان بەتیـن و موکـوم بـکات، بوونـی ژمارەیەکـی سـەربازی زۆر و ئـازا و ڕاهاتـوو لەجەنـگ بـۆ دەسـتەبەرکردنی هێـز و توانایەکـی گـەوره لـە بەرانبـەر سـەلجوقی ڕۆم و حەلەبیـەکان [٥]، کـە سـاڵی (٦٣٨ك/١٢٤٠ز) دەسـتیان بەسـەر ئامـەددا گرتبـوو [٦]، بەوپێیـەی کـە ناوبـراو لـەو

(١) ابن العميد (پ٣٤٠) ٢٧؛ المقريزي (پ٢٧٨) ٣٩١/١.

(٢) سامان نامیق تۆفیق (پ٤٧٥) ١٠٠.

(٣) الذهبي (پ٢٣٤) ٤٦/٤٦.

(٤) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣٧٤/٢٢

(٥) الذهبي (پ٢٣٤) ٤٦/٤٦.

(٦) العمـري، **مسـالك الابصـار في ممالـك الامصـار** (تـح: مهـدي النجـم، دار الكتـاب العلميـة، بيـروت، ١٩٧١م) ٢١٠/٢٧؛ ابـن الـوردي (پ٥٥) ١٦٦/٢

ماوەیـەدا لەگـەڵ مەلیـك (المنصـور) کـوڕی مەلیـك (مجاهـد)ی سـەرداری حمـس و مەلیـك (النـاصر کـوڕی عبدالعزیـز)ی فەرمانـڕەوای حەلـەب لـە ململانێیەکـی تونـدا بـوو [١].

لـە زنجیـرەی ئـەو پەیوەندییـە هاوسـەرگیریانەی کـەوا ئەیوبییـەکان لەگـەڵ خوارزمییـەکان پێکیـان دەهێنـا، کـە مـەرام و بەرژەونـدی سیاسـی لـە پشـت بـوو، ساڵی (٦٤٤ك/١٢٤٦ز) دوای تێکشـکانی خوارزمییـەکان بەرانبـەر هاوپەیمانـی مەلیکەکانـی میسر و شام لـە دژی (الصالـح اسـماعیل) سـەرداری دیمەشـق و خوارزمییەکان، لە شـەڕی نزیـك دەریاچـەی حمـس و پەرتەوازەبوونـی خوارزمییـەکان، بەشـێکیان پەیوەندییـان بـە (النـاصر داود)ی سـەرداری کەڕکـەوە کـرد، ناوبراویـش بـۆ زیاتـر پەیوسـت کردنیـان بـە خۆیـەوە و سـوود وەرگرتـن لـە توانـا سـەربازییەکانیان هەڵسـا بـە ئەنجامدانـی پەیوەندییەکـی هاوسـەرگیری لەگەڵیـان واتـا ژنێکـی لـێ خواسـتن و نێوانـی لەگـەڵ توندوتـۆڵ کـردن [٢]، لـە دوای ئـەم ڕوداوانـە مەلیـك (النـاصر داود) لـە هەڵمەتێکیـدا بـۆ سـەر نابلـس و قـودس بـە پشـتیوانی خوارزمییـەکان توانـی دەسـتی بـە سـەردا بگرێـت[٣]، دیـارە ئـەم هەڵوێسـتەی (النـاصر داود) لـە لای (الصالـح نجم‌الدیـن) جێـگای قبـوول نەبـووە بۆیـە هەڵسـا بـە ناردنـی سـوپایەك بـە سـەرکردایەتی (فخرالدیـن یوسـف کـوڕی شـیخ الشـیوخ) بـۆ ڕووبـەڕوو بوونـەوەی، لـە ئەنجامـدا سـوپای (الصالـح نجم‌الدیـن) توانـی بـە سـەریدا زاڵ بـێ و تـەواوی ناوچەکانـی گرتبوونـی وەك نابلـس و قـودس و شـوێنانی دیکـە لێیـان وەربگرێتـەوە [٤]، هەروەهـا گەمارۆشـیان خسـتە سـەر شـاری کـەڕك [٥] و فشـاریان خسـتە سـەر (النـاصر داود) کـە خوارزمییـەکان ڕادەسـت بـکات، ئەوانیـش دەسـت لـە گەمارۆکـە هەڵدەگـرن، مەلیـك (الناصر)یـش پێشـنیارەکەی جێبەجـێ کـردن [٦].

لێرەدا ئـەوەی تێبینـی دەکرێ و شایانی هەڵوەسـتە لەسـەر کردنـە لـە خستنەڕووی

(١) ابن العميد (پ٣٤٠) ٣٢؛ سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣٧٤/٢٢..
(٢) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٢٩٦/٢٢؛ النويري (پ٤١) ٢٠٨/٢٩؛ المقريزي (پ٢٧٨) ٤٢٧/١.
(٣) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٢٩٦/٢٢؛ النويري (پ٤١) ٢٠٨/٢٩.
(٤) ابن الواصل (پ٢٣) ٣٦٣/٥-٣٦٤.
(٥) ابو الفدا (پ٤٨) ٢١٣/٣؛ العمري (پ٤٨٤) ٢١٩/٢٧؛ ابن الوردي (پ٥٥) ١٧٢/٢.
(٦) النويري (پ٤١) ٢٠٨/٢٩.

پەیوندییە کۆمەڵایەتییەکان و شۆڕکردنەوەیان بۆ ناخی چینی گشتی ئاماژەیەکی ئەوتۆمان دەست نەکەوتووە کە گوزارشت لە پەیوندی نێوان ئەو دوو نەتەوەیە بکات جگە لەوەی کە باسکراوە، دەشێ هۆکاری ئەمەش بگەڕێنینەوە بۆ ئەو ڕەفتار و مامەڵە توندوتیژەی کەوا خوارزمییەکان هەر لە سەرەتای شاڵاوەکانیان بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە پێناو داکوتانی ڕەگی دەسەڵاتیان دەستدرێژی کردنە سەر سامان و دارایی و ئەنجامدانی ڕەفتاری نەشیاو، لە دیارترین ئەو فاکتەرانە بن کە دەسەڵاتی خوارزمییان قبوول نەبووبێ، ئینجا چۆن پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ خۆش بکەن، دەبینین ئاماژەکان وامان بۆ ڕوون دەکەنەوە بەر لە هەڵکوتانە سەر شارە کوردییەکان خەڵکی شار دەستیان بە قایم کاری شورە و قەڵاکانیان کردووە و بەو پەڕی فیداکاری بەرگریان لە شارەکانیان کردووە[1].

(١) بڕوانە: بەشی دووەمی توێژینەوە، ل٦٠-٦٢، ٧٠-٧٦.

# تەوەرەی چوارەم
# کوژرانی (جلال‌الدین) خوارزمی لەلایەن کوردان

دوای ئـەوەی کـەوا سـوڵتان (جلال‌الدیـن) لـە سـاڵی (٦٢٧ك/١٢٣٠ز) لـە ئەنجامـی هاوپەیمانییەتـی (سـەلجوقی- ئەیوبـی) دووچـاری شکسـتێکی گـەورە هـات لـە شـاری خـەڵات [١]، هێزەکانـی خـۆی کێشـایەوە ئازربایجـان، ئـەم دۆخـەی سـوڵتان لـەو هـەڵ و مەرجـەدا کـە بەرۆکـی گرتبـوو کاریگـەری نەرێنـی لەسـەر داهاتـووی خـۆی و دەوڵەتەکـەی هێنایـە بـوون، بـەو پێیـەی کـەوا مەغۆڵـەکان هەڕەشـەیەکی بـەردەوام و مەترسـیداری سـەر دەوڵەتـی خوارزمـی و جیهانـی ئیسـلامی بـوون. دیـارە لـە دەسـتدانی بەشـێکی خاکـی لـە خـەڵات و تێکشـکانی سـوپاکەی لـەو هەرێمـە پاڵنـەری بەهێزبـوون کـەوا ئیسـماعیلییەکانی ئاڵمـوت لـە لایـەك هەواڵـی شکسـتی (جلال‌الدیـن) بـە مەغۆڵـەکان بـدەن و لـە لایەکـی دیکـەش هانیـان بـدەن کـە دەرفەتـی لاوازی سـوپاکەی بقۆزنـەوە بـۆ شـاڵاوێکی دیکـەی سـەر دەوڵەتـی خوارزمـی [٢]، لـە تۆڵـەی ئـەوەی کـەوا سـاڵی (٦٢٤ك/١٢٢٧ز) لـە لایـەن خوارزمییەکانـەوە شـاڵاویان کرابـوە سـەر، کوشـتن و گرتنـی ئافـرەت و منداڵ و تاڵانـکاری و کاوڵکاریەکـی زۆریـان بەرانبـەر کرابـوو، پێشـتریش لـە سـەردەمی سـوڵتان (علاءالدیـن محمـد)ی باوکـی تەنگـی پێهەڵچنیبـوون ناچـاری کردبـوون بـە ملکـەچ بـوون و لـێ سـەندنی بـاج و سـەرانەی سـاڵانە [٣].

ئـەو بارودۆخـەی منکبرنـی کـە دووچـاری بووبـوو وەکـو دەرفەتێکـی زێڕیـن بـۆ مەغۆڵـەکان هاتبـووە پێـش، گروپێکیـان لـە هەرێمـی (مـاوراء النهـر)ەوە ڕوویـان لـە ئێـران کـرد، توانیـان دەسـت بـە سـەر شـارەکانی ڕەی و هەمـەدان و هەمـوو ئـەو

(١) الرهاوي المجهول (پ٣٣٦) ٢٦٤/٢؛ سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣٠٤/٢٢؛ ابن العديم (پ١٦٧) ٤٧٨.

(٢) ابـن الاثيـر (پ٢٤) ٤٩٠/١٠؛ ابـن الواصـل (پ٢٣) ٣١٥/٤-٣١٦؛ راغـب السرجـاني، **قصة التتـار مـن البدايـة الـى عيـن جالـوت** (مؤسسـة اقـرا للنـشر والتوزيـع و الترخمـة، القاهـره، ٢٠٠٦م) ٨٤.

(٣) ابن الواصل (پ٢٣) ٣١٧/٤؛ خواندمير (پ٢٩) ٦٤٠/٢.

ناوچانــەدا بگــرن کــە دەکەوتنــە ســەر ڕێگەیــان، پاشــان بــەرەو ئازربایجــان کشــان، لــە تاڵانکــردن و کاولــکاری ناوچــەکان و قڕکردنــی دانیشــتوانی ئــەو شــوێنانە دەســتیان نەپاراســت[١]، دیــارە مەغۆڵــەکان ســودیان لــە لاوازی ســوپای خوارزمــی بینیــوە، بــە هــۆی هەڵگەڕانــەوەی (غیاث‌الدیــن)ی بــرای و (شرف الملــك)ی وەزیرەکــەی، بۆیــە بــە ســوپایەکی ســی هــەزار ســەربازی لــە ڕووبــاری جەیحــون پەڕینــەوە و زۆر بــە خێرایــی هەرێمــی خوڕاســانیان تێپەڕانــد بــەرەو ڕۆژئــاوای ناوچەکــە، ســاڵی (٦٢٨ك/١٢٣١ز) گەیشــتنە ئازربایجــان[٢].

کاتــێ کــە هەواڵــی نزیکبوونــەوەی مەغۆڵــەکان لــە ســنوورەکانی ئازربایجــان بــە ســوڵتان (جلال‌الدیــن) گەیشــت، ئــەو لــەو بــاوەڕەدا نەبــوو کــە ڕوو لــەو هەرێمــە دەکــەن لــەو کاتــەدا بەڵکــو پێیوابــوو ڕوویــان لــە عێراقــە، بــەڵام دەســتبەجێ پەیامــی بــە ســەربازەکانیدا بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی دووژمنەکــەی، کــە لــە کەناراوەکانــی موغانــی ڕۆژئــاوای دەریاچــەی قەزویــن پــەرت و بــڵاو بووبــوون بــۆ پشــوودان، نیــازی ئــەوەی هەبــوو دوای شکســتەکەی لــە بەرانبــەر ســەلجوقی ڕوم و ئەیوبییــەکان ئــەو زســتانە لــە تەورێــز بمێنێتــەوە، بــەڵام بــۆی نەکــرا، بەڵکــو خۆشــی بــەڕێ کــەوت بــۆ لای ســەربازەکانی[٣]، مەغۆڵەکانیــش بــەر لــەوەی منکبرنــی بتوانــێ ســەربازەکانی کــۆ بکاتــەوە ئەمــان دەستپێشــخەریان کــرد و پەلاماریــان دا و فشــاریان خســتە ســەر[٤].

هەرچەنــدە ســوڵتان (جلال‌الدیــن) لەگــەڵ لایەنــە ئیســلامییەکان ناتەبــا بــوو بــەڵام کار گەیشــتە ئــەو قۆناغــەی کــەوا پەنــا بباتــە بــەر نامــە و نامــەکاری و داواکاری لــە خەلیفــە (المســتنصر باللــە) و مەلیــك (الاشرف الایوبــی و علاءالدیــن کیقبــاد) ســوڵتانی ســەلجوقی ڕۆم و حوکمڕانەکانــی میافارقیــن و ئامــەد و حوکمڕانانــی دیکــەی وڵاتــی ئیســلامی، کــە بــە هانایــەوە بچــن و ســوپای بــۆ بنێــرن، تــا بــە یەکــەوە بەرەنــگاری داگیــرکاری مەغۆڵــی ببنــەوە، کــە هەڕەشــە و مەترســییەکی گــەورە بــوو لەســەر جیهانــی ئیســلامی، وەك لــە دەقــی نامەکەیــدا دەڵێــت: «ســوپایەکی زۆر و زەوەنــدی

(١) ابن الاثير (پ٢٤) ٤٩١/٠.

(٢) عبدالسلام عبدالعزيز فهمي (پ٢٦٤) ٩٠.

(٣) النسوي (پ٦٠) ٣٥٠.

(٤) النسوي (پ٦٠) ٣٥١.

مەغـۆل وەك مێرومـار لـە زۆری و درِیـدا بـەرەو ڕوومـان بـە ڕێکەوتـووە، ئەگـەر لێـی گەڕێیـن و بەگژیدا نەچینـەوە ئـەوا قـەڵا و شـارەکان ناتوانـن خـۆی لەبـەر ڕاگـرن، تـرس و تۆقانـدن کەوتۆتـە هەنـاوی دانیشـتوانی ئـەم هەرێمـەوە، ئەگـەر بڕوخێـم نێوانـی ئێـوەو ئـەوان خاڵـی دەبێـت، ئێـوە ناتوانـن بـەر بـەم دوژمنـە بگـرن، کەواتـە مـن بـۆ ئێـوە لـە جیاتـی بەربەسـتێکم، هـەر یەکێـك لـە ئێـوە بـا بـە پۆلـە سـەربازێکەوە بـە هاوارمانــەوە بێــت، هەرکــە هەواڵــی ڕێککەوتــن و یەکگرتنــی ئێمەیــان پێگەیشــت بەمـە هێـز و پێزیـان لاواز دەبـێ و پشـتیان دەشـکێ سـەربازانی ئێمـەش گیانـی غیرەتیـان بــە بــەردا دەکرێتــەوە و بــە ســەریاندا ســەردەکەوین"[1]، بــەڵام هیچیــان وەڵامیــان نەدایـەوەو بـە هانایـەوە نەچـوون[2]، دیـارە هـۆکاری ئەمـەش بـۆ پەیونـدی نالەبـاری دەوڵەتـی خوارزمـی و سـوڵتان (جلال‌الدیـن) دەگەڕێتـەوە لەگـەڵ هێـزە ئیسـلامییەکان لـە ڕابـردوودا وەك لـە پێشـتر ئامـاژەی پێکـراوە[3].

مەغۆلـەکان دەسـتیان بـە سـەر شـاری مەراغـەدا گـرت بـۆ جـاری سـێیەم لـە هەرێمـی ئازربایجـان، هەرچەنـدە دانیشـتوانی شـار ویسـتیان بەرگـری بکـەن، بـەڵام دوای پـرس و ڕاوێـژ لـە نێوانیانـدا بڕیـاری گوێڕایەڵـی و ڕادەسـتکردنی شـاریاندا لـە بەرانبـەر پێدانـی ئەمـان، مەغۆلەکانیـش سـەرەتا ڕەزامەنـد بـوون[4]، بـەڵام لـە دواییـدا نەبوونـە خـاوەن بەڵێنـی خۆیـان، وەکـو پیشـەی هەمیشـەییان دەسـتیان بـە کوشـتن و لەنـاو بردنـی دانیشـتوانی شـار و کاولـکاری و تاڵانـکاری مـاڵ و سامانی خەڵکـی کـرد، تـرس و دڵەڕاوکێـی زۆریـان لـە تـەواوی هەرێمەکـە بڵاوکـردەوە[5]، ئەمـەش فشـارێکی زۆری لەسـەر سـوڵتان (جلال‌الدیـن) دروسـت کـرد کـە نەتوانـێ لـەو هەرێمـە بمێنێتـەوە، بەڵکـو بیـری لـە بەجێهێشـتنی کـردەوە و ڕایکـرد بـۆ ناوچەکانـی دیکـەی کوردسـتان[6]،

---

(١) الهمذاني (پ٣٦٣) ٤٤/١؛ علي محمد الصلابي (پ٥٧) ١٨٩-١٩٠.

(٢) الهمذاني (پ٣٦٣) ٤٤/١؛ صبري سليم (پ٢٤٤) ٢٩-٣٠.

(٣) بڕوانەتەوەرەی پێنجەمی بەشی دووەمی تویژینەوەل-٨٠.

(٤) عبداللەمحمـد عـلي، **الكـورد في العهـد المغـولي** (رسـالة ماجسـتير، كليـەالآداب- جامعـة صـلاح الديـن، أربيـل، ١٩٩٢) ٥٣.

(٥) ابن الاثير (پ٢٤) ٤٩١/١٠؛ ابن الواصل (پ٢٣) ٣٢٠/٤.

(٦) حمداللـە مسـتوفى (پ١٩) ٥٠٠؛ فريـد وحيـد صيـدم، **جهـاد السـلطان صالـح نجـم الديـن أيـوب وجهـوده في توحيـد مـصر والشـام (٦٣٨-٦٤٧هـ/١٢٤٠-١٢٤٩م)**، (رسـالة ماجسـتير، كليـەالآداب، جامعـة

لە ئاماژەیەکدا هاتووە هەواڵ بەمەغۆڵەکان گەیشت کە سوڵتانی خوارزم لە نزیك ئورمیە و شنۆ ئۆردووی هەڵداوە، هێزێکی گەورەیان بە سەرکردایەتی (جورماغۆن نویان و میر تایماس) نارده سەری کە سەرخۆش و بێ ئاگا لێی خەوتبوو نیازی ئەوەی هەبووە پەنا بباتە بەر سوڵتان (مظفرالدین کوکبوری) لە هەولێر، بەڵام لەگەڵ پەلاماری مەغۆڵەکان هێزەکەی پەرت و بڵاو بوون و خۆشی بە تەنیا لە دەستیان دەرباز بوو [1] سەرەتا ڕوویکردە خەڵات، بەڵام ئەم جارەیان بە خەڵاتیەکانی ڕاگەیاند کە بۆ شەڕکردن نەهاتووە بۆ هەرێمەکەیان، بەڵکو بۆ ڕزگاربوون لە دەستی مەغۆلەکانی دووژمنەکەی هەڵاتووە، داوای یارمەتی لێکردن لە ڕێگەی نامەیەك بۆ بریکاری مەلیك (الاشرف) لە بەڕێوەبردنی خەڵات[2].

لە مانگی ڕەمەزاندا مەغۆڵەکان بە دوایەوە بوون، ئەمجارە سوڵتان توانی لە دەستیان ڕابکات و ڕوو بکاتە شاری ئامەد، بەو پێیەی فەرمانڕەوای شارەکە (مسعود ارتقی)بەڵێنی پێدابوو کە دەرگای لێ بکاتەوە و داڵدەی بدات، بەڵام کە سوڵتان گەیشتە ئامەد سەرداری شار لە بەڵێنەکەی پاشگەز بووەوە و ناپاکی لەگەڵ کرد بەوەی کە دەرگای شاری بەڕوودا داخست و بەوەشەوە وازیان لێ نەهێنا، بەڵکو بە بەردبارانکرد لەسەر شورەی شار تا لە ئامەدیان دوور خستەوە[3]، هەر کە سوڵتان لە هانا و یارمەتی ئامەد بێ ئومێد بوو، ڕووی کردە چیاکانی دەورووبەری میافارقین و گەیشتە گوندێکی سەر بە شاری ناوبراو[4]، بە پێی ئاماژەی (ابن الواصل) ویستی بچێتە لای مەلیك (المظفر شهاب‌الدين غازی) سەرداری میافارقین بۆ خۆ پەنادان و ونبوون لە چاوی مەغۆڵەکان، کە (اوترخان) ی سەرکردەی سەربازی سوڵتان هاوکات خاڵیشی بوو لێی جیابوەوە و ڕۆیشتبوو

---

الاسلامية- غزة، ٢٠١٠م، ص٥٨.

(١) خوافی (پ١٧) ٧٨٥/٢؛ موسی محمد خضر، **هەولێر بە پێی سەرچاوە مێژووییە فارسیەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی (٩ك/١٥ ز)**، (لێ کۆڵینەوەیەك لە میژووی سیاسی وکارگێڕی هەولێر، دووەمین کۆنفڕانسي زانستيي نێودەوڵەتي لەبارەی کورد وکوردستان هەولیر، ٢٠١٨ز) ١٠.

(٢) ابن الاثير (پ٢٤) ٤٩٢/١٠؛ عبداللەمحمد علي (پ٥٠٢) ٤٧.

(٣) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣٠٨/٢٢-٣٠٩.

(٤) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣٠٩/٢٢.

بـۆ لای مەلیکـی ناوبـراو [1]، لـەم ماوەیـەدا کۆمەڵێـك سـەربازی مەغۆلـی نزیکـەی بیسـت و پێنـج کـەس پێـی دەزانـن و دوای دەکـەون، سـوڵتانیش دوانیـان لـێ دەکـوژێ و لـە دەسـتیان ڕادەکا، خۆشـی بـە تەنیـا دەمێنێتـەوە هاوەڵەکانـی پـەرت و بـڵاو دەبـن [2]، خـۆی دەکەوێتـە دەسـتی کوردانـی ناوچەکـە لـە گوندێکـی سـەر بـە میافارقیـن لـە لایـەن کوردێکـەوە دەکـوژرێ لـە بـری خوێنـی براکـەی کـە لـە شـەڕی داگیرکردنـی خـەڵات لـە لایـەن جەلالەدینـەوە کوژرابـو [3].

لـە ئەنجامـی ئـەو ڕووداوانـەدا مەغۆلـەکان دوای گەیشـتنیان بـە ناوچـە کوردییـەکان، سـەرەڕای ئـەوەی بـەردەوام بـوون لـە گـەڕان و شـاڵاوبردن بـۆ ئـەو شـوێنانەی کـەوا گومانـی خـۆ حەشـاردانی سـوڵتانیان لـێ دەکـرد، دەسـتیان کـردە پەلامـاردانی ناوچەکانـی خـەڵات و ئـەرزن و هەرێمـی جەزیـرە، وەك ناوچەکانـی ئامـەد و سـعرد و ماردیـن و میافارقیـن.... وەکـو پیشـەی هەمیشـەییان هەرشـوێنێك ڕوویـان لـێ دەکـرد بەردەبوونـە گیانـی دانیشـتوانی هەرێمەکـە، کاولـکاری و تاڵانـکاری سـامان و دارایـی خەڵکـی و کۆمەڵکـوژی و لەناوبردنـی دانیشـتوانی ناوچـەکان بووبـوو بـە کاری ڕۆژانەیـان، لـەم شـاڵاوەی مەغۆلـەکان تەنهـا کوردەکانـی دۆڵیـك لـە دۆڵەکانـی کوردسـتان، کـە بـە کوردەکانـی قورەیـش ناسرابـوون بەرەنگاریـان بوونـەوە و ڕێگەیـان پـێ گرتـن و زۆریـان لـێ کوشـتن و پەلامارەکەیـان تێکشـکاندن، ناچاریـان کـردن کـە ڕوو لـە ناوچـەی ماردیـن و دونەیسـەر بکـەن دەسـتیان بـە خاپـوور کردنـی ئـەو ناوچەیـەش کـرد، ئاکنجـی و سـەربازانی ئەوشـارانە دەرگای شـاریان داخسـت و نەیانهێشـت مەغۆلـەکان بگەنـە نـاو شـارەکانیان وێرانـکاری بکـەن، ڕوویـان کـردە نوسـەیبین و سـنجار دەسـتیان لـە تاڵانـکاری و گرتـن و ڕەشـە کـوژی ئـەو ناوچانـەش نەپاراسـت [4].

دەسـتەیەکی دیکەیـان هێرشـیان هێنایـە سـەر هەولێـر لـە درێـژەی ڕێگایـان بـەرەو شـارەکە ژمارەیەکـی زۆری کوردیـان بـە کۆمـەڵ کوشـتوبڕ کـرد و وڵاتیـان وێـران

(١) (پ٢٣) ٣٢٢/٤؛ ئومێد بەهرامی نیا (پ٤٦٦) ٢١٢.

(٢) النسـوي (پ٦٠) ٣٨١؛ خالـدة عبدالالـه عبدالسـتار، **جـلال الديـن منكـبرتي سـلطان الدولـة الخوارزميـة** (دراسـة تحليليـة مقارنـة) ، (مجلـة الـتراث العلمـي العـربي، فصليـة، علميـة، محكمـة، العـدد: ٢، ٢٠١٤م) ٤٧٧.

(٣) القزويني (پ٩٤) ١١٧؛ ابو الفدا (پ٤٨) ١٨٥/٣؛ ابن تغري البردي (پ٢٤٧) ٢٧٥.

(٤) ابن الاثير (پ٢٤)٤٩١/١٠-٤٩٣؛ النويري (پ٤١) ٢٣٤/٢٧.

کرد و لادێکانیان تاڵان کرد، (مظفرالدین کوکبوری) بە پشتیوانی (بدرالدین لؤلؤ) فەرمانڕەوای موسل خۆی بۆ بەرگری ئامادە کرد، بەڵام مەغۆلەکان کە بەمەیان زانی لە پەلاماری سەر هەولێر پاشگەزبوونەوە و گەڕانەوە [1].

ئەو کاتەی کە هەواڵی کوژرانی سوڵتان (جلال‌الدین) بە مەلیك (الاشرف)ی ئەیوبی گەیشت لە دیمەشق، پێی وابوو لەمەودوا ئەنجامی خراپی و کاریگەری لەناو چوونی ئەو دەبینین لەسەر دەستی مەغۆلەکان، ووتی: "ئەو بەربەستێك بوو لە نێوان ئێمە و مەغۆلەکان وەك ئەو بەرەبەستەی لە نێوان ئێمەو یەئجوجو مەئجوجدا" [2]. سەبارەت بە (شهاب‌الدين غازي) سەرداری میافارقین فەرمانی کرد بکوژەکەی (جلال‌الدین) بێننە بەردەمی، کە هێنایان دانی بە کوشتنی سوڵتان ناو ئەسپ و زین و شمشێرەکەشی لەگەڵ خۆی هێنابوو، لە پێشدا ئاماژەی پێکرابوو کە (اوترخان) سەرکردەی سەربازی خوارزمی و کۆمەڵێك لە دەست و پێوەندی سوڵتان چووبوونە لای مەلیك (شهاب‌الدين غازي) و لە کۆشکەکەی ئەودا نیشتەجێ بووبوون، کە تەرمی سوڵتانیان لە گوندەکە هێنایە لای، (اوترخان)ی ڕاسپارد بۆ بینینی، ئەویش کە بینی دەستی کرد بە گریان و ڕاستی کوژرانی سوڵتانی بۆ مەلیك پشتڕاست کردەوە، هەر بەو شەوە تەرمی سوڵتانیان ناشت و گۆڕەکەیان لە ترسی هەڵدانەوە شوێنبزر کرد [3]. پاشان (المظفر شهاب الدين) فەرمانی کرد بە کوشتنی بکوژەکە و براکەی و کەسە نزیکەکانی و گەورەی گوندەکە لە تۆڵەی کوشتنی سوڵتان (جلال‌الدین)، هەرچەندە زێدەڕۆی لە گێڕانەوەی (ابن العميد و الدواداري)دا بەدی دەکرێ کە دەڵێن: "(شهاب الدين غازي) فەرمانی کرد بە کوشتنی کۆی خەڵکی گوندەکە بە گەورە و بچوك بۆ تەمبێ کردنی خەڵکی دیکە" [4]، بەڵام ئەمە ناچێتە چوارچێوەی لۆژیك و عەقلانیەتەوە لە تۆڵەی کەسێك گوندێك قەتل و عام بکرێ.

---

(١) ابن الاثير (پ٢٤)٤٩٤/١٠؛ ، عباس اقبال (پ٧١) ١٦٧؛ عبدالله العلياوي (پ١٩٤) ١٢١.

(٢) ابن الكثير (پ٢٤٨) ١٨٤/١٥.

(٣) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣١٢/٢٢؛ صبري سليم (پ٢٤٤) ٣٦.

(٤) (پ٣٤٠) ١٧؛ (پ١٤٢) ٣٠٣/٧.

## ١- کوژرانی سوڵتان (جلال‌الدین منکبرنی) لە دیدی مێژوونووسان:

مێژوونـوس (النسـوي) هاوسـەردەمی ڕووداوەکان و نزیـك لـە سـوڵتان پێـی وایە بۆ خۆ پەنـادان لـە چـاوی مەغۆڵـەکان ڕووی کردۆتە میافارقیـن دوای ئەوەی ئامەدی بەجێهێشـت لـە چیـا بەسـەر کـەوت و کەوتـە دەسـتی کۆمەڵێکـی کـوردان، خـۆی بـە سەردەسـتەکەیان دەناسـێنێ کـە ئـەو سـوڵتانی خوارزمییـە ئەگـەر رزگاری بـکات ئـەوا بەڵێنـی سـامانی زۆر و فەرمانڕەوایـی پێـدەدات لـە یەکێـك لـە شـارەکانی خـۆی، کوردەکـەش قبووڵـی دەکات و دەیباتـەوە ماڵـەوە، بـۆ خۆشـی بـە مەبەسـتی هێنانـەوەی ئەسـپەکانی دەچیتـەوە چیـا، بـەڵام بـە پیـی ئامـاژەی (حمداللـه مسـتوفی) داوای لـە کوردەکـە کـردووە کەبیگەیەنێتـە هەولێـر، هـەر لـە دوای ئەمـەدا کوردێکـی دیکـەی قیـن لە دل پەیـدا دەبێ و دێتـە ماڵەکە پرسـیار لـە هاوسـەری خـاوەن ماڵەکـە دەکات کـە ئـەو خوارزمییـە چیـە لـە ماڵەکەیـان، ئافرەتەکـەش پێـی ڕادەگەیەنـێ ئـەوە سـوڵتانی خوارزمییـە هاوسـەرەکەی پەنـای داوە، پیاوەکـەش دەڵـێ مـن برایەکـم هەبـوو زۆر لـەوە باشـتر بوو بە دەسـتی ئەو کـوژراوە بۆیە بـەو خەنجـەرەی کـە لـە دەسـتیدا بـوو لەتۆڵـەی براکـەی پەلاماریـدا و سـوڵتانی خوارزمـی کوشـت[١] هەرچەنـدە ئـەوە زۆر لۆژیکـی نییە کە سـوڵتان لـە مەیدانی جەنـگ ڕووبەڕووی چەندیـن کـەس ببێتـەوە وەهـا بـە ئاسـانی بکوژری.

سـەبارەت بـە بۆچوونـی (ابـن الاثیـر، م، ٦٣٠ك/١٢٣٣ز) کـە ئەویـش هاوسـەردەمی ڕووداوەکەیـە لـە گێڕانەوەکەیـدا ئامـاژە بـە گەیشـتنی سـوڵتان دەکا لـە ئامـەد، بـەڵام نەپرژاوەتـە سـەر چارەنووسـی دوای ئـەوە چـی بەسـەر هاتـووە ئایـا کـوژراوە یـان گیـراوە یاخـود چـۆن وون بـووە...؟ بەڵکـو چارەنوسـی منکبرنـی بـە هەڵـواسراوی هێشـتۆتەوە[٢]. (ابـن فضـل اللـە العمـري، م.٧٤٩ك/١٣٤٩ز) ڕوداوەکـە بـە هەمـان شـێوەی (النسـوي) دەگێڕێتـەوە دەشـێ هەر لە ناوبـراو گواسـتبێتیەوە[٣].بەڵام (ابن الواصـل، م.٦٩٧ك/١٢٩٨ز) لـە گێڕانەوەکەیـدا هەنـدێ جیـاوازی هەیـە لەگـەڵ (النسـوي)، ئامـاژە دەکا کـە سـوڵتان ڕووی لـە میافارقیـن کـرد بـە هـۆی تەنـگ پێهەڵچنینـی مەغۆڵـەکان سـەربازەکانی لـێ جیابونـەوە و بـە تەنهـا مابـوەوە یـەك لـە مەبەسـتەکانی ئەوەبـوە دوای ماوەیـەك

(١) (پ٦٠) ٣٨١-٣٨٢؛ (پ١٩)٥٠٠

(٢) (پ٢٤)٤٩٢/١٠.

(٣) (پ٤٨٤) ١٨٦/٢٧.

کە لە چاوی مەغۆڵەکان ونبوو سەربازەکانی کۆ بکاتەوە، کە چوو بۆ گوندەکەی میافارقین هەندێك لە دانیشتوانی گوند هەواڵی گەیشتنی سوڵتانیان بە مەلیك (المظفر شهاب‌الدين غازي)دا، بەڵام یەکێك لە کوردانی گوندەکە کە سەربازانی (جلال‌الدين) باوك و برای ئەویان کوشتبوو لە تۆڵەی ئەماندا پەلاماریدا و کوشتی، دیارە ئەمە بۆ (المظفر شهاب‌الدين) هەواڵێکی ناخۆش و ئازار بەخش بووە، هەندێك لە سەربازە هەڵاتووەکانی خوارزمی نارد بۆ پشتڕاست کردنەوەی ڕووداوەکە[1].

بەڵام (ابن العيبري، م. ٦٨٥ك/١٢٨٦ز) ڕایەکی دیکە دەخاتە ڕوو جیاواز لەئەوانی دیکە، دەڵێت: کاتێ کە سوڵتان (جلال‌الدين) لە بەر مەغۆلەکان ڕادەکاتە چیاکانی ئامەد دووچاری دەستەیەك لە کوردەکان دەبێتەوە کە نایناسن، بەڵام تەماعیان دەچێتە سەر جلوبەرگە بە نرخەکەی و چەك و ئەسپەکەی بۆیە دەیکوژن، پاش ماوەیەك کە دێنە شاری ئامەد یەکێك لە مەمالیکەکانی سوڵتان شمشێرەکەی دەناسێتەوە هانا دەباتە بەر فەرمانڕەوای شار و کەسەکە دەگرن و کوشتنی سوڵتانی لەسەر ئاشکرا دەبێ، بۆیە لەتۆڵەی سوڵتان کەسەکە دەکوژرێتەوە[2]، هەروەها لە گێڕانەوەی (الهمذاني) شدا هاتووە لەسەر زاری هەندێ کەس کە سوڵتان بە تەنیا دەمێنێتەوە لە چیا شەو لە ژێر درەختێك دەخەوێ دەستەیەك کورد پێی دەزانن تەماعیان دەچێتە سەر ئەسپ و جلوبەرگ و چەکەکەی ئەوانیش سکی هەڵدەدڕن و دەیکوژن دواتر کە دەگەڕێنەوە شاری ئامەد، لە لایەن پیاوە تایبەتەکانی سوڵتان جلوبەرگ و چەکەکەی دەناسرێنەوە، کوردەکان دەگیرێن و دەکوژرێن لە لایەن سەرداری ئامەد، پاشان تەرمی سوڵتان دەهێننەوە و ئەسپاردەی خاکی دەکەن و گومەزێك لەسەر گڵکۆی دروست دەکەن[3].

شایانی باسە مێژوونوسان هاوڕان لەسەر کوژرانی سوڵتان بە دەستی کوردان بەڵام جیاوازی لە چۆنیەتی کوژرانی لە گێڕانەوەکانیان هەیە، ئەوەی کە تێبینی دەکرێ ڕەنگە ڕای (النسوي) زیاتر لە ڕاستیەوە نزیکتر بێ بە هۆی نزیکی لە ڕوداوەکە و لە خودی بنەماڵەی خوارزمشایان و هاوسەردەمی ڕوداوەکانە.

---

(١) (پ٢٣) ٣٢٢/٤.

(٢) (پ٣٦٣) ٤٣١-٤٣٢.

(٣) (پ٣٦٣) ١/ ٤٦.

## ٢- چارەنووسی پاشماوەی سەربازە خوارزمییەکان دوای کوژرانی سوڵتان (جلال‌الدین)ی پیشەوایان:

دوابەدوای کوژرانی سوڵتان (جلال‌الدین منکبرنی) لە ناوەڕاستی شەوالی ساڵی (٦٢٨ك/١٢٣١ز) کۆتایی بە دەوڵەتی خوارزمی هات و شوێنکەوتە و سەربازەکانیشی پەڕاگەندەی وڵاتەکانی سەلجوقی ڕۆم و شام و میسر و دەوڵەتی عەباسی بوون[١]. وەکو ئاماژەی پێکراوە (اوترخان)ی خاڵی سوڵتان و کۆمەڵێك لە دەست و پێوەندەکانی چووبوونە لای مەلیك (المظفر شهاب‌الدین) لە میافارقین، هاوسەرەکەی سوڵتان و نۆکەر و هێزێکی گەورەی سەربازی بەرەو شاری حەڕان ڕۆیشتن و داوایان لە (میر صواب)ی حوکمڕانی جەزیرەی سەر بە مەلیك (الکامل) ئەیوبی کرد پەنایان بدات، هەرچەندە لە سەرەتادا پەنایدان، بەڵام لە دواییدا هەڵوێستی نەشیاوی بەرانبەر ئەنجامدان، وەك چەککردنی سەربازەکانیان و لێسەندنی ماڵ و سامان و بەندکردنی هاوسەری سوڵتان لە قەڵای حەڕان، پاشان بەرە و دیمەشق بەرێکراو لەوێ نیشتەجێ کرا[٢].

دەربارەی دۆستەکەی سوڵتانیش ناوبراو لای هەندێ لە هاوەڵانی دانابوو، بەڵام کە هەواڵی ونبوونی سوڵتانیان پێگەیشت بردیانە بەغدا و بە دیاری پێشکەش بە خەلیفە (المستنصر بالله)یان کرد، ئەویش تا کۆچی دوایی کرد لە هەموو دۆستەکانی دیکەی باشتر سەیر دەکرد[٣]، تیرە و تایفەکانی تری خوارزمی بە ناوچەکانی نوسەیبین و موسڵ و سنجار و هەولێر و وڵاتی سەلجوقی و گورجیەکاندا دابەش بوون، پاشا و دەسەڵاتدارەکان و جوتیار و دەشتەکی و دێهاتییەکانیش تەماعیان لێ گرتبوون و دەیانکردن بە باربەر وخزمەتکاری خۆیان[٤].

---

(١) الجوزجاني (پ٥٨) ٤٧٦/١؛ عفاف سيد صبره (پ٢٢) ٢٦٩.

(٢) ابن نظيف الحموي (پ٢٧١) ٢٢٩.

(٣) ابن الواصل (پ٢٣) ٣٢٣/٤.

(٤) على محمد الصلابى (پ٥٧) ١٩١.

# تەوەرەی پێنجەم
# هۆکارەکانی شکست و ڕووخانی دەوڵەتی خوارزمی

ڕووخانی دەوڵەتی خوارزمی خۆی لە هۆکارگەلێکدا دەدۆزیتەوە، کە بەشی زۆریان بەرپرسیاریەتییەکەی بۆ هەڵوێست و کار و کردەوە و سیاسەتی خودی سوڵتانەکەیان دەگەڕێتەوە. هەرچەندە سوڵتان (جلالالدین) دوای گەڕانەوەی لە هندستان ساڵی (٦٢١ك /١٢٢٤ز) تێکۆشانێکی زۆری کرد تا دەوڵەتی خوارزمی بوژاندەوە و دووبارە وەکو هێزیکی گەورە و کاریگەر لە وڵاتی ئێران دەرکەوتەوە، بەڵام لە تەمەنیکی کورتی نزیکەی حەوت ساڵیدا دەوڵەتەکەی و دەسەڵاتی بنەماڵەکەی ڕەوانەی دوا هەڵدێری مەیدای سیاسەت و دەوڵەتداری کرد، دەکرێت هۆکارەکانیش لەم چەند خاڵەدا چڕ بکرێنەوە:

**یەکەم:** لەو ماوەیەی کەوا سوڵتان (جلالالدین) هێز و دەسەڵاتی لە ئێراندا پەرەی سەند ئەگەر سەرنج بدەین بەشی زۆری ماوەکان سوپاکەی لەگەڵ چەند هێزی جیاجیادا لە شەڕدا بووە، بۆ نمونە لە ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز) لەگەڵ دەوڵەتی عەباسی لە کاتی هەڵمەتە سەربازییەکانی بۆ دەست بەسەردا گرتنی ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی خەلیفە [١]، پاشان لە دەستگرتن بەسەر ئازربایجاندا و شاڵاوەکانی بۆ سەر شارەکانی دوین و تفلیس و سەرقاڵ بوونی سوپاکەی بە جەنگی گورجیەکان [٢]، پاشان پەلامارە یەك لە دوای یەکەکان بۆ سەر شاری خەڵات لە نێوان ساڵانی (٦٢٣-٦٢٧ك/١٢٢٦-١٢٣٠ز) و شکستی بەرانبەر هاوپەیمانی (ئەیوبی- سەلجوقی ڕۆم) [٣] جگە لە شەڕە ناوخۆییەکانی و ناوە ناوە پەلاماری مەغۆلەکان، ئەمە وایکردبوو کەوا سوپاکەی تا ڕادەیەك ماندوو ببێ وحەوسەڵە

---

(١) ابن الاثير (پ٢٤) ٤٤٤/١٠؛ الغساني (پ٢١١) ٤٠٢.

(٢) ابو الفدا (پ٤٨) ١٦٨/٣؛ النويري (پ٤١) ١٨٥/٢٧؛ الذهبي (پ٧٣) ١٣٠/٢.

(٣) الرهاو المجهول (٣٣٦) ؛ ٢٦٤/٢؛ سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٢٦٤/٢.

و بەرگـەی ئـەو هەمـوو شـەڕ و شـۆرە نەگـرێ.

**دووەم:** دڵگرانـی و نیگـەران کردنـی هێـزە ئیسـلامییەکان بـەو ڕەفتـارە هێرشـکاری و تاڵانکارییانـەی بـۆ سـەر ناوچەکانـی ژێـر قەڵەمڕەوییـان ئەنجامـی دەدا، کـە ئاکنجیەکانـی دووچـاری کارەسـات و مەرگەسـاتی وا دەکـرد لـە دونیـادا وێنـەی نەبـێ، وەکـو مێژوونـووس (ابـن الاثیـر) دەڵـێ: "نەهامەتـی وەهـای بـە سـەر خەلکی هێنـاوە کـە لـەم شـێوەیەم نەبیسـتووە"[١] هەروەهـا بـە دیلگرتنـی هاوسـەرە کەرەجیەکـەی مەلیـك (الاشرف) و هێشـتنەوەی لای خـۆی تـا کۆتایـی دەرچوونـی لـە خـەڵات زیاتـر ناوبـراوی نیگـەران کردبـوو[٢]، وێـڕای ئەمـەش بـۆ تۆڵـە کردنـەوە لـە سـوڵتانی سـەلجوقی (علاءالدیـن کیقبـاد) دوای تێکشـکانی لـە بەرانبـەر هاوپەیمانـی (ئەیوبـی- سـەلجوقی ڕۆم) شـەش هـەزار ئەسـپ سـواری تەرخـان کـرد بـەر لـەوەی لێـی جیـا ببنـەوە بـۆ هێرشـکردنە ناوچەکانـی قەلەمـڕەوی سـەلجوقی وەك شـارەکانی (خرتـبرت و مەلاتیـەو ئەرزنجـان) کـە لـەم شـاڵاوەیدا تاڵانییەکـی هێنـدە زۆریـان کردبـوو ئەوەنـدە ئاژەڵیـان ڕاپێچـی سـەربازگەکەیان کردبـوو کـە نرخـی بیسـت مـەڕ ببـوو بـە دینارێـك، بێگومـان ئەمـەش توڕەیـی و ناڕەزایـی سـوڵتانی سـەلجوقی لـێ کەوتـەوە[٣]، ئـەم جـۆرە ڕەفتـار و هەڵوێسـتانەی ئـەو پـەڕی کورتبینـی بـوو لـە سیاسـەتدا، بۆیـە لـە کاتـی هێرشـی مەغۆلەکانـدا چەنـدی هـاوار و ناڵـەی لـێ هەڵسـا و پەنـای بردەبـەر کـۆی هێـزە ئیسـلامییەکانی ناوچەکـە بـە تایبەتـی (کیقبـاد و الاشرف) کـەس گوێـی لـێ نەگـرت و وەڵامیـان نەدایـەوە، بۆیـە بـە تەنیـا خـۆی لـە بـەرەی جەنگـی مەغۆلـەکان بـە دۆڕاوی بینییـەوە[٤].

**سێیەم:** هەڵگەڕانـەوەو بەجێهێشـتنی کۆمەڵێـك لـە سـەرکردەکان لـە ئەنجامـی لوتبـەرزی و دڕدۆنگـی سـوڵتان لـە بەرانبەریـان، وەکـو ( شرف الملـك)ی وەزیـر کە کەسـی دووەمـی دەوڵـەت بـوو یاخـی بوونـی خۆی لە سـوڵتان ڕاگەیانـد و خۆی لە شـاری (حیزان) ئاخنـی و دووبـارە بنیـادی نایـەوە و نامـەی بـۆ پاشـاکانی سـەلجوقی و ئەیوبـی نـارد کـە

(١) (پ٢٤) ٤٨٥/١٠.

(٢) ابن العمید (پ٣٤٠) ١٥؛ صبري سلیم (پ٢٤٤) ٣٢.

(٣) النسوي (پ٦٠) ٣٧٣.

(٤) الهمذاني (پ٣٦٣) ٤٤/١.

لـە (جلال‌الدیـن) جیـا بۆتـەوە و لەمـەودوا بـە پێـی ویسـتی ئـەوان ڕەفتا دەکات، پاشـان سـوڵتان هـەر چۆنێـك بـێ توانـی تەفرەی بـدات و بانگهێشـتی لای خـۆی بـکات و بەنـدی کـرد، دواتـر کوشـتی و لەنـاوی بـرد [١]، جگە لـەوەش (غیاث‌الدیـن)ی برای بە خۆی و سـوپا و سـەرکردەیەکی زۆرەوە پشـتی بـەردا و بەجێیهێشـت لـە هەڵومەرجێکـدا کـە سـوڵتان زۆر پێویسـتی بـەم گـەورە سـەرکردانە بـوو لـە دۆخێکدا کە وڵات لـە بەردەم مەترسـییەکی گەورەدابـوو [٢]، هەروەهـا فەرمانـی بـە (اورخـان)ی سـەرکردەی سـەربازی سـوپاکەی کـرد لـەو کاتـەی کـە مەغۆلـەکان گەمارۆیـان دابـوو، خـۆی و سـوپاکەی بەجێـی بێڵـن، بەڵکـو مەغۆلـەکان شـوێنیان بکـەون تاکـو خـۆی بـە تەنهـا ڕزگاری ببـێ، بـەڵام لـەم پلانـە بـە هەڵـەدا چـوو، چونکـە کـە (اورخـان) لێی جیابـۆوە ژمارەیەکـی زۆری سـەرباز چوونە ڕیزی سـوپاکەی کـە گەیشـتە هەولێـر نزیکـەی چـوار هـەزار ئەسـپ سـواری لەگـەڵ بـوو، بەرەو ئەسـفەهان ڕۆیشـت بـۆ ماوەیەکـی زۆر حوکمـی تێداکرد بەڵکـو تا سـاڵی (٦٣٩ك/١٢٤١ز) لـە وڵاتـی فارس ژیـا [٣].

**چـوارەم:** ناهاوسـەنگی هێـز بارودۆخـی سـوپای خوارزمـی وا لێکردبـوو کـە لەوپـەڕی خراپیـدا بـوو، لـە بەرانبـەردا سـوپای مەغۆلـەکان لـە لووتکەیـی بەهێزیـدا خـۆی دەنوانـد، هەرشـار و ناوچەیـەك ڕووی تێدەکـرد خـۆی لەبـەر ڕانەدەگرتـوو داگیـری دەکـرد[٤]، بـە تایبەتـی کـە (اوکتـای) سـێیەم کـوڕی (جەنگیزخـان) لـە سـاڵی (٦٢٦ك/١٢٢٩) دوای مردنـی باوکـی بـە خانـی گـەورەی مەغـۆل هەڵبژێـردرا[٥]، ناوبـراو لـە خەونـی جێبەجێکردنـی وەسـیەتی باوکـی بـوو بـۆ داگیرکردنـی تـەواوی جیهـان [٦]، هەڵبەتـە یەکێـك لـە هەڵمەتەکانیـان بـۆ جیبەجێکردنـی ئـەم پلانـە هێرشـە داگیرکاریەکـەی خۆرئـاوای ئێـران بـوو کـە دووژمنـە سەرسـەختەکەیان (جلال‌الدیـن

(١) النسوي (پ٦٠) ٣٥٧، ٣٦٤.

(٢) ابن الجزري، (پ٢٩٠) ١٤٢؛ عباس اقبال (پ٧١) ١٥١.

(٣) النسوي (پ٦٠) ٣٧٩؛ ابو الفدا (پ٤٨) ١٨٥/٣

(٤) ابن الاثير (پ٢٤)٤٩١/١٠؛ عبدالسلام عبدالعزيز فهمي (پ٢٦٤) ٩٠

(5) Howroth. **History of the mongols**. (London. 1927 ‹part 1 (130؛ John C. The Secret History of the Mongols. (Translated yb Igor de rachewiltz. Wisconsin. 2015) viii.

(٦) ڤایسلیان (پ٦٥) ٢٤٨-٢٤٩.

منکبرنـی) لـەوێ خـۆی مـەلاس دابـوو [١].

**پێنجـەم:** لاوازی توانـای هەواڵگـری و زانیـاری دەوڵەتـی خوارزمـی لـە هەرێمـەکان بـۆ تێگەیشـتن و دەرخسـتنی ئامانجـی نهێنـی و پلانـی دوژمنەکـەی بـە تایبەتـی لـەو ئـان و سـاتەی کـە هەڕەشـە و مەترسـی ڕوخـان و لەناوچـوون لەسـەر دەوڵـەت دروسـت دەکات، چونکـە منکبرنـی وا تێگەیشـتبوو کـە مەغۆڵـەکان پلانـی هێرشـکردنی سـەر هەرێمـی چیـا (عێراقـی عەجەم)یـان هەیـە نـەك ئازربایجـان، بەڵکـو پێـی وابـوو لـە بەهـاردا پەلامـاری دەدەن، بـەڵام لـە پـڕ هەڵیـان کوتایـە سـەر ئازربایجـان کـە منکبرنـی نیـازی وابـوو زسـتانەکەی لـە تەورێـز بباتـە سـەر، بۆیـە زیاتـر بابـای مشـوری خـۆ ڕزگارکردنـی خـوارد نـەك بتوانـێ بـە هێزێکـی توکمـەوە بەرەنگاریـان ببێتـەوە [٢].

**شەشـەم:** سـەرهەڵدانی هەنـدێ ڕەفتـاری خـودی تایبـەت بـە سـوڵتان کـە لـەو بارودۆخـەی تێیکەوتبـوو لـەو ڕۆژگارەدا، وەکـو سـوڵتانی دەوڵەتێـك زۆر کاریگـەری نەرێنـی و نابەجێـی لـە ئاسـت کەسـایەتی خـۆی و ئاینـدەی دەوڵەتەکـەی دروسـتکردبوو لەوانـە:

- خووگرتـن بـە مەیخواردنـەوە لەگـەڵ هاوەڵـە هـەرە نزیکەکانـی، بـە تایبەتـی لـەو کاتـەی کـە مەغۆڵـەکان گوشـاریان خسـتبووە سـەر و گەمارۆیـان دابـوو، دەیـان بینـی لـە نـاو تاولەکـەی لێـی خەوتـووە تەنانـەت دەسـەڵاتی منداڵێکـی ساواشـی نیـە، ئـەم ڕەفتـارەی جگـە لـەوەی لەگـەڵ بنەماکانـی ئاینـی ئیسـلامی پیـرۆز یـەك ناگرێتـەوە لـە لایەکـی دیکـەش پێچەوانـەی ڕێسـا و ڕەوشـتەکانی گۆڕەپانـی جەنـگ بـوو، چونکـە سـەرکردە لـە ڕۆژگاری وا هەسـتیار دەبـێ لـە بیـری چۆنیەتـی پلانـی جەنـگ و ڕاوێـژ بـێ لەگـەڵ سـەرکردە سـەربازی و ڕاوێژکارەکانـی کـە چـۆن لـەو دۆخـەی تێـی کەوتـووە دەربچـێ، نـەك ئـەوەی کـە پەنـای بـۆ بـردووە [٣].
- پەرۆشـی لـە ڕادەبـەدەری سـوڵتان بـۆ لـە دەسـتدانی (قلیـج)ی خزمەتکارەکـەی کـە گەنجێکـی خەسـاوی سـەرو سـیما جوانکیلـە، تایبەتـی کردبـوو بـە خزمەتـی خۆیـەوە، بـۆ شـوێنێك ڕۆیشـتبا لەگـەڵ خـۆی دەیـبرد، کاتـێ ئـەو کـوڕە مـرد سـوڵتان

---

(١) علی محمد الصلابی (پ٥٧) ١٨٤.

(٢) النسوي (پ٦٠) ٣٥٠.

(٣) الهمذاني (پ٣٦٣) ٤٦/١؛ صبري سليم (پ٢٤٤) ٣٣.

دووچـاری غـەم و داخ و پەژارەیەکـی زۆر بـوو، بـۆ هیـچ کەسـی دیکـە وای بەسـەر نەهاتبـوو، لـە کاتـی ناشـتنی فەرمانـی بـە سـەرکردە و سـەربازانی کـرد ڕێ و ڕەسـمێکی شایسـتەی بـۆ ئەنجـام بـدەن، خۆشـی بـۆ ماوەیـەك بـە پیادەیـی بـە دوای تەرمەکەیـدا ڕۆیشـت، فەرمانـی بـە خەڵکـی تەورێـز کـرد کـە هەموویـان بێنـە دەرەوە و پێشـوازی لـە تەرمەکـەی بکـەن و ڕێـزی بگـرن و ماتـەم بگێـڕن، دواتریـش وازی لـە خـواردن و خواردنـەوە هێنابـوو، کـەس نەیدەوێـرا لای ئـەو باسـی مردنـی قلیـج بـکات[1].

**حەوتـەم:** لـە هـۆکارە هـەرە باوەکانـی هەرەسـهێنانی دەوڵەتـی خوارزمـی کوژرانـی سـوڵتان (جلال‌الدیـن منکبرنـی) لـە ناوەڕاسـتی شـەوالی سـاڵی (٦٢٨ك/١٢٣١ز)[2]، بـوو بـە دوایـن فەرمانـڕەوای دەوڵەتەکـە، کـە لـە مێـژوودا نـاوی وەك پاڵەوانـی نەتەوەیـی و جەنـگاوەری ئـازا لـە شـەڕی مەغۆلـەکان ناوبانگـی دەرکردبـوو[3]، ئیـتر کۆتایـی بـە حوکمڕانـی دەسـەڵاتی دەوڵەتـی خوارزمـی هـات، شـورەی پێشـەوەی بـەرەی ڕۆهەڵاتـی ئیسـلام هەرەسـی هێنـا کـە پێگەیەکـی جەنگـی گرنـگ بـوو لـە جیهانـی ئیسـلامیدا[4]، ئەمـەش بـۆ خوارزمییـەکان ڕۆژێکـی پـڕ نەهامەتـی و کارەسـاتبار و گێڕانـی ماتەمێکـی قـووڵ بـوو، وەکـو شـاعیر دەڵـێ:

**"یامن اسال رقاب الكاشحين دمامن بعد فقدك ابكيت العيون دما**

**لئن اباح صروف الدهر ساحتهفانظر الى الملك والاسلام لاجرما**
**فالدين منثلم والملك منهدموظل حبل العلى والمجد منجذما»**[5] .

---

(١) ابن الاثير (پ٢٤) ٤٩١/١٠؛ ابو الفدا (پ٤٨) ١٤٧/٣.

(٢) خوافی (پ١٧) ٧٨٥/٢؛ محمد دبير سياقي (پ٦٧) ١٦٧.

(٣) خالدة عبدالاله عبدالستار (پ٥١٠) ٤٧٠.

(٤) نافع توفيق العبود (پ١٠) ٤١.

(٥) (پ٦٠) ٣٨٥؛ خالدة عبدالاله عبدالستار (پ٥١٠) ٤٧٧.

## تەوەرەی شەشەم

## پەیوەندی پاشماوەی سوپای خوارزمی لەگەڵ کوردە ئەیوبییەکانی شام و جەزیرە

ساڵی (٦٣٤ک/١٢٣٧ز) سوڵتانی سەلجوقییانی ڕۆم (علاءالدین کیقباد) ژیانئاوایی لە دونیا کرد و تەختی حوکمڕانی دەوڵەتەکەی بۆ کوڕەکەی (غیاث‌الدین کیخسر) و بەجێهێشت، سوڵتانی نوێش کە دەستبەکار بوو بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی یەکێك لە فەرماندەکانی خوارزمی بە ناوی (قیرخان) دەستگیر کرد و خستیە بەندیخانە، خوارزمییەکانی دیکە لە ترسی مەرگ و مامەڵەی توندی سوڵتانی نوێ لە گەڵیان لە وڵاتی سەڵجوقی ڕایانکرد، بەڵام لە ڕێگادا هەرچی بەردەستیان کەوت لە دزی و تاڵانی لەگەڵ خۆیان ڕایانماڵی و دەستیان لێ نەپاراست، ئینجا پەنایان بردە بەر مەلیك (الصالح نجم‌الدین الایوبی)[1]، فەرمانڕەوای ئامەد و حوسنکیفا و حەڕان و ڕەقەو ڕەها و سروج و سەرێکانی (رأس العین) و ئەو شوێنانەی سەر بەو شارانەن[2]، مەلیك (الصالح)یش بە راوێژکردن لەگەڵ مەلیك (الکامل)ی باوکی توانی ڕەزامەندی وەرگرێ، شوێنێکی بۆ دابڕین لە جەزیرە نیشتەجێی کردن و لە خزمەتی خۆی بەکار دەهێنان[3]، بۆ نمونە توانی بە پشتیوانی خوارزمییەکان دەسگرێت بە سەر سنجار و نوسەیبین و خابور[4].

سەلجوقییەکان درکیان بەم بۆشاییە کرد کە بە ڕۆیشتنی خوارزمییەکان لە هێزی سەربازییان دروست بوو و کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر باڵانسی هێز، بۆیە زۆر هەوڵیاندا کە هەر چۆنێ بێ متمانەیان بۆ دروست بکەن و بیان گەڕێننەوە

(١) ابن العدیم (پ١٦٧) ٤٩١؛ ابو الفدا (پ٤٨) ١٩٥/٣.

(٢) ابن الواصل (پ٢٣) ١٣٤/٥.

(٣) ابن الواصل (پ٢٣) ١٣٥/٥.

(٤) الدواداري (پ١٤٢) ٣١٩/٧؛ المقریزي (پ٢٧٨) ٣٨٠/١؛ عفاف صبره (پ٢٢) ٢٧٣

لە ڕێگەی ناردنی نامە بە (مجیرالدین ترجومان)ی نێردراویان، بەڵام هەوڵەکەیان بێ ئاکام بوو، کە نەیانتوانی قەناعەتیان پێ بکەن[١].

هەر لە ساڵی (٦٣٤ك/١٢٣٧ز) کە ناکۆکی لە نێوان مەلیك (الكامل و الاشرف) دروست بوو لەسەر ئەوەی (الاشرف) بە (الكامل)ی ڕاگەیاند تۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەیوبیت هەمووی بۆ خۆت بردووە، تەنها دیمەشقت بۆ من هێشتۆتەوە بۆ ئەمەش خوارزمییەکانی لە دژی براکەی بەکارهێنا، مەلیك (الكامل)یش بۆ چاوگرتن و بێدەنگ کردنی ناوبراو دەهەزار دیناری بۆ نارد، بەڵام مەلیك (الاشرف) نەك بەمە ڕازی نەبوو، بەڵکو سەرزەنشتی کرد[٢]، کاتێ لە ساڵی (٦٣٥ك/١٢٣٨ز) (غیاث‌الدین كیخسرو) پەلاماری شاری ئامەدیدا و گەمارۆی خستە سەر تورانشای کوڕی مەلیك (الصالح نجم‌الدین)، خوارزمییەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان بینی شان بە شانی ئەیوبیەکان لە بەرەنگار بوونەوەی سەلجوقییەکان کە هەواڵیان پێگەیشت بە پەلە بە هانایانەوە چوون و پاشەکشەیان بە سەلجوقییەکان کرد و نەیانهێشت هیچ دەستکەوتیان هەبێ[٣].

لە ساڵی (٦٣٥ك/١٢٣٨ز) مەلیك (الاشرف موسی) لە دیمەشق بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد[٤]، هەرچەندە مەلیك (الصالح اسماعیل)ی برای شوێنی گرتەوە بەڵام ئەمە نەبووە جیگای ڕەزامەندی مەلیك (الكامل)، بەڵکو توانی بە سەریدا زاڵ ببێ و دیمەشقی لێ بسەنێتەوە لە بریدا بە علبەگ و بیقاع و بوسراو صەوادی پێدا[٥]، هەر لە هەمان ساڵدا لە دوای شەش مانگ مەلیك (الكامل)ی براشی هەر لە دیمەشق کۆچی دوایی کرد، لە میسر (العادل ابوبكر سیف‌الدین)ی کوڕی (٦٣٦-٦٣٧ك/١٢٣٩-١٢٤٠ز) بە بریکاری باوکی کاروبارەکانی دەوڵەتی هەڵدەسوڕاند بۆیە میرەکان کۆدەنگ بوون کە لە شوێنی باوکی هەڵیبژێرن بە فەرمی ببێت بە فەرمانڕەوای دەوڵەت، بەڵام کە (الصالح نەجم‌الدین)ی برای (٦٣٧-٦٤٧ك/١٢٤٠-١٢٤٩ز) هەواڵەکەی پێگەیشت دانی پێدانەنا و فەرمانڕەوایی ناوبراوی ڕەتکردەوە

(١) ابن البیبي (پ٣٨٠) ٢٦٣.

(٢) الدواداري (پ١٤٢) ٧/ ٣١٧-٣١٨..

(٣) ابن العدیم (پ١٦٧) ٤٩٨.

(٤) ابن الواصل (پ٢٣) ١٣٨/٥

(٥) المقریزي (پ٢٧٨) ٣٧٩/١.

و شەڕی لە دژی ڕاگەیاند، لەبەر ئەوەی کە لە براکەی بەهێزتر بوو توانی لەسەر تەختی دەسەڵاتی میسر لایبدات و خۆی بچێتە شوێنی، (العادل ابوبکر) تەنها ساڵێك و دوو مانگ لە فەرمانڕەوایی مایەوە [1].

ساڵی (٦٣٥ك/١٢٣٨ز) خوارزمییەکان لە مەلیك (الصالح) هەڵگەڕانەوە و ویستیان دەستگیری بکەن، بەڵام ناوبراو ڕایکرد بۆ سنجار ئەوانیش دەستیان بە تاڵانکردنی ناوچەکە کرد[2]، کە (بدرالدین لؤلؤ)ی فەرمانڕەوای موسل بە مردنی مەلیك (الکامل)ی زانی، بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری سنجاریدا و ئابلۆقەی شارەکەیدا[3]، بۆ ڕزگاربوون لە ئابلۆقەی ناوبراو مەلیك (الصالح) بە نهێنی (بەدرالدین سنجاری) قازی شارەکەی ناردەلای خوارزمییەکان و توانی ئاشتیان بکاتەوە و بەڵێنی ئەقتاعی ڕەها و حەڕانی پێدان تاکو بە لای لؤلؤی لە کۆڵ بکەنەوە[4]، ئەوانیش بە هانایەوە چوون و هێرشیان کردە سەر سوپای لؤلؤ دوای شەڕیکی گەرم سوپای ناوبراویان تێکشکاند و ڕای کرد بۆ موسل، تەواوی سامان و کەل و پەل و ئەسپەکانیان بوونە دەستکەوتی شەڕ بۆ خوارزمییەکان[5]، هەموو ئەو کاڵاو دەستکەوتانەی کە لە لؤلؤیان دەستکەوتبوو بە جۆرێك نرخی بازاری دابەزاندبوو هەر شتێك ئەگەر نرخی سەد دەرهەم بووبێ بە پێنج دەرهەم دەفرۆشرا یان نرخی سیسەد دەرهەم بووبێ بە بیست دەرهەم، دەستکەوتەکانیان لە نێو خۆیان دابەش کرد وەکو (سبط ابن الجوزی) دەڵێ: "بۆ هەتا هەتایە پێی دەوڵەمەند بوون" [6]، ساڵی (٦٣٦ك/١٢٣٩ز) مەلیك (الصالح) هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ئەیوبی بە تورانشای کوڕەکەی سپارد و لە حوسنکیفا جێگیری کرد، حەڕان و ڕەها و تەواوی ناوچەکانی

---

(١) ابن ایاس، **بدائع الزهور في وقائع الدهور** (تح: محمد مصطفى، دار النشر فرانز شتایز-ڤیسبادن، ١٩٧٥م) ١/٢٦٨-٢٦٩؛ محمد خضری بك، **چەند وانەیەك لەمێژووی ئیسلامی** (و: نهاد جلال حبیب الله، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چ٢، هەولێر، ٢٠١٥) ٢٥٣.

(٢) الذهبي (پ١٠٨) ٣/٢٢١؛ محمد سهیل طقوش ، **تاریخ الایوبي بلاد الشام واقلیم الجزیرة** (دار النفاس، ط٢، بیروت، ١٩٩٩م) ٣٦٢.

(٣) ابن العمید (پ٣٤٠) ٢٧.

(٤) الذهبی (پ١٠٨) ٣/٢٢١.

(٥) ابن العمید (پ٣٤٠) ٢٧.

(٦) (پ١٧٩) ٣٤٥/٢٢.

بـە خوارزمییـەکان بـە خشـی ئەوانـەی لـە خزمەتیـدا بـوون[1].

ناکۆکـی و ناتەبایـی نێـوان میـرە ئەیوبییـەکان لەسـەر بەرژەوەندییـە تایبەتییەکانیـان مانـای کردنـەوەی دەروازەیەکـی فـراوان بـوو بـەڕووی خوارزمییـەکان کـە بـە ویسـتی خۆیـان لـە هەرێمەکانـی جەزیـرە و شـام یـاری بـە چارەنووسـی خەڵکـی ئـەو هەرێمانـە بکـەن، هـەر شـوێنەی مەبەسـتیان بوایـە لەشکرکێشـیان بـۆ دەکـرد، وێرانـکاری و تاڵانـکاری و کوشـتن و ئازاردانـی خەڵکیـان ئەنجـام دەدا، ململانێـی نێـوان (الصالـح نجم‌الدیـن أیـوب) فەرمانـڕەوای میـسر و (الصالـح اسـماعیل)ی مامـی فەرمانـڕەوای دیمەشـق زێدەڕۆیـی کـردە نێـو ماڵـی ئەیوبـی لـە شـام، مەلیکەکانـی حمـس و حەمـا و ئـەردەن لـە یـەك کاتـدا لـە وڵاتـی شـام ڕووبـەڕووی هەڕەشـەی خوارزمییـەکان و مەغۆڵـەکان و سـەلیبیەکان کـردەوە[2].

سـاڵی (٦٣٧ك/١٢٤٠ز) خوارزمییـەکان پەلامـاری قـەڵای حەڕانـدا و دەسـتیان بەسـەردا گـرت[3]، پاشـان لـە هەڵمەتێکـی دیکـەدا بـۆ سـەر قـەڵای جەعبـەر گەیشـتنە بالیـس و هەڵیـان کوتایـە سـەر و تاڵانیـان کـرد، خەڵکیکـی زۆریـان کوشـت و زۆرێکیـش ڕایانکـرد پەڕاگەنـدە و ئـاوارەی ناوچەکانـی دیکەبـوون، لـە ترسـی زۆرداری و سـتەمی خوارزمییـەکان[4]، سـاڵی (٦٣٨هـ/١٢٤١ز) کۆمەڵێکـی گـەورەی خوارزمییـەکان ژمارەیـان زیاتـر لـە دوازدە هـەزار سـوارە دەبـوون بـە پێشـەوایی (کشـلوخان و برکةخـان و سـارخان و بـردی خـان)، مەلیـك (جـواد کـوڕی مـودود) سـەرداری پێشـووی دیمەشـق و (الصالـح کـوڕی مەلیـك مجاهـد) سـەرداری حمـس لەگەڵیـان بـوون لەگـەڵ کۆمەڵێـك سـەربازی ماردیـن ڕوویـان کـردە حەلـەب، لـەو کاتـەدا سـوپای حەلـەب لـە منبـج بـوو بـەم هەواڵـە زۆر دڵتەنـگ بـوون چونکـە سـوپاکەیان لـە ڕووی ژمـارەوە زۆر لـە هـی ئـەوان کەمـتر بـوو، هـەردوو هێزەکـە لـە گونـدی بیـرەی سـەر ڕووبـاری فـوڕات بەیـەك گەیشـتن لـە دۆڵـی بزاعـا دوای شـەڕێکی گـەورە مەلیـك (الصالـح) کـوڕی مەلیـك (الافضلـی کـوڕی سـوڵتان صلاح‌الدیـن) خاوەنـی سمیسـات و زۆریـتر کـوژران، (المعظـم

(١) المقریزي (پ٢٧٨) ١/ ٣٩٠.

(٢) سـعید عبدالفتـاح عاشـور، **الایوبیـون والممالیـك في مـصر والشـام** (دار النهضەالعربیـە، القاهـرة، ١٩٧٠م) ١٢٦.

(٣) ابن العدیم (پ١٦٧) ٥٠١.

(٤) ابن الواصل (پ٢٣) ٢٨٠/٥؛ المقریزی (پ٢٧٨) ٤٠٦/١؛ علي محمد علي عوده (پ٣٣٥) ٩٠.

تورانشـاه) بـە دیـل گیـرا و تاڵانیەکـی زۆر کـرا (١)، دوای گیرانـی (تورانشـاه) (بدرالدیـن لؤلـؤ) بردیـەوە موسـل و پاشـان ڕادەسـتی سـوپای حەلەبـی کـردەوە (٢).

خوارزمییـەکان لـە شـاڵاوە وێرانـکاری و تاڵانکارییەکانیـان بـەردەوام بـوون لـە بزاعـا و ئەلبـاب و منبـج دەسـتیان نەپاراسـت لـە کوشـتن و گرتنـی ژن و منـداڵ ئـازار و ئەشـکەنجە دانیـان، خەڵکێکـی زۆر ڕایانکـر بـۆ حەلـەب، لـە شـاری منبـج کۆمەڵێـك ئافـرەت پەنایـان بردبـووە بـەر مزگـەوت لەوێـش وازیـان لـێ نەهێنـا بـوون، بەڵکـو کاری نـاڕەوا و ئابڕووبەریـان پـێ کردبـوون (٣)، هـەر کـە ئـەم هەواڵـە بـە مەلیـك (المنصـور) کـوڕی مەلیـك (مجاهـد)ی سـەرداری حمـس گەیشـت، کـە لـە بـەرەی شـەڕی فەڕەنجـەکان بـوو نزیکـەی چەنـد هـەزار سـەربازێکی دیمەشـقی لەگەڵـدا بـوو، نێردراوێکـی نـاردە لای (الصالـح اسـماعیل)(٤)، داوای لێکـرد تـا بـە یەکـەوە بەرەنـگاری هێرشـکاری و تاڵانـکاری خوارزمییـەکان ببنـەوە، لەگـەڵ (النـاصر کـوڕی عبدالعزیـز) سـەرداری حەلـەب هاوپەیمانییەتیـان پێکهێنـا، هەرچەنـدە ئەوکاتـە خوارزمییـەکان گەڕابوونـەوە شـوێنەکانیان بـەڵام ئەوانیـش بـەو مەبەسـتە لـە حـەڕان کۆبوونـەوەو دووبـارە پەلامـاری حەلەبیـان دایـەوە هـەر لـە ڕێـگادا دەسـتیان کـرد بـە خراپـەکاری و وێرانـکاری و سـوتاندنی گوندەکانـی حەلـەب (٥).

لـە تـەواوی لەشکرکێشـی و بەرەنـگار بوونەوەی سـوپای حەلەب لەگـەڵ خوارزمییەکان سـاڵی (٦٣٨ك/١٢٤١ز) توانیـان شکسـتیان پـێ بهێنـن و دەسـت بەسـەر حـەڕان و سروج و ڕەهـا و (رأس العیـن) سـەرێکانی و جومولەیـن و ئەلموز و ڕەقـە و خابـور و قیرقیسـیادا بگـرن(٦)، توانیـان خوارزمییـەکان ڕاو بنێـن تـا پەنایـان بـردە بـەر شـاری عانـەی سـەر بـە خەلیفـە، هـەر لـە هەمـان کاتیشـدا (بدرالدیـن لؤلـؤ) دەسـتی بە سـەر نوسـەیبین و دارادا گـرت کـە لـە ژێـر دەسـتی خوارزمییەکانـدا بـوو (٧)، بـە پێی ئامـاژەی (ابـن الواصـل) مەلیك

(١) ابن العديم (پ١٦٧) ٥٠٢-٥٠٣؛ ابن الواصل (پ٢٣) ٢٨٣/٥-٢٨٤؛ ابو الفدا (پ٤٨) ٢٠٤/٣.

(٢) ابو فداء (پ٤٨) ٢٠٥/٣.

(٣) ابن العديم (پ١٦٧) ٥٠٤؛ ابن الواصل (پ٢٣) ٢٨٥/٥.

(٤) ابن الواصل (پ٢٣) ٢٨٦/٥.

(٥) ابن العديم (پ١٦٧) ٥٠٥؛ ابو الفدا (پ٤٨) ٢٠٤/٣.

(٦) ابن العديم (پ١٦٧) ٥٠٨.

(٧) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣٧١/٢٢؛ ابن الواصل (پ٢٣) ٢٩٤/٥.

(الناصر) حەڕان و ڕەها و سەرێکانی و ڕەقە و سروج و ئەملوزیان خستە سەر حەلەب، مەلیك (المنصور)یش قرقیسیا و خابووری بۆخۆی برد[١].

هەرچی پەیوەندی خەلافەتی عەباسیشە ئەوا خەلیفە (المستنصر باللە) (٦٢٣-٦٤٠ك /١٢٢٦-١٢٤٣ز) لەو ڕۆژگارەدا لەگەڵ خوارزمییەکان باش و لەبار بوو، بە هۆی پەیدا بوونی مەترسی مەغۆلەکان لە سنورەکانی دەوڵەتی عەباسی، کە دوای کوژرانی سوڵتان (جلال‌الدین) چوار هەزار سوارەیان پەیوەندییان بە خەلیفەوە کردبوو لە خزمەتیدا بوون[٢].

سەبارەت بە مەلیك (جواد) کە دەستی بە سەر سنجاردا گرت ساڵی (٦٣٧ك/١٢٤٠ز) عانەی بە خەلیفە فرۆشت پاشان پەیوەندی بە خوارزمییەکانەوە کرد، دوای ئەوەی لەسەر دەستی (بدرالدین لؤلؤ) سنجاری لێ داگیرکرا[٣] ئەویش بەرەو غەززە ڕۆیشت، نامەی بۆ (الصالح نجم‌الدین) فەرمانڕەوای میسر نووسی داوای لێکرد کە داڵدەی بدات و خزمەتی بکات، بەڵام ڕێگەی نەدا مەگەر خراپەکاری لە ناو سەربازاندا بنێتەوە، پاشان پەنای بردە بەر عەکا لای فەرەنجەکان، پاشان (الصالح عمادالدین)ی مامی نامەی بۆ نووسی کە بچێتە لای، هەر کە گەیشتە لای بەندی کرد و لە دواییدا خنکاندی و لەناوی برد[٤].

لە ڕاستیدا ئەوەی خوارزمییەکان پێی هەڵسابوون لەو ماوەیەدا مەترسییەکی گەورەی نابووەوە لەسەر جیهانی ئیسلامی بە گشتی و ئەیوبییەکان بە تایبەتی، بەو هۆیەوە فشاری خاچدروشمەکان لە ڕۆژئاوا بۆ سەر ناوچەکانی قەڵەمڕەوی ئەیوبیەکان لە لایەك و هەڕەشە و لەشکرکێشیەکانی مەغۆلەکان لە ڕۆژهەڵات لە لایەکی دیکە بەردەوامیا هەبوو[٥].

---

(١) (پ٢٣) ٢٩٥/٥.

(٢) الحموي (پ٢٧١) ٢٦٠.

(٣) ابن الفوطي، **الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المائة السابعة** (د. م. ط ، د. ت) ٧٨،

(٤) ابن الواصل (پ٢٣) ٢٩٦/٥-٢٩٧؛ ابو الفدا (پ٤٨) ٢٠٥/٣.

(٥) عفاف صبره (پ٢٢) ٢٨٨.

## ١- ڕێککەوتنـی خوارزمییـەکان لەگـەڵ (المظفـر شـهاب‌الدین) فەرمانـڕەوای میافارقیـن:

ساڵی (٦٣٩ه/١٢٤٢ز) خوارزمییـەکان پەنایـان بـردە بـەر خەلیفـە لـە شـاری عانـە پاشـان ڕوویـان کـردە موسـل لای (بدرالدیـن لؤلـؤ) داوای شـاری نوسـەیبنیان لێکـرد[١]، ئەویـش شـارەکەی پـێ سـپاردن بەڕێککەوتـن لەگـەڵ (المظفـر شـهاب‌الدین غـازي) سـەرداری میافارقیـن، لـە هەمانکاتـدا نێردراوێکیشـی ناردە حەلـەب تاکـو لـەم پێشـهاتە نوێیـە ئاگاداریـان بکاتـەوەو داوای هاوپەیمانیەتیشـی لێکـردن، بـەڵام حەلەبیـەکان بەمـە رازی نەبـوون [٢]، کـە خوارزمییـەکان گەیشـتنە لای (شـهاب‌الدین) لەگەڵـی ڕێککەوتـن ئینجـا بـەرە و میافارقیـن بەڕێکەوتـن و لـە لای مانـەوە، دوای ئـەوەی کـە سـەربازانی حەلـەب پێیـان گەیشـتن شـەڕێکی گـەورە لـە نێوانیانـدا ڕوویـدا، لـە هەمانکاتـدا ناوچەکـە بـەرەو ڕووی تاڵانکارییەکـی زۆر بـووەوە[٣]، پاشـان ئاگربەسـتێك هاتـە کایـەوە سـوڵتانی سـەلجوقی ڕۆم خوارزمییەکانـی کـردن بـە دوو بـەش بەشـێکیان ئەوانـەی لـە دەورووبـەری سـنوورەکانی ئـەو دەژیـان سـەر بـە دەوڵەتـی ئـەو بـن و لـە ناوچەکانـی ژێـر قەڵەمـڕەوی سـەلجوقی نیشـتەجێ بـن، (شـهاب‌الدین غـازي)ش چـووە نـاو ئـەو ئاگربەسـت و ڕێککەوتنـە[٤]، لـە لایەکـی دیکـەش (سـعید نجم‌الدیـن غـازی کـوڕی مەلیـك المنصـور) خاوەنـی ماردیـن [٥] ڕێککـەوت لەگـەڵ مەلیـك (النـاصر) ی سـەرداری حەلـەب کـە سـەربازەکانی بگەڕێنێتـەوە حەلـەب [٦].

ساڵی (٦٤٠ك/١٢٤٣ز) حەلەبیـەکان سـوپایان تەیـار کـرد و بـەرەو ڕۆژهـەڵات بەڕێکەوتـن، لـە هەمـان کاتـدا (شـهاب‌الدین غـازي) و خوارزمییـەکان پەلامـاری سـەرێکانیاندا، دانیشـتوانەکەی خۆیـان لـە قـەڵا قایـم کـرد، خوارزمییـەکان توانیـان لـە

(١) المقريزي (پ٢٧٨) ٤١٢/١.

(٢) ابن الواصل (پ٢٣) ٣٠٥/٥.

(٣) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣٧٤/٢٢.

(٤) ابن الواصل (پ٢٣) ٣٠٥/٥.

(٥) لەساڵی (٦٣٦ك/١٢٣٩ز) مەلیك (سـعید نجم‌الدیـن ارتقـی) سـەرداری ماردیـن مەلیـك (المنصـور) ی باوکـی خـۆی کوشـت و شـوێنی گرتەوەلەحوکمڕانیـدا. المقریـزی، (پ٢٧٨) ٣٩٣/١.

(٦) ابن الواصل (پ٢٣) ٣٠٦/٥.

قـەلا بچنـە ژوورەوە و هەمـوو سـەربازەکانی قەڵایـان گرتـن و بردیـان[1]، پاشـان مەلیـك (المنصـور) و سـەربازانی حەلـەب گەیشـتنە حـەڕان و بـەرەو ئامـەد بەڕێکەوتـن، (شـهاب‌الدین غـازی) و خوارزمییـەکان گەڕانـەوە میافارقیـن و سـەربازانی سـەرێکانیان ئازادکـردن، مەلیـك (المنصـور) لـە ئامـەد لەگـەڵ سـەرکردە سـەربازییەکانی سـەلجوقی کۆبوونـەوە، بـەو پێیـەی کـەوا لـەو ماوەیـەدا باجـی ساڵانەی دەدایە سوڵتانی سـەلجوقی ڕۆم و سـکەی دراوی بـە نـاوی ئـەو لێـدەدا[2].

شـایانی باسـە لـەو کاتەدا دۆخێـك هاتە ئاراوە کە لـە بەرژەوەندی (شـهاب‌الدین غازي) نەبـوو بـەو پێیـەی مەغۆڵـەکان لـە دەورووبـەری سـنورەکانی سـەلجوقی بـە دیاریکـراوی لـە شـاری ئـەرزەڕۆم تەنگیـان بـە سـوپای سـەلجوقی هەڵچنـی بـوو هێرشـەکانیان بۆ سـەر خارپیـت چـڕ کردبـوەوە، لە ترسـی مانەوەیان مەلیك (المنصـور) گەڕایەوە سـەرێکانی، هەر لـە هەمـان کاتـدا مەلیـك (شـهاب‌الدین غـازی) و خوارزمییـەکان پەلامـاری دونەیسـەری سـەر بـە ماردینیانـدا[3]، پاشـان (شـهاب‌الدین غـازی) و سـەرداری ماردیـن و خوارزمییەکان ڕێککەوتـن کـە پەلامـاری ناوچەکانـی موسـل بـدەن و تاڵانـی بکـەن، ئـەوە بوو لـە ماردین بـەرەو خابـور بەڕێکەوتـن[4] ، دیـارە مەلیـك (المنصـور) لـەم هەواڵـە بـێ ئـاگا نەبـووە، کـە ئـەم کۆمەڵـە بـەرەو خابـور بەڕێکەوتـوون و سـەربازەکانیان چونەتـە مەجـدەل ژمارەیـان زۆر بـووە بـە هـۆی ئـەوەی کۆمەڵێك تورکمانیـان لێ کۆبوونەتـەوە بە سـەرکردایەتی (امیر کوڕی دودی[5].

مەلیـك (المنصـور) و حەلەبیـەکان سـواری ئەسـپەکانیان بـوون و بەڕێکەوتـن بۆیـان، لـە ٢٣ی مانگـی سـەفەری (٦٤٠ك/١٢٤٣ز) هـەردوو سـوپا بـەرەو ڕووی یەکـتر بوونـەوە، لـە ئاکامـدا مەلیـك (المظفـر شـهاب‌الدین) ڕایکـرد و گەڕایـەوە میافارقیـن، خوارزمییـەکان بەشـێکیان خۆیـان بـە دەسـتەوەدا ئەوانـی دیکـەش پەرتەوازەبـوون و لـە نوسـەیبین یەکتریـان گرتـەوە، تـەواوی کەلوپـەل و ئـاژەل و ئافرەتەکانـی لەگەڵیـان بـوون دەسـتیان بەسـەردا گیـرا، مەلیـك (المنصـور) دەسـتی بەسـەر خەزێنـەی (المظفـر

---

(١) ابن العدیم (پ١٦٧) ٥١٠؛ ابن الواصل (پ٢٣) ٣٠٩/٥ .

(٢) ابن الواصل (پ٢٣) ٣٠٩/٥.

(٣) ابن الواصل (پ٢٣) ٣١٠/٥.

(٤) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣٧٤/٢٢.

(٥) ابن العدیم (پ١٦٧) ٥١٢.

شـهاب‌الدین)دا گـرت، تـەواوی ئـەو کاڵاو کەلوپـەڵ و ئاژەڵانـەی لێیـان تاڵانکـرا لـە شـارەکانی موسـل و حەلـەب و حەمـا و حمـس هـەرزان فـرۆش کـران[1].

لـە جەمـادی کۆتایـی هەمانسـاڵدا خوارزمـی و تورکمانـەکان دەسـتیان کـردەوە بـە خراپـەکاری لـە هەرێمـی جەزیـرەدا، سـوپای حەلەبیـش بـە سـەرکردایەتی (جـمال الدوله)بـەرەو سـەرێکانی بەڕێکەوتـن، خوارزمییەکانیـش لەگـەڵ (سـعید نجم‌الدیـن) سـەرداری ماردیـن پەیوەسـتی یەکـتر بـوون جارێکـی دیکـە بەرەنـگاری حەلەبیـەکان بوونـەوە، بـەڵام ئەمجارەیـان نوێنـەری سـوڵتانی سـەلجوقی میـر (شـمس‌الدین الاسـفهانی) هاتـە نێوانیـان بـۆ ئـەوەی ئاشـتیان بکاتـەوە، بـەو شـێوەیە سـەرێکانی بەخشـی بـە سـەرداری ماردیـن و خارپیتـی بـۆ خوارزمییـەکان دیاریکـرد و خەڵاتیـش بـۆ (المظفـر شـهاب‌الدین غـازی)[2]، سـەربازانی حەلـەب لەگـەڵ نوێنـەری سـەلجوقی گەڕانـەوە حەلـەب، داوای لەمەلیـك (النـاصر)ی فەرمانڕەوایـان کـرد کـە سـوپایەکی بـۆ ئامـادە بکـەن بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی مەغۆلـەکان، لـە ڕاسـتیدا ئەنجامدانـی ئاشـتی لـە نێـوان ئـەو هێزانـەی کـە باسـکران و ئـەو ناوچانـەی کـە پێیـان بەخـشرا لـە پێنـاوی پێشـگرتن و دوورخسـتنەوەی فشـاری مەغۆلـەکان بـوو لـە هەرێمەکـە[3].

(١) سبط ابن الجوزي (پ١٧٩) ٣٧٥/٢٢؛ ابن الواصل (پ٢٣) ٣١١/٥؛ ابوالفدا (پ٤٨) ٢٠٧/٣

(٢) ابن العديم (پ١٦٧) ٥١٤.

(٣) ابن الواصل (پ٢٣) ٣١٤/٥.

## ٢- ڕۆڵـی خوارزمییـەکان لەکێشـە و ململانێـی نێـوان مەلیکەئەیوبییەکانـی میسر و شام:

